نائب عبدالله

# بیرەوەری
# ٢٩ساڵی تری تێکۆشان

## (چەمکێک لە مێژووی حیزب)

٢٠٠٩

# بیرەوەری ٢٩ ساڵی تری تێکۆشان
# (چمکێک لەمێژووی حیزب)
# بەشی دووەم


نووسینی:
نایب عەبدوڵڵا

ناوی کتێب: بیرەوەری (٢٩) ساڵی تری تێکۆشان (چمکێك بە مێژووی حیزب)
بابەت: بیرەوەری
نوسەر: نایب عەبدوڵڵا
کۆمپیوتەر: ڕێواس احمد
نەخشەسازی و بەرگ: سامان محمد صالح
چاپخانە: چاپخانەی بابان ـ سلێمانی ـ (٢٠٠٩) ـ ٠٧٧٠١٤٤٤٠٠٠
بەشی دووەم

ژمارەی سپاردنی (١٤٤٣) ساڵی (٢٠٠٩) وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە

پێشکەشە:

بەهەموو ئەوانەی
لەپێناوی ئاشتیو ئازادیو یەکسانی مرۆڤدا
بەڕاستیو بێوچان خەبات دەکەن



شەهید هیوای جگەرگۆشەکەم

# بۆ هیوای جگەرگۆشەم

لەئایاری شەستوچواردا(١)
لەناو شارۆچکەی ئازاردا(٢)
لەژوورێکی تێکۆشانی نهێنیدا
چاوە چکۆلەکانت بۆ
ئەم دورگەیە هەڵهێنا.
لەگەڵ خەمو پەژارەی چەوساوەکانا
وەک هەر مناڵە هەژارێک
رووت و رەجاڵو بێ شارێک
گەورە ئەبویت.
لەهاویندا
لەجیاتی پشوو و ئیسراحەت
پەنجەکانت
بەدەم زەبری تاشەبەردا ئەستور ئەکرد.

***

لەشوباتی هەشتاویەکدا
کە شاڵاوی توندی کینەی شێتانە هات
گورگی برسی

دەیویست تۆش دابکرۆژی

بەلام ئەی جگەرگۆشەکەم...

خەمو پەژارەو شەوەزەنگ

فیریان کردی

چۆن پەنا بەریتە بەر تفەنگ

فیریان کردی

لەپیناوی ئەو عەشقەی قەت نابریتەوە
لەگەل کلافە(وایەر)و چنگی باروتدا بسوتێی.

(١) مەبەست رۆژی لەدایکبوونیتی(١٩٦٤/٥/٢٥).
(٢) مەبەست لەشاری هەلەبجەیە کە لەوێ لەدایک بووە.
ئەم هەلبەستە لەگۆڤاری بیری نوێ لەشاخ بلاوکراوەتەوە.

[illegible] 29 [illegible]
([illegible])

# ئەگەر

گەر ڕەشەبای کارگەران و
گێژەلوکەی جوتیارەکانی
یەکبگرن و ڕقیان هەلسێ
بە بڕواوە تاشە بەردی
سنورە دەستکردەکان
هەلدەگرن و...
دەیدەن بە کۆشکی تاواندا

❊ ❊ ❊

گەر یەکسانی ڕاستەقینە
بۆ ئافرەتان: لەگەل پیاوەدا
دابین بکرێ
هەرچی هێزی ئافرەتانە
یەکدەگرن و دێنە مەیدان
بۆ ئازادی گەلی کوردو
سەربەخۆیی کوردستان

❊ ❊ ❊

گەر نووسەرو ڕۆشنبیران
قەڵەمە نوک تیژەکان
میدیاکان بگرنە دەست
کەم و کورتی ناو کۆمەڵگا...
بە تەواوی ئاشکرا کەن..
دەتوانن بە خێرایی
جەماوەر ڕۆشنبیرکەن
نەزانین و دواکەوتوویی و
کۆنەپەرست
بە ئاسانی ریشەکێشکەن

❊ ❊ ❊

دەبا (ئەگەر) بگۆڕین و
بیکەین بە بیرو کردەوە
بێ دوو دڵی و خۆ فریودان
بەرەو ئاسۆ هەنگاو بنێین
بۆ ژیانێکی پڕ لە ئاشتی و
زانا نەش، ڕێگا خۆشکەین
بۆ نەمانی...؟
چەوسانەوەی چینایەتی.

# چەند وتەیەکی پێویست

خوێنەری ئازیزو خۆشەویست:

لەپاش بڵاوکردنەوەی بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانم ۱۹٤۹- ۱۹۷۰ زۆر لەهاوڕێیان‌و دۆست‌و ناسیاوانم، بەنامەو تەلەفوون‌و چاوپێکەوتن، پێخۆشحاڵی‌و ڕەزامەندی خۆیان بەرامبەر بیرەوەرییەکانم دەربڕی، لە هەمان کاتدا تێبینی هەندێک پێشنیارو هەڵەو کەموکوڕی کردبوو ، کە بۆمن زۆر سوودمەندبوون.

هەروەها لە ساڵی ۱۹۹۷ دا کە گەڕامەوە سلێمانی، لەبارەگای حیزبمان‌و لەماڵانی دۆستاندا. لەکاتی بینینی زۆرێک لەهاوڕێیانی سلێمانی، هەڵەبجە، قەرەداغ‌و دەربەندیخان مشتومڕمان لەسەر بابەتەکانی ناو کتێبەکە کردو گەلێک دوواین. ئەوانیش ڕاوتێبینی خۆیان پێوتم و لەهەمان کاتدا پێخۆشحاڵی‌و ڕەزامەندی خۆیان دەربڕی، بەتایبەتی هاوڕێیانی هەڵەبجە. هەروا پێیان ڕاگەیاندم هاوڕێیانی تری هەڵەبجە بەو نوسینانە خۆشحاڵن.

هەروەها هاوڕێیانی هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان دوو بابەتیان لەکتێبەکە کە سەبارەت بە ئافرەتان نووسیبووم بڵاویان کردەوەو، چەند نووسەرێکی دیکەش هەندێک بابەتیان لەسەر نووسی، بەتایبەتی تێکۆشەرو نووسەری نەمر کاک

کەریمی حیسامی بەدوورودرێژی لەسەر هەموو بابەتەکانی نووسی لە بۆچوونی خۆیەوە رەخنە سەبارەت بە هەندێ لایەنی کتێبەکە دەربڕیبوو، دەقی نووسینەکەی لەکۆتایی ئەم کتێبەدا دەخوێننەوە. هەروەها کاک کەمال رەوفی خزمم پێشەکیەکی بەنرخی بۆ چاپی دووەمی نووسی بۆ جاری دووەم کتێبەکەی لەسلێمانی لەچاپدرایەوەو بڵاوکرایەوە. شایانی باسە هاوڕێ عەزیز محەمەد پێش لەچاپدانی بەشی یەکەم، کتێبەکەی خوێندیەوەو لێی رازی بوو.

هەموو ئەمانەی سەرەوە پاڵیان پێوەنام کە بەشی دووەمیش (١٩٧٠- ١٩٩٩) کە ئەمەی بەردەستانە، بنووسمو بڵاویبکەمەوە، سەبارەت بە (٥٠) ساڵی تێکۆشانمە لەناو حیزبی شیوعیدا، بەئامانەتو راستگۆیانە، بەهەڵەکانی خۆشمەوە، بەسەرهاتو رووداوە گرنگەکانم تۆمارکردووە. لەم ماوە دوورودرێژەشدا، جاروبارو بۆ ماوەی کورت کورت نەبێت ئیتر هەرهەمووی پڕبووە لەتیرۆر هێرشی داپڵۆسینو کوشتنو کاری دژوارو سەختی ژێرزەمینی.

بە داخەوە هەندێ کادیرو تێکۆشەراتی حیزب لەبەر سەختی و کرژی باری ژیان فریا نەدەکەوتن خۆیان پەروەردەبکەن و گەشە بە ئەزموونەکانیان بدەن، هەربۆیە جێگای سەرسوڕمان نەبوو کە لەناو هاوڕێیاندا هەڵەو کەموکوڕی هەبێت. بۆیە دەبێت

خوێنەرانی ئازیز ئیشکردن‌و تێکۆشانی ئەوسای شیوعییەکان بەچاوی ئەمرۆ سەیر نەکەن‌و رەچاوی ئەو جیاوازییانە بکەن.

هەروەها من نزیکەی دە ساڵ لەمەوبەر ئەم بەشەم نووسی‌و ئامادەم کرد تا چاپ بکرێت‌و بڵاوبێتەوە. بەڵام پێش ئەوەی ئەو کارە بکەم، نوسینەکەم پیشانی چەند هاوڕێ‌و برادەرێکی خۆمداو لەدوای گفتوگۆیەکی زۆر، دەرکەوت کە کەموکوڕی زۆری تێدابوو، بەتایبەتی دەربارەی ناوی هاوڕێیان، کە ئەوسا من، لەبەر پاراستن، هیچ ناوێکم نەنوسیبوو، چونکە ئەوسا مەترسی گەڕانەوەی بەعس هەبوو بۆ کوردستان، هەروەها زۆر شتی دیکەشم هەر بە مەبەستی پاراستن نەنووسیبوو. لەبەر ئەمانە نووسینەکە بەنادروست دەردەچوو. هەربۆیە دوامخست بۆ دوای روخاندنی رژێمی بەعس.

# سەرنجێک لە بیرەوەرییەکەی هاوڕێ نایب عەبدوڵڵا

هاوڕێ نایب کە یەکێکە لەکادیرە دێرینەکانی حیزبی شیوعی عێراق، لەپەنجاکانی سەدەی ڕابوردووەوەو بەدرێژایی ئەم تەمەنەی لەریزی حیزبدا لەجۆرەها بارودۆخی نهێنیو ئاشکرادا، لەسلێمانیو هەڵەبجەو لەشاخو لەدەرەوەی وڵات کاری کردووەو گەلێک بەرپرسیاریتی جۆراوجۆری وەرگرتووەو شارەزاییەکی باشی پەیداکردووە..

ئەم هاوڕێیە، بیرەوەریو بەسەرهاتو ژیانی حیزبایەتیو تێکۆشانی لەدوو بەرگدا کۆکردووەتەوەو یەکەمیانی بەناونیشانی (بیرەوەری بیست‌ویەک ساڵ تێکۆشان) بڵاوکردووەتەوەو دووەمیان کە بەدەستەوەیە چاپی بکاتو ئێستا لەبەردەستمدایە، بەپێویستم زانی کە چەند وتەیەکی لەسەر بنووسم. کاتێک کە بابەتەکەم خوێندەوە، پێشەکی هەستمکرد کە نووسەر ژمارەیەکی باش بەسەرهاتی مێژوویيو ڕووداو و ناو ناونیشانو ماڵە حیزبییەکانو تەنانەت تەتەرەکانیشی لەبیرماوەو بەشێنەییو بەسادەیی ئەو زانیارییانەی هەریەکە لەشوێنو کاتی خۆیاندا هێناوەتە بەرباسو مافی خۆیانی داوەتێ و ڕۆڵی هاوڕێو هەیئەتە حیزبییەکان بەباشی دەردەخاتو ئەگێڕێتەوەو هەڵیان دەسەنگێنێت..

ئا لەو روانگەیەوە من پێشنیارم کرد کە ئەم بەرگە ناوبنێت: (نایب عەبدوڵلاو چمکێک لەمێژووی خەباتی حیزبی شیوعی)، چونکە لەراستیدا هەرچەندە کەسێک رووداو و بەسەرهاتەکان ئەگێڕێتەوە، بەڵام لەناوەرۆکدا هەر هەموویانو بگرە هەموو قسەو جموجوڵو چالاکییەکانی ئەو کەسە لەدوتوێی سیاسەتو هەڵوێستو بەرنامەی حیزبەکەیدا بووە. واتە بمانەوێتو نەمانەوێت ئەم بیرەوەرییانە گێڕانەوەی چالاکییەکانی حیزبی شیوعییە. بەمانایەکی تر، چمکێکە لەمێژووی ئەو حیزبە.

خوێنەر کە ئەو بیرەوەرییانە دەخوێنێتەوە، تێکەڵ بەسیاسەتو بۆچوونو هەڵوێستی حیزب دەبێتو ئەبێت بەهاوڕێی رووداو و بەسەرهاتەکانو بەو مێژووە ئاشنا دەبێت..

ئالێرەوە ئەم نووسینەی هاوڕێ نایب بەشدارییەکی لەبەرچاوە. دەزانم لەزیندوکردنەوەی مێژووی حیزب لەو ماوەیەدا ئەوەندەی خۆی ئاگای لێبووە. وەبیرهێنانەوەی تێکۆشانی حیزبە لەو سەردەمەدا..لەلایەکی تریشەوە باسی خۆڕاگریو نەفەس درێژیی شیوعییەکان دەکات لەو رۆژە سەختانەدا. سەرەڕای کەم دەرامەتییو گەمارۆدانیان لەزۆر لاوە..

ئەوەشم لەیادناچێت کە بڵێم هاوڕێ نایب هەندێک جار بەئەقڵو بۆچوونی ئەمڕۆ رەخنە لەرووداو و هەڵوێستەکان

دەگرێت‌و هەڵیان دەسەنگێنێت، کە ئەمەش ڕاست نییە بۆ ئێمە بەتایبەتی.

من ئەم نووسینە بەرز دەنرخێنم‌و دەستخۆشی لەنووسەرەکەی دەکەم‌و دەڵێم خۆزگە هەموو تێکۆشەرێک یادەوەرییەکانی خۆی ئاوا بنووسێتەوە، چونکە بەهەمووان مێژووی حیزب تۆماردەکەن..

**لەگەڵ ڕێزمدا**

**ئەحمەد حامد**

**٢٠٠٦/٩/٤**

# بۆ شەهیدی نەمر شێخ عەلی بەرزنجی

## وا پـــایـــزە

وا پایزە...
لەگەڵ وەرینی درەختا
دوورکەوتنەوەی ئازیزە
لەناوەختا.

**

وا پایزە...
دڵو گەڵا هەڵوەرینە
لای منو بولبول..
شینو گریئە
بولبول بۆ گوڵی
من بۆ قارەمان
ئەویان هەڵوەری..
ئەمیان هەڵوەران

**

وا پایزە...
بینایی زیزە(١)
هەر چاوەڕوانە
تەمای ژووانو
موژدەی کاروانە

(١): **بینایی: تاقە کچی شێخ عەلی بەرزنجی شەهیدە.**

# گەڕانەوەم بۆ سلێمانی

لەبەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانمدا، تا ئەو جێگایەم تۆمارکردووە کە ساڵی (١٩٧٠) لەمۆسکۆ گەڕامەوەو لەھەولێرەوە پێش ئەوەی بچمەوە بۆ سلێمانی یەکسەر ھەموو ئەوانەمان کە ئەندامی لیژنەی ھەرێمی کوردستان بووین، نێردراین بۆ (دەرگەڵە) بۆ بەشداریکردن لەکۆنگرەی دووەمی حیزبدا.

دوای تەواوبوونی کۆنگرەکە منو (نوری ئەحمەد کەریم) گەڕاینەوە بۆ سلێمانی، کە بەھەمووی ساڵێک زیاترمان پێ چوو بوو.

لەو کاتەدا شەھیدی نەمر (شێخ عەلی بەرزنجی) سکرتێری لیژنەی محەلی سلێمانی بوو، ھاوڕێ (ئەحمەد حامید) جێگری بوو. پاش بەینێک شەھید گوێزرایەوە بۆ کەرکوک بۆ مەکتەبی لیژنەی ھەرێمی کوردستانو ھاوڕێ نوری بوو بەسکرتێرو منیش بەجێگری.

مەکتەبی لیژنەی محەلی سلێمانی (ملمس) منو نوریو ئەم دوو ھاوڕێیەی تر بوون: ئەحمەد حامیدو ھاوڕێ ئەفراسیاب. جا لەبەرئەوەی ئەو دوو ھاوڕێیە مامۆستا بوون، بۆیان نەدەکرا ئیشوکاری حیزبی زۆر بگرنە ئەستۆ، لەبەرئەوە زۆربەی ئیشە

گرانو مەترسیدارەکانو ئەوانەی کە هاتوچۆو کاتی زۆریان دەویست بەمن سپێردران، ئەو ئیشوکارانەش ئەمانە بوون:

* سەرپەرشتیکردنی ڕێکخراوی ئافرەتان.

* بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی هێزی چەکدار (پۆلیسو سەربازە شیوعییەکان).

* خەتی موراسەلات (تەتەرەکان). کە ئەوانیش بەم جۆرە بوون:

١- ڕێکخراوی ئافرەتان، بەهێزو فراوان بوو، جیا لەژمارەیەک شیوعی زۆر ژمارەیەکی زۆرتر دۆستیان لەگەڵدابوو، لیژنەکەیان (٦) خوشکی ئازاو دڵسۆزو ناسراوی ئافرەتان بوون، خوشکە (شەفیقە) کە مامۆستا بوو، تێکۆشەرێکی خۆشەویستو بەتوانا بوو، هێشتا پێش نەخرابوو بۆ لیژنەی محەلی، لەبەرنامەماندا بوو کە بەو نزیکانە پێشی بخەین، بەڵام لەبەر دڵسۆزیو لێهاتوویی خۆی، لیژنەکەیان بەسکرتێری خۆیان هەڵیان بژارد. پەیوەندی بەخۆمەوە هەبوو، هەر گیروگرفتێک هەبووایە پێکەوە چارەسەرمان دەکردو ئیشەکانمان ڕادەپەڕاندو مانگی جارێک دەچووم بۆ سەرپەرشتی لیژنەکەیانو هەندێک لیژنەی خوار ئەوان.

٢- ڕێکخراوی پۆلیسو سەربازەکان، ژمارەیان زۆر کەم بوو، لیژنەیەکیان هەبوو. مانگی دوو جار لەگەڵیان کۆ دەبوومەوە. جا

لەبەرئەوەی کەم بوون‌و زۆر نهێنی بوون‌و جموجوڵی جەماوەرییان نەبوو، وەک ڕێکخراوەکانی تری حیزب زۆر ئەرکیان لەسەرم نەبوو.

٣. تەتەرەکان: ژمارەیان (٩١) هاوڕێ بوو. زۆربەیان ئافرەت بوون، هەموویانم جیا بەجیا دەبینی، هەریەکەیان لەماڵێکی نهێنی چاوم پێیان دەکەوت‌و بەریدی حیزبیان لەو ماڵەوە دەبردو دادەنا، یەکتریان نەدەناسی، بەریدیان بۆ مەکتەبی هەرێم لەکەرکوک‌و دوایی لەهەولێر دەبردو لەوێشەوە هەرچی هەبووایە بۆ ئێمەیان دەهێنا، هەروەها بۆ هەریەک لەقەزاکان یەکێکیان داندرابوو. هەروەها بۆ هەر قەزایەکیش ماڵێکی دیکەمان تەرخان کردبوو، ئەگەر تەتەری ئەوان بهاتایە دەچوونە ئەو ماڵەی کە بۆیان دانرابوو.

ئەرک‌و گیروگرفت‌و هاتوچۆو، کاتی زۆر دەویست، ئەم تەتەرانە زۆر زیاتر لەڕێکخراوێکی گەورە پێویستیان بەسەرپەرشتی‌و ئیشوکار هەبوو، لەبەرئەوە ئەرکیشیان زۆر بوو.

هەروەها ئەگەر تەتەرێک لای خەڵک ئاشکرا ببووایە، یان خۆی نهێنی بدرکاندایە، خێرا لامان دەبردو یەکێکی دیکەمان پەیدا دەکرد، شایانی شانازییە کە زۆربەی هەرە زۆری تەتەرەکان‌و خاوەن ماڵەکانیش ڕێکوپێک‌و نهێنی پارێزبوون‌و

ڕۆڵی خۆیان زۆر ئازاو دڵسۆزانە بینی. لەو هەموو ساڵانەشدا کە من لێپرسراویان بووم هیچ کارێکی خراپو زەرەرمەندو ئاشکرابوونی نهێنییەکان ڕوویندەدا.

دوای ماوەیەکیش سەرپەرشتی (چاپخانە) بچوکەکەمان بەمن سپێردرا، کە هاوڕێی نەمر (عوسمان دانش) بەڕێوەی دەبردو کاری تێدا دەکردو، ئەو کاتە بڵاوکراوەیەکی مانگانەمان بەناوی (هەواڵی لیوا) ەوە دەردەکردو لەپاشدا ناوەکەیمان گۆڕی بە (ئاڵای کارگەران).

هاوڕێ عوسمان دانش شیوعییەکی پاکو ڕاستو دڵسۆز بوو چەند بێتوانیایە خزمەتی هەمەجۆرەی دەکردو بێ وچان ئاڵای کارگەرانی زۆر بەرێکوپێکی بۆ چاپ دەکردین.

جیا لەمە ماڵەکەیانو کوڕو کچەکانو هاوسەرە دڵسۆزەکەشی بەرۆژو شەو لەخزمەتی حیزبو هاوڕێیاندا بوون.

# شێوەی کارکردنی حیزبیمان لەو سەردەمانەدا

هەرچەندە ئاماژەم بەوە کرد لەو سەردەمەدا پارتی لەکوردستان حوکمڕان بوو بەنیمچە ئاشکرا کاری حیزبیمان ئەنجام دەدا. بەلام سەبارەت بەکادیرە پێشکەوتووەکان لەبەرئەوەی حیزبی بەعس لەعێراقدا حوکمڕان بوو و دامودەزگاکانی ئەمن لەکوردستاندا بەدەست ئەوانەوە بوو، هەر بەنهێنی جموجولمان دەکرد.

بەتایبەتی کادیرە موحتەریفەکانی حیزب، واتە ئەو لێپرسراوانەی تەنیا ئیشیان بۆ حیزب دەکردو کاری تایبەتی خۆیان نەدەکرد. کۆنفرانسەکانو کۆبوونەوە فراوانەکانو هەموو کۆبوونەوەکانی لیژنەو شانە حیزبیەکانمان بەنهێنی ئەنجام دەدران.

هەروەها هەموو کادیرە پێشکەوتووەکان، ئەگەر بکرایە دەبوو ماڵیانو جێگای ژیانیان ئاشکرا نەبووایە. لەبەرئەوە منیش ناچاربووم هەر ماڵمان ئاشکرابووایە دەمگواستەوە. هەربۆیە هەر جارەی ماڵمان بۆ جێگاو گەڕەکێکی تر دەگواستەوە.

هەر لەبەر پاراستنو ئاشکرانەبوونی ماڵەکەشمان، زۆر میوانداریمان لەگەڵ خزمو ئاسیاوەکانماندا نەدەکرد، واتە ژیانو هەلسوکەوتمان، لەو ساڵو ڕۆژانەدا، ئاسایی نەبوو.

ئەوە بۆچی خۆتت لێشاردومەتەوە؟ پاش قسەوباس گوتی: ماڵ ماڵی حیزبە، نەک هەر زیادی نەکرد بەڵکو هەندێکیشی بۆ حیزب کەمکردەوە.

پێویستە ئالێرەدا کەمێک باسی ماڵی مامۆستا ئەکرەم بکەم، ئەو ماڵەی کە هەموویان، بەتایبەتی سەبری خان (دادە) ی رەحمەتی هاوسەری مامۆستا، کە لەبەر خۆشەویستی، ئێمەو هاورێ ناسراوەکانی تر بەناوی منالەکانییەوە هەر بە(دادە) بانگمان دەکرد، زۆر ئازاو دڵسۆزانە خزمەتی حیزب‌و هاورێیانیان دەکرد. ماڵەکەیان وەک بنکەیەکی بچووکی نهێنی حیزب وابوو، گەلێ ئیشوکاری حیزبیم لەو ماڵە رادەپەراند، جیا لەمەش (دادە) جاروبار (تەتەر) ی هەندێک ماڵ‌و هاورێی ناو شاری سلێمانی بۆ دەکردین، هەروەها کورە گەورەکەیان، شەهید (ئاراس) لەشەرە پڕ لەقارەمانێتییەکەی دێی (سۆیلەمێش) دا رۆژی ١٩٨٣/٩/٢٥ لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی تری حیزبماندا دەستگیر دەکرێن‌و پاش چەند رۆژێک لەلایەن جاشەکانی رژێمەوە لەناوچەی هەڵەبجە گوللەباران دەکرێن.

* لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٢دا خوشکە (شەفیقە) توشی گیرگرفت بوو لەگەڵ هاوسەرەکەیدا، وردە وردە وای لێهات کە نەتوانێت بەئەرکی سەرکردایەتی رێکخراوی ئافرەتان هەڵسێت، بەلام رێکەوتێکی باش بوو دوای ماوەیەک هاورێ پەخشان زەنگەنە

لەبەغدا کۆلیژی تەواوکردو گەڕایەوە بۆ سلێمانی، بوو بەمامۆستای دواناوەندی، ئەویش ئەو کاتە ئەندامی لیژنەی ئافرەتان بوو، بەهۆی دڵسۆزیو توانای سیاسیو فیکرییەوە لیژنەکەیان هەڵیانبژارد بەسکرتێری خۆیان، لەپاش ماوەیەکی تریش پێشخرا بۆ لیژنەی محەلی سلێمانی، ئیتر ئەرکی ئەو ڕێکخراوە فراوانە لەسەر شانی من نەما.

* لەساڵی ۱۹۷۳دا هاوڕێ نوری گوێزرایەوە بۆ شارێکی ترو بۆ کارێکی تری حیزبیو، بەبڕیاری مەکتەبی لیژنەی هەرێمی کوردستان من بەشێوەیەکی کاتی بووم بەسکرتێری لیژنەی محەلی ، دوای ئەوە ڕێکخراوی سەربازو پۆلیسەکانمان بەهاوڕێ عومەر عەبدولرەحمانی مەکتەبە سپاردو تەتەرەکانیشمان بەهاوڕێ حەمەی بۆیەچی سپارد. جا هەرچەندە ئەو کارانەم لەسەر نەما بەڵام ئیشوکارو ئەرکەکانم زیاترو قورستر بوون، ئیشە تازەکەم پێویستی بە خۆپێگەیاندن و بیرکردنەوەی زیاتربوو. هەروەها سەردانو لێپرسینەوەی قەزاکانو ڕێکخراوەکانی ناو شار کاتی زیاتری دەویست.

# کاندیدکردنم بۆ کۆمیتەی ناوەندی

من لەژیانی حیزبایەتیمدا قەت بیرم لەبەرزبوونەوەی پێگەی حزبیم نەکردووەتەوە، تەنانەت هەستیشم کردبێت کە مەغدورمو مافی سەرکەوتنم هەیە، هەر لەدڵما هێشتومەتەوەو باسم نەکردووە. بۆ نموونە نزیکەی (٧) ساڵ جێگری سکرتێری محەلی بووم، بەقسەی حیزب چوار ئەوەندەی سکرتێر ئیشم دەکردو جموجوڵم دەکرد. ئەوەبوو کە پێشخرام بۆ لیژنەی هەرێمی کوردستان، لەجیاتی ئەوەی لەپێشدا بەمورەشەحی لیژنەی هەرێم پێشمخەن، یەکسەر بەئەندامی هەرێم پێشیان خستم..ئەوەبوو لەکۆنگرەی (٢) ی هەرێمی کوردستان لەلیستی حیزبدا بووم بەسیفەتی ئەندامی لیژنەی هەرێم. پێش دەستکردن بە دابەزاندنی لیستی حیزب بۆ ئەندامان و پاڵێوراوانی لیژنەی هەرێمی کوردستان، هاوڕێیان باوکی سەرباز و شەهید شێخ عەلی بەرزنجی لەگەڵمدا دانیشتن و پێیان گووتم: مەکتەبی لیژنەی هەرێم لە تێکۆشان و هەڵوێستەکان و توانای تۆ کۆڵییەوە و ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە تۆ زۆر مەغدوری و دەبووایە زووتر پێش بخرایتایە بۆ لیژنەی هەرێمی کوردستان، لەبەرئەوە بڕیارماندا لەم کۆنگرەیەدا بە سیفەتی ئەندام لە لیستی حیزبدا ناوت بنووسین نەک بە پاڵێوراو.

لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٣دا لەمەکتەبی لیژنەی هەرێمەوە ئاگاداریانکردم کە بچمە لایان لەهەولێر. لەسەر داوای خۆیان چوومە ماڵی باوکی سەرباز دوای نیوەڕۆش هاوڕێ ئەبو عامیل کە ئەوسا سکرتێری لیژنەی هەرێمو ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزب بوو هاتە لامان، هەرسێکمان کۆبووینەوە. زۆریان قسەکرد لەسەر ئیشوکاری حیزبیو پلەی حیزبیو رۆڵی هاوڕێیانی لێپرسراو و شتی گرنگ. ئینجا بەناوی خۆیانو مەکتەبی سیاسییەوە پیرۆزباییان لێکردم کە بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزب بەسیفەتی پاڵێوراو پێشخرام. ئینجا هەندێک ئاگاداریان کردم دەربارەی ئەو کەموکوڕییانەی کە هەمبوو لەتێکۆشانمدا.

منیش پاش ئەوەی سوپاسی خۆیانو مەکتەبی سیاسیم کرد، گوتم: بەراستی من چاوەڕوانی ئەمەم نەدەکردو بیریشم لێنەکردووەتەوەو گرنگ لەلای من حیزبەو شەرەفی ئەندامێتی حیزب، پلەی حیزبیش لەلام ئامانج نەبووەو نییە.

هەروەها ئاگاداریان کردم کە ئێستا بوومەتە سکرتێری تەواوی محەلیو ئەندامی مەکتەبی لیژنەی هەرێمی کوردستانو، گوتیان: بڕیاری حیزبە هەموو ئەندامانو پاڵێوراوانی کۆمیتەی ناوەندی، ئەوانەی لەکوردستان کاری حیزبی دەکەن دەبنە ئەندامی مەکتەبی هەرێم.

پاش ماوەیەک کە لەیەکەم کۆبوونەوەی مەکتەبی هەرێمدا ئامادەبووم زانیم کە هاوڕێیان: ئەبو جۆزێف (تۆما تۆماس)و (فاتیح رەسوڵ) یش وەک من پێشخراون بۆ کۆمیتەی ناوەندی.

بێگومان بەم پێشخستنانە ئەرکە حیزبییەکانم زۆر زیادیان کردو پڕیش بوون لەلێپرسراوێتی گرنگو پڕ زەحمەت. جیا لەکۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دەبوو لەسلێمانییەوە هەموو هەفتەیەک بچوومایە بۆ هەولێر، هەر جارەی دوو رۆژم پێ دەچوو، ئەمە بێجگە لەخۆئامادەکردن بۆ ئەو کۆبوونەوانە. لەم لاشەوە مانگ نەبوو سەری یەکێک یان دوو قەزا نەدەم بۆ سەرپەرشتی رێکخراوەکانیان، هەروەها کاروباری مەکتەبی محەلیو رێکخراوەکانی ناو شاریش زۆرو زەحمەت بوونو بەجارێک بووم بەژێر ئەرکەوە.

کاتم نەمابوو بۆ خوێندنەوەو خۆپەروەردەکردن، هەروەها پەیوەندی خزمایەتیو ناسیاوانم هەرنەما. ئەرکی ماڵو منداڵیش کەوت بەسەر دایکی گەلاوێژدا کە بەراستیو بەباشی خزمەتی دەکردو هەموویانی پێگەیاندو بەرێوەبرد. ئەگەر یارمەتیدانو دڵسۆزی ئەو نەبووایە نەمدەتوانی سەرکەوتووانە ئیشە حیزبییەکانم راپەرێنم.

ئەوەی جێگای داخم بوو، هەندێک لەخزمانو برادەری تایبەتیو ناسیاوانم، کە لێیان دوورکەوتمەوە بەهۆی ئیشوکاری حیزبییەوە وایاندەزانی بەهۆی بیروبۆچوونو حیزبایەتی تەسک یاخود بەهۆی لوت بەرزییەوە هاموشۆیان ناکەم.

## ڕێککەوتن لەگەڵ بەعس و تێکچوون لەگەڵ پارتی

لەوەتەی پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزراوەو هاتووەتە کۆڕی تێکۆشانەوە پەیوەندییان بەشێوەیەکی گشتیو لەزۆر کاتو بۆنەو ڕووداودا باش بووە لەگەڵ حیزبماندا، کەمو زۆر لەیەکتر نزیک بوونو لەزەمانی پادشایەتیدا بەتایبەتی زۆر تەبابوونو لەتێکۆشانە جەماوەرییەکاندا هەمیشە پێکەوەبوونو هاوسەنگەربوون. بەتایبەتی لەپاش کودەتا شومەکەی بەعسەوە لە١٩٦٣/٢/٨دا بارزانی ئەمر یارمەتییەکی زۆر زۆری حیزبیدا، ئەوەبوو بەسەدان لەهاوڕێ ئەفسەرو سەرکردەکانی حیزبو گەلێکی تر گەیشتنە ئەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەڵاتی شۆڕشی گەلی کوردستاندا بوو، سەرکردایەتی پارتیو بارزانی هاوکاری هاوڕێیانیان کردو ڕێگەیاندن کە بنکەی چەکداری بکەنەوە، حیزبیشمان بەویەڕی توانایەوە هاوبەشییەکی قارەمانانەی لەشۆڕشی ئەیلولدا کردو دەیان شەهیدی پێشکەشکرد لەپێناوی ئامانجەکانی گەلی کوردستاندا، بەتایبەتی لەشەڕە پڕ لەقارەمانێتییەکەی هەندرێندا. ئەم هاوکاریو تەباییە بەردەوام بوو تا بەرەی حیزبی بەعسو حیزبی شیوعی لەتەمموزی ١٩٧٣دا پێکهاتو مۆرکراو بڵاوکرایەوە.

ئەگەر بەویژدانەوە باسی پەیوەندیکردن‌و پێکهێنانی بەرە بکرێت لەگەڵ بەعسدا، لەپێش حیزبماندا یەکێتی نیشتیمانی‌و پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ حیزبی بەعسدا ڕێککەوتن‌و بەرەیان کردەوەو هاوکاری دوو قۆڵی ئاشکرایان کرد بەتایبەتی بەیاننامەی یانزەی ئازاری ١٩٧٠ کە هەردوو حیزبی هاوپەیمانی بەعس‌و پارتی پێکیانهێناو لەهەموو جیهاندا دەنگی دایەوەو لەلای هەمووان ڕوون‌و ئاشکراشە. لەو کاتەدا لەبەغداو باشورو ناوەڕاستی عێراقدا شیوعییەکان بەتاک‌و کۆمەڵ سەردەبڕدران‌و هەوڵی لەناوبردنیان دەدرا لەلایەن بەعسییەکانەوە. حیزبیشمان بۆ ئەوەی ئەو هێرشە دڕندەو نارەوایەی لەسەر لابچێت‌و بۆ ئەوەی بەعسییەکان ڕێگای ڕاستی نیشتیمان پەروەریی بگرنەبەر، بەتایبەتی لەدوای ئەوەی بەعس پەیمانی بیست ساڵەی لەگەڵ یەکێتی شورەویدا مۆرکردو پەیمانی دۆستانەی لەگەڵ ئەلمانیادا بەست‌و هەندێک کاری باشی کرد،حیزبیشمان ویستی پەرە بەو کارە باشانەی بدات‌و لەگەڵ برادەرانی پارتیدا بتوانن زیاترو باشتر پاڵ بەبەعسەوە بنێن بۆ بەرەو پێشترو باشتر، بەڵام چونکە بەعسییەکان وردە وردە لەبەرەکەیان لەگەڵ پارتیدا پاشگەز دەبوونەوەو ئەو بەڵێنانەی کە دابوویان لێی پەشیمان دەبوونەوە، کاری خراپیان بەرامبەر گەلی کوردو هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەکرد، هەروەها پارتی‌و شۆڕش

فشاری دەرەوەشیان لەسەر بوو، بەهیچ جۆرێک قایل نەبوون کە هاوبەشی حیزبمان بکەن لەو بەرەیەداو رازیش نەبوون کە حیزبمان لەگەڵ بەعسدا بەرە بکاتەوە. برادەرانی پارتی هەر بەوەوە رانەوەستان کە نەیاندەویست حیزبمان بەرە لەگەڵ بەعسدا بکاتەوە بەڵکو بەهەموو توانایەکیشیانەوە دژی حیزب وەستانەوەو مەخابن هێرشی چەککردن‌و گرتن‌و کوشتنیان لەدژی حیزب دەستپێکردو شەڕو کوشتار دەستپێکرد.

ئا لەم کاتەدا حیزبمان ناچارکرا چەک لەبەعسەوە وەربگرێت بۆ بەرگری لەو هێرشانەو بۆ پاراستنی هاوڕێیان‌و مافی حیزب، حیزبی بەعس دانی چەک بەحیزبمان زۆر بەدڵفراوانییەوە قۆستیەوەو بەهەلێکی ئاڵتونی دانا.

من بۆ مێژوو دەڵێم: لەوەرگرتنی چەکدا لەبەعس هیچ ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی‌و هەرێمی کوردستان دژو نارەزا نەبوون، هەروەها ئەو چەند ئەندامەی کۆمیتەی ناوەندی‌و هەرێمی کوردستان کە پێشتر دژی بەرە بوون لەگەڵ بەعسدا، بۆ وەرگرتنی چەک لەبەعس لەهەموان زیاتر بەپەرۆش‌و رازیتر بوون.

ئەم تێکچوون‌و شەڕو پەلاماردانانەی پارتی، لەسلێمانیش وەک هەموو ناوچەکانی تری کوردستان، بووە هۆی تێکچوونی بارودۆخی ئیشکردنی حیزبیمان. کەوتینە تێکۆشانی ژێرزەمینی

تەواو، یەکسەر دەستمانکرد بەگۆڕینی ماڵو جێگای کادیرە ناسراوەکانو کەمکردنەوەی ژمارەی شانەو لیژنەکانو گۆڕینی هەندێک لێپرسراو و شتی تری پێویست.

هاوڕێیانی ناو شاری سلێمانیو قەزاکانیش پەیتا پەیتا نامەیان دەنووسیو داوای چاوپێکەوتنو شیکردنەوەی باری سیاسی تازەیان دەکرد، بۆ ئەمەش بڕیارماندا کۆبوونەوەی مەکتەبی لیژنەی محەلی (ململس) بکرێ وبەردەوام بێت بۆ ئەوەی بتوانین بەباشیو بەپەلە وەڵامی نامەی ڕێکخراوەکان بدەینەوەو چاومان بەهاوڕێیان بکەوێت کە داوای چاوپێکەوتن دەکەن. جا لەبەرئەوەی مەقەڕمان نەبوو ناچاربووین کە (منو هاوڕێیان مام قادرو ئەحمەد حامید) هەمیشە پێکەوەبینو هەر ڕۆژەی لەماڵێکی نهێنیدا کۆبینەوەو چاومان بەهاوڕێیانی ناو شارو قەزاکانیش بکەوێت.

لەپاش چەند ماڵێک، چەند جارێ چووینە ماڵی هاوڕێ ئەحمەدی عەلی دەوڵەت، چونکە خۆی و هاوسەرەدڵسۆزەکەی ئەختەر خان و کچ و کوڕەکانی بە دڵفراوانییەوە پێشوازییان لێکردین. ماڵەکەشیان ئەو کات نزیک دوکانەکەی عەلی فەوتاوی ڕەحمەتی بوو و زۆربەی زۆری هاوسێکانیان کەسانی باشبوون و ئیش و کارو هاتووچۆی هاوڕێکانمان بە باشی و سەلامەتی ئەنجام دران.

ئەو ڕۆژەی کە بڕیارمان دا بچینە ماڵێکی تر، پێش ڕۆیشتنمان بڕیارمان دا هەندێ پارە بدەین بە هاوڕێ ئەحمەد، چونکە ئەو کات بێکاربوو. ئەگینا پێشان چەندێ لەماڵیان بووینایە هەرگیز بیرمان لەوە نەدەکردەوە پارەیان بدەینێ. بە ڕێکەوت ئەو ساتەی ویستمان بڕۆین هاوڕێ ئەحمەد لە ماڵ نەبوو. ئەو کاتەی من و هاوڕێ مام قادر قسەمان لەگەڵ خوشکە ئەختەردا دەکرد هەندێ پارەمان دەرهێنا کە بیدەینێ، کە ئەمەی بینی چاوەکانی پڕبوو لە فرمێسک و تووڕەبوو و گووتی: بۆ ئێمە بە پارە خزمەتی حیزب و هاوڕێیان دەکەین؟. ئێمەش نەماندەزانی چۆن تێی بگەیەنین کە ئێمە مەبەستمان ئەوە نییە و ئەو ڕاستیەش دەزانین، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە ئێستا کاک ئەحمەد بێکارە. ئەمجارەشیان تووڕەبوو و وتی: خۆ لەبرسانا نەمردووین، جارێکی تر باسی شتی وابکەن بە ڕاستی لێتان عاجز دەبین.

دواجار چووینە ماڵی هاوڕێ دکتۆر تایەر بابان، یەکەم ماڵێکی زۆر باش و ئازاو خزمەتگوزاربوون و دووەمیش جێگاکەیان زۆر پارێزراوبوو چ بۆ مانەوە لەوێ و سەلامەتی و، چ لەرووی جێگاکەیەوە کە هاوڕێانی تر دەیانتوانی بێنە لامان. بەڕێکەوت جارێکیان ژمارەمان زۆر زیاتربوو، هاوڕێ بەهادین نوریش لەهەرێمەوە هاتبوو بۆ لامان بۆ هەندێک کاری حیزبی.

جێگای باسە ماڵی هاوڕێ دکتۆرو هەموو ئەو ماڵانەی چووین زۆر ئازاو دڵسۆزانە پێشوازییان لێکردین‌و یارمەتی حیزبیاندا کە هەر هەموویان جێگای ڕێزو شانازین.

هەروەها خۆشمان‌و هەموو هاوڕێکانی ناو شاری سلێمانی هەر شەوەی چوار یان زیاتر دەچووینە ماڵێک تا ڕۆژ دەبووەوە، بەنۆرە پاسەوانیمان دەگرت بۆ پارێزگاری لەخۆمان. ئێمە بەهەموو شێوەیەک خۆمان لەشەڕی پارتی لادەدا چونکە دەمانزانی کە بارزانی نەمرو زۆر لەسەرکردەکانی پارتی‌و شۆڕش لەگەڵ ئازاردانی حیزبی شیوعیدا نین. بەڵام بەداخەوە زۆر کەسانی خراپ لەو کاتەدا لەناو شۆڕشدا ڕۆڵیان هەبوو. ئەوانە شتەکانیان گەورە دەکرد. شایانی باسە کەسانێکی تری ناو پارتی هەبوون هەڵوێستیان باش بوو، بۆ نموونە: کاک عەلی عەبدوڵڵای پارێزگاری سلێمانی‌و لێپرسراوی لقی چواری پارتی‌و کاک عەبدولی سۆران نەمر کە ئەندامی لقی چواری پارتی بوو، ڕۆڵێکی زۆر باش‌و دڵسۆزانەیان هەبوو بەرامبەر بەحیزب‌و هاوڕێیانمان‌و، زۆرجار کە توشی گیرگرفت دەبووین داوامان لەوان دەکرد کە یارمەتیمان بدەن‌و فشاری برادەرانی پارتی‌و شتی ترمان لەسەر لاببەن ئەوانیش بەپێی توانا بەدەنگمانەوە دەهاتن.

پاش شەڕەکەی دەربەندیخان کە لەنێوان پارتیو پێشمەرگەکانی حیزبماندا روویداو، پێش ئەو رۆژەی تەرمەکەی عومەری ساڵەی مەسور بیننەوە بۆ سلێمانی کە یەکێک بوو لەلێپرسراوەکانی پارتی، کاک عەبدولی سۆرانو کاک عەلی عەبدوڵلا بەهاوڕێ ئەحمەد حامیددا جوابیان بۆ ناردینو گوتیان: سبەینێ تەرمی عومەر دەهێنینەوە بۆ سلێمانی تکایە با برادەرە ناسراوەکانتان لەو کاتەدا لەسەر شەقامە گشتییەکانو جێگا قەرەباڵغەکاندا نەبن نەبادا هەڤاڵانی ئێمە لەقینی ئەوەدا دەستیان لێبوەشێنن. ئێمەش سوپاسی ئەو بەرێزانەمان کردو برادەرانمان وشیارکردەوە.

دوای ئەمانە ساڵی ۱۹۷۲مەقەری لیژنەی محەلیمان لەسلێمانی لەگەڕەکی کانی ئاسکان نزیک حامیەی سلێمانی کردەوە. خانووە گەورەکەی ماڵی باوکی هاوڕێی نەمر شەهید د. روشدی ئەحمەد بەگ مان بەکرێ گرتو چەند پێشمەرگەیەکی ئازامان هێنایە ناوی بۆ پاراستنیو، ماڵی هەندێک هاوڕێی ناسراویشمان هێنایە دەوروبەری مەقەرەکە. هەروەها هەر بۆ پاراستنی هاوڕێیانو ماڵەکانیشیان، لەنزیک گردی سەیوان مەقەرێکی ترمان بۆ پێشمەرگە کردەوەو ژمارەیەکی باشمان لەرۆڵە دلێرەکانی حیزب لەوێ دانا. ئیتر لەجیاتی ماڵەوماڵ کردنو پاسەوانیکردنی ماڵان، مەقەرەکانمان بەکاردەهێنا.

زۆری نەبرد شەڕ لەبەینی پارتیو بەعس بەتەواوی دەستیپێکردو پارتی ناچاربوو مەقەرەکەیانو هەموو کادیرو پێشمەرگەکانیان بچن بۆ شاخو زۆر ماڵو خێزانی سەربەخۆیان باربکەن بۆ شاخو بۆ ئێران. ئیتر هەموو شەوێک هێزی پێشمەرگە دەهاتنە ناو شارەوەو لەگەڵ هێزی سوپادا شەڕو پێکدادان دەستی پێدەکرد.

لێپرسراوانی سوپای بەعس لەشاری سلێمانی زۆریان هەوڵدەدا کە پێشمەرگەی حیزب راپێچی شەڕی پارتی بکەنو بەینی ئێمەو پارتی زیاتر تێکبدەنو لەیەکمان دوورتربخەنەوە بەڵام دوای هەندێک رووداو کە باش بۆمان دەرکەوت نیازی بەعس خراپەو دەیانەوێت بەزۆر حیزبمانو پارتی بەگژ یەکتریدا بکەن، ئێمە لەمەکتەبی محەلی بڕیارماندا کە بۆ هیچ شەڕێکو هیچ بۆسەداناتێکو هیچ جوڵانەوەیەکی سەربازی لەدژی پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان هاوکاریو هاوبەشی نەکەین. چەند جار خۆیان گلەییان دەکردو لەسەرەوەیان حیزبیان ئاگادار دەکرد کە پێویستە هاوکارییان بکەین بەڵام ئێمە هەر بەگوێمان نەدەکردنو بەپێچەوانەشەوە چەند بمانتوانیایە خزمەتی پارتیمان دەکرد، وەک ئەم نموونانە:

* شەوێکیان بنکەکەی حیزب لەگردی سەیوان باری هێستریک دەرمانو کەلوپەلی پزیشکی دەگرن بەڵام ئەوانەی

لەگەڵیدا بوون رائەکەن. بۆ بەیانی برادەرانی پارتی ناسیاویکیان نارد بۆ مقەر لەکاتیسکان. هەموو ئەو کەلوپەلانەمان پێدانەوە.

* شەوێکی تر پۆلیک پێشمەرگەی حیزبمان لەگەڕەکی مەلکەندی لەماڵێکدا چاویان بەپێشمەرگەیەکی زامداری برادەرانی پارتی دەکەوێت کە تازە لەشەڕێکدا لەگەڵ پیاوانی رژێمدا بریندار بوو بوو، ئەوانیش تەداوی سەرەتایی بۆ دەکەن‌و بەهۆی خزمەکەیانەوە رەوانەی دەرەوەی شاری دەکەن بۆ ئەوەی بەردەست رژێم نەکەوێت.

* دیسان پێشمەرگەکانی حیزبمان پێشمەرگەیەکی پارتی دەگرن کە دەیپشکنن پارەیەکی زۆرو هەندیک نامەی پێدەبێت، لێی دەپرسن ئەمانە هینی کێن؟ دەڵێت: بۆ ماڵە شەهیدو پێشمەرگەیە. کە هەواڵەکەمان زانی برادەرانمان ئاگادارکرد کە بەخێرایی پارەو نامەکانی بدەنەوەو ئازادی بکەن.

* دوو کادیری پێشمەرگەی برادەرانی پارتی لەلایەن پیاوانی رژێمەوە دەگیرێن هەردوکیان برای دوو هاورێی خۆمان دەبن. نوێنەرمان کە پەیوەندی بەحیزبی بەعسەوە دەبێت دەچێتە لای بەعس‌و پێیان دەڵێت: ئەو دوو برادەرە حیزبمان بە خەت مایل ناردونی بۆ ناو پارتی. ئیتر ئەوانیش ئازادیان دەکەن. ئەم دوو برادەرە بەدوای یەکدا دەستگیرکران‌و ئازادکران نەک پێکەوە.

* زۆر لەخێزانەکانی برادەرانی پارتی، کە ڕژێم بەدوایاندا دەگەڕان بۆ ئەوەی دەستگیریان بکەن، بەبڕیاری حیزب بەهۆی خزمایەتیو ناسیارییەوە لەماڵە شیوعییەکاندا دەشاردرانەوەو خزمەت دەکران.

من دڵنیام لەزۆر شارو جێگای دیکەدا حیزبەکەمان لەم جۆرە کارە باشانەو زیاتریش لەمانەی کردووە. چونکە حیزبمان هیچ کات لەگەڵ شەڕی براکوژیدا نەبووەو هەمیشە ئەوەی لەبەرچاوبووە کە هەر دەبێت ئاشت ببنەوەو دووبارە لەیەک سەنگەردا لەگەڵ پارتیو هەموو حیزبە پێشکەوتنخوازەکانی تردا پێکەوە بجەنگێن لەپێناوی وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلانی کوردستانو هەموو عێراقدا.. وەک چۆن ئێستا ئەو یەکێتییە هاتووەتە دیو هەمووان پێکەوە خەبات دەکەن.

# لیژنەی پەیوەندی نیشتمانی

پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی حیزب بەحیزبو کۆڕو کۆمەڵە جەماوەرییەکانو بەدامودەزگاکانی حکومەتەوە هەروەها مۆرکردنی بەرە لەگەڵ حیزبی بەعسدا، هەلومەرجی پێکهێنانی لیژنەیەکی پسپۆڕی لەناو حیزبدا رەخساند. هەربۆیە لەسەرەتای حەفتاکانەوە ئێمە لەسلێمانی ئەم لیژنەیەمان پێکهێنا. سەرەتا لەهاوڕێیان ئەحمەد حامید، عوسمان کەریم، شەهید فیکرەت جاوید، سەعدوڵڵا کاکەیی.. جاروبار بۆ کاروباری چەکداریی هاوڕێ مەلا عەلی یان مەحمود دیکتاریۆف دەچوونە پاڵی. دیسان بەپێی پێویستو بڕیاری حیزب گۆڕانکاری تێدا دەکرا، ئەم لیژنەیە لەماوەی ١٩٧١ەوە تا ئەو کاتەی کە بەعس پەلاماری حیزبیدا لەساڵی ١٩٧٩، زۆر چالاکانە هەرچی ئیشوکاری دەرەوەی حیزب هەبوو لەسەرانسەری پارێزگاکەدا لەکاتی ئاشتیو لەکاتی شەڕو بارگرژیشدا هەڵیاندەسوڕاند. بەراستی جێگای رەزامەندی حیزبو جەماوەرو دۆستانمان بوونو رووی دەرەوەی حیزب بوون. جگە لەو ناوانەی سەرەوە هاوڕێیان مەلا عەلی، شێخ سەعید شێخ حسێن، مام قادر بەشدارییان تێدا کرد.

# جۆڵ کردنی قەزاو ناحییەکانی پارێزگای سلێمانی

بەهۆی درندایەتی رژێمی بەعسەوە رۆژ بەرۆژ هێزی پێشمەرگە بەهێزتر دەبوو و وای لێهات هێزەکانی سوپاو جاش نەیاندەتوانی خۆیان رابگرن هەربۆیە رژێم ناچاربوو هەموو هێزەکانیو دامودەزگاکانی حکومەت لەهەموو قەزاو ناحییەکانی پارێزگای سلێمانی جگە لەقەزای دەربەندیخانو ناحیەی سەیدسادق، بگوێزێتەوە بۆ ناو شاری سلێمانی.

ئێمەش ئەو کاتە هاوپەیمانی بەعس بووینو پێشمەرگەمان زۆر بوون، ناچاربووین پێشمەرگەکانمانو هاوڕێ پێشکەوتوو و ناسراوەکانمان لەقەزای هەڵەبجە بگوێزینەوە بۆ سلێمانی، دەربەندیخانو سەیدسادق. بەڵام هێشتا رێکخراو و هاوڕێیانی حیزبیمان لەهەڵەبجەدا زۆر مابوونەوە چونکە نەناسراو و کەمناسراو بوون.

لەو کاتەدا خوشکە سنەوبەر ئیسماعیل کە ئەندامێکی چالاکی لیژنەی محەلی بوو لەهەڵبجە مامۆستا بوو، خۆی داوای لێکردین کە هەر لەوێ بمێنێتەوە بۆ ئەوەی سەرکردایەتی رێکخراوەکانو هاورێیانی ئەوێ بکات، ئێمەش زۆرمان بەلاوە باش بوو. ئەویش لەگەڵ شەهید ناهیدە نوری قەسابو لەیلا عەلیو چەند

خوشکو هاوڕێیەکی تردا زۆر بەباشی سەرکردایەتی ڕێکخراوەکانیان کردو، لەو بارودۆخەشدا نەیانهێشت تێکۆشانی حیزبمان بۆ ڕۆژێکیش ڕابووەستێت.

بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەو ڕاگواستنەی هاوڕێیان بەخێزانەکانیانەوە بۆ دەربەندیخان‌و سلێمانی بووە هۆی پەیدابوونی گیروگرفت بۆ حیزب‌و هاوڕێیان بەتایبەتی لەڕووی ئابوورییەوە.

پاش ماوەیەک لەلایەن سەرکردایەتی دەربەندیخان‌و سەیدسادقەوە ئاگادارکراین کە گیروگرفتیان زۆرەو پێویستە لە (ملمس) ەوە سەردانیان بکرێت بۆ ئەوەی بەجددی لەو گیروگرفتانە بکۆڵرێتەوەو چارەسەریان بۆ دابنرێت. ئێمەش لەملمس باسی گیرگرفتەکانیانمان کردو بڕیارماندا هاوڕێیەک بڕوات بۆ لایان‌و لەسەر پێشنیاری خۆم هاوڕێیانی ملمس ڕازی بوون کە من بچم بۆ سەردانی هەردوو ناوچەکە. من‌و هاوڕێیان مام قادر، ئەحمەد حامیدو سەید تۆفیق لەمەقەڕی حیزب دانیشتبووین باسی ئەو چوونەی من دەکرا چونکە ڕۆیشتنم بۆ دەربەندیخان‌و سەیدسادق ئاسان نەبوو چونکە هەر لەپشت گردی سەیوانەوە تا تونێلەکەی دەربەندیخان‌و لەم لاشەوە تا دێی سەراوی سوبحان ئاغای نزیک سەیدسادق لەژێر دەسەڵاتی پارتیدا بوو و هەموو ئۆتۆمبێل‌و ڕێبوارێکیان دەپشکنی. لەکاتی

قسەکردندا هاوڕێ دکتۆر تایەر بابان هات بۆ لامان، کە زانی باسی ئەو سەفەرە دەکەین یەکسەر گوتی: من ئامادەم بەئۆتۆمبیلەکەی خۆم بیگەیەنم. ئێمەش پێمان باش بوو. بۆ ڕۆژی دوایی هاوسەرو منداڵەکانیشی هێناو هەموو پێکەوە ڕۆیشتین‌و بەسەلامەتی گەیشتینە دەربەندیخان. دواتر هەر زوو ئەوان گەڕانەوەو منیش چووم بۆ مقەڕی حیزب.

ڕێکخراوی دەربەندیخان وەکو پێشان هەر سەرکردایەتی ڕێکخستنەکانی نەدەکرد بەڵکو سەرکردایەتی سەدان پێشمەرگەشی دەکرد، لەبەرئەوە ئەرک‌و ئیشوکارەکانیان زۆر سەخت‌و گران‌و فراوان بوو. هاوڕێ مەلا عەلی لێپرساوی یەکەم بوو. هەر ئەو شەوە لەگەڵ کۆمیتەکەیاندا کۆبوومەوە کە ئەم هاوڕێیانە بوون: مەلا عەلی، هاوڕێی نەمر ئەسعەد بانیخێلانی‌و هەروەها شەهیدان: ڕەوفی حاجی محەمەد (جەوهەر)و، نەسرەدین عابد هەورامی‌و چەند هاوڕێیەکی دی. بەدوورودرێژی باسی بارودۆخی تازەو گیرگرفتەکانیان کرد، کە زۆربەی بریتی بوو لەباری ئابوری‌و ژیان‌و گوزەرانی ئەو هەموو پێشمەرگەو خێزانە کە لەژیانێکی زۆر ناهەمواردا دەژیان. هەروەها خراپی باری دەروونی پێشمەرگەکان چونکە بەلایانەوە ئاسان‌و ئاسایی نەبوو کە براو خزم‌و ناسیاری خۆیان بکوژن‌و دەست لەوانە بووەشێنن کە تادوێنێ لەناو یەک

سەنگەردا لەدژی رژێمی فاشیست دەجەنگان و خەباتیان دەکرد. هەرچەندە ئەوان ئەو هەستەیان بەئاشکرا دەرنەدەبڕی بەڵام بەقسەکانیان و بەرووخسارەکانیانەوە ئەوە دیار بوو. بەقسەی ئەم هاورێیانەو بەوتەی هاورێیانی تر کە لەکۆبوونەوەکانی تردا بۆیان باس دەکردم بەباشی هەستم دەکرد کە زۆربەی پێشمەرگە وریاکان و کادیرە شارەزاکان بێزاربوون و حەزیان بەو براکوژییە نەدەکرد.

لەپاش چەند کۆبوونەوەیەک و بینینی هەندێک هاورێی تر، ئەوەی لەتواناو دەسەڵاتماندا بوو بڕیارماندا بیکەین بۆ چارەسەری هەندێک لەگیروگرفتەکان. دوای چوار رۆژ هەر لەوێوە چووم بۆ سەیدسادق. هاورێ ئیبراهیم سۆفی مەحمود (باوکی تارا) لێپرسراوی یەکەم بوو، ، پێشمەرگەکان تازە هاتبوونە ریزی پێشمەرگایەتی، هەموویان سەر بە قەزای هەڵەبجە بوون و زۆریان ماڵ و منداڵەکانیان لەدێهاتەکاندا بەجێهێشتبوو، زۆریان ناڕەحەت و کەم ئەزمون بوون. هەرچەندە تا ئەو کاتە تووشی شەڕ نەبوو بوون بەڵام پێیانەوە دیاربوو کە زۆر بێزارو نارازی بوون، باری ئابوریش لەسەرو هەموو گیروگرفتەکانیانەوە بوو. بەراستی هاورێ باوکی تارا هەوڵی زۆری دەداو خۆی زۆر ماندوو دەکرد بۆ چارەسەری گیروگرفتەکان و هێوربوونەوەی بارودۆخەکە. لەوێش ئەوەی

لەتوانادابوو کردمان بەڵام بەداخەوە ئەو بەڵێنانەی کە دامان بەهاوڕێیانی دەربەندو سەیدسادق، بەتایبەتی دەربارەی یارمەتیدانیان بەپارە بۆ خێزانی راگویزراوان، بەهۆی نەبوونی پارەوە. نیوەشی جێبەجێ نەکرا. پاش بەشداریم لەکۆبوونەوەیەکی فراوانی ئەویشداو قسەکردنم لەگەڵ زۆر لەهاوڕێیاندا دوو بەدوو لەگەڵ هاوڕێ باوکی تارادا زۆرمان بیرکردەوەو قسەمان کرد. پێش گەڕانەوەم بۆ سلێمانی بەهاوڕێ باوکی تارام گوت: دیارە تۆ حەزناکەیت ئەم بارودۆخە ئاڵۆزە کۆتایی بێت...ئەویش نەختێک راماو گوتی: تێناگەم مەبەستت چیە!؟ گوتم: ئیشوکار زۆرەو کۆبوونەوەو موحازەرەدانت بەردەوامەو شەو و رۆژ سەرت قاڵە...تۆیش حیزبایەتی ئەوها نەبێت لات خۆش نییە.. ئەویش دەستیکرد بەپێکەنین‌و گوتی: خوا تۆو مام قادر بگرێت کە تووشی ئەم گێچەڵەتان کردوم‌و پێشم پێدەکەنن. لەگەڵ ئەم بارودۆخە ناهەموارەشدا کاربەدەستانی رژێمی بەعس بەخراپترین شێوە لەدژی گەلی کورد دەجوڵانەوە، ئەوەبوو ناوبەناو بەتۆپی دوورهاوێژ شاری هەڵەبجەو دەوروبەری تۆپباران دەکرد. جارێکیان گوللە تۆپێک دەکەوێتە ماڵی هاوڕێ وەستا ئەحمەدی مەنیجەوەو کچێکی شەهید دەکات. خەڵکێکی دیکەش هەر بەم تۆپبارانە شەهیدو بریندار بوون. لەسەر ئەم تۆپبارانە هاوڕێ فەرەجی مەلا ئەمین‌و چەند

هاورێییەکی تری هەڵەبجەیی کە لەدەربەندیخان بوون دەست دەکەن بەنارەزایی دەربڕین‌و ناردنی بروسکەی نارەزایی بۆ کاربەدەستانی رژێم. بەڵام بەبڕیاری حیزب راوەستێنران‌و پێیان گوترا: لەرێگای بەرەوە چارەسەری ئەم شتە دەکەین. بەڵام هیچیش نەکرا؟!

لەقەزاکانی ترو ناوچەکانی تری پارێزگای سلێمانی، پاش ئەوەی هەندێک لەشیوعییە ناسراوەکان لەلایەن پارتییەوە دەستگیرکران‌و ئەوانی دیکەش ناوچەکانیان بەجێهێشت، رێکخراوەکانی ئەو جێگایانە پەرش‌و بڵاوبوونەوەو بۆ ماوەیەکی زۆر کاری حیزبایەتی تیایاندا پەکی کەوت، چونکە لەو قەزاو ناوچانەدا وەک هەڵەبجە رێکخراوی ئافرەتانی تێدا بەهێزو فراوان نەبوو و کادیری لێهاتووی ئافرەتی تێدا هەڵنەکەوتبوو. خۆ ئەگەر هەشبووبن تاک‌وتەراو کەم بوون. هەروەها رێکخراوەکانیشیان لەبنەڕەتدا لاواز بوون. ئەمەش ئەو راستییە دەسەلمێنێت کە هەر رێکخراوێکی شیوعی‌و چەپ، ئافرەتان بەزۆری‌و لەسەرو خواری ئەو رێکخراوەدا هاوبەش نەبن ئەو رێکخراوەیە سەرکەوتوو نابێت‌و لەرۆژانی رەشی هێرشی داپڵۆسیندا زیانی زیاترو گەورەتری بەردەکەوێت‌و بەماوەیەکی زۆرو بەزەحمەت خۆی دەگرێتەوە. بۆ نموونە رێکخراوەکانی چوارتاو پێنجوێن چونکە خۆیان لاوازو کەم بوون‌و ئافرەتێکیان تێدا هەڵنەکەوتبوو، کە

تووشی هێرشێک بوو بوونایە تا ماوەیەک پەرش‌و بڵاودەبوونەوەو کاری حیزبی تا ماوەیەک رادەوەستا.

لەبەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانمدا تارادەیەکی باش باسی رۆڵ‌و دڵسۆزی‌و ئازایی شیوعییەکانی هەڵەبجەم کردووەو ئاماژەم بەگەلێک قارەمانێتی هاوڕێیان داوە بەڵام هێشتا هەر کەمەو گەلێک هاوڕێی تر هەن کە پێویستە باسیان بکرێت، بۆ نموونە هاوڕێ ئازاد حەمدی. هاوڕێ ئازاد زۆر دەمێکە لەریزەکانی حیزبدایەو بەگەلێک کار هەستاوەو رۆڵی دیارە لەناو تێکۆشەرانی هەڵەبجەدا، بەتایبەتی ئەو کتێبە گەورەو بەنرخەی کە لەژێر ناوی (هەڵەبجەو کەسایەتیەکانی) لەچاپی داوە، کە هەر هەمووی باسی هەڵەبجەو شتە بەنرخ‌و بەناوبانگەکانی هەڵەبجەیەو رۆڵی تێکۆشەرانی هەموو حیزبەکانی تارادەیەک پیشانداوە، بەتایبەتی رۆڵی شیوعییەکان. کۆکردنەوەو رێکخستنی ئەو هەموو زانیارییە گرنگانە کارێکی گەورەو بێ هاوتایەو شایانی دەستخۆشییە.

# خەریک بوو بە دەستی هاوڕێیەکی خۆم بەهەڵە بکوژرێم

ئای کە شەڕ شتێکی شوم‌و خراپ‌و ناخۆشە، بەتایبەتی شەڕی براکوژی. ئەگەر شەڕو ترسی هێرشی لەناکاو نەبێت هاوڕێیەکی وەک شیروان عەلی ئەمین، کە مامۆستاو زاناو تێکۆشەرێکی دێرین‌و ئەندامی لیژنەی هەرێمی کوردستان‌و (ملمس) بوو بۆچی چەکی پێدەدرێت.؟ ئەو و هەموو ئەوانەی وەک ئەو بوون ئەگەر ترسی پەلاماری کتوپڕو بەردەوامیان نەبێت بۆچی بیر لەهەڵگرتنی چەک دەکەنەوە.

بەدڵنیاییەوە دەڵێم کە نەک هەر لەناو حیزبەکەی ئێمەدا بەڵکو لەناو هەموو حیزبە چەک هەڵگرەکانی تریشدا دەیان کەسی بەنرخ‌و تێکۆشەر بەهەڵە کوژراون‌و تیاچوون.

لەسەرەتای کردنەوەی مەقەرەکەماندا لەسلێمانی، هاوڕێ شیروان دەمانچەیەکی وەرگرت بۆ پاراستنی خۆی، لەژوورەکەی (ملمس) بەپێوە بەرامبەر بەمن کە مێزێکمان لەنێواندا بوو، راوەستابوو، بەنەشارەزایی دەمانچەکەی پاک دەکردەوەو قسەشمان دەکرد، هەر ئەوەندەم زانی زرمە هەڵساو هەموو مەقەرەکە دەنگی دایەوە.

هاوڕێیانی ژوورەکانی دی هەموو بەخێرایی هاتنە لای ئێمە..هاوڕێ شیروان دەمانچەکەی هەر بەدەستەوە بووشڵەژابوو هەر تەماشای لەشی منی دەکرد منیش هەروەها.

هاوڕێیانیش کە بینییان من گوللەم پێوە نییە، گەڕان بۆ جێگای گوللەکە، دەرکەوت کە ڕێک بەسەر شانی مندا ڕۆیبوو دابوی لەدیوارەکەی پشتم.

هاوڕێ شیروان کە زانی بەرم نەکەوتووە باوەشی پێدا کردمو گوتی: بەخوا باش بوو بەرت نەکەوت، جیا لەسەلامەتی تۆش دوژمنان پڕوپاگەندەیان دەکرد کە گوایە شەڕمان بووە.

هاوڕێیانی تریش، بەتایبەتی نەمران شێخ سەعیدو عارفی حاجی فەرەج بەشیروانیان گوت: دەی دەی ویستت بیکوژیتو خۆت بچیتە جێگاکەی... ئەویش دەیگوت: قسەی وا مەکەن پێم ناخۆشە.

# پێشبینییەکانی مەکتەبی لیژنەی هەرێمی کوردستان

ئەو کاتەی کە هاوڕێ عومەری عەلی شێخ ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبو سکرتێری لیژنەی هەرێمی کوردستان بوو، کە هەموو ئەندامانی مەکتەبی هەرێم، ئەندامو پاڵێوراوی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بوون، راوبۆچوونو بیرکردنەوەی راستو دروست هەبوو بەرامبەر بەکردەوە چەوتەکانی رژێمی رووخاوی بەعس، بەتایبەتی بەرامبەر بەگەلی کوردو کوردستان.

بۆ نموونە ئەم رووداوە تۆماردەکەم:

پاش ئەوەی شۆڕشی گەلی کوردستان بلاوەی پێکرا، مەکتەبی لیژنەی هەرێم، لەیەکێک لەکۆبوونەوەکانی خۆیدا لەبەهاری ساڵی ١٩٧٥دا زۆر بەوردیو دوربینیو ژیرانە، لەئایندەی نزیکی مەرامی بەعسی کۆلییەوەو بارودۆخی عێراقو کوردستانی هەڵسەنگاندو شیکردەوەو ئەوەیان دەرخست کە حیزبی بەعس دوای نەمانی شۆڕش، چی بەگەلی کورد خاکی کوردستانو لەدوایشدا بەحیزبمانو هەموو هێزە دیموکراتیو پێشکەوتنخوازەکانی سەرجەم عێراقو گەلانی عێراقیش دەکات.

کورتەو ناوەرۆکی پێشبینییەکانیش ئەمانە بوون:

* دوای بڵاوەکردن بەشۆڕش‌و چەسپاندنی دەسەڵاتی بەعس لەکوردستاندا، ئیتر رژێم ئیشیان بەحیزبمان نامێنێت‌و دەکەوێتە پەلاماردانمان‌و دەیان بڕوبیانومان بۆ دروست دەکەن، بۆ ئەوەی لاوازمان بکەن‌و وردە وردە لەفرسەتێکدا لێمان بدەن‌و بەئەقڵی ناتەواوی خۆیان بەیەکجاری نەمانهێڵن.

هەروەها لەسەر رۆشنایی ئەو بۆچوونەی سەرەوە، مەکتەبی هەرێم ئەم شتانەشی دەستنیشانکرد کە پێویستە بکرێت بۆ ئەوەی لەو پەلاماردانەی بەعسدا، زیانمان کەمتر بەربکەوێت‌و پێشەکی ئامادەبین:

- شاردنەوەی چەکە گەورەو بچوکەکانی خۆمان‌و هەندێک لەو چەکانەش کە لەحیزبی بەعسمان وەرگرتووە، چونکە بێگومان چەکمان دەکەن.
- شاردنەوەی هەندێک کادیری کەمناسراو و لێهاتوو، بۆ کاتی کاری ژێرزەمینی، کە زۆر نزیکە ناچارمان بکەنەوە بۆ ئەو کارە نهێنییە.

بۆ بڕیاردان لەسەر هەموو ئەو شتانەو شیکردنەوەیان بۆ رێکخراوەکان، پێویستی بەکۆبوونەوەی لیژنەی هەرێم هەبوو، لەبەرئەوە کات دانرا بۆ کۆبوونەوەو، سەرکردایەتی حیزبیش ئاگادارکرا بۆ ئەو هەموو بۆچوون‌و پێشبینییانەو رۆژی کۆبوونەوەکەش‌و داواشیان لێکرا کە هاوڕێیانی خۆیان لەمەکتەبی سیاسی بنێرن بۆ ئەو کۆبوونەوەیە.

هاوڕێیانی مەکتەبی سیاسیو سکرتاریەتی کۆمیتەی ناوەندی ئەو بۆچوونو پێشبینییانەیان بەلاوە راستو باش نەبوو، لەو کاتەدا هاوڕێ عەزیز محەمەد لەوڵاتدا نەبوو، هاوڕێیەکی مەکتەبی سیاسی گەیشتە هەولێر بۆ بەشداری لەو کۆبوونەوەیەدا.

پێش کۆبوونەوەکە مەکتەبی سیاسی، هاوڕێ باوکی سەربازیان لەهەولێر دوورخستەوە بۆ ئەوەی لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداری نەکات، ئەوان لەو باوەڕەدابوون کە ئەو خاوەنی سەرەکی ئەو بۆچوونانەیە.

بەگەلێک بیانوی دوور لەواقیعو راستی توانییان ئەو بۆچوونانەی مەکتەبی هەرێم پوچەڵ بکەنەوەو دژی ئەو شتانە بوون کە کە مەکتەبی هەرێم پێشنیاری کردبوون.

لەئەنجامیشدا هەموو پێشبینییەکانو بۆچوونو پێشنیارەکانی مەکتەبی هەرێم راست دەرچوون.

# لە دوای هەرەسهێنانی شۆڕش

لەپاش ئەوەی ئەمەریکاو شای ئێران، ئەو پیلانەی دایانابوو سەری گرتو بەرێککەوتنە بەناوبانگەکەی جەزائیر هەرەسیان بەشۆڕشی کوردستان هێنا، ئەو پیلانەی کە دەیان جار باس کراوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، کە پێویست ناکات لێرەدا زۆر لەسەری بڕۆم..حیزبی بەعس بەو هەرەسهێنانەی شۆڕش زیاتر لەخۆی بایی بوو و ڕووی ڕاستی خۆی ئاشکراکردو وردە وردەو یەک لەدوای یەک کەوتە پاشگەزبوونەوە لەو هەموو بەڵێنو پەیمانانەی کە دابویان بەگەلی کوردو هەموو هێزە پێشکەوتووەکانی عێراق.

ئەوەبوو، بەشێوەیەکی دڕندانە کەوتە گیانی گەلی کوردو سەرکردەکانی ئەوسای شۆڕشو پێشمەرگەکانیو سەدان خێزانی پێشمەرگەو تێکۆشەرانی پارتییان لەکوردستان دوورخستەوەو تووشی ئازارو دەربەدەرییان کردن. هەروەها بە (پارەو پایەو دەسەڵات) ڕێکخراوی بەعسیان لەکوردستان دروستکردو دەزگاکانی جاشو سەرکوتکارییان فراوانترکردو پەیتاپەیتا فشاریان خستە سەر حیزبمانو کەوتنە پیلانگێڕان بۆ لێدانی حیزب.

حیزبی بەعس بەگوێرەی پیلانەکەیان کە پێشتر دایاننابوو، ڕێگایان خۆشکرد بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکانی حیزب ئاشکراتربن، تا بەئاسانیو بەزوویی لێیان بدات وەک لێشیاندا. دوای ئەمانە بەتەواوی بەئاشکرا نیازی گڵاوی حیزبی بەعس بەسەرۆکایەتی سەدامی دیکتاتۆری خوێن ڕێژ لەلای حیزبمان؛ وەک پارتیو هەموو حیزبە پێشکەوتووەکانی عێراق دەرکەوتو هەستی پێکراو هەڵوێستی خۆکۆکردنەوەو بەرهەڵستکاری بەرامبەریان ڕاگەیەندرا.

لەگەڵ ئەمانەشدا (هەندێک) لەسەرکردەکانی حیزبمان دوای ئەو هەموو ڕووداو و بەسەرهاتانەش کە لەبەسرەو بەغداو ئەبوغرێبو موسڵو کەرکوکو...هتد قەسابخانە داندرابوو بۆ شیوعییەکانو دیموکراتی خوازەکان...وێرانکاریش لەکوردستان پیادە دەکرا، تەیاندەویست لەگەڵ بەعس تێکبچنو ورتە لەدەمی حیزب بێتەدەرەوە، کەچی ئێستا هەندێ لەوانە لەسەنگەری دیکەدانو بیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە... حیزبی شیوعی تاوانبار دەکەن بەرامبەر بەپەیوەندی لەگەڵ بەعسو چەوساندنەوەی گەلی کورد، وەک ئەوەی خۆیان لەسەرکردایەتی حیزبدا نەبووبنو زیاد لەکەسانی دی پابەندی پەیمانی دۆستایەتی و برایەتی حیزبی بەعسو شیوعی نەبووبن.

نەحیزبی شیوعیو نەپارتی دیموکراتی کوردستان نکوڵییان نەکردووە لەهەڵەو کەموکورییەکانیان بەرامبەر بەیەکدیو لەپەیوەندییان لەگەڵ بەعسدا... ئەوەبوو حیزبی شیوعی لەکۆنگرەی چوارەمیانداو پارتی لەکۆنگرەی نۆیەمیاندا کەلە ساڵی ۱۹۷۹ بەسترا، بەئاشکراو بەشێوەیەکی بەرفراوانو زۆر ئازاو دڵسۆزانە دانیان بەهەڵەکانیاندا ناو ڕێگای ڕاستیان گرتەبەر بۆ نەهێشتنی کەموکورییەکان، ئەوەبوو دوای ئەو هەنگاوە باشانەیان ئاشتبوونەوەی نیشتیمانیو بەرەی کوردستانی هاتەگۆڕێ و لەساڵی ۱۹۹۲دا سەرکەوتنیان بەسەر ڕژێمی بەعسی فاشیستدا بەجێهێناو سەرکەوتنو کوردستانیان ئازادکرد.

# سەندنەوەی چەکەکان لە حیزب

هەر وەکو پێشبینی دەکرا حیزبی بەعس پاش ماوەیەک دوای نەمانی شۆڕش داوای لەحیزب کرد کە نەک هەر چەکەکانی خۆیان بەڵکو چەکەکانی خۆشمان بدرێتەوە بەبەعس. ئەمەش بەو بیانووەی کە ئیتر مەترسی نەماوەو لەمەقەڕەکان زیاتر پێویستمان بەچەک نییە، هەروەها دەیانگوت: حکومەت، کە خۆشتان هاوبەشن تێیدا، ئەگەر شتێک روویدا پارێزگاریتان لێدەکات. هەروەها دەیانگوت: هەر وەک بەژمارە چەکتان وەرگرتووە، هەر ئەوهاش بەژمارە بماندەنەوە.

حیزبیش بێ پێچوپەنا رەزامەندی پیشانداو هەموو محەلییەکانی کوردستانی ئاگادارکردەوە کە بەلیست چەکەکان بدەنەوە بەرژێم.

لەگەڵ ئەمەشدا کاربەدەستانی رژێم بەتایبەتی لەپارێزگای سلێمانی کەوتنە هەڕەشەکردن‌و بیانووگرتن‌و فشار خستنە سەر حیزب بۆ ئەوەی چەک نەشاردرێتەوەو هەمووی بدرێتەوە بەرژێمی بەعس. بۆ نموونە:

١- کاربەدەستانی رژێم هێزێکی زۆریان لەسوپا نارده ناوچەی قەرەداغ بەچەند کۆپتەرێکەوە، بۆ پشکنینی (قۆپی قەرەداغ)و چەند جێگایەکی دیکە. بەو بیانووەی کە هەواڵیان پێگەیشتوە لەو

ناوچانەدا چەکمان شاردووەتەوە، بەڵام هیچیان دەست نەکەوت‌و هەروا بەدەستی خاڵی گەڕانەوە، دوای ئەوەش بەچەند ڕۆژێک هاوڕێ ئەنوەر نەجمەدین ئەندامی پاڵێوراوی لیژنەی مەحەلی‌و سکرتێری قەرەداغیان دەستگیرکردو لەئیستیخباراتی عەسکەری سلێمانی ئەشکەنجەیەکی زۆریاندا، لەسەر ئەوەی گوایە ئەو چەکی شاردووەتەوە، پاش ماوەیەکی زۆر ئەوجا ئازادکرا.

٢. دوای ئازادکردنی ئەنوەر دەستبەجێ هاوڕێ حەمەرەشید قەرەداغی کە لێپرسراوی پێشمەرگەی قەرەداغ بوو دەستگیرکراو ئەویش لەئیستیخباراتی عەسکەری ئەشکەنجەیەکی زۆر درا هەر بەو بیانووە، پاش بەینێک ئینجا ئازادکرا.

٣. هەر پاش ئازادکردنی هاوڕێ حەمەرەشید، شەهیدی نەمر تۆفیقی حاجی لێپرسراوی پێشمەرگەی حیزبمان لەهەڵەبجە دەستگیرکراو زۆر زیاتر لەهاوڕێیان تر ئەشکەنجەدراو زۆر لەزیندانا مایەوە، پاش هەوڵێکی زۆر ئینجا بەپەرێشانی ئازادکرا.
لەگەڵ ئەم هەموو زەبروزەنگانەداو لەگەڵ ئەوەشدا کە سەرکردایەتی حیزبمان زۆر بەجددی‌و ئامانەتەوە ویستی هەموو چەکەکان بداتەوە بەبەعس، وێڕای ئەوە لەسلیمانی‌و جێگاکانی تریشدا توانیمان گەلێک پارچەچەک‌و تەقەمەنی بۆ حیزب گلبدەینەوەو لەسەرەتای هێرشەکانی بەعسدا بۆ سەر هاوڕێیان، کاتێک کە روو کرایە شاخ‌و دەست درایە چەک، ئەو چەک‌و تەقەمەنییانە فریای هاوڕێیان کەوتن‌و شوێنی خۆیان گرت.

لەسەرەتای چەککردنی حیزبدا ئێمە لەمەقەڕی سلێمانی چەند پارچە چەکێکمان شاردەوە، تەنها منو مەلاعەلیو سەیدباقیو ئەحمەد حامید بەو کارە هەستاینو هیچ هاوڕێیەکی دیکە پێینەزانیو پاش ماوەیەک لەگەڵ هەندێک چەکو فیشەکو گوللەی تردا ناردمان بۆ قۆپی قەرەداغ.

هەروەها هاوڕێ ئەحمەد حامیدو مەلاعەلی توانییان، بەبیانووی ئەوەی چەندین پارچەچەک شکاونو لەکاتی شەڕەکاندا لەناوچوونو فەوتاونو هێزی بەرامبەر بردوویانە. نزیکەی ٤٠ پارچەچەکو تەقەمەنی گلبدەنەوەو لەبەعسی بشارنەوە.

# پڕکردنەوەی دام و دەزگا چۆڵکراوەکانی کوردستان

کاتێک کەپارتی کوردستانیان چۆڵکرد، زۆربەی هەرە زۆری دامودەزگاکان بەچۆڵی مانەوە، بەعسییەکان بۆ پڕکردنەوەیان، بەڵێنیاندا بەحیزب کە لەپڕکردنەوەیاندا حیزبیشمان بەشداربکەن.

پاش ماوەیەکی زۆر لەمەکتەبی لیژنەی هەرێمی کوردستانی حیزبمانەوە نامەیەکمان بەم جۆرە بۆ هات:

حیزبی بەعس لەرێگای بەرەوە ئاگاداریانکردین کە بەلیست ناوی هاوڕێیانیان بدەینێ بۆ دامەزراندنیان لەدامودەزگا چۆڵکراوەکانی کوردستاندا. هەروەها بڕیارە پارێزگای سلێمانی بەرێوەبەری پۆلیسی سلێمانیو قائیمقامو هەندێک بەرێوەبەری ناحییەشمان بدەنێ . لەبەرئەوە بەلیست ناوی ئەو هاوڕێو دۆستانە بدەن بەبرادەرانی بەعس لەلیژنەی بەرە لەسلێمانی هەروەها نووسیبوشیان کە دەستنیشانی یەکێکیش بکەین بۆ هەر فەرمانێک کە دەمانەوێت.

ئێمەش لەمەکتەبو لیژنەی محەلی سلێمانی ئەمەمان زۆر زۆر پێ خۆشو بەلاوە باش بوو، بەهەموو ئەقڵێکمانەوە بڕوامان بەگفتەکانی بەعس کرد. لیستێکی گەورەمان لەناوی هاوڕێو دۆستەکانمان پڕکردەوەو بۆ هەریەکێکیشیان جێگامان

دەستنیشانکرد. بۆ بەڕێوەبەری پۆلیسی شاری سلێمانی هاوڕێ ڕەئیس مستەفا عەبدوڵڵامان دەستنیشانکرد کە ئەفسەرێکی خانەنشین‌و ئەندامی پاڵێوراوی لیژنەی محەلی‌و کەسایەتییەکی زۆر خۆشەویستی خەڵکی شاری سلێمانی بوو، هەروەها بۆ قائیمقامی سلێمانی یان هەڵەبجە دۆستێکی زۆر خۆشەویست، شارەزاو خاوەن بڕوانامەمان دانا. کە خۆی لەبەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵدا پایەیەکی بەرزو بەنرخی هەبوو، ئەو بەڕێزەش مەحمود بەگ بوو.

من خۆم چوومە ماڵی هاوڕێ ڕەئیس مستەفاو هەواڵەکەم پێراگەیاندو گوتم: بڕیاری حیزبیشە کە تۆ ببیتە بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی. هاوڕێ مستەفاش خۆی گوتی: من سەربازی حیزبم، حیزب هەر شتێک داوابکات بێ مەرج جێبەجێی دەکەم. بەڵام دایکی ڕەحمەتی‌و کاک هادی برای کە ئامادەبوون لەو قسانەدا گوتیان: تکاتان لێدەکەین شتی وا مەکەن، بەعس گاڵتەتان پێدەکەن‌و دەستتان دەبڕن، خۆ ئەگەر شتێکیشتان بۆ بکەن بۆ ماوەیەکەو دوایی لێتان وەردەگرنەوە.

هەروەها کە پەیوەندیشمان بەکاک مەحمود بەگەوە کرد، ئەویش گوتی: هەرچەندە من بڕوام بەبەعس نییەو وەزیفەکەی خۆشم کەم نییەو خزمەتگوزاریشە، بەتایبەتی بۆ جوتیاران، بەڵام قسەو بڕیاری حیزب ناشکێنم.

ئێمە لەو کاتەدا قسەی کەسمان بەگوێدا نەدەچوو، تەنها بڕیارەکانی حیزبمان جێبەجێ دەکرد، لەبەرئەوە لیستێکی گەورەمان پڕکردەوەو بۆ هەر یەکێک وەزیفەیەکمان دەستنیشانکردو، دامان بەبەعس. ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانبووین کە هاوڕێیان‌و دۆستەکانمان دابمەزرێنن، کەچی هیچ شتێکمان لەو مەسەلەیە لەلایەن بەعسەوە پێنەگەیشت، برادەرانمان لەلیژنەی بەرە لەسلێمانی چەندین جار ئەو شتەیان باسکردبوو و داوای ئەنجامیان کردبوو، هەر دەستی دەستییان پێدەکردن، تا کاتێکمان زانی هەموو جێگا چۆڵکراوەکان لەبەعسی کوردو کەسانی سەربەخۆیان پڕکرانەوە، نەک هەر یەک دۆست‌و هاورشێی ئێمەی تیادا نەبوو بەڵکو زۆر هاوڕێ‌و دۆست کە ناویان لەو لیستەیەدا هەبوو، پلەی وەزیفەکانی خۆیان کەمکردەوەو رەوانەی خواروی عێراق‌و شارەکانی دیکەیان کردن.

ئەم کارە بێئابڕووانەشیان زیاترو زەقتر نیازو مەرامە گڵاوەکانی بەعسی رەگەز فاشیستی لەدژی حیزبمان دەرخست.

# هەڵوێستە ناپاکەکانی ڕژێمی بەعس

حیزبی بەعس کە پێش مۆرکردن و دوای مۆرکردنی بەرە شومەکە خۆیان وا نیشان دەداو وایان دەگوت، کە زۆر دیموکراتی و پێشکەوتنخوازن و دەیانەوێت وڵات بەرەو پێشکەوتن و سەرکەوتن و ئاسودەیی ببەن و شانبەشانی حیزبی شیوعی و هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکان عێراقێکی زۆر پێشکەوتوو دابمەزرێنن.

بەڵام کاتێک کە شۆڕشی کوردستان بڵاوەی لێکراو خۆیان بەسەرکەوتوو زانی، ئیتر کەوتنە فروفێڵ و بیانو دۆزینەوە لەدژی ڕێکخراوەکانی حیزبی شیوعی، بەنیازی لاوازکردن و وردە وردە لەناوبردنی.

لەپارێزگای سلێمانی و بەتایبەتی لەشاری سلێمانی گەلێک کاری نابەجێ و خراپەکاری و دوژمنکارییان بەرامبەر بەحیزبمان کرد، لێرەدا هەندێک لەو کارە ناجوامێرانەیان بۆ مێژوو تۆماردەکەم:

- لەکاتی بەرەو بەناو برایەتی و هاوکاریدا، ڕژێمی بەعسی فاشیست بەهەموو تواناو بەهەموو شێوەیەک کۆششیان دەکرد تاوەکو سیخوڕو ئەڵقەلەگوێ بنێرنە ناو حیزبەوەو هەندێک

هاوڕێی نەزان‌و پارە پەرست‌و دواکەوتووی ناو حیزب بکرن‌و بیانکەن بەسیخوڕ.

لەکاتی پێشمەرگایەتیدا سەرپەلیکمان هەبوو لەدەربەندیخان کاتێک کە شەڕ کۆتایی هات‌و چەک داندرا، ئەو سەرپەلە لەڕێکخراودا بوو بەئەندامی لیژنەی قاعیدی.

هەندێک جار شەهید جەوهەری سکرتێری لیژنەی دەربەندیخان ئەو کوڕەی وەک تەتەر بەکاردەهێناو بەریدی حیزبی پێدەنارد بۆ ئێمە لەسلێمانی‌و ئێمەش هەرچی هەبووایە بۆ ئەوان بە ئەودا رەوانەمان دەکردو دەماننارد.

جارێکیان کە هات بۆ لامان، ئێمە لەگەڵ هەندێک شتی دیکەدا چەند دانەیەک لەوەرەقەی شەرەفی ئەندامیمان بۆ ناردن بۆ هەندێک لەهاوڕێیانی ڕێکخراوەکانیان، سەروەختێک شەهید جەوهەر وەرەقەکان دەکاتەوەو تەماشایان دەکات دەبینێت وەرەقەیەکی تێدایە بەتایپ‌و بەعەرەبی نووسرابوو (مع تحيات حزب البعث الاشتراكي في السليمانيه) واتە لەگەڵ ڕێزو سڵاوی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی لەسلێمانی. ئەویش دەسبەجێ ئێمەی ئاگادارکرد، بەراستی سەرمان لەو کارە سوڕما، ئێمەو ئەوانیش ئەو کوڕەمان بەگیرهێناو وازمان لێتەهێنا تا دانی بەسیخوڕیی خۆیدا نا، دانی نا بەوەشدا کە هەموو جارێک لەپێشدا بەریدەکانی سلێمانی‌و دەربەندیخانی بردووە بۆ

بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانیو، ئەوانیش هەموویان کۆپی کردووەو ئینجا بەریدەکەیان داوەتەوە. هەروەها باسی ئەوەشی کرد کە مانگی چەندیان داوەتێ .

ئەو دەمە ئێمە هەردوو لامان وا بۆی دەچووین کە دوور نەبووە یەکێک لەبەڕێوەبەرایەتی ئەمن پیاوی باش بووەو بەدەستی ئەنقەست ئەو سیخوڕەی خۆیانی لەلای ئێمە ئاشکراکردووە..یان بەهۆی لوت بەرزییانەوە.. ئەو کارەیان کردووە.

• هەر لەو سەردەمەدا کە کۆتایی ساڵی ١٩٧٥بوو، لەحیزبەوە ئاگادارکراین کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئەمنەوە چاودێری خراوەتە سەر تەلەفونی مەقەڕەکانی حیزبو ماڵی زۆر لەهاوڕێیانی سەرکردایەتیو کادیرە ناسراوەکانمانو، ئێمەشیان ئاگادارکرد کە وریای خۆمانبین. خۆشمان هەستمان بەوە دەکرد کە جیا لەو شتە چاودێریی مەقەڕیش دەکرێت.

ئێمەش بۆ ئەوەی لەو چاودێرییانە رزگارمان بێتو ئەوان سوودمان لێوەرنەگرن، ئەم کارانەمان ئەنجامدا:

١. لەمەقەرەکەماندا، جیا لەحەوشەکەی پێشەوە، حەوشەیەکی دیکەشی تێدابوو لەپشتەوەو لەو حەوشەیەشدا ژورێکی رووخاوی تێدابوو، ئەو ژوورەمان دروستکردەوەو کردمان بەژووری مەکتەبو لیژنەی محەلیو تەلەفونمان تێدا دانەنا،

هەرچی کۆبوونەوەو قسەی نهێنیو شتی دی هەبوو لەو ژوورەدا دەمانکردو ئەنجاممان دەدا.

٢. بەهاوڕێ نەناسراو و کەم ناسراوەکانمان گوت: زۆر زۆر پێویست نەبێت نەیەن بۆ مەقەڕ، بەتایبەتی ئافرەتەکان.

٣. هەندێک چاوپێکەوتنی گرنگمان لەمەقەڕدا نەدەکرد، بەڵکو لەماڵان دەمانکرد. هەروەها کاتێک کە هاوڕێ عومەر عەلی شێخ دەهات بۆ سلێمانی، نەدەهاتە مەقەڕ بەڵکو لەماڵان چاومان پێی دەکەوت، لەو کاتەدا ماڵی هاوڕێ نوری عوسمانمان زۆر بەکاردەهێنا چونکە بەراستی ماڵێکی زۆر باشو خزمەتگوزار بوون، ماڵەکەشیان لەجێگایەکی زۆر باشدا بوو و بۆ ئەو چاوپێکەوتنانە زۆر باش بوو.

٤. لەهەیئەی بەرە لەسلێمانی زۆرجار داوایان لێدەکردین کە بۆچی لەمەقەڕ وێنەی سەرۆک کۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر هەڵنەواسن، لەو بارەیەوە گوشارێکی زۆریان خستە سەرمانو، دیسان لەلایەنی حیزبیشەوە ئاگادارکراین کە وێنەی بەکر هەڵبواسین، ئێمەش وێنەیەکی بەکر کە لەگەڵ هاوڕێ عەزیز محەمەددا رۆژی بڵاوکردنەوەی بەرە گرتبویان، تەنها ئەوەمان لەژوورێکدا هەڵواسی.

٥. سەندیکای مامۆستایان بڕیاریاندا کە هەڵبژاردن بکرێت بۆ هەڵبژاردنی هەیئەی یانەی سەندیکا، کە ئیشەکەیان تەنها

مەشروب فرۆشتن‌و هەندیک شتی تری لەو بابەتە بوو، ئێمەش داوامان لەبەعس کرد کە بەهاوکاری ئەو هەیئەتە هەڵبژێردرێت، ئەوانیش لوتبەرزانە گوتیان: با هەر لایەنێک لیستی تایبەتی خۆی هەبێت. ئێمەش لیستی خۆمان دابەزاند، رۆژی هەڵبژاردن رێژەی دەنگدەران زۆر زۆر بوو و بەشی هەرە زۆریشیان دەنگیان بۆ نوێنەرەکانی حیزبماندا. کاتێک کە بەعسییەکان بۆیان دەرکەوت دەرناچن لەئێوارەدا بەبێ هۆو بێ ئەوەی رای ئێمە وەربگرن، ملهورانە بەتەنها هەڵبژاردنەکەیان راگرت‌و گوتیان: بۆ کاتێکی تر. ئیتر هەر ئەوە بوو، لەپاشدا خۆیان تاقمێکیان دانا.

ئێمەش لەناوخۆماندا گوتمان: ئەوان بۆ هەیئەتێکی ئەوها بەو جۆرە رەفتار دەکەن ئاخۆ بۆ نەقابەکە چی بکەن؟!

٦- بەسەرکردایەتی‌و ئامۆژگاری قوتابیانی پارتی‌و هێزە کوردستانییەکانی تر لەزانکۆی سلێمانی، دەستکرا بەخۆپیشاندان لەدژی ئەو بڕیارە چەوتەی رژێمی بەعس بۆ لابردنی زمانی کوردی لەزانکۆو جێگاکانی دیکەی خوێندن.

لەسەر داواو پێشنیاری هەندیک لەهاورێیانی قوتابیانی سەر بەحیزبمان، مەکتەبی لیژنەی هەرێم‌و مەکتەبی لیژنەی مەحەلی سلێمانی بڕیاریدا کە قوتابیانی حیزبیشمان بەشداری ئەو خۆپیشاندانانە بکەن.

لیژنەی حیزبی قوتابیان‌و، لیژنەی یەکێتی گشتی قوتابیان لێبوردووانەو بەدڵ‌و بەگیان ئەو بڕیارەیان پەسەندکردو ڕێگاو شوێنی باشیان دانا بۆ هاوبەشیکردن‌و دەرخستنی ڕۆڵی حیزب لەو تێکۆشانەداو ئاشکراکردنی دروشمەکانی حیزب نەک هەر لەزانکۆ بەڵکو لەزۆر لەپەیمانگاو زۆرێک لەدواناوەندییەکانی کوڕان‌و کچانیشدا خۆپیشاندان دەستپێکرا. لەبەرئەوەی لەهەندێک لەدواناوەندییەکانی کچاندا لایەنگرو ڕێکخراوی بەهێزو فراوانمان هەبوو، ڕۆڵی شیوعییەکان دیارو ئاشکرابوو.

بەڕێوەبەرایەتی ئەمن هێرشی درندانەی بردە سەر خۆپیشاندەرەکانی ناوەندی خانزادی کچان‌و هەندێک قوتابیشی لێ دەستگیرکردن کە هاوڕێیانی خۆشمانی تێدابوو، ئەگەر دڵسۆزیی ماڵەکانی ئەو گەڕەکە نەبووایە کە نزیکی خۆپیشاندانەکە بوو کچە قوتابییەکی زۆرتر دەستگیردەکران. ئەو ماڵانە کچەکانیان دەشاردەوەو نەیاندەهێشت دەست ئەمن‌و پۆلیسەکان بکەون.

بۆ بەعس‌و جەماوەریش ڕۆڵی شیوعییەکان دەرکەوت لەو تێکۆشانەدا. بەعسییەکان زۆر نارەحەت بوون‌و دەستیانکرد بەهەڕەشە. لەو کاتەدا هاوڕێ مام قادر نوێنەری حیزبمان بوو لەبەرەدا، نوێنەری بەعس بەشێوەیەکی زۆر ناشیرین‌و ملهوڕانە قسەی لەگەڵ هاوڕێ مامدا کرد بەتەلەفون‌و پێی گوت: باش

دەزانین لەزانکۆو قوتابخانەکاندا چی دەکەن، دەبێت کاریکتان پێبکەین کە هەرگیز شتی واتان بەخۆتانەوە نەبینیبێت.

هەروەها لەهەیئەی بەرەش لەبەغدا باسی سلێمانییان کردبوو. ئەم هەموو کردەوە ناپاکانەی بەعس بەرامبەر بەحیزبو ڕێکخراوەکانمان شتێکی شاراوە نەبوو، هەموو شیوعییەکانو دۆستەکانیشمان هەستیان پێکردبوو، هەربۆیە بوو بووە بەلبەلەی فیکری نارەزایی بەرامبەر بەحیزبو سەرکردایەتییەکەی. زۆر هاوڕێ دلگران بوونو وازیان لەحیزب هێنا، لەوانە هاوڕێ حەمەسەعید حەسەنی شاعیرو ئەنوەر شێخ نەجمەدینو گەلێکی دیکەش.

ئەم کردەوانەی بەعس لەزۆر شارو شارۆچکەی تری کوردستانو عێراقیش دەکراو توندتریش. بەزەقیش دیاربوو کە بەعس نیازی زۆر خراپە بەرامبەر بەحیزبو هەوڵی لەناوبردنی دەدات. کەچی هەندێک لەسەرکردەکانی ئەوسای حیزب هەر چاوەڕوانی ئەوە بوون کە بەعس باشبێت.!!

# خەریک بوو تاوانبارکرێم و سزابدرێم

ڕژێمی بەعسی ڕەگەزپەرست هەمیشە دژی گەلی کوردو مافە ڕەواکانی بووە. پاش ئەوەی ترسی شۆڕشی گەلی کوردیان نەما، پەلاماری زمانی کوردییاندا، بڕیاریاندا زمانی کوردی لەخوێندنی زانکۆی سلێمانی لاببەن. ئەم بڕیارە نامرۆڤانەیە لەلایەن بەعسییەکانەوە جەماوەری فراوانی هەموو قوتابیانی کوردی راپەڕاندو وروژاند، هێزە سیاسییەکانی کوردستان ژیرانە ئەم هەلەیان قۆستەوەو سەرکردایەتی ئەو خۆپیشاندانەیان گرتەئەستۆو دروشمەکانی خۆیان بەرزکردەوەو جەماوەری گەلەکەمانیشیان هۆشیارکردەوە کە حیزبی بەعس دوژمنی گەلی کوردە.

ئێمەش بەهۆی مەقەڕەکەمانەوە لەهاوڕێ قوتابییەکانمان نزیک بووینەوەو دەربارەی ئەو خۆپیشاندانەی زانکۆی سلێمانی قسەوباسمان زۆرکرد، هەستمان کرد کە ئەوانیش لەگەڵ ئەو تێکۆشانەی قوتابیانن... بەنیازبووین کە لەکۆبوونەوەی مەکتەبی محەلیدا (ملمس) ئەم مەسەلەیە باس بکرێتو مەکتەبی هەرێم ئاگاداربکەین لەو ڕووداوە زۆر گرنگە.

بەڵام کۆبوونەوەی مەکتەبی هەرێم زوتربوو لە (ملمس)و ڕۆیشتم بۆ هەولێر بۆ کۆبوونەوەی مەکتەبی هەرێم، لەو کۆبوونەوەیەدا ئەم هاوڕێیانە ئامادەبوون: عومەر عەلی شێخ،

باوکی سەرباز، باوکی حیکمەت، باوکی جۆزیف، بەهادین نوری، فاتیح رەسوڵو خۆم.

من باسی بڕیاری حکومەتم کرد بۆ لابردنی زمانی کوردی لەزانکۆی سلێمانیو خۆپیشاندانی قوتابیانو راوبۆچوونی خۆمو هەندێک لەهاوڕێیانی قوتابی. باسی ئەوەشم کرد کە دەتوانین جەماوەری قوتابیانمان راپەڕێنینو رۆڵی حیزب لەو خۆپیشاندانانەدا دیارو زەق بێتو زۆربەی قوتابیان بە بەشدارکردن لەو تێکۆشانە جەماوەرییەدا هانبدەین، هەروەها گوتم: بەبڕوای من ئەگەر ئەو کارە نەکەین زۆر لەجەماوەری قوتابیانو بەشەکانی تری جەماوەر دەدۆڕێنین. هەموو هاوڕێیان گفتوگۆیەکی زۆر قوڵیان لەسەر کرد، تەنها هاوڕێیەک (...) دژی ئەوەبوو کە ئێمە هاوبەشی خۆپیشاندانەکان بکەینو، دەیگوت: ئەگەر حیزبی بەعسی هاوپەیمانمان بەمە بزانێت بۆ بەرەو هاوپەیمانییەکەمان خراپەو ئەو بەرەیە دەدۆڕێنین. هاوڕێ عومەر کە سکرتێری هەرێم بوو، وەڵامی دایەوەو گوتی: ئەگەر بەشداری لەو تێکۆشانەدا نەکەین جەماوەر دەدۆڕێنینو، کە جەماوەرەکەشمان دۆڕاند بێگومان بەرەش دەدۆڕێنین.

پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بەزۆربەی دەنگ بڕیاردرا کە بەم مەرجەی خوارەوە هاوبەشی بکەین: مەرجەکەش ئەوەیە کە دروشمەکانی حیزب دیاربێتو دروشمی زیادەرۆیی زاڵنەبێت بەسەر برادەرانی ئێمەشدا، بەکورتی، وا نەبێت کە ئەو هێزانەی بەتەواوی دژی بەعسن زاڵبن بەسەر خۆپیشاندانەکانداو

مەبەستی راستەقینەی خۆپیشاندانەکە تەنها زمانی کوردییە، نابێت بگۆڕدرێت بەشتی دیکەو داوای روخاندنی بەعس‌و شتی لەو جۆرە بکرێت.

منیش دوای ئەم بڕیارەی مەکتەبی هەرێم زۆر بەخۆشییەوە گەڕامەوە بۆ سلێمانی، پێش کۆبوونەوەی ملمس یەک یەک قسەم لەگەڵ هەموو ئەندامانی ملمسدا کرد، هەموویان رایان باش بوو تەنها کەسێک گوتی: لەوە دەترسم پارتی زاڵبێت بەسەر ئەو تێکۆشانەداو دروشمی دژی بەعس بەزەقی بەرزبکەنەوەو بەعس لێمان نارازی بێت.

کە ملمس کۆبووینەوە بەئاسانی پەسەندی بڕیاری مەکتەبی هەرێمیان کردو نەخشەمان دانا بۆ سەرکەوتنمان لەو خۆپیشاندانەدا. لەدوای کۆبوونەوەکەش خۆمان چووین بۆ سەرپەرشتی لیژنەی حیزبی قوتابیان‌و لیژنەی سەرەکی یەکێتی گشتی قوتابیان‌و چەند لیژنەیەکی تری قوتابیان، لەوانەش چەند لیژنەیەکی قوتابیانی کچان.

وەک پێشتر باسی ئەو خۆپیشاندانانەم کرد گەلێک خۆپیشاندان کراو رۆڵی حیزب دیاربوو، جەماوەری قوتابیان رازیبوون لەهەڵوێستی حیزب‌و گەلێک قوتابی دیکە هاتنە ریزەکانمانەوە. خۆشم لەخۆپیشاندانێکی زانکۆدا بەشداریم کرد بۆ ئەوەی بزانم رۆڵی برادەران چۆنەو دروشمەکانی حیزبمان چۆن دەردەکەوێت. هەروەها نزیکو دووریش لەخۆپیشاندانی

قوتابیانی کچان ئاگاداربووم‌و لەدوورەو بەشداریم تیادا کرد، بە تایبەتی ناوەندی خانزادی کچان و ئەعدادی سلێمانی کچان.

پاش ماوەیەک لەم خۆپیشاندانانە کۆبوونەوەی لیژنەی هەرێمی کوردستان کرا، هاوڕێیانی سلێمانیش ئەوانەی ئەندامی هەرێم بوون هەموویان ئامادەبوون. دوو هاوڕێی سکرتاریەتی کۆمیتەی ناوەندیش ئامادەبوون‌و بۆ سەرپەرشتی هاتبوون.

یەکێک لەخاڵانی باسی کۆبوونەوەکەمان خۆپیشاندانی قوتابیانی سلێمانی‌و لێپرسینەوەی نایب بوو. من سەرم سوڕما کە هاوڕێ (...) ئەو خاڵەی داواکرد بنووسرێت کە گەیشتە سەر لێپرسینەوەکەی من هاوڕێ (...) بەدورودرێژی باسی ئەوەی کرد کە نایب سەربەخۆ بڕیاریداوە قوتابیانی سەر بەحیزب شانبەشانی پارتی خۆپیشاندان بکەن لەدژی حکومەتی بەعس، کە خۆشمان هاوپەیمانی بەعسین‌و لەحکومەتیشدا بەشدارین‌و هتد..

پاش قسەکانی داوای کرد کە من سزابدرێم لەسەر ئەو کارە خراپەم. منیش داوام کرد قسەبکەم باوکی حیکمەت گوتی: با من پێش تۆ قسەبکەم چونکە مەسەلەکە تۆ نییە بەڵکو مەکتەبی هەرێمە...باوکی حیکمەت گوتی: ئێمە بڕیارماندا هاوبەشی خۆپیشاندان بکەین نەک نایب... ئەگەر خەتایەکیش لەمەدا هەبێت ئێمە کردومانە... ئینجا بەدوورودرێژی باسی ئەوەی کرد کە ئەو ئیشەی لەسلێمانی کراوە زۆر ڕاست‌و سەرکەوتوو بووە.

# فراوانبوون و بەهێزبوونی ڕێکخراوەکانی حیزب لە پارێزگای سلێمانی دا

لەپاش ئەوەی مەقەڕی حیزبمان لەهەموو قەزاکانیشدا کردەوەو بەئاشکرا کەوتینە تێکۆشانو بەپێی بەرنامە ئیشوکارمان دەکرد. ڕێکخراوەکانمان زۆر فراوانبوونو زۆر کەس ڕوویان تێکردینو دۆستێکی زۆر لەدەوری حیزب کۆبووتەوە.

لەدوایشدا کە چەمچەماڵ خرایە سەر پارێزگای سلێمانی، ڕێکخراوی ئەویش بەئێمەوە بەسترا، بەوەش زیاتر فراوانبووین.

ئەو کاتە، واتە لە ١٩٧٤ و١٩٧٥ بەدواشەوە، ژمارەی ئەندامانو پاڵێوراوانی لیژنەی مەحەلی گەیشتە ٢٥ کەس، لە ڕاستیدا پێشتر ڕێکخراوەکەمان بەو جۆرە فراوان نەبوو، ئەم بیستوپێنج کەسە چوار ئەندامیان ئافرەت بوون ئەوانیش ئەمانە بوون: پەخشان زەنگەنە، سنەوبەر، ئافتاو، نازەنین. کە لەمێژووی لیژنەی مەحەلی سلێمانیدا ئەوە یەکەمجار بوو کە ئافرەت بگاتە لیژنەی مەحەلی. ئەندامانی تری لیژنەی مەحەلی ئەمانە بوون: مام قادر(مەجید عەبدولڕەزاق)، ئەحمەد حامید، شیروان عەلی ئەمین، نوری عوسمان، کەمال محەمەد ئەمین، نەوڕۆز شاوەیس،مەحمودی فەقێ خدر، مام بارام(حەمە ڕەشید نانەوا)، موستەفا عەبدوڵا، دکتۆر تاهیر بابان، حەمە سویلە،

خوشکێکی عەرەب لە زانکۆ دەیخوێند، عارفی رانیە، ئەنوەر شێخ نەجمەدین، ئیسماعیل حاجی حەوێز و هەروەها چەند ئەندامێکی تر کە هەندێکیان شەهیدکران یان کۆچیان کرد، لەوانە: ئەحمەد مارف، فارس ڕەحیم(دکتۆر فارس)، عارف حاج فەرەج، عەلی کلاشینکۆف، نەسرەدین عابد هەورامی و رەوفی حاجی محەمەد(جەوهەر) هیدایەت.

کەئەنجومەنی یاسادانان دامەزرا، ئەم هاوڕێیانە بوون بە ئەندامی ئەو ئەنجوومەنە و لای ئێمە نەمان و چوون بۆ هەولێر: مەحمود فەقێ خدرو دکتۆر تاهیر بابان، هەروەها ئەحمەد حامید و شیروان عەلی ئەمین کران بە وەزیر و چوون بۆ هەولێر.

هەروەها هەر لەو یەکدووساڵەدا بە ڕاپۆرتی من و ڕەزامەندی لیژنەی هەرێمو رەزامەندی کۆمیتەی ناوەندی حیزب ئەم هاوڕێیانە پێشخران بۆ لیژنەی هەرێمی کوردستان: پەخشان زەنگەنە، ئەحمەد حامید، شیروان عەلی ئەمین، مەلا عەلی، سەید تۆفیق. بەم پێیەش ئەندامانی هەرێم کە لەسلێمانی کاریان دەکرد بوون بەئەندامی مەکتەبی محەلی (ملمس).

بەهۆی ئەوەی ئەم هاوڕێیانە (ملمس) بوونو ئەو ژمارەیە ئافرەت بوونو ئەندامو پاڵێوراوەکانی محەلی کەسانی شارەزاو لێهاتوو بوون، هەیئەتەکەمان زۆر بەهێزو شارەزابوو، بۆیە چەند جار لەپێشبڕکێی بەرنامەی (٦) مانگی هەرێمدا لیژنەی محەلی سلێمانی بەیەکەم دەردەچوو و خەڵاتی حیزبیشی پێدەدرا.

هەروەها لیژنەکانی خوار لیژنەی محەلی لەناو شاردا وەک: لیژنەی کریکاران، قوتابیان‌و ئافرەتان‌و ناوشار، هەموویان کەسانی بەتواناو لیهاتووبوون. بەتایبەتی لیژنەی ئافرەتان زۆر بەهیزو خەباتگیربوون، جەماوەریکی زۆریشیان وەک دۆست لەگەڵدابوو.

هەروەها لیژنەکانی قەزای هەڵەبجەو دەربەندیخان زۆر فراوان‌و بەهیزبوون، بەتەمابووین لیژنەی محەلی بۆ دەربەندیخان دابنریت‌و قەرەداغی بخریتەسەر، هەروەها لیژنەی‌محەلی بۆ هەڵەبجە دابنریت‌و پینجوینی بخریتەسەر بەلام بەداخەوە ریک نەکەوتن.

جا بەعسییەکان لەخۆپیشاندانەکانی ناو شاری سلیمانی‌و هەموو قەزاکانداو لەزانکۆی سلیمانی‌و پەیمانگاکاندا بۆیان دەرکەوتبوو کە ریکخراوەکانی حیزبمان لەهەموو پاریزگادا بەرەو پیشکەوتن‌و فراوانبوون رۆیشتووەو دەروات، زۆریان بەلاوە گران بوو و، ئەم بیزاری‌و نارازیبوونەیان نەدەشاردەوەو زۆر جار کە خۆپیشاندان دەکراو هیزی حیزب دەردەکەوت، بەئاشکرا دەیانگوت: ریگا نادەین حیزبی شیوعی ئەوەندە بەهیزبیت.

بەعسییەکان ئەگەر راستگۆو پاک بوونایە دەبوو پییان خۆشبووایە حیزبە هاوپەیمانەکەیان بەو جۆرە پەرەیان سەندووەو بەرفراوان دەبیت.

# سەردانێک بۆ بولگاریا

لەهاوینی ۱۹۷۵دا لەسەرکردایەتی حیزبەوە ئاگادارکرام کە خۆم ئامادەبکەم بۆ ئەوەی لەگەڵ شاندێکی حیزبدا برۆم بۆ بولگاریا بۆ پشوودان‌و شارەزایی پەیداکردن لەژیان‌و شێوەی کارکردن‌و سیستەمی ئەو وڵاتەدا. ژمارەی شاندەکەمان ۱۰کەس دەبوو. سەرۆکەکەشمان هاوڕێ سەلیم ئیسماعیل ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو و منیش جێگری بووم، هەریەکەمان خەڵکی شارێک بووین. هەر من لەکوردستانەوە هاتبووم. هەر کە گەیشتینە فڕۆکەخانەی سۆفیای پایتەخت، لێپرسراوێکی حیزبی‌و وەرگێڕێک بەئۆتۆمبێلێکی گەورەوە چاوەڕوانیان دەکردین. هەتا گەڕانەوەمان هەر یاوەرمان بوون. لەپێشدا لەسۆفیاو هەندێک شارو شارۆچکەو لادێدا سەردانی هەندێک کارگەو کێڵگەو قوتابخانەو نەخۆشخانەو شوێنی دیکەمان کردو لێپرسراوانی ئەو شوێن‌و جێگایانە بەدوورودرێژی باسی ژیان‌و کارکردن‌و گەلێک شتی تری بەنرخیان بۆ کردین، هەروەها بردینیانینە سەردانی دوو ماڵ، ماڵی کرێکارێک‌و جوتیارێک. خاوەن ماڵەکان باسی شێوەی ژیان‌و گوزەرانی خۆیانیان بۆ کردین‌و میوانداریەکی باشیشیان کردین. لەپاشدا بردینیان بۆ هاوینەهەوارە بەناوبانگەکەی ڤارناو ماوەی دوو هەفتە لەو جێگا

خۆش‌و قەرەباڵغەدا مایەوە، لەو کاتەدا شاندی چەند حیزبێکی تری شیوعی گەیشتن، وەکو شاندی یەکێتی شورەوی، سوریا، چیللی، لوبنان. زۆرجار ئاهەنگی خۆشیان سازدەکردو هەموو شاندەکانیان پێکەوە دەبرد. شەوێک هەموومان براینە گازینۆیەکی گەورەی زۆر خۆش تیپی مۆسیقاو سەماشیان هێنابوو. بەرێکەوت شاندی شورەوی بەتەنیشت ئێمەوە بوون. کە١٠ ئافرەت‌و پیاوێک بوون، پیاوەکە لێپرسراویان بوو. پاش کەمێک مەی خواردنەوەو کاتێک کە سەرمان گەرم بوو، پیاوە رووسەکە هەستایە سەرپێ و بەدەنگی بەرز دەستیکرد بەقسەکردن (قسەکانی تەرجومە دەکران). یەکەم قسەی گوتی: هاورێ شیوعییەکانی عێراق لەگەڵ ئێوەمە. حیزبەکەی ئێوە دیارە دژی ئافرەتە. ئێمەش هەموو سەرمان سورما! هاورێ سەلیم وەڵامی دایەوەو گوتی: بۆ هیچ بووە.!؟ کابراش گوتی: ئێوە دە پیاوی سەرزل هاتوون یەک ئافرەتتان لەگەڵدا نییە... ئێمەش هەر هەموومان دامان قاقای پێکەنین، بەڵام ئەو دیسان گوتییەوە: قسەی خۆمان بێت حیزبەکەی خۆشمان دژی پیاوە چونکە دە ئافرەتی جوانیان ناردووەو هەر من بەناو پیاوم کە رەنگە پیاویش نەبم...ئیتر بوو بەپێکەنین‌و قسەوباسێکی خۆش تا نیوە شەو سەماو گۆرانی‌و مۆسیقا بەردەوام بوو.

لەپێشدا کە گەیشتینە سۆفیا پێش هەموو جێگایەکی تر بردینیان بۆ سەردانی جێ نزرگەی کەسایەتی شیوعی قارەمان‌و سەرکردەی بلیمەتی گەلی بولگاریا جیۆرجی دیمترۆف. لەهەموو جێیەک‌و لەزانکۆکان‌و گشت فێرگە باڵاکاندا باسی قارەمانێتی‌و لێهاتوویی دیمترۆف دەکرا. وەک خۆیان باسیان دەکرد بەرنامەی تایبەتی هەبوو بۆ باسی ئەو سەرکردە نەمرە، ئەویش وەک لینین لاشەکەیان مۆمیا کردو لەشوێنێکدا داندرابوو وەک نووستبێت ئەوها بوو.

لەراستیدا ئەو هاوینەهەوارو گەڕان‌و پیشوودانانەی بۆ لێپرسراوان‌و کادیرە پێشکەوتووەکانی حیزب دەکرا وەک هەموو حیزبە شیوعییەکانی تر..شتێکی بەکەڵک‌و بەنرخ‌و پێویست بوو، لەهەموو سەریکەوە سودبەخش بوون.

خۆ ئەگەر بەشێوەیەکی باش‌و بۆ هەمووان ڕێکوپێک بووایەو وەک هەندێکجار شتی خراپ‌و نادروست نەکرایە، سودی زۆر زیاتری هەبوو، هەندێکجار لەبەر خاتروخۆترو مەبەستی دیکە زۆر کەس دەنێردران کە مافی خۆیان نەبوو. یاخود هەندێک کەس مافی ئەوەیان هەبوو بنێردرێن بۆ پشوودان‌و خوێندن‌و چارەسەر بەڵام مەخابن نەیان دەناردن. چونکە هەندێک لێپرساوی ناتەواو کە کارێکی دەکەوتە دەست لەپشتی حیزبەوەو بەناوی حیزبەوە فڕوفێڵی زۆری دەکرد. کاتی خۆی من‌و زۆر کەسیتر ئەو کارە نابەجێیانە هەموویمان گەیاندە سەرکردایەتی حیزب.

# کۆنگرەی سێیەمی حیزب

ساڵی١٩٧٦ساڵی بەستنی کۆنگرەی حیزب بوو، ڕێکخراوەکانی حیزب لەهەموو عێراقدا سەرقاڵی ئەو کۆنگرەیە بوون، ئێمەش لەسلێمانی هەموو ڕاپۆرتەکانی حیزب کە ئامادەکرابوون بۆ کۆنگرە ناردمانن بۆ سەرجەم ڕێکخراوەکان‌و خۆشمان لەملمسەوە ئامادەی هەموو کۆبوونەوەکانی قەزاکان‌و لیژنەکانی خوار محەلی لەناو شار بووین‌و ڕاپۆرت‌و شتەکانمان بەقوڵی‌و تەواوی دیراسەکردو شیمانکردەوەو پێشنیاری باش پێشکەش کراو لێکۆڵینەوەی تەواومان کردو هەرچیمان هەبوو یەکمانخست‌و پێش کۆنگرە ناردمان بۆ سەرکردایەتی.

هەروەها لەهەموو لیژنەکانی پارێزگادا هەڵبژاردن کرا بۆ دەستنیشانکردنی نوێنەر بۆ کۆنفرانسی لیژنە سەرەکییەکان‌و لەپاشدا ئەوانیش نوێنەری خۆیان هەڵبژارد بۆ کۆنفرانسی پارێزگا بۆ ئەوەی لەوێدا نوێنەری پارێزگا هەڵبژێرین بۆ کۆنگرە.

لەدوایدا کۆنفرانسی پارێزگامان ئەنجامداو بەپێی ئەو ژمارەیەی لەحیزبەوە دانرابوو ١١ هاوڕێ هەڵبژێردران بۆ کۆنگرە کە سیانیان ئافرەت بوون‌و لەکۆنگرەکەدا ئامادەبوون.

کۆنگرەکە لەمەقەڕی حیزب لەبەغداو بەشێوەیەکی ئاشکرا بەسترا هەرچەندە حیزب، حیزبی بەعسیان ئاگادار نەکردبوو

بەڵام یەکەم ڕۆژی کۆنگرە بەعس لەڕۆژنامەکەیاندا پیرۆزبایی خۆیان بۆ ئەو کۆنگرەیە نووسی.

یەکەمجار بوو حیزبمان ئاوا بەئاشکراو بەو فراوانییە کۆنگرە ببەستێت لەبەرئەوە ڕووداوێکی گرنگو گەورەو بایەخداربوو.

لەکۆنگرەکەدا ئەوانەی دژی ڕێبازی حیزب بوون‌و دژی ئەو بەرەیە بوون لەگەڵ بەعسدا قسەی خۆیان کردو لێکۆڵینەوەو گفتوگۆ زۆر کرا، بەڵام لەگەڵ کەمێک ئاڵوگۆڕی ڕاپۆرتەکاندا هەر ڕێبازی کۆن بەزۆرینە سەرکەوت‌و پەسەندکرا.

کاتێک کە هەموو ڕاپۆرت‌و ئەو شتانەی ئامادەکرابوون‌و گفتوگۆیان لەسەرکرا کۆتایی هات‌و پەسەندکران‌و بەزۆربەی دەنگ بڕیاریان لەسەردرا. ئینجا دوایین شت هەڵبژاردنی ئەندامان‌و پاڵێوراوانمان بوو، سەرکردایەتی حیزب لیستی خۆی دابەزاند بۆ ئەوەی هەڵبژێرین بۆ کۆمیتەی ناوەندی‌و یەک دوو هاوڕێ جیا لەلیستی حیزب خۆیان ناونووس کرد بۆ ئەوەی بەپاڵێوراو هەڵبژێرین.

لەو کاتەدا چەند هاوڕێیەک لەوانە خوشکە خانم زوهدی‌و خوشکە زەکیە خەلیفە بەهاوڕێ عەزیز محەمەدیان گوت: بۆچی لەناوەکاندا ناوی نایب عەبدوڵڵای تێدا نییە؟ هاوڕێ عەزیزیش پێمی گوت: هەستە سەرپێ و تەماشای ئەو هاوڕێیانە بکە. کە هەستام تەماشای خوشکەکانم کرد هاوڕێ عەزیز پێی گوتن:

ئەوە ئەنوەر عەبدوڵلایە کە لەلیستەکەماندا بۆ ئەندامیتی کۆمیتەی ناوەندی داندراوە. ئیتر خوشکەکان ڕەزامەندیو پێخۆشحاڵی خۆیان دەربڕی. جێی باسە، لەبەر پاراستن لەلیستەکەدا منیان ناو نابوو ئەنوەر عەبدوڵلا. خوشکە خانم زوهدی لەکوردستانو عێراقدا ناسراوە کە تێکۆشەرێکی دێرینی حیزبەو خوشکە زەکیەش لەشیوعییە دێرینە بەناوبانگەکانی حیزبەو خەڵکی عەمارەیەو خوشکی شەهیدی نەمر حسێن خەلیفەیە.

لەئەنجامی دەنگداندا لیستی حیزب هەموویان دەرچوونو منیش بووم بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

ئەوەی بەلامەوە زۆر خۆش بوو ئەوە بوو هەندێک هاوڕێی عەرەب هەبوون کە لەپەنجاکاندا لەبەندیخانەکانی مەعەسکەر ڕەشیدو بەغداو بەسرەو ناسریەدا دیومنو ماوەیەک پێکەوەبووینو ئیتر تا ئەو کۆنگرەیە نەمدیبوونو نەشمدەزانی لەکوێن. زۆر خۆش بوو کە لەپاش بیست ساڵ چاوم پێیان کەوتەوەو ماوەیەکی زۆر پێکەوە دانیشتینو قسەمانکردو یادی ئەو ڕۆژانەمان کردەوەو منو ئەوانیش زۆر شادومانبووین کە هەموومان لەڕیزی حیزبدا ماوینو بەردەوامین لەتێکۆشان.

# سەردانێک بۆ ڕۆمانیا

لەهاوینی ساڵی١٩٧٦داو لەدوای کۆنگرەی سێیەمی حیزب، مەکتەبی سیاسی بڕیاریدا لەگەڵ شاندێکی باڵای حیزبدا بچم بۆ وڵاتی ڕۆمانیا بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ حیزبی شیوعی ڕۆمانیادا. سەرۆکی شاندەکەمان هاوڕێی نەمر سابت حەبیب ئەلعانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو و ئەوانی دیکەش هاوڕێیان: عەبدولسەلام ئەلناسری (ئەبو نەسیر) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو هاوڕێیەکی لیژنەی ناوچەی بەغدا بوو. لەو کاتەدا فڕۆکە ڕاستەوخۆ لەعێراقەوە نەدەچوو بۆ ڕۆمانیا لەبەرئەوە لەپێشدا چووینە شامو لەوێ لەسەر حیسابی حکومەتی ڕۆمانیاو لەمیوانخانەیەکی نزیک فڕۆکەخانە چوار ڕۆژ ماینەوە.

هاوڕێیان سابتو ئەبو نەسیر لەپاسپۆرتەکەیاندا نووسرابوو ڕۆژنامەنووس، جا لەبەرئەوەی ئەو کاتە حکومەتی سوریا بڕیاریدابوو کە هەر ڕۆژنامەنووسێکی عێراقی بچێتە ئەوێ لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکەن، لەفڕۆکەخانەی شام پێیانگوتین: دەبێت ئەو دوو کەسە بچنە وەزارەتی ناوخۆ. کە چووینە میوانخانەکە دەستبەجێ تەلەفوونمان بۆ هاوڕێیانی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی سوریا کرد، دەربارەی هاتنمانو

مەسەلەی هەردوو هاوڕێ کە دەبێت بچن بۆ وەزارەتی ناوخۆ قسەمان لەگەڵدا کردن.

بۆ رۆژی دواتر هەر چوارمان چووینە بەردەم دەروازەی وەزارەتو لەوێ هاوڕێ سابت پێی گوتم: ئێمە هەردوکمان دەچینە ژوورەوە ئێوە هەر لێرەبن، ئەگەر تا کاتژمێرێکی دیکە نەهاتینە دەرەوە دیارە یان دەستگیریان کردوین یان دەمانگێڕنەوە. هەروەها گوتی: ئەگەر نەهاتینەوە ئێوە سەفەری خۆتان بکەنو تۆ دەبیتە سەرۆکی شاندەکە. منیش هەرخێرا بۆ پێکەنین گوتم: هیوادارم. ئەویش وتی : قسەکەت بیرنەچێ. کە گەراینەوە بۆ بەغدا بۆ هاوڕێ عەزیزی باسدەکەم. ئیتر هەموو دایانە قاقای پێکەنین. هاوڕێیان پاش نیو کاتژمێر گەڕانەوە. تومەس هاوڕێیانی حیزبی شیوعی سوریا فریایان کەوتبون. هاوڕێ سابت هەر لەدوورەوە هاواری لێکردم: ئاواتەکەت نەهاتەدی..

ئەو چوار رۆژەی لەشام ماینەوە هاوڕێیانی سوریا میواندارییەکی باشیان کردینو زۆر جێگای خۆشو سەیرانگایان بردین. رۆژێکیش لەماڵی هاوڕێی نەمر خالید بەکداش میوان بووین. ماوەی شەش کاتژمێری تەواو لەوێ ماینەوەو زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی مەکتەبی سیاسیش ئامادەبوون. لەو دانیشتنەدا هاوڕێ یوسف فەیسەڵ کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی

بوو بەدورودرێژی باسی حیزبی خۆیان و بەرەکەیان و بارودۆخی وڵاتی کرد. هەروەها دەربارەی هەلومەرجی سیاسی وڵاتانی عەرەب و جیهانیش دوا. هاوڕێ سابتیش باسی کۆنگرەی سێیەم و بەرەکەمان لەگەڵ بەعس و بەهێزبوون و فراوانکردنی حیزبی کرد بەتایبەتی لەکوردستاندا. بیروڕاو بۆچوونەکانی هەردوو حیزبیش وەکویەک وابوون.

جێی باسەماڵی هاوڕێ بەکداش ماڵێکی کوردەواری بوو. گۆزەو دیزەی ئاو و کەوچکی چێشتخواردن لەدارو کڵاو و کڵاشی جوانی لەژوورێکدا دانابوو. هەروەها هاوڕێ بەکداش زۆر بەوردی هەواڵی بارودۆخی کوردستانی لەهەموو لایەنێکەوە دەپرسی. بڕیا بەو پێیەش ڕێبازی حیزبەکەیان لەمەڕ مەسەلەی کورد بایەخدارو تەواو بووایە.

پاش تەواوبوونی چوار ڕۆژەکە سەفەرمانکرد بۆ بوخارستی پایەختی ڕۆمانیا. لێپرسراوێکی حیزبی و موتەرجیمێک هاتن بەپیرمانەوەو تا گەڕانەوەمان هەر لەگەڵماندا بوون. لەو مانگەدا کە لەوێ بووین زۆر جێگای خۆش و سەر دەریاو هاوینەهەواری سەر شاخ و سەیرانگای دڵرفێنیان گەڕاندین. سەردانی کارگەی ئۆتۆمبیل، قوماش، هەویرو، هەندێک کێڵگەو قوتابخانەو نەخۆشخانەمان کرد. لێپرسراوانی ئەو شوێن و جێیانە زۆریان قسە بۆ دەکردین و میواندارییەکی زۆر باشیشیان کردین. دواتر

چووین بۆ بارەگای ئاشتیخوازان، سکرتێری جوڵانەوەی ئاشتیخوازان‌و سەرۆکایەتی جوڵانەوەکە هەموو پێشوازییان لێکردین‌و لەگەڵماندا دانیشتن. سەرۆکی جوڵانەوەکە ئافرەتێکی زۆر تەشمیل بوو لەکاتی قسەکردنندا وای باس کرد کە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لەخەڵکی رۆمانیا ئەندامن لەجوڵانەوەکەیانداو زۆریش شانازی بەوەوە دەکرد، منیش قسەکەیم پێ بڕی‌و گوتم: مەرج نییە ئەو هەموو خەڵکەی کە تۆ دەڵێیت ئەندامن هەر هەموویان لەبەرئەوە ئەندامبن کە ئاشتیخوازن. هەموو سەریان لەم قسەیەی من سوڕماو ئافرەتەکەش بەسەرسامییەکەوە گوتی: ئەی ئەگەر وا نییە لەبەر چییە؟ منیش بەپێکەنینێکەوە گوتم: لەبەر خاتری جوانییەکەی تۆیە، هەموویان دەستیانکرد بەپێکەنین‌و ئافرەتەکەش قسەکەی منی هێندەی دونیایەک پێ خۆش بوو و هەستایە سەرپێی‌و تەوقەی لەگەڵدا کردم‌و سوپاسی کردم‌و گوتی: بەقسەکەتدا وا دیارە کە حەزدەکەیت ببیت بەئەندامی جوڵانەوەکەمان، ئیتر بوو بەبەزم‌و توانج لێدان. هاوڕێ ئەبو تەسیر سەری نایە پەناگوێم‌و گوتی: ئێرەش عێراق نییە، هاوڕێ شاوسیسکۆ پێی بزانێت زیندانیت دەکات.

جاروباریش لەگەڵ شاندی حیزبە شیوعییەکاندا کە لەوێ بوون، وەکو شاندی حیزبی شیوعی ئیسرائیل، سوریا، میسر،

مەنگۆلیا، یۆنان،و، لوبناندا پێکەوە دەبراین بۆ گەڕان،و کۆدەبووینەوە. هەروەها جاروبار لەگەڵ لێپرسراوانی حیزب لەشارەکاندا کۆدەبووینەوەو گفتوگۆمان دەکرد. دواجاریش پێش گەڕانەوەمان بەدوو ڕۆژ لەگەڵ جێگری شاوسیسکۆ لەبارەگای کۆمیتەی ناوەندی کۆبووینەوەو کۆبوونەوەکەشمان ماوەی دوو کاتژمێر زیاتری خایاندو، هەمووی مشتومڕی توند بوو بێئەوەی بگەینە هیچ ئەنجامێک،و ڕێبکەوین. لەپاشدا لەسەر هیچ شتێک لەو بابەتانەی کە باسمانکرد بەبۆچوونی یەکتر قایل نەبووین. باس،وخواسە گرنگەکانیش ئەمانە بوون:

*پەیمانی ناتۆو وارشۆ. ئەوان دژی هەردوکیان بوون،و بەخراپیان دەزانی. دیارە ئێمەش لەگەڵ پەیمانی وارشۆدا بووین.

* ئێمە یەکێتی شورەویمان بەرابەرو پێشەنگی جوڵانەوەی کۆمۆنیزم دەزانی،و دادەنا، ئەوانیش بەوە قایل نەبوون.

* لەلایەنی سیستەمی ئابورییەوە. ئەوان لەگەڵ ئەوەدا بوون کەپەیوەندی ئابوری لەگەڵ دەوڵەتانی سۆشیال دیموکرات،و سەرمایەداریشدا هەبێت،و، ئێمەش لەدژی بوونی ئەو پەیوەندییە بووین.

هەروەها هەندێک شتی تری لاوەکیش هەبوون کە لەبارەیانەوە زۆر لەیەکدی دووربووین. هەربۆیە لەسەر هیچ شتێک ڕێکنەکەوتین،و هیچ شتێک دەربارەی چوونەکەمان،و پەیوەندی هەردو حیزب لەوێ بڵاونەکرایەوە.

لەپاش مانگێک لەرێگای یۆنانەوە گەڕاینەوە بەلام فرۆکەکەمان لەوێ لایداو ماوەی چوار کاتژمێر ماینەوە. باڵوێزی رۆمانیا لەیۆنان هات بۆ لامان‌و رەزامەندی کاربەدەستانی فرۆکەخانەی وەرگرت. ئەو ماوەیە بەئۆتۆمبیلەکەی خۆی گەلێک جێگای خۆش‌و بەناوبانگی ئەسینای پایتەختی گێڕاین‌و میوانداریەکی زۆر باشیشی کردین.

لەراستیدا لەگەڵ ئەوەی لەرووی سیاسی‌و فیکری‌و کۆمەڵێک لایەنی دیکەوە لەیەکدی دووربووین بەلام ئەوان لەو ماوەیەدا زۆر دڵسۆزانە خزمەت‌و میوانداریان کردین‌و لەدوایشدا بەوپەڕی رێزەوە بەرێیان کردین.

بەلام حیزبەکەیان زۆر دژی یەکێتی شورەوی بوو، لەقسەکانیاندا بەئاشکرا ئەوەیان دەردەبڕی‌و، ئەو موتەرجیمەی لەگەڵ ئێمەدا بوو زۆر ناکۆک بووین لەگەڵیدا چونکە قسەی بەشورەوی زۆر دەگوت‌و جارێکیان لەگوێ دەریایەک دانشیتبووین موتەرجیمەکە پێی گوتین: ئەو زەوی‌و مالانە دەبینن لەوبەری دەریاکەوە؟ گوتمان: بەڵێ . گوتی: ئەوە هەمووی خاک‌و زەوی ئێمەیە روسەکان داگیریان کردووە..

جارێکی دیکەش برادەرێکمان جگەرەی لێبڕاو، بەموتەرجیمەکەی گوت: جگەرەت پێیە؟ ئەویش گوتی: دوو جۆر جگەرەم پێیە: روسی‌و چینی، کامیانت دەوێت.؟ زوو زوو بەم قسانەی تورەی دەکردین.

# گیروگرفتی کادیری موحتەریف

کادیری موحتەریف، بەو تێکۆشەرانە دەوترێت کە دەست لەکاروکاسپی خۆیان هەڵدەگرن و هەموو کاتیان تەنها بۆ ئیشوکاری حیزب تەرخان دەکەن. بەکورتی: دەبنە موچەخۆری حیزب.

زۆربەی هەرە زۆری حیزبە شیوعی و چەپ و شۆڕشگێڕەکانی جیهان، بەتایبەتی ئەوانەیان کە لەسەر دەسەڵات نین کادیری موحتەریفیان هەیە.

حیزبی ئێمەش تا حەفتاکانی سەدەی رابوردو، بەتایبەتی تا ئەو کاتەی کە بەرەی لەگەڵ بەعسدا کردەوەو کەوتە تێکۆشانی ئاشکرا، بەرنامەو نەخشەی دیراسەکراو و رووتی نەبوو دەربارەی کادیری موحتەریف، بەتایبەتی شێوەو رێژەی یارمەتیدانی خۆیان و خێزانەکانیان، بەزۆری هەر شارەو جێگایەک بەپێی توانای خۆیان راوبۆچوون و بڕیاری رێکخراوەکەیان یارمەتی دەدرا بەکادیر، کە زۆر جار دەبووە گیروگرفت و نارازیبوون و بەزۆری کادیرەکان و خێزانەکانیشیان غەدریان لێدەکرا. هەشبوون لەناچاری لەناهەق بوو بوونە موحتەریف.

گیروگرفتو رووداو زۆره، من لێرەدا تەنها نموونەیەک لەسەر خۆم تۆماردەکەم بۆ ئەوەی دەرکەوێت کە کادیری موحتەریف لەو ساڵانەدا چەند غەدرلێکراوبوون.

منو دوو هاورێی مامۆستا لەناوەراستی شەستەکاندا ئەندامی مەکتەبی محەلی سلێمانی (ملمس) بووین، هەرسێکمان خێزاندار بووینو سەرو دوو منداڵمان هەبوو. ئەوان موچەکانیان کە لەحکومەتیان وەردەگرت یەکی هەشتا دیناری ئەو کاتە و زیاتربوو مووچەی ئێمە کە تەنها پانزدە دینارمان وەردەگرت لە کاتێکدا ئیشەکەی من شەو و رۆژی بۆ نەبوو و سەردانی قەزاکانم دەکردو هەر شتێک لەناو شاریشدا بوو بووایە بەزۆری من دەچووم چونکە کادیری موحتەریف بووم.

هەروەها ئاشکراشە کە من بەرگدرو (خەیات) بووم ئەگەر بەرگدرویتیم بکردایە لەمامۆستاییەکەم زیاتر دەست دەکەوت. ئەمە جیا لەقسەو توانجی هەندێک کەسانی ناشیوعی بێ ویژدان کە هەمیشە قسەیان دوای کادیرە موحتەریفەکان دەخستو دەیانگوت بەپارەی حیزب دەژینو پارەی حیزب هەر بۆ ئەوانە. بێگومان زۆربەی کادیرە موحتەریفەکان وەکو من وا بوون. بەڵام لەدوای ئەوەی بەرەمان لەگەڵ بەعسدا کردەوەو بەئاشکرا کەوتینە تێکۆشان، حیزب فراوان بوو باری ئابوری باش بوو پارەی کادیری موحتەریف زیادی کرد. بەڵام جیاوازی پلەی حیزبی هەبوو بۆ پارمەتییەکە، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لەئەندامانی هەرێمو ناوچەکان زیاتریان وەردەگرت، هەروەها ئەندامانی هەرێمو ناوچەکان لەئەندامی محەلییەکان زیاتریان وەردەگرت.

# بەسەرۆکایەتی شاندێک نێردرام بۆ ئەڵمانیای دیموکراتی

لەهاوینی ساڵی١٩٧٧دا بەسەرۆکایەتی شاندێکی حیزبی چووین بۆ ئەڵمانیای دیموکراتی، سێ هاورێکەی دیکەی شاندەکە خەڵکی بەغداو بەسرەو کەربەلا بوون. هەرسێکیان ئەندامی لیژنەی ناوچەی بەغداو باشورو فوراتی ناوەراست بوون‌و کەسانی رۆشنبیرو زاناو بەتوانا بوون. سەردانەکەمان بۆ پشوودان‌و پەیداکردنی شارەزایی بوو لەئەندازەی پێشکەوتن‌و گوزەرانی میللەتەکانیان‌و ئەزمونی تێکۆشانی حیزبەکانیان.

کاتێک کە چووینە فرۆکەخانەی بەغدا زانیمان‌و بینیمان کە چوار ئافرەتی بەعسی، ئەوانیش شاندن‌و هەر بۆ ئەڵمانیا دەرۆن، پێکەوە سواری فرۆکە بووین بەلام کە گەیشتینە بەرلین لێپرسراوێکی حیزبی‌و موتەرجیمێک هاتن بەپیرمانەوەو ئافرەتە بەعسییەکانیش لەلایەن لێپرسراوی ترەوە وەرگیران‌و بۆ لایەکی تریان بردن.

ماوەی چەند رۆژێک لەبەرلین ماینەوەو سەردانی زۆر جێگامان کرد، وەکو نەخۆشخانەو باخچەی منداڵان. دواتر بردینیانینە کارگەی ئۆتۆمبیل‌و هەویرو مەی‌و شەراب دروستکردن. لەو کارگەیەداو لەپاش قسەکردنێکی زۆر لەسەر دروستکردنی شەرابەکەو چەشنەکانی، یەک لەسەر یەک هەر

جاری پێکێک شەرابیان دەداینێ کە تامی هیچیان لەوی دیکەیان نەدەچوو. هەریەکەمان نۆ پێکی بچوکمان خواردەوەو هەموو سەرمان گەرم بوو، ئینجا لێیان پرسین: کام شەرابەیان لەهەموویان خۆشتربوو؟ من بۆ خۆم بیرم چووبووەوە کە تامەکانیشیان چۆن بووەو ئەوانی دیش هەر وەک من وا بوون. نەماندەزانی چی بڵێین؟ هەریەکەی قسەیەکمان کردو، من گوتم: بەراستی سەرم گەرم بووەو نازانم بەیانیش چیم خواردووە.. هەموو دایانە قاقای پێکەنین. ئیتر بەو نوکتەیە خۆم رزگارکرد.

هەروەها بردینیانینە ئەو زیندانە دڕندەیەی کە رۆژگاری هیتلەر، شیوعییەکانو تێکۆشەرانی دژی فاشیزمیان تێدا ئەشکەنجەدابوو. دیارە هەتیوەکانی هیتلەر، سەدامو تاقمە دڕندەکەی لەهیتلەری باوکیانەوە ئەو کارە فێربووبوون. هەروەها دوای بەرلین بۆ ئەم شارانەش براین: لایبزیک، رۆستۆک، دریزدەن، پۆتسدام، هەیئەی حیزبیو حکومی ئەو شارانە میواندارییەکی زۆر گەرمیان کردین، لەهەموو شارەکاندا شەوانەخوانێکی زۆر خۆشو جەنجاڵیان سازدەکرد بەمۆسیقاو گۆرانی خۆش گەرم دەکران.

شاری وا هەبوو، لەسەروەختی جەنگی دووەمی جیهاندا دیواری بەپێوە نەمابوو و جارێکی دی دروستکرابووەوە. هەروەها شارو شارۆچکەی وا هەبوون لەکاتی جەنگەکەدا

پیاویان تێدا نەمابوو یان ئێجگار کەمی تێدا مابوو. هەربۆیە حکومەت پەیتاپەیتا هەر دەستەیەک مامۆستاو دکتۆرو فەرمانبەر کە دەردەچوون لەپێشدا دەیناردن بۆ ئەو شارە بۆ ئەوەی پیاو هەبێت خێزان دروست بکەن‌و بێنەوە سەر بارودۆخی ئاسایی خۆیان.

لەپاش نزیکەی دوو هەفتە دواتر براین بۆ هاوینەهەواری (یەکێتی سەندیکاکانی کرێکارانی ئەڵمانیا) کە لەنزیک سنوری پۆڵۆنیاوە بوو بەداخەوە ناوەکەیم لەیاد نەماوە. جێگایەکی زۆر گەورەو خۆش بوو، لەسەر دەریا بوو. لەگەڵ گەیشتنی شاندەکەی ئێمەدا ئەم شاندانەش گەیشتن: حیزبی ئیشتراکی لوبنان، حیزبی شیوعی تورکیا کە چوار هاوڕێ بوون دوانیان تورک‌و یەکێکیان عەرەب‌و یەکێکیشیان کورد بوو. شاندی حیزبی شیوعی چیللی، حیزبی شیوعی یۆنان‌و حیزبی شیوعی ئوردونی. بەرۆژ دەچووینە سەر دەریاو بازاڕو هەندێک جێگای خۆش‌و هەموو شەوێکیش سەرجەم ئەندامانی شاندەکان لەشوێنێکی خۆش‌و گەورە پێکەوە کۆدەکراینەوەو چەند لێپرسراوێکی ئەڵمانیاش دەهاتنە لامان‌و دەبوو بەباسی سیاسەت‌و گفتوگۆو لەدوایشدا دەکرا بەئاهەنگ‌و گۆرانی‌و مۆسیقا لێدان.

بەراستی نزیکەی دوو هەفتەمان زۆر بەخۆشی بردەسەرو سودمان لەئەزمونی حیزبە شیوعییەکان وەرگرتو زانیاریمان دەربارەیان وەرگرت. ئەوانیش دیسان شارەزاییان لەبارودۆخی عێراقو کوردستان وەرگرتو لەنزیکەوە ئاشنای ئەزمونەکانی حیزبمان بوون.

دوای ئەو شوێنە گەڕاینەوە بۆ بەرلینو چەند رۆژێک لەوێ ماینەوە. لەوێش سەرداتی (فێرگەی حیزبی) مان کرد. لەو کاتەدا هاوڕێی نەمر نەسرەدین هەورامی لەو فێرگەیە دەیخوێند. لەفێرگەکە چاومان پێی کەوتو ئەویش، لەشوێنێکی خۆش کە مۆسیقاو گۆرانیشی تیادا لێدەدراو دەگوترا، هەرچوارمانی داوەتی نانخواردنی ئێوارە کرد. کە ئێوارە چووین بۆ داوەتەکە شوێنەکە شوێنێکی زۆر گەورەو دڵڕفێن بوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندە جەنجاڵ بوو هەموو کورسییەکان لەتەنیشت یەکترەوە داندرابوون. هەر کە دانیشتین بەکوردی گوتم: هاوڕێ نەسرەدین، ئا لەم جێگا گەورەو پڕەدا هەر منو تۆ کوردین. دەنگێک لەنزیکمانەوە گوتی: بەمنیشەوە سیان. ئاوڕم لێدایەوە کوڕێکی گەنجی لاوازی باڵا ناوەنجی بوو. هەر خێرا هاتە لامانەوەو دوای چاکوچۆنیو ئەحواڵ پرسین گوتم: چی دەکەیت لێرە؟ گوتی: کارمەندم لەبەغدا بەئیفاد نێردراوین بۆ بەرلینی خۆرئاوا. بەڵام لەولا زۆر گرانییە. هەروەها گوتی: ئێمە دوو

کەسین هەموو ڕۆژێک لەدوای دەوامی خۆمان بەئۆتۆمبیل دێین بۆ ئێرەو نانی نیوەڕۆو ئێوارەش لێرە دەخۆین. پارەکەی بەپارەی ئۆتۆمبیلەکەشەوە لەپارەی نانخواردنی ژەمێکی ئەڵمانیای خۆئاوا کەمترە..

ماوەیەکی زۆر لامان مایەوەو لەگەڵماندا دانیشت. بەداخەوە ناوەکەیم بیرنەماوە. بەڵام ئەوەم لەیادە گوتی: خەڵکی هەڵەبجەمو لەجافەکانی ئەویم. ئەو شەوە تا درەنگ لەو شوێنە خۆشە ماینەوە.

پێش گەڕانەوەمان بەماوەی دوو ڕۆژ هەموو شاندەکان لەگەڵ لێپرسراوانی حیزبیو حکومیدا کۆبوونەوەیەکمان کرد بۆ ئاڵوگۆڕی ڕاوبۆچوونەکانمان دەربارەی وڵاتەکەیانو ئەو سەفەرەمان. بێگومان هەموو ڕەزامەندی خۆمان بەرامبەر بەمیوانداریيە گەورەکەیان پیشاندا.

ئەوان لەچوار قسەیاندا یەکێکی ناوی شورەوییان دەهێنایو بەئاشکرا دەیانگوت: ئێمە قەرزارباری حکومەتو حیزبەکەی لینینی مەزنین. ئەگەر ئەوان نەبوونایەو نەبن ناتوانین بەم جۆرە بژینو پێشبکەوین.

بۆ ڕۆژی دواتر خۆمان ئامادەکرد بۆ گەڕانەوە بۆ بەغدا. کاتێک کە چووینە فرۆکەخانەی بەرلین چوار ئافرەتە بەعسییەکە لەوێ بوونو لەفرۆکەیەکدا گەڕاینەوە. لەراستیدا سەفەرێکی خۆشو پڕ سودو حەسانەوە بوو.

# بە سەرۆکایەتی شاندێکی گەورە نێردرامەوە بۆ یەکێتی شورەوی

لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٧دا پاش یەک دوو رۆژ لەگەڕانەوەم لەئەڵمانیای دیموکراتی، نامەیەکم لەسکرتاریەتی لیژنەی مەرکەزییەوە بەم جۆرە بۆ هات: بڕیارماندا کە ئەم ساڵ دەبیتە لێپرسراوی (گروپی حیزب بۆ دیراسە لەمۆسکۆ). هاوڕێیانی گروپەکە کە سی‌ویەک کەسن هەموویان رۆیشتوون‌و هاوڕێ ئەبو لینا جێگری تۆ دەبیت. ئێستا ئەو سەرپەرشتییان دەکات تا تۆ دەگەیتە لایان، لەبەرئەوە دەبیت لەنزیکترین کاتدا بڕۆیت بۆ مۆسکۆ.

پاش دوو رۆژ لەگەیشتنی ئەم نامەیە چووم بۆ هەولێر بۆ کۆبوونەوەی مەکتەبی هەرێم. بەهاوڕێ عومەر عەلی شێخم گوت: نامەیەکی لەو جۆرەم لەسکرتاریەتی حیزبەوە بۆ هاتووەو، من ئەوە بەڕاست نازانم کە لەم کاتەدا کە خەریکە لەگەڵ بەعسدا تێکدەچین‌و بارودۆخی حیزب خراپترو ئاڵۆزتر دەبێت، ئەوەندە سەفەری دەرەوەی وڵات بکەم.

ئەویش کە ئەو کاتە سکرتێری لیژنەی هەرێمی کوردستان بوو پێکەنی‌و گوتی: ئاخر هەر لەبەر ئەو شتانەی تۆ ئاماژەت بۆ کرد سەرکردایەتی حیزب بڕیاریداوە چەند هاوڕێیەک بنێرێتە دەرەوە بۆ ئەو کاتەی کە بەتەواوی لەگەڵ بەعسدا تێکدەچین بۆ

ئەوەی ئەوسا بگەڕێنەوەو کاری حیزبی نهێنی (کاری ژێر زەمینی) دەست پێ بکەن. ئیتر منیش هیچ قسەم نەماو لەپاش هەفتەیەک ئیشەکانی سلێمانیم جێبەجێکردو چووم بۆ بەغدا.

کاتێک کە من گەیشتمە بەغدا هاوڕێیان هەموو شتی سەفەرەکەیان جێبەجێکردبوو، تەنانەت بلیتی فڕۆکەکەشیان ئامادەکردبوو.

ئەو شەوەی کە بۆ بەیانییەکەی سەفەرم دەکرد هاوڕێ بەهادین نوری بردمییەوە بۆ ماڵی خۆیانو، خوشکە عایدە یاسینی هاوسەری خزمەتێکی زۆری کردین.

هەر ئەو شەوەش خوشکە خانم زوهدیو هاوسەرە نەمرەکەی دەلی مەریوش هاتنو هەموومان تا نیوەشەو بەقسەی خۆش بردمانەسەر.

ڕۆژی دواتر بەرەو مۆسکۆ کەوتمەڕێ و لەئێوارەدا گەیشتمەجێ و، دەسبەجێ بردیانم بۆ (فێرگەی حیزبی) جێگای خوێندنو ژیانمان. هاوڕێ ئەبو لینا زوو هات بۆ لامو ئەو نامەیەی کە لەسکرتارییەتەوە هێنابووم بۆی دامپێی. دەربارەی بارودۆخی دیراسەیان، هینی ئەو ماوەیەی کە من لەوێ نەبووم، قسەی کردو باسی یەکە یەکەی هاوڕێیانی کرد کە سیویەک هاوڕێ بوونو، پێنجیان ئافرەت بوون.

پاش دوو رۆژ کۆبوونەوەیەکم بەهەموو هاورێیان کرد بۆ یەکتری ناسین‌و باسی وڵات‌و بارودۆخی وڵات‌و هەلومەرجی حیزب‌و هتد..وەڵامی هەموو پرسیارەکانیانم دایەوە کە هەر هەمووی سەبارەت بە (بەرە شومەکەمان) بوو لەگەڵ بەعسداو نیازو بۆچوونی سەرکردایەتی حیزب. هەموویان نارازیبوون لەو بەرەیەو بڕوایان پێی نەمابوو و لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەیدا بوون.

هەرچەندە ساڵانی پێشووو ساڵی ١٩٦٩ سەروەختێک کە خۆشم چووم، بڕیاری حیزب نەبووە لەوێ لیژنەیەک پێکبێت بۆ سەرپەرشتی هاورێیان‌و ئیشوکارەکان، بەڵکو لێپرسراوی یەکەم هەموو شتێکی دەکرد..بەلام ئێمە هەر لەو کۆبوونەوەیەدا لیژنەیەکمان پێکهێنا کە لەم هاورێیانە پێکهاتبوون: خۆم، ئەبو لینا، هاورێی نەمر شێخ سەعید، فورات کە هاورێیەکی باقوبە بوو، لەگەڵ هاورێیەکی شاری حلە. سیانیان هەریەکەیان لێپرسراوی گروپە جیاجیاکان بوو، وەک گروپی دوو ساڵی‌و یەک ساڵی‌و شەش مانگی.

هەروەها پاش بەینێکی تر سێ هاورێی دیکە هاتن کە ئەمانە بوون: ئەحمەد دڵزاری شاعیر، ئەبو تەها، هاورێیەکی خەڵکی شاری کەربەلا. بەهۆی ئەزموونی جاری پێشوو کە ساڵی ١٩٦٩ بوو و، بەهۆی ئەوەی زۆربەی هاورێکان کەسایەتی زاناو پێشکەوتوو و باش بوون، هیچ گیروگرفتێکی گەورە رووی نەدا.

هەروەها لەبەرئەوەی جاری پێشوو دیراسەم تەواوکردبوو ئەم جارەیان تەنها شتێکم دیراسە دەکرد ئەویش کاری نهێنی (العمل السري) بوو.

لەبەرئەوە کاتم زۆر بوو بۆ سەرپەرشتی هاوڕێیانو لێپرسینەوە یان هەر شتێکی دیکەو. کاتیشم زۆر بوو بۆ خوێندنەوەو فێربوونی تایبەتی خۆمو زۆر جاریش سەردانی هاوڕێ ناسیاوەکانم دەکرد ئەوانەی لەزانکۆکانی مۆسکۆ دەیانخوێند.

لەبەرئەوەی کە گیروگرفتەکانیشمان لەفێرگە نەبوو وەکو گروپەکانی ترو وەکو ساڵانی پێشووی گروپەکەی خۆمان، بەڕێوەبەرانی فێرگەو هاوڕێیانی ئەوێ زۆر لێمان ڕازیبوونو ڕێزیان لێدەنان. لەوێ بەردەوام دەنگوباسی وڵاتو حیزبمان دەزانیو ئاگاداری ڕووداوەکانیش بووین.

کاتێک کە ڕژێمی بەعس تاوانە گەورەکەی لەدژی حیزب ئەنجامدا بەلەسێدارەدانی سی‌ویەک شیوعی بەبەهانەی ئەوەی گوایە لەناو سوپادا کاری حیزبییان کردووە. ئێمە بەهۆی گروپەکانی فێرگەکەوە بەردەوام ئەو دەنگوباسانەمان دەگەیاند بەنوێنەری هەموو حیزبە شیوعییەکانی زۆر لەوڵاتانی جیهان. زۆربەی گروپەکان بێزاری خۆیانیان دژ بەبەعس دەردەبڕی تەنها شیوعییەکانی لوبنان نەبێت،ئەوان نەک هەر بێزارییان

لەدژی بەعس دەرنەبڕی بەڵکو بەئاشکرا دەیانگوت: حیزبی بەعس خەتابار نییە..بەڵکو حیزبی شیوعی خەتابارە.

هەروەها هاوڕێیانی سەرکردایەتی حیزبیش جاروبار دەهاتنە مۆسکۆو سەردانی فێرگەکەیان دەکردو لەگەڵ گروپەکەماندا کۆدەبوونەوەو باسی وڵاتو حیزبیان بۆ دەکردین. جارێکیان دوو هاوڕێی سکرتارییەتی کۆمیتەی ناوەندی حیزب هاتن بۆ لامان بۆ سەرپەرشتی، یەکێکیان خوشکە نەزیهە دلیمی بوو. کۆبوونەوەیان بەهەمووان کردو لەکۆتایی کۆبوونەوەکەدا خوشکە نەزیهە پرسیو گوتی:

- کەس رەخنەو سەرنجێکی هەیە سەبارەت بەدیراسەو باری ئیشکردنتان؟

کەس قسەی نەکردو، ئەویش درێژەیدا بەقسەکانیو گوتی:

- وادیارە هاوڕێ نایب هەڕەشەی لێکردوون کە قسە نەکەن.

ئێمەش هەموو دامانە قاقای پێکەنین. دواتر هەر خۆی گوتی:

- گاڵتەم لەگەڵ کردنو بۆ خۆشی وام گوت، ئەگینا هەموو دەزانین کە بارودۆختان زۆر باشەو هاوڕێیانی فێرگە زۆر لێتان رازین.

ئێمەش زۆر خۆشحاڵبووین.

هەروەها دایکی ئیمان هاوسەری شەهیدی نەمر هاوڕێ سەلام عادل زوو زوو سەردانی دەکردینو یارمەتی زۆری

دەدایین بەتایبەتی سەروەختێک کە برادەرانمان لەنەخۆشخانە دەکەوتن‌و پێویستییان بەموتەرجیم‌و کاروباری تر دەبوو. هەروەها هەموو ساڵێکیش لەیادی دامەزراندنی حیزبدا لەبەرواری ٣/٣١ لەماڵی خۆیاندا ئاهەنگێکی قەشەنگی دەگێڕاو هەموو هاوڕێیانی فێرگەو هاوڕێی دیکەش بانگهێشت دەکرد. لەزۆر لایەنی دیکەشەوە هەمیشە ئامادەبوو بۆ یارمەتیدانی حیزب‌و هاوڕێیان.

هەر لەسەرەتای ئەو ساڵەدا هاوڕێ عەزیز محەمەد سکرتێری ئەو کاتە لەمۆسکۆ لەنەخۆشخانە کەوتبوو کاتێک کە لەنەخۆشخانە دەرچوو پاش بەیێنێک ویستی بگەڕێتەوە بۆ وڵات بەڵام هاوڕێی نەمر زەکی خەیری نامەیەکی بۆ نارد کە جارێ نەگەڕێتەوەو لەنامەکەیدا نووسیبووی: بەعس نیازی زۆر خراپە. ئەو ماوەیەی کە هاوڕێ لەوێ مایەوە چەند جارێک سەردانی کردین‌و منیش دەچوومە لای، ڕۆژێکیان پێکەوە لەجێیەک پیاسەمان دەکرد بەدەم ڕێکردنەوە بەهاوڕێم گوت:

- ئا لەم کاتەدا کە بەلبەلەی فیکری‌و نارەزایی لەناو ریزەکانی حیزبدا زۆرە، ئەمەش بەهۆی ئەو بەرەیەمانەوە لەگەڵ بەعسدا، ئایا ترسی ئەوە لەئارادا نییە کە لەناو حیزبدا کەرتکاری رووبدات.؟ ئەویش لەوەڵامدا گوتی:

. هاوڕێ بەهادین نوری کە لەناو کۆمیتەی ناوەندیدا چەپڕەوە، کوڕی حیزبەو بڕواناکەم کاری لەو جۆرە بکات‌و، قڵان‌و فیساریش کە لەکۆمیتەی ناوەندیدا ڕاستڕەوون من لەتۆ دەپرسم کە ئایا ئێمە هیچمان هێشتووەتەوە تا ئەوان بەچەپڕەومان خەتابار بکەن؟ هەر خۆیشی وەڵامی پرسیارەکەی خۆی دایەوەو گوتی:

. ئێمە لەناوەکەی حیزب بەولاوە هیچی ترمان نەهێشتووەتەوە، هەموویمان بەبەعس بەخشی. ئیتر ئەگەر ئەو ڕاستڕەوانە بۆ گۆڕینی ناوی حیزب بەکاری کەرتکاری هەستن ئەوە پێی ناگوترێت کەرتکاری بەڵکو وازهێنانی یەکجارەکی لەشیوعییەتی پێدەگوترێت.

پێش گەڕانەوەم بۆ وڵات بەماوەی دوو هەفتە، ژمارەیەکی زۆر لەهاوڕێیانی خۆمان بەلێپرسراوێتی هاوڕێ فاتیح ڕەسوڵ هاتن بۆ ئەوێ . هاوڕێیان زۆربەیان مامۆستاو فەرمانبەر بوون، لەهاویندا بۆ ماوەی چل ڕۆژ هاتبوون بۆ بەشداری لەچەند موحازەرەیەک‌و هەندێک ئیشوکاری لەو جۆرە لەفێرگەکە. بەو هۆیەشەوە ژمارەمان زیادی کرد.

بەبۆنەی گەڕانەوەی ئێمەوە بۆ وڵات ئاهەنگێکی خۆشمان سازکرد بێجگە لەهاوڕێیانی خۆمان زۆر لەهاوڕێیانی گروپەکانی حیزبە شیوعییەکانی وڵاتانی عەرەبی وەکو: سوریا، ئوردون،

فەلەستین، لوبنان ئامادەی بوون. هەروەها ژمارەیەکی زۆر لەمامۆستایانی فێرگە ئامادەبوون. ئاهەنگەکەمان بریتی بوو لە وتار خوێندنەوەو گۆرانیو هەڵپەڕکێ .

نوێنەرانی سەرجەم گروپەکان قسەیان کردو باسیان لەئازایەتیو تێکۆشانی حیزبمان کردو خەباتەکەیان بەرز نرخاند، بەتایبەتی سورییەکان. منیش بەناوی گروپەکەی خۆمانو ئەو هاوڕێیانەوە کە دەگەڕێنەوە بۆ نیشتیمان وتارێکم خوێندەوەو راستەوخۆ تەرجەمەشەکرا بۆ سەر زمانی روسی. ئەمەی لای خوارەوە کورتەو ناوەڕۆکی قسەکانی ناو ئەو وتارەمە:

"بەبڕوایەکی زۆرو دڵێکی خۆشو کامەرانەوە دەگەڕێینەوە بۆ نیشتیمانە خۆشەویستەکەمانو ئامێزی حیزبە قارەمانەکەمان بۆ تێکۆشان لەریزی پێشەوەو لەدژی دیکتاتۆرییەتی بەعسی فاشیست. بەم بۆنە پیرۆزەوە پەیمانتان پێدەدەم کە ئەگەر ژیام بەشیوعییەتی دەژیمو ئەگەریش مردم بەشیوعییەتی بمرم". ئاهەنگەکەمان بەچەپڵەلێدانو هوتاف کێشان بەژیانو سەرکەوتنی حیزبەکەمان دوایی هاتو، بۆ رۆژی دواتر خۆمان ئامادەکرد بۆ گەڕانەوە بۆ وڵات. ئەم هۆنراوەیەم لەسەروەختی گەڕانەوەمدا بۆ وڵات نووسیوە:

# حیزبی شەهیدان

حیزبی کارگەران
حیزبی شەهیدان
حیزبەکەی قەهد
چرایە بۆمان

* *

حیزب کانیاوە
تیشکی هەتاوە
چەکی هیوایەو
بیلبیلەی چاوە

* *

حیزب شۆرشە
هەوڵو کۆششە
رابەری زاناو
کانگای هێرشە

* *

حیزب ئاڵایە
بیرو بڕوایە
بەرامبەر دوژمن
قەڵای پۆڵایە

* *

حیزب کاروانە
بەبێ وەستانە
بەرەو یەکسانی
پێشەوامانە

# گەڕانەوەم بۆ وڵات

لەهاوینی ساڵی ١٩٧٨دا ئێمە ئەم چوار کەسە: منو هاوڕێیەکی خەڵکی حلەو دوو خوشک، یەکێکیان هاوسەرەکەی هاوڕێ جەلال دەباغ بوو و ئەوی دیکەشیان خوشکێکی عەرەب بوو، ناوی زینەب بوو، پێکەوە گەڕاینەوە بۆ وڵات. سەروەختێک کە گەیشتین براکەی هاوڕێ عەبدولرەزاق سافی هات بەپیرمانەوەو بردینی بۆ ماڵێک. لەپاش نیو کاتژمێر هاوڕێ عومەر عەلی شێخ ئەندامی مەکتەبی سیاسیو سکرتێری لیژنەی هەرێمی کوردستان هات بۆ لامان. پاش هەندێک قسەوباسو گێڕانەوەی دەنگوباسی وڵاتو باری سیاسی..هاوڕێ پێی گوتم:

- بابڕۆین..

بەچەند شەقامو کۆڵانێکدا بەپێ بردمی بۆ ماڵێکی تر، هاوڕێ ئەبو عامل ئەندامی مەکتەبی سیاسیش لەوێ بوو. ماوەی دوو شەو و دوو ڕۆژ لایان مامەوە. بەدوورودرێژی باسی بارودۆخی وڵاتو حیزبیان بۆ کردم. ئینجا گوتیان:

- تۆ ناچیتەوە بۆ سلێمانی تا لەوێ بژیت، بەڵکو دەچیت بۆ هەولێر لەوێ سەرکردایەتی ڕێکخراوە نهێنییەکانی کوردستان دەکەیت کە هەندێکیان پێکهاتوونو ئەوانی تریشیان خەریکی دروستکردنین. هەروەها گوتیان:

- لەهەولێر لەرێگاوە بچۆرە ماڵی باوکی سەرباز، هاوڕێ ئەبوسەرباز ئەو ماڵەت پیشاندەدات کە بۆت ئامادەکراوە.

منیش زۆرم قسەکرد کە با لەرێگاوە بچمەوە بۆ سلێمانی بۆ ئەوەی چاوم بەهاوڕێیانی مەکتەبی محەلیو منداڵەکانی خۆیشم بکەویت. سەرەنجام قایلبوون بەوەی کە تەنها بۆ دوو رۆژ بچمەوە بۆ سلێمانی.

کاتێک کە چوومەوە بۆ سلێمانی پاش رۆژێک چاوم بەهاوڕێ مام قادر کەوت ئەو جێگری من بوو لەوێ و هەر کات من لەوێ نەبوومایە ئەو رۆڵی سکرتێری لیژنەی محەلی دەبینی.

کە یەکتریمان بینی لەهاوڕێم پرسی:

- رێکخراوە نهێنییەکان چۆنن‌و چەند کەسن.؟

لەوەڵامدا گوتی:

- هیچ..

منیش سەرم سوڕماو گوتم:

- هاوڕێ عومەر لەبەغدا پێی گوتم کە دەمێکە بەتۆی گوتووە دروستی بکەن.

ئەویش گوتی:

- بەهۆی کاروباری زۆرو خراپی بارودۆخەکەمانەوە نەمتوانیوە هیچ بکەم.

منیش بەناچاری لەماوەی حەوت رۆژدا چاوم بەپانزە هاوڕێی ئازاو دڵسۆزو کەمناسراوی پیاو و ئافرەت کەوت‌و سەبارەت شێوەی کاری نهێنی بەجیا جیا قسەم لەگەڵ

هەموویاندا کرد. دوای قسەوباسێکی زۆر هەرکامیان رەزامەندی پێشانبدایە پێم دەگوت:

- نامەیەک بۆ شانە یاخود ئەو لیژنەیەی کاری حیزبی تیادا دەکەیت بنووسەو بڵێ :

- توانای ئیشکردنم نەماوەو نامەوێ لە ڕیزی حیزبدا بمێنمەوە.

هەر هەموویان رازیبوون تەنها خوشکێک (خێزانی هاوڕێ عەلی ساڵح) کە شۆفێری حیزب بوو رازی نەبوو و گوتی:

- بەخوا من بشمکوژن نامەی وا بۆ حیزب نانووسم.

ئینجا لەگەڵ مەکتەبی لیژنەی محەلی سلێمانی (ملمس) کۆبوومەوەو باسی بارودۆخی ناو حیزبم کردو شارەزایی تەواوم دەربارەی رێکخراوەکان وەرگرت.

هەروەها چاوم بەشەهید عەلی کلاشینکۆف کەوت، ئەویش تازە لەئەڵمانیا هاتبووەوەو، ئەندامی محەلی بوو، ئاگادارم کرد کە ئیتر سەردانی بارەگای حیزب نەکاتو پەیوەندی بەخۆمەوە دەبێتو هەندێک لەو هاورێیانەم دایەدەست کە ئامادەم کردبوون بۆ کاری نهێنیو، ئەوەشم پێراگەیاند کە لەقەراغ شار خانوویەکی سەربەخۆ بەکرێ بگرێتو پێم گوت:

- رەنگە لەمەودوا برادەرێکیش لەگەڵتاندا بژی.

لەو کاتەدا هێرشی بەعس لەناو شارو قەزاکاندا پەیتاپەیتا دەستی پێ کردبوو، لەپێشدا شیوعییە فەرمانبەرە ناسراوەکانیان بانگ دەکرد بۆ بەرێوەبەرایەتی ئەمن بۆ ئەوەی بەرائەت

لەشیوعییەت بدەن تا من ئەو شتانەم کرد هەفتەیەکی پێ چوو، ئینجا چووم بۆ هەولێروو چوومە ماڵی هاوڕێ باوکی سەرباز. باوکی سەرباز هەر لەرێگاوە گوتی:

ـ ئەوە تۆ لەکوێی؟ هاوڕێ عومەر لەبەغداوە جوابم بۆ دەنێرێ و ئەڵێت: بۆ دیار نەبوو.؟

منیش گوتم:

ـ هەر خەریکی دروستکردنی رێکخراوی نهێنی بوو چونکە لەوێ تائێستا هیچ نەکرابوو. لای ئێوارەکەشی بردمی بۆ ئەو ماڵەی کە دەبوو گوزەرانی تیادا بکەم، واتە ماڵی هاوڕێ ئەحمەد شیخۆ. یەکەمین جارم بوو بچمە ئەو ماڵە. هاوڕێ خۆیو هاوسەرە تێکۆشەرو دڵسۆزو وریاکەی بەراستی رۆڵێکی زۆر باشیان هەبوو لەخزمەتی حیزبو هاوڕییاندا. ئەو خێزانە شیوعییە راستەقینەیە ئەرکێکی گرانو ئێجگار مەترسیداریان لەئەستۆدا بوو و زۆر بەچاکیو بێ پاداشت جێبەجێیان دەکرد.

لەهەولێر برادەرێکی مامۆستایان پێدام ئەندامی لیژنەی محەلی هەولێر بوو لەرێکخراوی حیزبی دەرهێنرابوو بۆ ئەوەی رێکخراوە نهێنییەکانی هەولێر سەرپەرشتی بکاتو، چەند هاوڕێیەکیشی لابوو. بەگوێرەی ئامۆژگاری حیزبی نەناوی خۆیم دەزانیو نە هیتی ئەو برادەرانەی کە لای ئەو بوون. هەفتەی دوو جار دەچوومە ماڵیان بۆ راپەراندنی کاروبارەکانو ئاڵوگۆڕی هەواڵو گەیاندنی ئەدەبیاتو ئامۆژگاری بەدەستی.

لەرێگای هاورێ باوکی ئاسۆسەوە هاورێ ئیسماعیل حاجی حەویزم وەرگرت. هاورێ ئیسماعیل خەڵکی رانیەو ئەندامی لیژنەی محەلی سلێمانی بوو. ماوەیەکی زۆر پێکەوە کارمان دەکرد لەسلێمانی، هاوسەرەکەشی لەخێزانێکی شیوعی ناسراوی رانیە بوو، خوشکێکی هاورێ ئیسماعیلیش کە لەهەولێر دەیخوێند لەگەڵ ئەواندا بوو. ئەو هاورێیەم زیاتر لەبەرماڵەکەی وەرگرت کە لەکاتی پێویستدا بەکاریان بهێنم. لەهەولێریش زۆر لەناو رێکخراوی حیزبیدا کاری نەکردبوو هەربۆیە لەلایەن دوژمنەوە ناسراو نەبوو و چاودێری لەسەر نەبوو. خێزانێکی بەجەرگو شارەزای کاری نهێنی بوون.

هەفتەی جارێکیش سەردانی سلێمانیم دەکردو، چاوم بەبرادەرە نهێنییەکان دەکەوتو برادەران‌و خوشکانی دیکەم دەهێنایە لای ئەمان‌و لەرێکخراوە کۆنەکانمان دادەبڕی. هەروەها لەگەڵ (ملمس) یشدا کۆدەبوومەوەو ئەوەی پێویست بووایە لەئیشوکار دەمانکردو دەگەڕامەوە بۆ هەولێر. مەکتەبی هەرێمی کوردستانیش هەفتەی جارێک کۆدەبووەوەو، هاورێ عومەریش لەبەغداوە دەهاتەوە بۆ سەرپەرشتی کۆبوونەوەکان. لەیەکێک لەکۆبوونەوەکانی مەکتەبی هەرێم لەساڵی ١٩٧٨دا لەبەرئەوەی گڕی ئیرهاب‌و داپڵۆسینی رژێمی بەعس پەرەی سەندبوو و بەنیازی زیاتر پەرەسەندنیش بوو، نەک هەر لەبەشە عەرەبییەکەی عێراقدا بەڵکو لەهەموو کوردستانیشدا ئەم بڕیارانە دەرکران:

١- وردە وردە و بەشێنەیی ئەو بارەگایانەی کە مابوون چۆڵبکرێن.

٢- لە هەر پارێزگایەکدا جێگایەکی باش لەشاخ دەستنیشانبکرێتو بەنهێنی هەندێک ئارد، رۆن، شەکر، چا، کەلوپەلو قاپوقاچاخی چێشت لێنانو چالێنانی لێ دابنرێتو بشاردرێتەوە.

٣- هەرچی چەک، فیشەک، تەقەمەنیو شتی لەو جۆرانە هەیە، هەم حیزبیو هەم تایبەتیش، لەو جێگایانەدا بەچاکی بشاردرێنەوەو قایم بکرێن بۆ ئەو کاتانەی کە برادەران ناچاردەکرێن هەڵبێن یاخود خۆمان بڕیاردەدەین چەند هاوڕێیەک بنێرینە دەرەوەو بنکەی چەکداریی کاتی بکەنەوە بۆ پاراستنی ئەو هەموو برادەرانەی کە لەدەست ستەمو زوڵمو زۆری بەعس هەڵدێن. ئەو هاوڕێیانەی کە لەم کۆبوونەوەیەدا ئامادەبوون ئەمانەبوون: عومەر عەلی شێخ، باوکی سەرباز، باوکی حیکمەت، باوکی ئاسۆس، تۆما تۆماس (ئەبو جۆزێف) و خۆم. دوابەدوای کۆبوونەوەکە سکرتێری محەلییەکان گەڕانەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەو، منیش چوومەوە بۆ سلێمانیو، هاوڕێیەکیشمان نارد بۆ قۆپی قەرەداغو بەیارمەتیو دەستگیرۆیی زۆری شەهیدان: رەوف حاجی (جەوهەر)، نەسرەدین عابید هەورامی، هەروەها هاوڕێ حەمەرەشید قەرەداغی، لەماوەیەکی زۆر کەمدا ئەو چەند پارچە چەکەی کە منو مەلا عەلیو سەید باقی لەبارەگای سلێمانی

شاردبوومانەوەو هەموو ئەو چەکە گەورەو بچوکو فیشەکانەی لەملاولا بوون تیکڕا رەوانەی قۆپی قەرەداغ کران.

بێجگە لەهەولێر لەهەموو پارێزگاکانی تردا ئەم بڕیارە بەزوویی‌و بەباشی جێبەجێکراو، لەزۆر جێگا چەکی دیکە کڕدراو ئامادەکرا. لەپاش ماوەیەکیش لەسلێمانی هێرشی گرتن‌و راوەدونان دەستی پێکرد، بەبڕیاری (ملمس) هاوڕێی نەمر سەید تۆفیق، هەروەها هاوڕێ حەمەرەشید قەرەداغی‌و هاوڕێی نەمر مەحمود دیکتاریۆفو چەند هاوڕێیەکی دیکە گەیشتنە قۆپی قەرەداغو ئەو خواردەمەنی‌و چەکانە بەکەڵکیان هاتن‌و سودمەند بوون.

لەمانگی یانزەی ساڵی١٩٧٨دا کاتژمێر نۆی بەیانی لەسلێمانییەوە گەیشتمەوە هەولێرو لەوێ دەسبەجێ چوومە ماڵی باوکی سەرباز. هەر کە پێم نایە حەوشی ماڵەکەیانەوە شەهید نەمر دایکی سەرباز بەسەرسامییەکەوە بەرەو رووم هات‌و گوتی:

- ئەوە چۆن بوو هاتی بۆ ئێرە.!؟ لەبەردەرگاو کۆڵان توشی کەس نەبوویت.!؟

منیش گوتم:

- نەخێر، بۆچی هیچ بووە.؟

گوتی:

- لەبەغدا هاوڕێ ئەفسەرەکانمان دەستگیرکراونو هێرشو پەلاماری دەستگیرکردن گەیشتە ئێرەو زۆرێک لەهاوڕێیانیش دەستگیرکراون.

- ئەدی باوکی سەرباز لەکوێیە.؟

- چووە دەرەوە وتی رەنگە بچم بۆ سلێمانی.

منیش بەوریایی سەرم لەماڵیان دەرهێنایە دەرەوەو لێمداو رۆیشتم بۆ ماڵی هاوڕێ ئەحمەد شێخۆ، بەڵام لەکۆڵانەکەی ئەملاوەو زۆر بەوریایی بەرێکەوتمو کاتێک کە چوومە ئەوێ هەموویان لەماڵا بوون بەڵام نارەحەتیو بێتاقەتی بەرووخساریانەوە دیاربوو. پاش کەمێک قسەوباسی ئاسایی هاوڕێ ئەحمەد گوتی:

- زانیوتە کە لەبەغدا هاوڕێ ئەفسەرەکان دەستگیرکراونو لێرەش پەلاماری دەستگیرکردن دەستی پێکردووە.؟

ئینجا ناوی زۆرێک لەو هاوڕێیانەی هێنا کە لەئەندامانی لیژنەی محەلیو خوارتربوونو لەو پەلامارانەدا بەرکەوتبوونو دەستگیرکرابوونو، ئەوجا گوتی:

- وەرە لەم پەنجەرەیەوە تەماشایەکی کۆڵان بکە.

سەروەختێک چوومە بەردەم پەنجەرەکە تەماشامکرد دوو ئەفەندی دێنو دەچنو تەماشای بەردەرگای ماڵەکەیان دەکەن.!

هاوڕێ گوتی:

- ئەو دوانە پیاوی ئەمننو بۆ چاودێری ئێرەو ماڵانی دیکە دانراون.

- کەواتە من لێرە دەڕۆم. ئەی پێم ناڵێی تۆ نیازت چییە؟

- من چاوەڕوانی بڕیاری حیزب دەکەم.

ئەمە لەبەرئەوەی هاوڕێ تا ئەو کاتەش هەرپەیوەندی بەمحەلی هەولێرەوە مابوو.

لەو کاتەدا کە دوو پیاوەکەی ئەمن پشتیان لەماڵی هاوڕێ بوو من بەوریاییو لەملاترەوە لەماڵیان دەرچوومە دەرەوەو هەر خێرا تەکسییەکم گرتو رۆیشتم بۆ نزیک ماڵی هاوڕێ ئیسماعیل. کاتێک کە گەیشتمە ماڵیان ئەوان بارودۆخیان سروشتیو ئاسایی بوو چونکە لەرێکخراوی هەولێر نەبوونو لەدەستگیرکردن دووربوون.

بۆ رۆژی دواتر لەهاوسەرو خوشکی هاوڕێ ئیسماعیلم پرسی:

- ماڵی هاوڕێ باوکی حیکمەت یاخود باوکی ئاسۆس دەزانن.؟

- بەجوتە وەلامیان دایەوە: نەخێر

منیش بەناچاری خوشکی هاوڕێ ئیسماعیلم نارد بەدوای هاوسەری هاوڕێ ئەحمەد شیخۆدا. گیانیکمان بەوە بوو کە لەو کاتەدا چاودێری لەسەر ئافرەت نەبوو. هاوڕێ زۆر بەوریاییو نهێنی هاوسەری هاوڕێی هێنا بۆ لامو، ئەویش خۆشحاڵییەکی زۆری دەربڕی کە بەسەلامەتی گەیشتووم‌و دەستگیرنەکراوم‌و دەیگوت تا ئەم خوشکە هاتووە بۆ لامان هەر خەممان بووە.

دەسبەجێ نامەیەکم نووسی بۆ هاوڕێ باوکی ئاسۆس کە سکرتێری محەلی هەولێر بوو و، داوای دەنگوباسی بەغداو

هەولێرو هەواڵی باوکی سەربازم لێکرد، ئەویش لەنامەیەکدا بەدرێژی باسی بەغداو هەولێری بۆ ناردمەوەو نووسیبووی کە دوێنێ هاوڕێ حوسێنی شۆفێر باوکی سەربازی گەیاندووەتەوە سلێمانیو گەڕاویشەتەوە. هەروەها بۆ منیشی نووسیبوو کە بچمەوە بۆ سلێمانی باشترە چونکە بارودۆخی هەولێر گەلێک خراپەو چاوەڕوانی خراپتریش دەکرێت. هەروەها نووسیبووی کە باوکی سەربازیش داوای کردووە بگەڕێیتەوە بۆ سلێمانی.

دوای ئەو نامەیە ئیتر هیچ چارێکی ترم نەبوو تەنها گەڕانەوە بۆ سلێمانی نەبێت. پاش چەند رۆژێک ئەوانەی پەیوەندییان بەمنەوە هەبوو ئاگادارم کردنو گەڕامەوە بۆ سلێمانیو، هەر زوو زانیم باوکی سەرباز لە چ ماڵێکەو خێرا چووم بۆ لای. لەو کاتەدا هاوڕێ عەلی کلاشینکۆف لەگەڕەکی هەوارەبەرزە خانوویەکی سەربەخۆی بەکرێ گرتبوو. منو باوکی سەرباز چووینە ئەوێ . بەراستی هاوسەرەکەی هاوڕێ عەلی زۆر ئازاو دڵسۆزبوو، خۆیو دایکی رەحمەتیو خەرامانی خوشکیو براکانی هەر هەموویان دڵسۆزانە خزمەتی حیزبیان دەکرد. خەسوی هاوڕێ عەلی زۆرجار تەتەری شارەو شاری بۆ دەکردینو رۆڵیکی زۆر دڵسۆزانەی دەبینی.

هاوڕێ باوکی سەرباز هەمو بیرو هۆشو هەوڵ و کۆششی بۆ ئەوە بوو بنکەی چەکداری بکەینەوە. پاش نامەو نامەکارییەکی زۆر رەزامەندی چەند هاوڕێیەکی مەکتەبی سیاسی، لەکوردەکان، وەرگیراو خێرا گەیشتە قەلادزەو

لەوێشەوە بۆ ناوزەنگ، ئەوەبوو بەلێبوردوویی‌و ئازایەتی شیوعییەکان، بەتایبەتی شیوعییەکانی ڕانیەو قەڵادزە، بنکەی چەکداریی حیزبی شیوعی لەوێ کرایەوەو بەدەیان‌و سەدان شیوعی لەناوچەکانی دیکەوە گەیشتنە لایان‌و پەیتا پەیتا بنکەکەیان فراوان بوو. هەروەها لەناوچەی هەڵەبجە لەسنوری عێراق ئێران‌و بەسەرپەرشتی هاوڕێ مەلا عەلی، عەبدوڵڵای مەلا فەرەج، بنکەیەکی تری چەکداریی کرایەوەو لەڕێگای هەڵەبجەوە بەدەیان ڕۆڵەی دیکە هەڵەبجەو ناوچەکانی تر پەیوەندییان پێوەکردن.

ئیتر ئەو دوو بنکە چەکدارییە کرانەوەو نەختێک خۆیان گرتو، هێدی هێدی ئەو شیوعی‌و دۆستانەی کە لەدەست بەعسی فاشیست ڕزگاریان دەبوو، ژن‌و پیاو، دەستە دەستە دەگەیەنرانە بەغداو لەوێشەوە بۆ سلێمانی‌و، ئێمەش هەرجارەی لەلایەکەوە (قەڵادزەو هەڵەبجە) کۆمەڵێکیانمان دەنارد بۆ ئەو بنکانە. من ئەو کاتە لەشاری سلێمانی نیشتەجێ بووم، لەبەغداوە هاوڕێ عومەرو لەهەولێریشەوە هاوڕێ ئەبو حیکمەت بەریدو شتیان بۆ دەناردم‌و منیش بۆم دەناردنەوە. هاوکات پەیوەندی بەردەوامم لەگەڵ هەردو بنکەکەی حیزبدا هەبوو و هەر شتێک پێویست بووایە بەتەتەردا بۆم دەناردن.

ئیتر دوابەدوای دامەزراندنی ئەو بنکانەو بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە گرنگەو هتد..هێرشی ڕژێمی بەعس پەرەی سەندو سەرتاپای وڵاتی گرتەوەو ئێمەش لەسلێمانی ناچاربووین بەشی

زۆری هاوڕێیانی محەلیمان بنێرینە دەرەوەو ڕەوانەی بنکەکانی حیزبیان بکەین. هەندێک هاوڕێی محەلی کە موچەخۆری میری بوون ئاگادارمان کردن کە خۆیان نەدەن بەدەستەوەو هەر کاتێک مەترسی گرتنیان هەبوو هەڵبێن بەڵام مەخابن هەندێکیان بەگوێی حیزبیان نەکردو دەستگیرکران‌و دواتر ئازادکران، ئەوانە ژمارەیەکی کەمیان لەگەڵ حیزبدا مانەوەو پاشماوەی زۆریان حیزبیان بەجێهێشت.

لەبەرئەوەی کە ئێمەش لەناو شاردا کەوتبووینە خۆمان‌و ڕێکخراو وماڵی نهێنیمان پەیداکردبوو، دوو هاوڕێی لیژنەی هەرێمی کوردستان کە ئەمانەن: نوری ئەحمەد کەریم‌و مەلا بەکر، بەخێزانەوە نێردران بۆ لای ئێمەو هاوڕێ خدری ئەندامی لیژنەی محەلی کەرکوک ئەویش دیسان هەر بەخێزانەوە نێردرا بۆ لامان، ئێمەش شوێن‌وجێ و ماڵمان بۆ پەیداکردن‌و هەندێک ئیشوکاری حیزبیان وەرگرت، بەڵام هاوڕێ نوری هەر زوو بەماڵەوە چوو بۆ دەرەوە.

هەر کە پەلاماری دەستگیرکردنیش دەستی پێکرد ئێمەش بەخێرایی لیژنەکانمان کەمکردەوەو وردە وردە شانەمان نەهێشت‌و، هەموو پەیوەندییە حیزبییەکانمان کرد بە پەیوەندی تاکەکەسیی (فەردی)و ئاڵوگۆڕێکی زۆرمان کردو، زۆر هاوڕێمان نارد بۆ بنکەکان‌و زۆرێکی دیکەش بەجێیان هێشتین. ئەوانەی کە مانەوە زۆربەی هەرە زۆریان شیوعی ڕاست‌و ئازاو بەجەرگ بوون. ڕێکخراوی ئافرەتانمان هێرشێکی وای بەرنەکەوت کە

زیانمان پێبگەیەنێت، هەرچەندە چەند هاوڕێیەکی ئافرەتمان دەستگیریش کران بەڵام بێ هیچ زیانێک ئازادکران.

دوای ئەوەی کە هاوڕێ ناسراوەکانمان لەلایەن ئەمنی بەعسەوە بانگکرانو ئەوەی دەربازیش بوو خۆی شاردەوە ئیتر هێرشو پەلاماری گەورەمان لەسەر نەماو، بارودۆخەکەمان کەمێک هێمنو ئارام بووەوە. ئێمەش لەو کاتەدا دەستمانکرد بەکۆکردنەوەی هاوڕێو رێکخراوە بچڕاوەکانمان سەرلەنوێ پەیوەندیکردنەوە پێیانەوە. شایانی باسە رێکخراوی ئافرەتانو قوتابیانمان لەو کاتەدا رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو بۆ ئیشوکاری حیزبیو، تەنانەت خەڵکیان دەهێنایە ناو ریزەکانی حیزبەوەو پارەو کۆمەکیان بۆ حیزب کۆدەکردەوە.

# ئەو هاوڕێیانەی کە لە ناو شاری سلێمانیدا بۆ سەرکردایەتی ڕێکخراوەکان مابووینەوە

لەکۆتایی ساڵی ۱۹۷۸و سەرەتای ساڵی ۱۹۷۹داو پاش ئەوەی زۆربەی هاوڕێیانی مەکتەبو لیژنەی مەحەلیو کادیرە پێشکەوتووەکانمان ناردە شاخو هەندێکیان حیزبیان بەجێهێشت، ئەوانەی کە لەناو شاردا مانەوە ئەمانەبوون:

۱- من، مام قادر، مەلا بەکر، مەکتەبی لیژنەی مەحەلی (ملمس) بووین. دوای ماوەیەک هاوڕێ مامیشمان ناردە دەرەوەو هەر منو مەلا بەکر ملمس بووین.

۲- شەهید عەلی کلاشینکۆف، خوشکە سنەوبەر، کەمال محەمەد ئەمین، نەوڕۆز شاوەیس، خدر، غەفوری حاجی سەعیدی نانەوا، هەموویان ئەندامی مەحەلی بوونو، جەوهەرو مام بارام لەدەربەندیخانو هەڵەبجە بوونو، ئیشوکارەکانیشمان بەم جۆرە بوو:

- خۆم: جیا لەلێپرسراوی ملمس، بەجیا جیا پەیوەندیم بەهەموو ئەندامانی مەحەلییەوە دەکردو ئیشوکارەکانمان ڕادەپەڕاندو، لەبەر پاراستن کۆبوونەوەی لیژنەمان نەدەکرد.

• هاوڕێی شەهید ڕەوفی حاجی مەحمەد(جەوهەر) سکرتێری لیژنەی دەربەندیخان بوو، تەتەری تایبەتمان هەبوو و، ئیتر لەڕێگای نامەوە ئیشوکارەکانمان ئەنجام دەدا.

• هاوڕێ مام بارام سکرتێری لیژنەی قەزای هەڵەبجە بوو، تەتەری تایبەتمان هەبوو، ئەویش یەک دوو جارێک هاتە سلێمانیوو، لەڕێگای نامەوە ئیشوکارەکانمان ئەنجام دەدا.

• پاش ماوەیەک دوای ئەوەی خوشکە سنەوبەرمان ڕەوانەی شاخ کرد، خۆم لیژنەی ئافرەتانم وەرگرت. لیژنەکەش لەسێ هاوڕێی ئافرەتی زۆر ئازاو دڵسۆز پێکهاتبوو یەکێکیان جێگری من بوو و ئەو ئیشوکاری ڕۆژانەی ڕادەپەڕاندو، منیش مانگی دووجار لەگەڵ لیژنەکەیاندا دادەنیشتمو کۆدەبوومەوە.

• پەیوەندی حیزبیم بەنۆزدە هاوڕێی ترەوە هەبوو، ئەمانە هەندێک لەو هاوڕێیانەن:

کەمالی گەچ، ئەحمەدی مەساح، سابیر دارتاش، عەبدولی چایچی، حەمەی خەیات، ئەحمەدی عەلی دەوڵەتو...هتد کە بەشی هەرە زۆریانم بۆماڵی حیزبیو تەتەریو گواستنەوە بەکارم دەهێنان، چونکە بۆ بنکەکانو بەغداو هەولێرو قەزاکان هەریەکەیان تەتەری تایبەتمان دانابوو. هەروەها جیا لەماڵی تایبەتیو جێگای گوزەرانو ژیانم، چەند ماڵێکی دیکەش هەبوون بۆ کاتی پێویستو چاوپێکەوتنی هاوڕێیانو بۆ کاتی هاتنی هاوڕێیانی دەرەوەی شار کە دەهاتن بۆ لام دامانابوو.

- ڕێکخراوی قەڵادزەو ڕانیە کە سکرتێرەکانیان ئەم هاوڕێیانە بوون: عارفو مەحمود فەقێ خدر. چوونە شاخو،پەیوەندییان بەسەرکردایەتییەوە هەبوو. هەروەها لەچوارتاش چەند هاوڕێیەکمان هەبوو لێمان دابڕان.

- مەلا بەکر: لەناو شاردا چەند هاوڕێیەکی لەلا بوو. بێجگە لەوەش لەبەرئەوەی کاتی خۆی لەدهۆک و موسڵ ئیشوکاری حیزبی کردبوو، جاروبار سەردانی ئەو شوێنانەی دەکردو ژمارەیەکی بەرچاو هاوڕێی پچڕاو و دابڕاوی کۆدەکردەوەو ئەدەبیاتی حیزبی پێدەدانو پارەی کۆدەکردەوە. من هیچ کەسێکم لەو هاوڕێیانە نەدەناسیو بڕیاریش بوو کە ناوی هیچ کەسێک لای من نەهێنێت.

- خدر: لەناو شاردا چەند هاوڕێیەکی لەلابوو، بەڵام لەبەرئەوەی کاتی خۆی لەکەرکوکو کفری بوو، ڕێکخراوی کفریو هەندێک هاوڕێی کەرکوک لای ئەو بوونو تەتەری تایبەتیان لەنێواندا بوو و، جاروباریش هاوڕێیانی کفری دەهاتن بۆ لای. ئەمانیش دیسان بڕیاربوو کە ناوی کەسیان لای من باس نەکاتو منیش کەسیانم نەدەناسی.

- شەهید عەلی کڵاشینکۆف: لەپێشدا چەند هاوڕێیەکی لەلابوو بەڵام هەر زوو و بۆ پێشمەرگایەتی ڕەوانەی شاخ کرا.

- نەوروزو، کەمال: ئەم دوو هاوڕێیە ژمارەیەکی کەم لەهاوڕێیانیان لەلابوو.

- غەفوری حاجی سەعید: هیچ کەسێکی لەلانەبووو، تەنها ئابوونەکەی خۆی دەدا.

# ماڵە حیزبە نهێنییەکان

دووەم جار کە چووم بۆ مۆسکۆ بۆ دیراسە، تەنها وانەی (کاری نهێنی) م خوێند. ئیتر دەرکەوت کە بۆ کاری نهێنی، ماڵان و تەتەرو چاپەمەنی، شتی زۆر گرنگو پێویستن بەمەرجێک کە کەسەکان، واتە خاوەن ماڵەکانو تەتەرەکانو چاپکەرەکان کەسانی ئازاو دڵسۆزو نەناسراو و کەمناسراوبن.

منیش لەدوای رۆیشتنی شەهید عەلی کڵاشینکۆف بۆ شاخ، ماڵی هاورێیان جەمالی والیو ناسکە خانی هاوسەریم هەڵبژارد کە دوو شیوعی ئازاو دڵسۆزی هەڵەبجەیی بوونو خێزانەکانیشیان لەشیوعییە دێرینەکانی هەڵەبجەبوونو، دەمێک ساڵ بوو لەرێکخراوی حیزبی دەرهێنرابوونو لەسلێمانیدا زۆر کەم ناسراوبوون. لەگەڕەکە میللییەکەی کارێزی مەجیدبەگ خانوویەکیان بەکرێ گرتو ژوورێکی پەنایان بۆ من دانا. تا ئەو کاتەی کە دەستگیرکرام لەگەڵیاندا ژیامو دواتریش لەشاخ هەر دەهاتنە لام بۆ کاری تەتەری کارم پێدەکردن چونکە زۆر لێهاتوو و ئازاو دڵسۆزو وریابوون. هەروەها چەند ماڵێکی دیکەشم جیاکردەوە، وەک ماڵی هاورێیانی نەمر: کەمالی گەچ، ئەحمەدی مەساح، عەبدولی چایچی و سابیری دارتاش. بۆ کاتی پێویستو چاوپێکەوتنی هاورێیانی ناوشارو ئەوانەی لەبەغداو هەولێرو

قەزاکانەوە دەهاتن بۆ لام. ماڵی هاوڕێیان مونیرە سالح، حسێن عەلی غالیبی هاوسەری بۆ زۆرێک کاروباری حیزبی بەکاردەهێنراو بەراستی رۆڵێکی شیوعیانەی زۆر بەرچاویان هەبوو.

لەبەر پاکیو زیرەکیو لێبوردنی هەموو خاوەن ماڵەکانو پاراستنی ئەو ماڵانە لەلایەن ئێمەوە، لەماوەی ئەو هەموو ساڵو رووداوانەدا هیچیان لەلای دوژمن ئاشکرانەبوونو پێیان نەزانرا. هەروەها بەهۆی سەبری خانی رەحمەتی (دادە) هاوسەری مامۆستا ئەکرەمەوە ماڵی مامۆستا ئەکرەمیشمان بۆ ئیشوکاری حیزبی زۆر بەکاردەهێناو دادە زۆرجارانیش کاری تەتەری بۆ دەکردین. تەنانەت هەموو ئەم ماڵانە مانەوە تا دوای گرتنەکەی منیش.

# ڕووداوێکی سەیرو ناخۆش

ساڵی١٩٧٨ کە گڕی ئیرهابی بەعس گەیشتبووە شاری سلێمانیش، بەتایبەتی لەدەزگای ئەمنەوە دەیانڕنارد بەشوێن ئەو هاوڕێیانەدا کە لەدامودەزگاکانی دەوڵەتدا موچەخۆرو فەرمانبەربوون، بۆ ئەوەی بەراتئەت لەحیزب بدەن. بەم هۆیەوە ژمارەیەکیان کە یەک دوانیکیان (برین پێچ) بوون بەحەماسەتەوە گوتیان: ئامادەین دەست لەئیشوکارەکانمان هەڵبگرین‌و بڕۆین بۆ یەکێک لەبنکەکانی حیزب بۆ پێشمەرگایەتی. ئێمەش زۆرمان لا باش‌و پەسەندبوو چونکە جیا لەهەموو شتێک هێزی پێشمەرگە پێویستییەکی زۆری بەبرین پێچ‌و پزیشک هەبوو. ئێمەش بەخێرایی‌و بەیەکدو جار هەموویانمان گەیاندە بنکەی بەلەبزان. زۆری نەبرد گەلێک بەپەلەترو بەحەماسەتتر ئەوانەو چەند تێکۆشەرێکی دیکەش گەڕانەوەو فەرمانبەرەکان چوونەوە سەر کارەکانی خۆیان. ئەم رووداوە زۆری نارەحەت کردین، کە چاومان بەهەندێکیان کەوت دەیانگوت:

- لێپرسراوانی بەشی پێشمەرگایەتی زۆر خراپن‌و واو وا دەکەن‌و نەک هەر بایەخیان پێنەدان بەڵکو سوکایەتیشیان پێکردین..

سەروەختێکیش کە نامەی لیژنەی بنکەمان بۆ هات نووسیبوویان:

. ئەوانە رووخاون بۆیە لێرە نەمانەوە.

جگە لەوەش هاورێ (...) کە پاڵێوراوی لیژنەی محەلی سلێمانی بوو بەئیشی بنکە هاتەوەو نەگەڕایەوە بۆ بنکەو خۆشی لەحیزب نەگەیاندو خۆی کەنارگرت‌و وازی لەتێکۆشان‌و لەحیزبایەتیش هێنا.!

ئێمە لەلایەنی خۆمانەوە وای بۆ چوو بووین کە ئەوانەی هاتوونەتەوە رووخاون‌و بەرگەی پێشمەرگایەتی‌و ماڵومنداڵ‌و فەرمانبەری بەجێهشتنیان نەگرتووە. ئێمەش وەک لیژنەی بنکە ئەو حوکمە گرانەمان دا بەسەریاندا بێ ئەوەی لەسەرچاوەی ئەو رووداوەو هۆکارەکانی بکۆڵینەوە.

دوابەدوای ئەوانیش نەورۆز شاوەیس‌و مامۆستا حەمەرەشید هەورامی بە زویری بنکەیان بەجێهێشت، نەورۆز چوو بوو بۆ سەرەوە بۆ لای هاورێیان‌و دەربارەی بارودۆخی بنکە هەموو شتێکی گەیاندبوو بەهاورێیان. هاورێ مامۆستا حەمەرەشیدیش هاتەوە بۆ سلێمانی‌و پەیوەندی پێوەکردین‌و، بەدورودرێژی باسی کردەوەی ناجۆری هەندێک لەلێپرسراوانی بۆ کردین‌و گوتی:

. من ناچمەوە بۆ بنکە، بەڵام ئامادەم لەناو شاردا هەرچی کارێک کە حیزب داوام لێبکات جێبەجێی بکەم.

لەراستیشدا مامۆستا نەک هەر خۆی بەڵکو خێزانەکەی‌و ماڵەکەشی زۆر ئازاو دڵسۆزانە هەمیشە لەخزمەتی حیزبدا بوو و رۆڵێکی شیوعییانەی جوامێرانەی بینی.

دوای ئەمانە ئینجا پەیوەندیمان بەو هاورێیانەوە کردەوەو هەندێکیان هاتنەوە ناو ریزی تێکۆشان بەڵام هاورێیەکی لیژنەی محەلی تا راپەرینە شکۆدارەکەیساڵی ۱۹۹۱ نەگەرایەوە بۆ ناو ریزەکانی حیزب.

هەندێک لەکادیرە پێشکەوتووەکان لەکاتی پەلاماری دوژمندا بۆ سەر حیزب، خۆیان دوورەپەرێز گرت‌و دوورکەوتنەوە. بۆ ئەوەی تووشی ئازار نەبن. بەڵام سەروەختێک کە جادەکەی پان بوو، گەرانەوە بۆ لای حیزب‌و، بۆ ئەو هەڵهاتنەشیان لەتێکۆشان خەڵکی دیکەیان تاوانباردەکردو دانیان بەهەڵەی خۆیاندا نەدەنا.

# هاتنی هاوڕێ مەحمود فەقێ خدر بۆ سلێمانی

هاوڕێ مەحمود فەقێ خدر پشدەری، کەسایەتییەکی شیوعی دێرین‌و ناسراوی خەلکی قەلادزەو پیاوێکی زۆر خۆشەویستی هەموو ناوچەی پشدەرەو ئەوسا ئەندامی لیژنەی محەلی سلێمانی‌و لێپرسراوی ڕێکخراوەکانی قەلادزەبوو.

ساڵی ١٩٧٨ لەگەرمەی شالاوی بەعس لەسەرجەم عێراقدا، هات بۆ سلێمانی‌و ئاگاداری کردم کە لەسلێمانییەو دەیەوێت بەپەلە چاوم پێی بکەوێت. منیش لەماڵی هاوڕێیەکی خزمی خۆی کە ئەویش هاوڕێی ئەمر ئەحمەدی دەلاکە، چاوم پێی کەوت. لەپاش باس‌وخواسی بارودۆخی ڕێکخراوەکانی هەموو قەزاکەو گەلێک شتی دیکەش، گوتی:

. لێپرسراوانی بەعس ناردیان بەشوێنمداو لەپاش قسەکردنێکی زۆر دەربارەی خراپیی پەیوەندی نێوان بەعس‌و حیزبمان پێیان گوتم:

. ئامادەین چی بڵێیت لەهەموو ڕوویەکەوە بۆتی بکەین تەنانەت بەرپرسیاریتی لەحکومەت‌و شتی تریش، بەو مەرجەی واز لەحیزبی شیوعی بهێنێت..

هەروەها گوتی:

- من بڕوام وایە نیازیان خراپەو، ئەگەر هاوکارییان نەکەم دەستگیرم دەکەن. لەبەرئەوە داوا دەکەم بوارم بدەن هەڵبێم بۆ دەرەوە بۆ کن باوکی سەربازو هاوڕێ پێشمەرگەکان..

هەروەها گوتی:

- ئامادەم مەرگو مردن قەبوڵ بکەم بەڵام هاوکاری بەعس ناکەم..

لەدوای قسەوباسێکی زۆرو لەهەموو بارێکەوە، گوتم:

- ئەم هەڵوێستەت هەڵوێستێکی شیوعییانەو مەردانەیەو جێگای رێزو شانازیشە..

- من بەتەواوی پشتگیریت لێدەکەمو چەندێک قوربانیشی لەدوابێت بۆ شیوعییە راستەقینەکان هەر ئەم رێگایە هەیە کە تۆ دەتەوێت لەسەری بڕۆیت..

دواتر رەزامەندی (ملمس) وەرگرتو ئاگاداری هاوڕێشم کرد کە بڕوات بۆ شاخ. ئەویش خۆی ئاسایی هەموو شتێکی ئامادەکردو بەخاو و خێزانەوە روویانکردە پێشمەرگایەتی تا ئەو کاتەی کە هەر بەبڕیاری حیزب نێردرا بۆ مۆسکۆو لەوێشەوە بۆ سوید.

هاوڕێ مەحمود یەکێک بوو لەو دە هاوڕێیەی کە لەرۆژگاری هاوکاریماندا لەگەڵ بەعس ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانان بوو، بەڵام ئەویش وەک هاوڕێیانی دیکە دەستی لەبەرژەوەندییەکانی خۆی هەڵگرتو سەربەرزانە رێگای خەباتی چەکداری گرتەبەرو چەکی لەشانکرد.

# هاتنی ئەبو عەلی (عیزەت حاجی عوسمان) بۆ سلێمانی

ساڵی ١٩٧٩ کە بارودۆخی بەغداو گشت شارەکانی خوارو و ناوەراست بەر شاڵاوی رژێمی بەعس کەوت‌و رێکخراوەکانی حیزبمان کەوتنە بەر پەلاماری داپڵۆسینی خوێناوی، هاورێ ئەبو عەلی لەگەڵ ماڵی عیرفانی برای‌و (...) برای لەسلێمانی نیشتەجێ بوون. ئەوان لەسلێمانی ئیشوکاری حیزبیان نەبوو بەڵکو هەر لەبەر سەلامەتی ماڵ‌و جێگا هاتبوون، دەنا ئیشوکاریان لەشارو شوێنی دیکە بوو. سەرەوەختێک کە هاتنە سلێمانی لەرێگای منەوە پەیوەندی بەسەرکردایەتی حیزبەوە دەکردو هەر لەرێگای منیشەوە هەموو شتێکی حیزبی بۆ دەهات‌و دەینارد. هەفتەی شەوێک دەچوومە ماڵیان‌و شەو لایان دەمامەوەو هەندێک جاریش لەکۆڵانەکان یاخود لەیەکێک لەماڵە نهێنییەکان چاومان بەیەکدی دەکەوت.

پاش بەینێک هاورێ داوای لێکردم کە هاورێ (ئەحمەد عەلی دەوڵەت) بدەم بەوان بۆ ئیشوکاری حیزبی، منیش گوتم:

- کێ دەڵێ کە ئەو ئێستا ئیش بۆ حیزب دەکات.؟

- با، من دەزانم کە شیوعییەکی باشە..

- ئێ وا لەحیزبیشدابوو، کێ ئەڵێ ئامادەیە ئیش لەگەڵ ئێوەدا بکات.؟

- ئاخر من دەزانم کە ئەگەر تۆ رازیبیت ئەویش قایل دەبێت.

هەرچەندە هاوڕێ (أ.ع) خۆیو هاوسەرەکەیو خێزانەکەیان بەماڵو ئۆتۆمبیلەکەیانەوە لەخزمەتی حیزبدابوونو رۆڵێکی شیوعییانەی بەرچاویشیان هەبوو و، یەکێکیش بوو لەو هاوڕێیانەی کە لەرێکخراوەکانی حیزب دەرهێنرابوو و وا خۆی پیشاندەدا کە وازی هێناوەو ئێمەش زۆرمان پێویست پێیان بوو بەلام دیاربوو کە بۆ لای ئەبو عەلی خزمەتی گەورەترو زیاتربوو بۆ حیزب هەربۆیە رازی بووم.

رۆژێک چوومە ماڵی هاوڕێ ئەحمەد عەلی دەوڵەت لەگەڵ خۆیو هاوسەرەکەیدا کەوتینە قسەکردنو پێم گوتن:

- برادەرێک لێرەیە ئیشوکاری حیزبی لەبەغداو هەندێک شوێنی ترەو دەیەوێت ئێوە بدرێن بەو بۆ ئیشوکاری حیزبیو، بۆ ئاگاداریشتان ئیشوکارەکانێ مەترسیدارو گرانیشن.

ئیتر هاوڕێیان هەردوکیان گوتیان:

- هەر فەرمانێک بۆ خزمەتی حیزب بێت بەسەرو بەماڵ ئامادەی بەجێهێنانینو گوێ بەئەنجامی مەترسیداریش نادەین.

جا هەرچەندە ئەو خێزانە لەرێگای ئەبو عەلییەوە دەستیانکرد بەخزمەتکردنی حیزب بەلام زۆرجار خزمەتی ئێمەشیان دەکرد.

کاتێک کە لەوڵاتی سوید چاوم بەهاوڕێ ئەبو عەلی کەوتەوە باسی ئەو هاوڕێیەو هاوسەرەکەیو خێزانەکەیانی زۆر بەچاکی دەکردو دەیگوت:

- تا ڕاپەڕینی ١٩٩١ لەگەڵ ئەو خێزانەدا بووم، ئەگەر یارمەتیو دڵسۆزیو ئازایی ئەوان نەبووایە هەرگیز نەم دەتوانی ئەو هەموو ساڵە لەو شارەدا بژیمو سەرکەوتووانە ئیشوکارەکانم بکەم.

لەڕاستیدا لەکوردستانو لەعێراقیشدا لەسەروەختی پەلاماری دڕندانەی بەعسدا زۆر هاوڕێو خێزانیی لەوێنەی ئەم خێزانە هەرە دڵسۆزانە هەبوون کە بووبوون بەقەڵاو سەنگەر بۆ تێکۆشەرانی حیزب. هەربۆیە کارێکی ئێجگار ناڕەوایە ئەگەر ئازاییو دڵسۆزیو لێبوردنی ئەو شیوعییە ڕاستەقینانە فەرامۆش بکرێت.

# مەسەلەی سیخوڕی ئەبو محەممەد

ئەبو محەمەد لەساڵانی ١٩٧٩- ١٩٨٠دا نزیکترین کەس بوو لەشەهیدی ئەمر عایدە یاسین (دایکی عەلی) کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو لێپرسراوی بەغدا بوو.

لەساڵی ١٩٨٠ دا برادەرێک لەبەغداوە دەگاتە سوریاو لەشام پەیوەندی بەهاوڕێیانی سەرکردایەتی حیزبمانەوە دەکاتو پێیان دەڵێت کە: لەڕێکخراوی نهێنی بەغدا ئیشی کردووەو ڕۆژێک کە لەلێپرسراوەکەی خۆی (ئەبو محەمەد) جیادەبێتەوە لەشەقامێکی بەغدا دەستگیردەکرێتو دەبرێت بۆ دەزگای ئەمنو، لەکاتی لێکۆڵینەوەدا ئەبو محەمەدیش ئامادەدەبێت. ئەبو محەمەد بەو هاوڕێیە دەڵێت من لەگەڵ ئەمندا ئیش دەکەمو پارەیەکی زۆریش وەردەگرمو هەر لەناو حیزبیشدام، ئەگەر تۆش وانەکەیت لەناوت دەبەن. هەروەها ئەو هاوڕێیە گوتی: منیش ناچاربووم کە بڵێم باشەو ئیتر بەرەڵایان کردم. پاش ماوەیەک توانیم خۆم دەربازبکەمو بگەمە ئێرە بۆ ئەوەی ئێوەش لەو مەسەلەیە ئاگاداربکەمەوە.

سەرکردایەتی حیزبیش بەپەلە هاوڕێ عایدە ئاگاداردەکەنو داوای لێدەکەن کە ئەبو محەمەد بگەیەنێتە سلێمانیو لەوێشەوە بۆ شاخ بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکەن. هاوڕێی شەهید

یش وەڵامی حیزب دەداتەوەو دەڵێت: من بڕوا ناکەم ئەو هاوڕێیە سیخوڕبێت چونکە هاوڕێیەکی زۆر ئازاو دڵسۆزو گورج‌وگۆڵە. برادەرانیش دووبارە بۆی دەنووسنەوە کە بینێرێت بۆ سلێمانیو پێی بڵێت: حیزب لەشاخ کۆنگرە دەبەستێتو ئەویش نوێنەرێکی بەغدایە دەبێت بڕوات بۆ سلێمانیو لەوێشەوە بۆ شاخ. ئیتر هاوڕێ عایدە ناچاردەبێت کە بڕیاری حیزب جێبەجێ بکاتو بەو شێوەیەش کە گوایە حیزب کۆنگرە دەبەستێت. ئەبو محەمەدیش رازی دەبێتو پێشی خۆش دەبێت. ئیتر منو هاوڕێ عایدە رێککەوتین لەسەر ئەوەی لەگەڵ هاوڕێیەکی تری ئافرەتی ئازاو زیرەکدا بینێرێتە ئەو جێگایەی سلێمانی کە چەند جارێکی دیکە برادەرانی ناردووەو کاتو رۆژەکەشیمان دیاریکرد.

برادەرێکیشمان دانا بۆ وەرگرتنی ئەبو محەمەد کە خەڵکی سلێمانی نەبوو و هیچ هاوڕێیەکی تریشی نەدەناسی تەنها لێپرسراوەکەی خۆی نەبێت کە ئەویش هاوڕێیەکی شاراوەبوو و ماڵەکەشی نهێنی بوو. بە لێپرسراوەکەی ئەو هاوڕێیەشمان وت: کە ئەو برادەرە میوانەکانی بەغدای وەرگرت، خۆت زوو میوانەکانی لێوەربگرەو بە تەکسی بچن بۆ جێگای راوەستانی پاسی نەفەرات لە گەڕەکی (کارێزە وشک). کە ئەمە بەباشی ئەنجامدرا، ئینجا هاوڕێی ئەمر عوسمان کەریم کە زووتر

ئامادەکرابوو ئەبو محەمەدی وەرگرت و بردیەماڵی خۆیان. خوشکێکمان ئامادەکردبوو ئەویش ئەو خوشکەی کە لەگەڵ ئەبو محەمەددا هاتبوو لەو هاوڕێیەی وەرگرت و بردی بۆ ماڵی براکەی، چونکە ئەو ماڵە گومانی لەسەر نەبوو. ئەم شتانەمان بۆ ئەوە کرد نەکا لە بەغداوە دائیرەی ئەمن سیخوڕییان دوا خستبن. هەموو نەخشەکەمان بەباشی سەری گرت.

لە ئێوارەیەکی درەنگدا چوومە ئەو ماڵەی کە خوشکە میوانەکەی لێدانرابوو. بە ڕێکەوت ئەو خوشکە هاوڕێ زینەب بوو کە ساڵێک لە فێرگەی حیزب لە مۆسکۆ پێکەوە بووین وبە یەکەوە گەڕاینەوە بۆ بەغدا. پاش گفتوگۆی زۆر لەسەر ژیان و دیراسەی مۆسکۆ و ئیشکردنی حیزبی و تێکۆشانی بەردەوام، دوابن و وەڵامی نامەکەی دایکی عەلیم نووسی بۆی و دام بە هاوڕێ زینەب کە بیباتەوە بۆ دایکی عەلی.

بەڵام لەو کاتەدا من خۆم هەڵەیەکی گەورەم کرد ئەویش ئەوەبوو دەبوو هاوڕێ عوسمان کەریم ئاگاداربکرایە کە ئەبو محەمەد (جێی گومانە). بەڵام من ئەوەم لەبیرچوو هەربۆیە هاوڕێ عوسمان کەریم هەروەک دەیان هاوڕێی دیکە کە بەمیوانی نێردراوەتە ماڵیان کارەکەی بەئاسایی وەرگرتبوو و، ئەبو محەمەدیشی وەک هەر میوانێکی تر تەماشاکردبوو و، ئەبو محەمەدیش پێی دەڵێت: دەتوانیت بەڕێوەبەرایەتی بەریدم پیشان

بدەیت؟ چونکە ژنەکەم لەماڵەوەو بەنەخۆشی بەجێهێشتووەو دەمەوێت بەتەلەفون قسەی لەگەڵدابکەمو بزانم ئەحواڵی چۆنە. هاوڕێ عوسمانیش لەگەڵ خۆیدا دەیبات‌و بەریدی پیشان دەدات. ئەمە چونکە لەو رۆژگارەدا مۆبایل‌و پەیوەندی تەلەفونی لەچەشنی ئەمڕۆکە لەئارادا نەبوو و، بەزۆری لەرێگای بەرێوەبەرایەتی بەریدەوە شارەوشار تەلەفون دەکرا.

ئیتر هەر کەزانیم ئەبو محەمەد لەبەریدەوە تەلەفونی لەگەڵ بەغدا کردووە زۆر نارەحەت بووم هەربۆیەپەلەمانکرد لەناردنیدا بۆ قەلادزەو لەوێشەوە بۆ نۆکان بۆ لای سەرکردایەتی حیزب. هێندەی نەبرد لەسەرکردایەتییەوە نامەیەکم بۆ هات کە تیایدا نووسیبوویان: بەم زووانە ئەبو محەمەد دەنێرینەوە بۆ لاتان‌و ئێوەش بینێرنەوە بۆ بەغدا چونکە لێکۆڵینەوەمان لەگەڵدا کردووەو هیچ بەڵگەیەکمان بۆ دەرنەکەوتووە کە سیخوڕبێت.

ئەو نامەیەش نارەحەتی کردم هەربۆیە بەپەلە وەڵامم دانەوەو بۆم نووسین: تکایە لەناردنەوەیدا پەلەمەکەن. لێکۆڵینەوەی زیاتری لەگەڵدابکەن چونکە لەسلێمانی‌و قەلادزەش ماڵ‌و هاوڕێی زۆری بینیوەو ناسیوە. دیاربوو هاوڕێیان خۆیان‌و هاوڕێیانی تریش زیاتر بیریان کردبووەوە هەربۆیە ناردنەوەکەیان دواخست.

ئەبو محەمەد بەم دواخستنە گومان‌و ترس پەیدادەکات‌و، لەبەرئەوەی ئەو ماوەیەش لەسەرکردایەتی حیزب زیندانی نەکرابوو و شارەزای ناوچەکەو ڕێگاکان بوو بوو. هەربۆیە دوابەدوای ئەم دواخستنەو، ڕۆژێک زۆر بەپەلەو بەدزییەوە بەرەو ڕەبایەکانی سوپای عێراق لەقەندیل هەڵدێت‌و بەرێکەوت لەڕێگا تووشی دەبێت بەتووشی دەستەیەک پێشمەرگەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوەو، ئەوانیش زۆر زیرەک دەبن‌و کە دەزانن عەرەبەو بەپەلەو بەهەڵەداوان بەرەو ڕەبایەکان دەڕوات، دەستگیری دەکەن‌و دەیبەن بۆ لای هاوڕێیان، ئینجا برادەران گومانی تەواوی لێدەکەن‌و لای خۆیان زیندانی دەکەن.

لەپاش ماوەیەک ئەو برادەرەی کە لەبەغداوە چوو بووە شام‌و سیخوڕیی ئەبو محەمەدی بەبرادەران ڕاگەیاندبوو، لەلایەن حیزبەوە دەنێردرێتە نۆکان‌و لەوێ لەسەرکردایەتی ڕووبەڕووی ئەبو محەمەدی دەکەنەوە. ئەبو محەمەدیش دەستبەجێ وره بەردەدات‌و ڕاستیی سیخوڕیی‌و ئەڵقەلەگوێی خۆی دەدرکێنێت‌و ئاشکرای دەکات کە دەیان شیوعی بەگرتن داوەو گەلێک ئەڵقەلەگوێی ئەمنیشی هێناوەتە ناو ڕیزەکانی حیزبەوە. هەروەها دانیشی نابوو بەوەدا کە لەسلێمانییەوە تەلەفونی لەگەڵ دەزگای ئەمنی بەغدادا کردووەو وتویەتی: ئێستا لەماڵێکم لەسلێمانی جارێ نایانناسم‌و ناویان نازانم.

# شەهیدی نەمر عایدە یاسین (دایکی عەلی)

لەرۆژە هەرە سەختو دژوارەکانی خەباتو تێکۆشانی حیزبداو، سەروەختێک کە گڕی ئیرهابی رژێمی بەعس هەموو عێراقی گرتبووەوە، بەتایبەتی لەسەرەتاکانی ساڵی ١٩٧٩ەوە تاوەکو سەرەتای ساڵی ١٩٨١، لەناو کۆمیتەی ناوەندی حیزبدا منو هاوڕێ دایکی عەلی لەناو وڵاتدا مابووینەوە بۆ سەرپەرشتیو سەرکردایەتی ڕێکخراوەکانی حیزب. ئەو لەبەغدا دەژیاو، منیش لەکوردستانو بەزۆری لەناو شاری سلێمانی. ئیتر هەموو هاوڕێیانی تری کۆمیتەی ناوەندی لە شاخ و لە دەرەوەی وڵات بوون.

دوو تەتەری ئافرەتی عەرەبی ئازاشمان لەنێواندابوو و، لایەنی کەم هەفتەی جارێک یەکێک لەتەتەرەکان دەهات بۆ سلێمانیو هەرشتێک لەشاخ دەربچووایەو بۆ من بهاتایە بەشی خۆیم بۆ دەنارد بۆ بەغداو نامەو هەواڵیشمان ئاڵوگۆڕدەکرد. هەروەها هاوڕێ دایکی عەلی جاروباریش خۆی دەهات بۆ سلێمانیو پێکەوە کۆدەبووینەوەو پاش راپەڕاندنی کارەکانمانو دوای یەک دوو رۆژ دەگەڕایەوە بۆ بەغدا. جارێکیشیان لەگەڵ هاوڕێ پەخشان زەنگەنەو عەلی کوریدا هاتن بۆ لامانو دواتر

عەلیمان نارد بۆ ناوزەنگو لەویشەوە رەوانەی دەرەوەی وڵاتمان کرد.

یەکێک لەئیشە هەرە گرنگو بەنرخو مەترسیدارەکەی نێوان منو ئەو ناردنی ئەو سەدان هاورێ عەرەبە ژنو پیاوانە بوو کە لەژێر چەپۆکی چەپەڵی رژێمی بەعس رزگاردەکرانو لەبەغدا کۆدەکرانەوەو لەویشەوە دەستە دەستە دەنێردران بۆ سلێمانیو ئێمەش رەوانەی قەڵادزەو هەڵەبجەمان دەکردن.

لەناوەراستی ساڵی ١٩٧٩دا منو هاورێ دایکی عەلی رێککەوتین لەسەر ئەوەی کە ئەو هەفتەی جارێکو هەر جارەی سێ تا چوار هاورێ بنێرێتە ئەو جێگایەی کە لەسلێمانیدا دیاریمان کردبوو. کە ماڵی تایبەتیمان بۆ ئامادەکردبوونو لەو ماڵانەدا خزمەت دەکرانو شتی پێویستیان بۆ جێبەجێ دەکراو بەهۆی ئۆتۆمبیلی تایبەتییەوە هەفتەیەک دەماننارد ن بۆ قەڵادزەو هەفتەیەکیش رەوانەی هەڵەبجەمان دەکردن. لەناو ئەو دوو شارۆچکەیەشدا ماڵی تایبەتیان بۆ تەرخانکرابوو. لەقەڵادزەوە دەنێردران بۆ نازەنگو لەهەڵەبجەشەوە رەوانەی بنکەی بەلەبزانی سەر سنوری ئێران دەکران.

ئەو سەدان هاورێیە لەهەموو شارو شارۆچکەکانی عێراقەوە کۆدەکرانەوەو دەنێردران بۆ سلێمانیو، بەدەیانی دیکەش لەشارو شارۆچکەکانی کوردستانەوە دەنێردران بۆ ئەو بنکانە. شایانی

باسە لەماوەی دوو ساڵدا بەسەدان هاوڕێ بەم شێوەیە رزگارکران‌و گەیەندرانە بنکە چەکدارییەکانی حیزب بێ ئەوەی لەو ماوە دوورودرێژەداو لەو هەموو هاتوچۆیانەدا تەنها هاوڕێیەکیش لەلایەن دوژمنەوە دەستگیربکرێت یاخود تاکە ماڵێک ئاشکرابێت.

هەموو ئەو هاوڕێ‌و خێزانانەی کە لەو کارە گرنگ‌و پڕ زەحمەت‌و مەترسیدارەدا بەشدارییان کرد، جێگای رێزو شانازین‌و هەمیشە حیزبمان پێویستی بەو جۆرە هاوڕێ‌و خێزانە دڵسۆزانە هەیە.

هەروەها هەر لەو رۆژە دژوارەدابوو کە هاوڕێ پەخشان زەنگەنە لەسەر داواو رەزامەندی خۆی نێردرا بۆ بەغدا بۆ یارمەتیدانی هاوڕێ دایکی عەلی‌و، بەشداریکردن لەو تێکۆشانە سەخت‌و پڕ مەترسییەدا. بەگوتەی دایکی عەلی، هاوڕێ پەخشان لەبەغدا رۆڵێکی شیوعییانەی باشی هەبوو تا ئەو کاتەی کە لەهەڵمەتێکی دەستگیرکردن‌و راوەدونانی ئەمنەکانی بەعسدا لەشاری بەغدا هێندەی نەمابوو بەردەست بکەوێت‌و دەستگیربکرێت‌و تەنها ئازایی‌و وریایی خۆی فریای کەوتن. ئیتر پاش ئەو رووداوە ناچاربوو بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی‌و لای ئێمەش دەستی بەتێکۆشان کردەوەو رۆڵێکی بەرچاوی گێڕا.

کاتێک کە هاوڕێ پەخشان هاتە لامان دەربارەی ئەو هەلومەرجەی کە دایکی عەلی دەیگوزەرێنێت بەدوورودرێژی قسەی بۆ کردمو نامەیەکیشی بۆ سەرکردایەتی حیزب نووسی. هاوڕێ پەخشان دەیگوت: هاوڕێ دایکی عەلی شەو و ڕۆژ خەریکی ڕاپەڕاندنی ئیشوکاری حیزبەو ئۆقرەی نییە. هەمیشە لەدەرەوەیەو پەیوەندی بەهاوڕێکانییەوە دەکات‌و، زۆرجاریش لەدوای بینینی هەر هاوڕێیەک، ئەو هاوڕێیە لەلایەن بەعسەوە دەستگیردەکرێت.!

پاش بەینێک هاوڕێ دایکی عەلی نامەیەکی بۆ سەرکردایەتی حیزب‌و بۆ منیش نووسی‌و تیایدا هاتبوو کە: زۆر ماندوو و نارەحەتم، کەسێکی وام بەدەستەوە نەماوە. زۆربەی ئەو هاوڕێیانەی کە پەیوەندییان پێوەدەکەم، دواتر لەسەر جادەکان دەستگیردەکرێن.

هاوڕێیانی سەرکردایەتیش نامەیەکیان بۆ نووسی کە دەسبەجێ خۆی بگەیەنێتە سلێمانی‌و بەزووترین کات خۆی لەبەغدا دووربخاتەوە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت. منیش لەنامەیەکدا بۆم نووسی: خۆت بگەیەنەرە سلێمانی‌و لەبەغدا مەمێنە. لەپاشدا ڕازی بوو کە بێت بۆ سلێمانی‌و، ئێمەش ئاگادارمان کرد کە بێتە ماڵی هاوڕێی ئەمر ئەحمەدی مەساح چونکە پێشتر هاتبووە ئەو ماڵە. هەروەها ئەو ڕۆژەی کە

بڕیاربوو ئەو بگاتە سلێمانی هاوڕێ پەخشان چووە ماڵی هاوڕێ ئەحمەدی مەساح بۆ ئەوەی لەوێوە بیهێنێت بۆ لای من لەماڵی هاوڕێ جەمالی والی.

من ئەو ڕۆژە تائێوارە هەر چاوەڕوانبووم‌و هەر نەهاتن، بۆ ڕۆژی دواتریش تا ئێوارە چاوەڕوانم کردن بەڵام هەر دیارنەبوون‌و، پەخشانیش دەنگی نەبوو. لەبەرئەوە زۆر نارەحەت بووم‌و بەناچاری چووم بۆ ماڵی باوکی پەخشان بۆ ئەوەی بزانم بۆچی دەنگیان نەبوو و نەهاتن. سەروەختێک لەماڵی باوکی هەواڵی پەخشانیشم پرسی گوتیان: پێش نیوەڕۆ چووەتە دەرەوەو هێشتا نەهاتووەتەوە، ئیتر من لەلایەنی پەخشان دڵنیابووم کە هیچ نەبووە، ئینجا تەکسییەکم گرت‌و چوومە نزیک ماڵی هاوڕێ ئەحمەدو لەوێوە بەپێ چوومە ماڵیان، کاتێک کە گەیشتمە ئەوێ پەخشان بەماتی دانیشتبوو و گوتی: ئەمڕۆش دیارنەبوو، دوورنییە شتێکی بەسەرهاتبێت. تا سێ چوار ڕۆژ پەخشان دەچووە ئەو ماڵەو هەروا دەگەڕایەوە، ئیتر دڵنیابوو کە شتێکی بەسەرهاتووە هەربۆیە بڕیارماندا کە ئیتر نەچێت. پاش نزیکەی دە ڕۆژ ئاگاداریان کردم کە هاوڕێیەکی ئافرەت لەشامەوە هاتووەو دەیەوێت چاوی بەتۆ بکەوێت. ئیتر لەماڵی مامۆستا ئەکرەم چاوم پێی کەوت. نامەیەکی پێدام کە هینی هاوڕێ عومەر عەلی شێخ بوو و بۆی

نووسیبووم کە ئەو ڕۆژەی دایکی عەلی ویستبووی بێت بۆ سلێمانی، لەبەغدا دەستگیرکراوەو وا بڵاوە کە شۆفێرەکەی خۆی بەگرتی داوە. هەروەها نووسیبووی: تا زووە هاوڕێ پەخشان ڕەوانەی ناوزەنگ بکەن. منیش نامەکەم پیشانی هاوڕێ پەخشان داو ئەویش دەستیکرد بەگریان بۆ دایکی عەلی.

دیاربوو ئەبو محەمەدی سیخوڕ کە پێشتر باسم کرد شۆفێرەکەی دایکی عەلیشی دابوو بەگرتن‌و ئەویش بوو بووە پیاوی ئەمن. ئەمە بۆچوونی هاوڕێیانی سەرکردایەتی حیزبیش بوو. مەخابن ئەو هاوڕێ نەبەردو خۆراگرە لەکیس حیزب چوو. ئەشکەنجەو دڕندەیی بەعسییە فاشیستەکان سەریان پێ نەوی نەکردو شیوعییانە خۆی ڕاگرت‌و شەهیدکرا.

# کەوتینە کەمینێکی ئەمنەوەو نەیانناسین

هاوڕێی نەمر ئەحمەدی مەساح باوکی شەهید کامەران (دەرویش) یەکێک بوو لەو هاوڕێ ئازاو دڵسۆزانەی کە لەو رۆژە دژوارو مەترسیدارانەی خەباتدا پەیوەندی بەخۆمەوە هەبوو و، نەک هەر خۆی بەڵکو ماڵەکەیان‌و هاوسەرو کچ‌و کوڕەکانیشی رۆڵێکی شیوعییانەی باشیان هەبوو و بەوپەڕی لەخۆبردوییەوە لەخزمەتی حیزبدا بوون.

لەگەڵ هاوڕێدا جیا لەپەیوەندی حیزبی، پەیوەندی خێزانیشمان لەنێواندا هەبوو. لەکۆتایی ساڵی ۱۹۸۰دا رۆژێک ئاگاداری کردم‌و گوتی: شەوی هەینی ماڵەوەتان هەموویان بانگکراون بۆ ماڵی خۆمان لەبەرئەوە پێمخۆشە تۆش بێیت هەم بۆ راپەڕاندنی ئیشوکارەکانمان‌و هەمیش بۆ پشودان‌و میوانداریەکی خێزانی، منیش رازی بووم‌و ئامادەیی خۆم دەربڕی.

دوای ئەوە گەلاوێژی کچم ئاگاداری کردم‌و گوتی: زانیومە کە تۆش دێیت بۆ ماڵی کاک ئەحمەد، مادام وایە پێکەوە دەچین‌و من رۆژی پێنج شەممە دەچم بۆ ماڵی پورم‌و لەو دەورە کۆبوونەوەی حیزبیم هەیە، ئێوارە تۆش وەرە بۆ ئەوێ لەوێوە پێکەوە دەڕۆین.

من لەو رۆژانەدا، لەبەر پاراستن، هەندێکجار هاوڕێ نوری قەرەچەتانی بەئۆتۆمبیلەکەی دەیبردم بۆ هەندێک ماڵو گەڕەک. ئێوارەیەکی نەختێک درەنگ لەگەڵ نوریدا چووین بۆ ماڵی خوشکەکەم لەسەرووی سابونکەرانو لەوێ گەلاوێژمان هەلگرتو بەرەو سەرکارێز رۆیشتین، چونکە هاوڕێ نوری گوتی: ئەگەر بەشەقامی سابونکەرانو بەردەرکی سەراو جادەی مەولەویدا بچین بۆ دووڕیانەکەی سەرچنار بۆ ماڵی هاوڕێ ئەحمەد، رێگاکە مەترسیدارەو پیاوانی ئەمنو پیاوخراپان لەو رێیەدا زۆرن. هەربۆیە بەسەرکارێزو جادەی سەیواندا دەڕۆینو لەوێوە دەچین بۆ ئەوێ .

منیش گوتم: لەکام رێگاوە سەلامەتو باشە با لەوێوە بڕۆین. کاتێک کە گەلاوێژمان سوارکردو بەرەو سەرکارێز رۆیشتین پێنج دەقیقەی نەبرد لایتێکی زۆر گەورەو پرشنگدار دای لەئۆتۆمبیلەکەمانو دەنگێک بەعەرەبی گوتی: خێرا وەرنە پێشەوە. هاوڕێ نوریش گوتی: بەحەقی خوا گیراین، ئەوە چەکدارەکانی مولازم موحسینن. بە گەلەم وت مەلێ کچی منیت. دەست بە جێ چی نامە و کاغەزی حیزبی پێ بوو، لێم وەگرت و لەناو شوێنی تایبەتیدا لە ناو سەیارەکە شاردمەوە. ئیتر هیچمان پێنەکراو خەریک بوو بووەستێتو بگەڕێتەوە هەمدیسان دەنگێک بەزبووەوەو گوتی: راوەستن. دەسبەجێ چواردەورمان

بەچەکدار گیراو، یەکێک لەچەکدارەکان کە بەتەمەن بوو هاتەپێشەوەو سەری هێنایە ناو ئۆتۆمبیلەکەوەو رووی پرسیاری لەمن کردو گوتی:

- ئەو ئافرەتە لەگەڵ تۆدایە.؟

- بەڵێ ، لەگەڵ مندایە..

ئینجا خێرا سەری بردە دواوەو بەنوری گوت:

- دابەزە پشتی ئۆتۆمبیلەکە هەڵبدرەوە..

سەروەختێک کە هاوڕێ نوری دابەزیو پشتی ئۆتۆمبیلەکەی هەڵدایەوەو هیچی تیادا نەبوو، گوتی:

- خێرا دەرچنو برۆن..

ئێمەش هەر خێرا بەجادە باریکەکەدا بەرەو سەرکارێز دەرچووین، لەو جادەیەوە هەتا جادەی سەیوان لەمبەرو ئەوبەری جادەکەوە چەکدار راوەستابوون. کە گەیشتینە سەر جادەی سەیوانو لەدەست چەکدارەکان رزگارمان بوو دڵمان خۆش بوو و کەوتینەوە قسەکردن. هاوڕێ نوری سێ بەسێ تەلاقی خوارد کە ئیتر ببڕای ببڕایو نەک هەر بەشەو بەڵکو بەرۆژیش بەو رێیەدا نەڕوات. منیش گوتم:

- ئەی ئەگەر حیزب ئەمری پێکردیت.؟

- حیزب هەڵەی وا ناکات. خۆ ئەگەر کردیشی ئەوا من بەگوێی ناکەم.

کاتێک کە گەیشتینە ماڵی هاوڕێ ئەحمەدو بەسەرهاتەکەم بۆ گێرانەوە هەر هەموومان بۆ چەند ساتێک بێدەنگ بووین. ئینجا هاوڕێ ئەحمەد هەستاو چنگێک نوقوڵی هێناو دابەشیکردو گوتی:

- ئەرێ ئەوە بۆچی وا ماتو مەلولن؟ دەبێت شیرینی ئەوە بخۆن کە دەستگیرنەکران‌و بەسەلامەتی هاتن.

منیش گوتم:

- راستە دەستگیرنەکراین‌و بەسەلامەتی هاتووین بەڵام من هەڵەمکرد کە بەم شێوەیە لەگەڵ هاوڕێ نوری‌دا هاتم. نەدەبوو وام بکردایە، دەبێت ببێت بەپەند بۆم‌و جارێکی دی شتی وا نەکەم.

هاوڕێ ئەحمەدیش گوتی:

جیا لەوەش هاوڕێ نوری زۆر ناسراوە، لەمەودوا زۆر ئەو بەکارمەهێنە. هەر کاتێک پێویستت هەبێت من ئامادەم بۆ هەر ئیشێکی حیزب بێت، ئەگەر گیانیشی لەرێگادا دابنێم، لەگەڵت بێم‌و بیکەم. لە راستیدا هەر وابوو. هەتا گیرام هاوڕێ ئەحمەد زۆر کاری سەختی بۆ حیزب رادەپەڕاند.

# هەڵەی هەست بە لێپرسراوی نەکردن لە ساڵەکانی ١٩٧٩ و ١٩٨٠

ڕاستە ئەزموونی حیزبایەتی لەهەر سەردەم و کاتێکدا جیاوازە و شێوەی تێکۆشانیش بەردەوام لە گۆڕاندایە، لەگەڵ ئەوەشدا حەز دەکەم لێرەدا چەند نموونەیەک لەو ڕووداوانە تۆماردەکەم. کە ئەو کات نەدەبوو ڕوویبدایەو وەک هەڵەیەکی بێ مەبەست ڕوویداوە.

١. هەر لەم بەشەی بیرەوەرییەکانمدا ئەوەم نووسیوە کە خۆم و گەلاوێژی کچم بە ئۆتۆمبیلەکەی هاوڕێ نوری قەرەچەتانی چوین بۆ ماڵی هاوڕێی نەمر ئەحمەد مەساح بۆ میوانی گیراین و بە ڕێکەوت نەیانناسین و دەستگیرنەکراین. ئەوەی من کردم هەڵەبوو. نەدەبوایە بچوومایە یان هیچ نەبووایە بە تەنیا بچوومایە.

٢. هاوڕێیەکی ترمان کە ئەندامی مەکتەبی محەلی(ملمس) بوو، چەند جارێ لە شاری کۆیە کەسوکارەکانی بە کۆمەڵ دەهاتنە ماڵیان لە سلێمانی، یەک دوو جار براکەی لە کۆیەو تەنەکە نەوتی بۆ دەهانی و جارێکیان مفەوەزێکی کۆیی لە سلەیمانی چاوی بەو کەوتبوو. چاودێری کردبوو... بەڵام لێی ونبووبوو. ئەو هاتنانە هەڵەبوو.

٣. هەر ئەم هاوڕێیە، جارێکیان لە جیاتی ئەوەی تەتەرێک بۆ هەولێر بنێرێ تا ئەو بەیاننامە و بابەتانەی بۆ چاپ ئامادەکرابوو بیهێنێ، کەچی بە هاوسەرەکەیدا ناردبووی، ئەویش بە تەکسی هاتبووەوەماڵەوە و لەبەر دەرگای ماڵی خۆیاندا دابەزیبوو، ئەو کاتە پشتوێنەکەی کرابووەوە و هەموو ئەو شتانەی هێنابووی لێی کەوتبووە خوارەوە، شۆفێرەکە یارمەتی دابوو تا کۆیکاتەوە. گەر ئەو شۆفێرە خراپ بووایە لەوانەبوو ئەوانیش و ئێمەش بگیراینایە.

٤. هاوڕێیەکی ترمان کە ئەندامی محەلی بوو، چەندجار ماڵە خزمەکانی لە کەرکووک و قادرکەرەمەوە دەهاتنە ماڵەکەیان، لە کاتێکدا ماڵەکەی ئەوان نهێنی بوو، بە قسەی هاوڕێ خۆی یەکدوان لەو میوانانە لە جەیشی شەعبی بەعس بوون، ئەمەش هەڵەیەکی گەورە بوو.

٥. دوو هاوڕێ تری لێژنەی محەلی بە خۆشمەوە میوانداری زۆرمان دەکرد بۆ ماڵە خزم و ناسیاو و برادەران، کە جێگای مەترسی بوون.

٦. ئا لەو دوو ساڵەدا کە دژوارترین ڕۆژانی سەختی تێکۆشان بوو بۆ حیزبەکەمان و هاوڕێیان، کە جەلادەکانی مولازم موحسین وەک سەگی پێسووتاو بە شەقام و کۆڵانەکانی ناو شاردادەسوڕانەوەو ڕاوی تێکۆشەرانی حیزب و حیزبە نیشتمانپەروەرە کوردستانێیەکانی تریان دەکرد، کەچی ئێمەش بێ ئەوەی گوێیان بدەینێ، بە ئاشکرا بەناو کۆڵانەکانی شاردا

ماڵەو ماڵمان دەکرد. جا هەرچەندە تا ئێستاش بە تەواوی دەرنەکەوتووە کە ماڵی مەلابەکر کە نەورۆزیش لەگەڵ ئەو لەو ماڵەدا دەژیاو ماڵی خدر کە هاوڕێ کەمالی لەگەڵیاندا دەژیا، کامیان لە پێشدا گیران و چۆن گیران. هەموو ئەو ڕووداوانەی ئاماژەم بۆ کردن، هۆکارن بۆ ئاشکرابوونی خۆیان و ماڵەکانیشیان.

زۆر شتی گرنگی تریش هەیە، کە دوورنییەهۆکاربن بۆ گرتنی ئەو چوار هاوڕێیە لە پێش هەمواندا. من پێشدان و دوایش سەبارەت بەو شتانە سەرکردایەتی حیزبم ئاگادارکردەوە.

## هاوڕێ عەباس و ڕۆستەم ڕەخنەکانی:

لە ساڵی ١٩٥٢ ەوە هاوڕێ عەباس دەناسم، ئەوسا لە یەک شانەی حیزبیدا بووین. من لێپرسراویان بووم. لاوێکی زیرەک بوو، تا ڕادەیەکی زۆر گورج و گۆڵ و دڵسۆز وگوێ ڕایەڵی حیزب بوو. لاو و قوتابی هاوتەمەنی خۆی دەهانیە ناو حیزب و یەکێتی گشتی قوتابیان. تەنانەت لەو سەردەمانەدا گەلێ کەسایەتی ناودارو هونەرمەندو شاعیری لاوی دەهێنایە ڕیزی یەکێتی قوتابیان و حیزبەوە. بۆ نموونە شاعیری ناسراوی کورد کاک شێرکۆ بێکەسی هێنایە ڕیزی یەکێتی قوتابیانەوەو پاشان هاتە ناو حیزبەوە. هاوڕێ عەباس بەردەوام لە ڕیزی حیزبدا مایەوە و بەردەوام بوو لە تێکۆشان.

لەساڵی ١٩٧٩ شدا بەهۆی ئەو هێرشە دڕندانەی کە کرایە سەر هاوڕێیانی حیزب، هاوڕێ عەباس ماوەیەک پەیوەندی بە حیزبەوە بچڕا، ڕۆژێکیان گەلاوێژی کچم پێی وتم ئەمڕۆ هاوڕێ عەباسم بینی و زۆر هێرشی دەکردە سەر سەرکردەکانی حیزب، دەیووت هەموو سەرکردەکانی حیزب لە مۆسکۆ و دەرەوەی وڵات ڕادەبوێرن و هاوڕێیانیان وەکو مەڕ لەبەر دەستی بەعسدا بەجێهێشتووە، هەروەها گووتی باوکت ئێستا لە مۆسکۆ

ڕادەبوێری. منیش ئەو قسانەم زۆر بەلاوە ناخۆشبوو، کە هاوڕێیەکی وەکو ئەو ڕاوبۆچوونی وای هەبێت.

جا هەرچەندا ماڵەکەیان لە جێگایەکی مەترسیداردا بوو. لەگەڵ ئەوەی مەترسی ئاشکرا بووتم هەبوو، بێ ئەوەی ئاگاداری بکەم چووم بۆ ماڵەکەیان. ئێوارەیەکی زووبوو، لە دەرگای ماڵەکایانم دا. ڕووناک خانی هاوسەری دەرگاکەی کردەوە، هاوڕێ عەباسیش لە نزیک دەرگاکەوە ڕاوەستابوو بۆ ئەوەی بزانێ کێیە. کەمنی بینی ڕاما و ئینجا هات و باوەشی پێدا کردم و گووتی:

- ئەوە لە کوێوە پەیدا بووی؟

- ئا ئێستا لە ڕابواردنی مۆسکۆوە گەڕاومەتەوە...

- نا نا ، وانییە، ئەوە گەلە مەلعون قسەی بۆکردووی.

ئەو شەوە تابەیانی موناقەشەمان کرد، قسەکانمان لەسەر دوو مەسەلەی سەرەکی بوو:

١- پەیوەندی حیزب و بەعس.

٢- چوونە دەرەوەی هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی حیزب لەئەنجامدا لەسەر خاڵی یەکەم هەر سووربوو، دەیگووت دەبێت کۆنگرە ببەسترێ و سەرکردایەتی حیزب لاببرێن، بەڵام بۆ خاڵی دووهەم  بە دڵنیاییەوە پێم گووت: زۆرێک لە هاوڕێیانی سەرکردایەتی وان لە شاخ و سەرکردایەتی هێزی چەکداری

دەکەن و زۆربەی شارەکانی عێراق هاوڕێیەک یان زیاتری لێیەو لەم دواییەدا هەندێکیان بە بڕیاری حیزب چوونەتە شاخ یان دەرەوەی وڵات. ئەویش بڕوای کرد و وازی لەو خاڵە هێنا، لە دوایشدا داوای کرد بخرێتە ناو ڕێکخراوی نهێنی و ئامادەیی خۆی نیشان دا بۆ تێکۆشان و قوربانی دان. لە ڕاستیشدا هەروابوو تا گرتنەکەمان پێکەوە بووین و ڕۆڵێکی زۆر باشی پڕ لە ئازایەتی و دڵسۆزانەی هەبوو. هەروەها لە هێرشی گرتنەکانی ساڵی ١٩٨١ دا ئەویش گیرا. بەڵام پاش ماوەیەک ئازادکرائەو کاتەی ئێمە لە دەرەوە بووین نامەیەکی بۆ ناردبووین و تێدا نووسیبووی کە لەسەر شتی کۆن گیراوەو لە ئەمن پێیان گووتوە: تۆ شیوعیت و ئەندامی لیژنەی شاری سلێمانیت. ئەویش وتوویەتی: ڕاستە ئەو کاتەی حیزبی شیوعی ویەرەیان هەبوو، مەقەڕ ئاشکرابوو، شیوعی بووم، بەڵام کە بەرە نەما مەقەڕ داخرا وازم لە حیزب هێنا. ئیتر وازم لە حیزب هێنا. پاشان کە بینم جەختی لەسەر ئەوە کرد کە بەهیچ جۆرێ باسی ڕێکخراوی نهێنی و پەیوەندی هەردووکمانی نەکردووە.

# هەندێ لەو هاوڕێیانەی کە خزمیان لە ناو بەعس و ئیستخباراتدا هەبوو

شتێکی ئاشکرایە کە زۆر کەسی کورد لەناو دایەرەی ئەمن و ئیستخبارات و لە ریزەکانی بەعسدا هەبوون. هەندێ لەوانە خزمی شیوعیان هەبوو، زۆر جار گەلێ لەو هاوڕێیانە لەلای حیزب وایان دەردەخست کە گوایە ئەوان کەلک لەو جۆرە خزمانە وەردەگرن. بەلام بەڕای منیش و گەلێ هاوڕێیانی تریش بە تایبەتی کە سالانی ۱۹۷۸ بەدواوە ڕەچاومان کردو ئاگاداری بووین لە سلەیمانی، زۆرجار بەعسیەکان سوودیان لە هەندێ هاوڕێ وەردەگرت بێ ئەوەی هاوڕێیان بە خۆیان بزانن. نموونە زۆرە من هەندێ لەو شتانەم تۆمارکردووە. جارێکیان هاوڕێیەکی ئافرەت بەدەم ئاگاداری کردین کە خزمە بەعسیەکەی ئاگاداری کردووەو وتوویەتی کە بەعس لەناو حیزبی شیوعیدا سیخوڕی هەیە، هەر لە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی تا دەگاتە سەر ئەندامی ئاسایی و لەناو ریزی پێشمەرگەشدا بە هەمان شێوە. ئێمەش چەند داوامان لێکرد و هەوڵمان دا هیچ نەبێت چەند ناوێکمان پێ بلێ، یان ناوی یەک سیخوڕ. کەچی خزمەکەیان وتبووی ناوێرم شتی وابکەم، نەک لەلای بەعس ئاشکرا ببم کە یارمەتی

شیوعیەکـان دەدات. ئـەم جـۆرە قـسانەش لـەنـاو هاوڕێیـان و ڕێکخراوەی حیزب بەلبەلەیەکی زۆری دروستکردبوو. کەچی پاش ئاشکرابوونی فایلەکان دەرکەوت کە ڕیزەکانی حیزب زۆر پاکبوون.

- هاوڕێیەکی تر، حیزبی ئاگادارکرد و گووتی: خزمەکەمان لە دایەرەی ئەمن پێی ڕاگەیاندم لە دایەرەی ئەمن بڕیاری داوە چوار ئافرەتی شیوعی پێشکەوتوو بگرن و خراپەشیان لەگەڵدا بکەن. ئـەمیش هـەمان شـت یـەک نـاوی ئاشکرا نـەکرد. ئـەم دەنگوباســە ترســێکی زۆری لــەنــاو ئــافرەتــان و پیاوانــدا بڵاوکردەوەو هەندێ ئافرەت بەو هۆیەوە وازیان لە حیزب هێناو پاشان دەرکەوت کە ئەو هەواڵە درۆ بوو.

- چەند جاری تر لەلایەن هاوڕێیانەوە هەواڵمان بۆ دەهات کە خزمە بەعسیەکان پێیان گووتبوون کە گوایە حیزبی شیوعی لە هەولێر و موسڵ و کەرکووک لێدراون و هیچیان نەماون لە حیزبدا یان گیراون یان بوون بە بەعسی و پیاوی ئەمن.

هەرچی درۆ و دەلەسەی ژەهراوی بەعس هەبوو لە ڕێگای هەندێ لەو خزمانەوە دەگەیشتنە هاوڕێیان و دۆستانی حیزب، تووشــی ناخۆشــی و گێرمــەو کێشەیــان دەکــردین. جـا ئـەو بارەودۆخە ناهەمووارە پڕبوو لە هێرشی گرتن و داپڵۆسین، زۆر بڕوا بەو درۆ دەلەسانەی بەعس دەکرا و بە ئاسانیش ئاشکرا نـەدەبوون. زۆر شتی تـریش هـەیە کـە سـەرکردایـەتی حیزب ئاگادارە.

# چۆن گیرام و ئازاد کرام!

ڕۆژی ١٩٨١/٢/٥ لەئێوارەیەکی زووەوە ویستم بچم بۆ ماڵی هاوڕێ خدر لەگەڕەکی کاریزی مەجیدبەگ. سەروەختێک کە گەیشتمە ئەو دەورە لەکۆڵانە باریکەکەی نزیک ماڵی هاوڕێدا ئافرەتێک لەناو دەرگای ماڵەکەی خۆیاندا بەئیشارەت و بەدەنگێکی نزم گوتی:

- بگەڕێرەوە..مەچۆ...

کاتێک کە لێی نزیک بوومەوە ناسیمەوە. فاتمە خاتی ساڵحە خرە بوو. ئەم ئافرەتە بەڕێزە زووتر ماڵیان لەسەر سەرشەقام بوو ناسیاومانەو خێزانی هاوڕێیەکی حیزبیمان بوو لەهەڵەبجە کەناوی (هاوڕێ محەمەد) بوو. لەهەڵەبجەش ماڵمان نزیکی یەکدی بوو و هاموشۆمان هەبوو. ئەو منی باش دەناسی و دیاربوو زانیبووی کە ماڵی هاوڕێ خدر بۆسەی تێدا دانراوەو پێشتریش منی بینیوە کە هاموشۆی ئەو ماڵەم کردووە ئیتر منیش دوابەدوای ئیشارەتەکانی ئەو بەبێ قسەکردن پاشەوپاش گەڕامەوە دواوە بۆ سەر جادەکە. لەوێ چەند تەکسییەک ڕاوەستابوون هەستمکرد زۆریان ئەمن و شتی لەو جۆرەن و پێشتریش زانیاریمان هەبوو کە دەزگای ئەمن ئۆتۆمبیلی تەکسی

زۆر بەکاردێنێت. منیش بەپەلە بیرم کردەوەو بڕیارمدا کە بڕۆم بۆ ماڵی خۆمان باشترە بۆ ئەوەی ئەگەر دەستگیریش کرام لەماڵەکەی خۆماندا دەستگیربکرێم نەک لەماڵێکی تردا. لەبەرئەوە هەر لەو ناوە سواری تەکسییەک بووم تانزیک ماڵی خۆمان‌و لەوێوە بەپێ چوومەوە بۆ ماڵەوە.

لەپاش کاتژمێرێک لەگەیشتنم بۆ ماڵەوە لەدەرگاکەمان درا. شەهید هیوای کوڕم لەژوورەکەی خوارەوە لەنزیک دەرگای حەوشەکە خەریکی سەعیکردن بوو هەستاو چوو دەرگاکەی کردەوە. هەر ئەوەندەمان زانی حەوشەکەمان پڕبوو لەچەکدار.! یەکێک لەو چەکدارانە هاتە لامەوەو پرسی:

- دەمناسیت.؟

منیش گوتم: نەخێر.

- من مولازم موحسینم.

پاش پشکنینی هەموو ماڵەکە هیچیان دەست نەکەوت ئینجا پیاوێکیان هێنا کە دەموچاوی داپۆشرا بو و لێیان پرسی ئەمە نایبە. گوتی: بەڵێ، خۆیەتی و ئیتر ئەویان لابردو لەگەڵ خۆیاندا بردیانم بۆ دەزگای ئەمن و دایکی گەلە و کورەکانیان تا دو رۆژ دەستبەسەر کرد لە ماڵەکەی خۆماندا. لە ئەمن هیچ ئازارو ئەشکەنجەیان نەدام بەڵکو بەپێچەوانەوە بەرووکەش ڕێزیان

لێدەنام. یەکەم شتیش کە لەبارەیەوە پرسیاریان لێکردم ئەوە بوو کە گوتیان:

- پێش ئەوەی دەستگیرت بکەین لەکوێ بوویتو لەگەڵ کێدا بوویت.؟

منیش گوتم: لەماڵی خۆمانو لەگەڵ خێزانەکەمدا بووم.

پرسو لێکۆڵینەوەی هێمنانەیان زۆر لەگەڵمدا کردو منیش بەشێنەیی وەڵامم دەدانەوە. سەرەنجام گوتم:

- راستە من ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی بووم بەڵام لەبەر پیریو نەخۆشکەوتنمو لەبەرئەوەی باوەڕیشم بەحیزب نەماوە، ماوەیەکە وازم لەحیزب هێناوە.

پێشترلەگەڵ حیزبدا وامان بڕیاردا کە ئەگەر دەستگیرکرام وابڵێم.

ئەوانیش گوتیان:

- ئەی کە وازت لەحیزب هێناوە بەچی دەژیت.؟

- مەکینەیەکی درومانیم لەماڵەوە داناوەو خەیاتی پێدەکەم.

ئیتر ئەو شەوە تادرەنگانێک مشتومڕو پرسیار زۆر کراو، منیش هەموو پرسیارەکانم بەو چەشنە وەڵام دەدایەوە کە ماندوبووومو بڕوام بەحیزب نەماوە. بۆ شەوی دواتر بردمیانە ژووریکەوە چوار پێنج کەس دانیشتبوون. بەڕێوەبەری ئەمن ئەو کەسانەی بەمن ناساند کە ئەمانەبوون: جێگری بەڕێوەبەری

ئەمنی ناوچەی شیمال،جێگرانی بەڕێوەبەری ئەمنەکانی سلێمانی، کەرکوک، هەولێرو بەغدا. جێگری بەڕێوەبەری ئەمنی شیمال نزیکەی دوو کاتژمێر قسەیکردو، هەموو قسەکانیشی لەدژی حیزبمان‌و یەکێتی شورەوی‌و مەلا مستەفای رەحمەتی‌و شۆڕشی کوردستان بوو.

من تەنها لەدوو مەسەلەدا بەرپەرچم دانەوە کە ئەمانەبوون:

ئەو گوتی: مەلا مستەفا پەیوەندی بەئیسرائیلەوە هەیەو ئیسرائیلییەکان سەردانیان دەکەن‌و چەند جارێکیش عەزیز محەمەد لەلایەن مەلا مستەفاوە نێردراوە بۆ لایان. منیش گوتم: هاوڕێ عەزیز سەردانی بارزانی‌و سەرکردایەتی شۆڕشی کردووە بەڵام بۆ ئیسرائیل ڕێی تێناچێت‌و مانای نییەو شتی وا نەبووە.

هەروەها دیسان لەقسەکانیدا گوتی: بەهۆی زیادەڕەوی حیزبی شیوعییەوە بەرە تێکچووەو حیزبی ئێوە دەیانەوێت دەسەڵات لەدەست بەعس بسێنن. منیش گوتم: حیزبی شیوعی کارێکی خراپی نەکردووە، حیزبی بەعس بەرەکەی تێکدا. بەڕێوەبەری ئەمنی سلێمانی لەم قسەیەم زۆر تورە بوو.

هەروەها قسەی تریان زۆر کردو هەموویشی بۆ ئەوە بوو ورەی من بەربدەن. درۆیەکی زۆریان کرد گوایە ئەڵقەلەگوێ و

سیخوڕێکی زۆری بەعسی لەناو حیزبی شیوعیدا هەن‌و ئەمن ئاگاداری هەموو کەین‌و بەینێکی ناو حیزبەو..هتد.

ئینجا داوایان لێکردم کە لەو حیزبە شیوعییە (بەدیل) ەی کە ئەوان نیازیان وایە دروستی بکەن منیش بەشداری لەسەرکردایەتی ئەو حیزبەدا بکەم. دەیانگوت لەناو ئەو حیزبەدا کوردی ناسراوی کەمتێدایە. بۆیە داوای بەشداریت لێدەکەین. منیش گوتم: کە من لای ئێوە بەندبم خەڵکی چۆن بڕوام پێدەکەن.؟ ئەگەر ئێوە دەتانەوێت من لەو حیزبە تازەیەدا بەشداری بکەم دەبێت پێشتر ئازادم بکەن. ئەوانیش گوتیان: بێگومان ئازادت دەکەین. هەڵبەتە من ئەو قسەیەم بۆ ئەوە کرد کە ئازادم بکەن.

بۆ شەوی دواتر جێگری بەڕێوەبەری ئەمنی سلێمانی هات بۆ لام‌و دەستیکرد بەقسەکردن‌و گوتی: من لەپۆڵندا وانەی ئەمتم خوێندووەو بڕوام بەئازارو ئەشکەنجەدان‌و زەبروزەنگ نییە.

ناوبراو خۆی وەکو کەسێک پیشاندەدا کە دیموکراسییەو بڕوای بەئەشکەنجەدان نییەو دژی ئازارداتە. ئینجا گوتی: نازانم حیزبی شیوعی بۆچی بەزەییان بەئەندامەکانی خۆیان، بەتایبەت بەئافرەتەکانیاندا، نایەتەوە.؟ لەبەرچی کاری وادەکەن کە تووشی ئازارو گرتن‌و مردن بن.؟

منیش گوتم: ئەو کاتەی کە من لەحیزبدا بووم هەرچی ئافرەتی شیوعی هەبوو لەم پارێزگایەدا، کە ژمارەشیان زۆر کەم بوو، لەترسی ئازاردانو ئەو شتانەی لەناو خەڵکدا بڵاوە، لەو بارەیەوە کە خراپەیان لەگەڵدا دەکرێت، وازیان لەحیزب هێنا. هەروەها ئەوان پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکرد کە من ماوەیەکی زۆر لەهەولێر بووم. بەڵام من بەردەوام هەر حاشام دەکرد. بۆ رۆژی دوایی بەرێوەبەری ئەمن لێی پرسیمو گوتی: راستە ئافرەتە شیوعییەکان وازیان هێناوە.؟ گوتم: ئەوسا کە من لەناو حیزبدا بووم ئەو شتە بوو.

رۆژێکی دیکە جێگری بەرێوەبەرو یەک دوو جێگری دیکەی ئەمن هاتن بۆ لام، یەک لەسەر یەکو خێرا خێرا پرسیاریان لێدەکردم. یەکێکیان گوتی: باشە بۆ خێزانی پێشمەرگەو کادیرە هەڵهاتووەکان مانگانە یەکی چەندیان دەدەنێ .؟ گوتم: تا ئەو کاتەی ئیشی حیزبیم دەکرد هیچمان نەدەدا پێیان چونکە حیزب پارەی نەبوو. ئەوان لەو جۆرە پرسیارانەیان زۆر دەکردو منیش وەڵامی هەموویم دەدایەوە. ئینجا یەکێکیان لەوی تریانی پرسیو گوتی: ئەرێ گیراوەکان هاتنە ژێر بار.؟ ئەویش گوتی: هەموویان هاتنە ژێر بار تەنها کەمال نەبێت. هەڵبەت من لەبەرێوەبەرایەتی ئەمن چاوم بەهیچ کام لەگیراوەکان نەکەوتو نەشمدەزانی کێ گیراوە بەڵام هەر کە ناوی کەمالی هێناو ئەو

کاتەش ویستم بچم بۆماڵی هاوڕێ خدرو هەستمکرد بۆسەی تیادایە. ئیتر یەکدڵ بووم کە ئەو دوو هاوڕێیە دەستگیرکراون چونکە هاوڕێ کەمال لەماڵی خدر دەژیا.

سەروەختێک کە ئازادکرام ئەوجا زانیم چەند هاوڕێ دەستگیرکراون‌و ئەو هاوڕێیانەش کێ و کێ بوون. هەروەها زانیشم کە هاوڕێ کەمال لەکاتی دەستگیرکردنی هاوڕێ خدردا لەوێ نەبووەو دواتر کە گەڕاوەتەوە بۆ ماڵەوە لەلایەن بۆسەکەی ناو ماڵی هاوڕێ خدرەوە دەستگیرکراوە.

شەوێکی دیکەش جێگری بەڕێوەبەری ئەمن بۆ رووخاندن‌و ورەبەردانی من زۆر قسەو درۆودەلەسەی تری بەنەرمی‌و لەسەرخۆیی کرد. لەیەکێک لەقسەکانیدا گوتی: ناسر عەبود کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بوو ئێستا لەکوێت دانیشتووەو سەرکردایەتی ناوچەی باشوری عێراق دەکات. بەڵام زۆربەی ئەندامان‌و کادیرەکانی پیاوی خۆمان‌و هەرچی نامەیەک دەنێردرێت بۆ بەسرە لەپێشدا دێت بۆ ئێمە بێ ئەوەی ناسر ئاگای لەخۆی بێت..

دواجار بەڕێوەبەرو جێگرەکەی بانگیان کردم‌و گوتیان: بۆ ئەوەی لەگەڵ سەرکردایەتی ئەو حیزبە شیوعییەدا بەراستی ئیش بکەیت‌و لەگەڵ حیزبی بەعسدا هاوپەیمان بن دەڵێیت چی.؟

گوتم: پێشتر وتم کە دەبێت لەپێشدا ئازادم بکەن بۆ ئەوەی خەڵکی نەڵێن لەترسی بەعس ئەو کارە دەکات. ئەوانیش گوتیان: بەڵێنی شەرەف دەدەیت کە لەگەڵماندا راستگۆبیت.؟ گوتم: بەڵێ .

ئینجا لەناکاو پرسیاریکی تری کردو گوتی: کێ ئەبو محەمەدی کوشت.؟ منیش گوتم: ئەبو محەمەد کێیە.؟ گوتی: چۆن نازانی کێیە.؟ یەکێک بوو لەسەرکردەکانی بەغدا..گوتم: ناوی وام نەبیستووە. ئینجا گوتی: ئەبو محەمەد لەبەغداوە برایە شاخ گوایە بۆ کۆنگرەی دەبەن، لەبەرئەوەی کە لەگەڵ بەعسدا رێک بوو بەهادین نوری بەدەمانچە کوشتی. منیش گوتم: شتی وام هەر نەبیستووە.

دواتر کە چووم بۆ نۆکان‌و ئەوەم بۆ هاورێیان باس کرد، بەهادین نوری گوتی: من تەنها زانیومە کە دەستگیرکراوە. درۆدەکەن من نەک هەر نەمکوشتووە بەڵکو ئاگاداری لێکۆڵینەوەکەشی نەبووم.

بۆ شەوی دواتر، واتە پاش نزیکەی هەفتەیەک لەدەستگیرکردنم، بانگیان کردم‌و گوتیان وا لەسەرەوە بڕیاری ئازادکردنت دەرچووە، تۆش دەبێت ناوبەناو بەتەلەفون قسەمان لەگەڵدا بکەیت‌و ماوەیەکی تر دەتنێرین بۆ بەغدا بۆ مەسەلەی دامەزراندنی حیزبی شیوعی بەدیل.

بۆ شەوی بەئۆتۆمبیلی تایبەتی خۆیان تا نزیک ماڵەوەیان ڕەوانەکردمو، چوومە ماڵەوە. کاتێک کە چوومە ژوورەوە بەدایکی گەلاوێژم گوت: ڤیلێکی گەورەم لەئەمن کردووە، دەبێت سبەینێ هەموومان لەم ماڵە دەرچینو بنێرین بەشوێن گەلاوێژیشدا (کە لەهەولێر دەیخوێند) بۆ ئەوەی بێتەوەو هەموو پێکەوە بڕۆین بۆ دەرەوە بۆ لای حیزب.

# چۆنیەتی دەرچوونم لەناو شار

ئەو شەوە خەو نەچووە چاومانو هەر بیرمان دەکردەوە کە چۆن دەرچین. سەروەختێک کە ڕۆژ بووەوە هەر خێرا نامەیەکم نووسی بۆ لیژنەی ئافرەتانو بەهاوڕێی کوڕمدا ناردم بۆ هاوڕێ قومری هاوسەری هاوڕێی نەمر مەحمودی دەلاک، کە ئەندامی لیژنەکەبوو، بۆم نووسین لەبەرئەوەی چەند هاوڕێیەک دەستگیرکراونو هەموو جموجوڵێکی حیزبی ڕابوەستێننو نامەو شت لەهیچ کەسێک وەرمەگرنو ئاگاداری خۆتان بن تا ئەو دەمەی کە خۆمان ئاگادارتان دەکەینەوە. دوابەدوای ئەوە ناردم بەشوێن شوکری براژنمداو کە هات بۆ لام پێم گوت: من بەفێڵ ئازادبووم ئێوارە ئۆتۆمبیلێکی جێی بڕوا بهێنە بۆ ئێرە هەمومان دێینە ماڵی ئێوە. ئەویش دڵسۆزانە ئەو کارەی ئەنجامداو ئێوارەیەک زوو هەموو چووینە ماڵی ئەوان، واتە ماڵی ماجیدی برام. ئەوشەوەمان لەوێ کردەوەو بەیانی ناونیشانی ئەو پەیمانگایەی کە گەلاوێژی کچم لێی دەخوێنێت دام بەبراژنمو ناردم بەشوێنیدا بۆ هەولێر. هەر ئەو ئێوارەیە گەلاوێژی هێنایەوەو هاتەوە، هەر ئەو شەوەش چووینە ماڵی فاتمی خوشکم لەسەرووی سابونکەرانو نەمانهێشت هیواو هاوڕێو ئامانجو نەوڕۆز بچنەوە بۆ مەکتەب. لەبەرئەوە چووینە ماڵی

ماجیدوبە فاتمم گوت ئەگەر دەستگیرکراین‌و پێشیان زانین دەڵێین: بەمیوانی هاتووین.

لەپاش ئەوە زانیم کە (مەلا بەکر، نەورۆز، خدر، مامۆستا کەمال) لەپێشدا دەستگیرکراون‌و دوای ئەوانیش (عوسمان کەریم، سەعدوڵڵا، عومەری مەکتەبە، عەباس رۆستەم‌و چەند هاورێیەکی دیکەش دەستگیرکراون).

لەماڵی فاتمی خوشکیشمەوە ناردم بەشوێن حاجی رەحیمی عەلاف، باوکی هاورێ غەفوردا کە دۆستێکی نزیکی حیزب‌و ناسیاوی نزیکی خۆشم بوو. کاتێک کە هات بۆ لام پێم گوت: دەمەوێت لەشار دەربچم‌و بچمە قرگە بەڵام نازانم بۆسەکانی جاش‌و سوپا کەی دادەنرێن‌و لادەبرێن..ئەویش گوتی: زۆر ئاسانەو من شارەزام‌و سبەینێ مەلابانگدان دێم بۆ ئێرەو پێکەوە دەڕۆین. هاورێ لەکاتی دیاریکراودا هات‌و لەگەڵیدا دەرچووم‌و هیواو هاورێش دوابەدوامان هاتن.

کاتێک کە گەیشتینە پشت گردی سەیوان. حاجی ئاورێکی دواوەی دایەوەو گوتی: ماوەیەکی زۆرە دوو کەس بەدوامانەوەن. منیش گوتم: ئەوانە کورەکانی خۆمن ئەوانیش دێن لەگەڵمان. پێش ئەوەی هەتاو بکەوێت گەیشتینە قرگەو چووینە ماڵی شەهیدی نەمر حاجی محەمەدی قرگەیی. لەوێ خۆی‌و هاوسەرەکەی‌و کورەکانی پێشوازییەکی گەرمیان

لێکردین‌و خۆشبەختی خۆیان دەربڕی. لەپاش خواردنی نانی بەیانی بەحاجیم گوت: دەمەوێت هەرسێکمان بگەیەننە دێی بزەینان‌و دایکی منداڵەکان‌و ئەوانی دیکەش بگەیەنیتە ئێرەو لێرەشەوە بۆ بزەینان. دەتوانن ئەو کارە بکەن.؟ ئەویش بەپێکەنینێکەوە گوتی: ئەی بەبان چاوان. جا توخوا لەوە ئاسانتر هەیە. هەروەها گوتی: هەر ئێستا زاهیر ئێوە دەگەیەنێت‌و کوڕەکەی دیکەشم کە سەربازە لێرەیە هەر ئێستا ئەویش بەجلە سەربازییەکانییەوە دەنێرم بەشوێن ئەواندا کە بیانهێنێت بۆ ئێرەو لێرەشەوە رەوانەی لای ئێوەیان دەکەین.

دواتر لەپارچە کاغەزێکدا ناوی پێنج هاوڕێی حیزبیم نووسی‌و گوتم: ئەم کاغەزەش بدە بەعەبدولی چایچی‌و پێی بڵێ : هەر خێرا ئەم ناوانە ئاگاداربکات کە لەناو شار دەرچن‌و بێنە دەرەوە. ئەو هاوڕێیانە مامۆستاو کاسپ بوون‌و لەحکومەت شاراوە نەبوون و گوتم نەکا دەستگیربکرێن. لەپاش هەفتەیەک دوان لەو هاوڕێیانەم بینی هاتنە دەرەوە ئەوانیش مامۆستا بەکرو عەبدوڵڵای بەنا. خزمی مامۆستا سەلاح بوو. بەحاجی رەحیمیشم گوت: زۆر سوپاس بۆ ئەو کارە بەنرخەت‌و کە گەڕایتەوە ماڵی ئێمە ئاگاداربکە کە خۆیان ئامادەبکەن دێن بەشوێنیاندا.

لەدواییدا شەهید زاهیری نەمر هات لەگەڵمانداو پێش نیوەڕۆ گەیشتینە دێی بزەینان‌و ماڵی هاوڕێ جەلال عەلی کە

پێشمەرگەی حیزب بوو و، ماڵەکەشی وەک بنکەی هێزە چەکدارەکانی حیزب وابوو لەشارباژێڕ. ئەو وەختەی کە ئێمە گەیشتینە ئەوێ باش بوو دایکو خوشکی هاوڕێ جەلال لەوێ بوون. خوشکەکەی تەتەری نێوان هەڵەبجەو سلێمانی بوو، لێم پرسی: کەی دەگەڕێیتەوە بۆ هەڵەبجە.؟ گوتی: سبەینێ . گوتم: نامەیەکم هەیە دەتوانیت بیبەیت.؟ گوتی: ئەی من هەر تەتەر نیم.؟ ئیتر دەستمانکرد بەپێکەنین. نامەیەکم بۆ مام بارام ناردو تیایدا نووسیم: ئەو هاوڕێیانە دەستگیرکراونو منیش دەچم بۆ سەرکردایەتی. ئیتر ئێوە لەمەودوا تەتەرو بەرید مەنێرن بۆ سلێمانیو، ئاگاداری خۆشبتان بنو جێگا بگۆڕنو نامەو شتی خۆتان بنێرن بۆ نۆکان بۆ سەرکردایەتی حیزب. لەڕێگای هێزە چەکدارەکەمانەوە لە هەزارئەستون. هەروەها داوام لێکرد کە جێگاگۆڕکێ بکەنو وریابن نەک شاڵاوی دەستگیرکردن بگاتە لای ئەوانیش. سەروەختێک کە پاش ماوەیەک مام بارامم لەبێتوش بینی، گوتی: باش بوو ئەو نامەیەت ناردو تەتەرمان نەنارد بۆ سلێمانیو هەندیک ڕێ و شوێنمان بۆ سەلامەتی خۆمانو ڕێکخراوەکانمان گرتەبەر.

ئەو ڕۆژەی کە گەیشتینە بزەینان تا ئێوارەکەی دایکی گەلاوێژو پاشماوەی منداڵەکان نەهاتن منیش ترسی ئەوەم هەبوو کە لەسلێمانی یان لەڕێگا تووشی شتێک بووبن. بۆ ڕۆژی

دوایی لەگەڵ مەفرەزەکەی شەهید مامۆستا سەلاح، باوکی ئەستێرە، هاتن‌و دایکی گەلاوێژ گوتی: شەو گەیشتینە دێی یۆڵەدەر، مامۆستا سەلاح‌و ئەوان لەوێ بوون مامۆستا نەیهێشت بەشەو بکەوینە رێ و، لەوێ ماینەوەو پێکەوە هاتین.

زۆری نەبرد هاوڕێیان عەتا، عومەر حامیدو مەفرەزەکەیان کە لەجەولەبوون هاتنەوە، هەر ئەو رۆژەش شەهید هیوای کوڕم کە تەمەنی حەڤدەساڵ بوو چەکی هەلگرت‌و بوو بەپێشمەرگەو ئاواتەکەی هاتەدی، چونکە ساڵێک زیاتربوو داوای دەکرد واز لەخوێندن بهێنێت‌و ببێتەپێشمەرگە.

پاش سێ رۆژ مەفرەزەیەک لەسەرکردایەتییەوە گەیشت کە لەم هاوڕێیانە پێکهاتبوون: مەحمود دیکتاریۆف، سامی سابیر، جەلال عەلی دەوڵەت‌و چەند هاوڕێیەکی دیکەو، گوتیان: ئێمە بەتایبەتی بۆ لای تۆ نێردراوین. نامەیەکیان پێدام کاتێک کە کردمەوە هینی هاوڕێ عومەر عەلی شێخ بوو، هاوڕێ لەناو نامەکەیدا نووسیبووی: لەهەر جێگایەکی ناو شاری سلێمانیت بەخێرایی دەرچوو برۆ. هاوڕێ سامی گوتی: من بۆ ئەوە هاتووم بێمە ناو شارەوەو تۆ بدۆزمەوەو پێکەوە بێینە دەرەوە، منیش بەپێکەنینێکەوە بەهەموویانم گوت: ئەوا منیش بەبێ ئەزیەتدانی ئێوە هاتوومەتە دەرەوە..

لەناخی دڵمەوە بەو بڕیارەی حیزب خۆشحاڵبووم چونکە بڕیارەکەی خۆم کە پێشتر دابووم بۆ هاتنەدەرەوە، ڕاست دەرچوو، ترسی ئەوەم هەبوو کە حیزب لەهاتنەدەرەوەکەم نارازی بێت.

ڕۆژێک دوای ئەوە هێزێکی زۆری ڕژێم لەسوپاو جاش‌و بەیارمەتی کۆپتەر هاتنە ناوچەی شارباژێر نزیک دێیەکەی ئێمە، لەدێی نۆدێ هێزێکی لێدەری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ڕێگایان لێدەگرن‌و شەڕ گەرم دەبێت. مەفرەزەیەکی ئازاش لەهاوڕێیانی خۆمان خێرا بەرەو مەیدانی شەڕەکە بەڕێ دەکەون بۆ یارمەتیدانی برادەرانی یەکێتی، لەبەرئەوەی بزەینان لەشەڕەکەوە زۆر نزیک بوو ئەگەری ئەوە هەبوو شەڕ بگاتە ئێمەش، لەبەرئەوە هەرچی ژن‌و منداڵی ناو دێ هەبوو، بەماڵ‌و منداڵەکانی خۆشمانەوە، هەر زوو نێردران بۆ دێی کانی دڕکە کە دوورو چەپەک بوو، سوپاو جاش بەئاسانی نەدەگەیشتنە ئەوێ . منیش لەگەڵ ئەو پێشمەرگانەدا کە لەوێ مابوون بەسەر گردو یاڵەکانی ئەو دەوروبەرەدا بڵاوبووینەوەو شەڕ تا عەسر بەردەوام بوو. لەئەنجامدا هێزی دوژمن بەزیان‌و زەرەرێکی زۆرەوە بەرەو چوارتا کشایەوەو لەهێزی پێشمەرگەش تەنها پێشمەرگەیەکی یەکێتی شەهیدبوو کە بە دکتۆر بانگیان دەکرد.

بۆ ڕۆژی دواترو سەروەختێک کە ئافرەت‌و منداڵەکان بەناڕەحەتی‌و ترسەوە بەرەو گوندەکە گەڕانەوە، دایکی گەلاوێژ گوتی: پێشەکییەکەمان ئاوابێت ئاخۆ ئاخریمان چۆن دەبێت.؟! منیش گوتم: هەرچۆنێک بێت لەژێر دەستی بەعس باشترە. پاش هەفتەیەک لەچوونمان بۆ بزەیان، ئێمە هەمووومان لەگەڵ ئەم هاوڕێیانەدا بەرەو سەرکردایەتی بەڕێکەوتین: مەحمود دیکتاریێف، سامی، جەلال دەولەت، مولازم ماجید کە ئەوسا مولازم نەبوو بەڵکو پێشمەرگەیەکی ئاسایی بوو زمانی کوردی کەمێک فێربووبوو، شانبەشانی چەند پێشمەرگەیەکی دیکە. لەشەودا گەیشتینە دێی بۆزان کە کەوتووەتە سەر ئاوەکەی سەر سنوری عێراق ئێران. ڕۆژی دوایی بەوڵاخ لەئاوەکە پەڕینەوە بۆ بەری ئێران. لەسەر ئاوەکەوە بۆ یەکەم دێی ئێران بەناوی بلەکێ ماوەی هەشت کاتژمێر دووربوو. ڕێگاکە ڕێگایەکی سەخت‌و بەردەڵان‌و سەرەوژورکە بوو و، وردە وردە بەفریش دایکرد. ژن‌و منداڵەکان لەژیانیاندا شتی وایان بەخۆیانەوە نەدیبوو هەربۆیە زۆر ناڕەحەت بوون. لەئێوارەیەکی درەنگدا گەیشتینە دێی بلەکێ و لەوێ خێزانەکەی ئێمەیان بردە ماڵی لێپرسراوێکی برادەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. بەڕاستی خزمەتێکی ئێجگار زۆریان کردین‌و جلوبەرگیان دا بەئافرەت‌و

منداڵەکان چونکە لەو زستانە ساردو کڕێوەیەدا هیچ جلوبەرگێکی زیادەیان پێ نەبوو.

هەر بەو چەشنە دێ بەدێ بەحەوت ڕۆژو دوای ماندوبوونێکی زۆر گەیشتینە بێتوش کە بارەگای مەڵبەندی سلێمانیو کەرکوکی حیزبمانی لێبوو. شایانی باسە پێشمەرگەو برادەرانی حیزبی دیموکرات لەسەرجەم ئەو دێهاتو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتیاندا یارمەتی تەواوی هاوڕێیانی حیزبمانیان بەفراوانی دەداو خزمەتیان دەکردینو هەر کارێکمان هەبووایە خێرا بۆیان رادەپەڕاندین.

بارەگاکەی حیزبمان لەدەرەوەی گوندی بێتوش بوو، هاوڕێ سەید عەلی عەبابەیلی لەناو دێدا ژوورێکی بەکرێ گرتبوو ئەو ژوورەکەی خۆی دا بەئێمەو ئێمەش شتومەکی پێویستمان کڕیو لەو ژوورەدا ماینەوە.

لەو کاتەدا ئەم هاوڕێیانە لەبارەگای بێتوش بوون: مام قادر، ئەبو عادل، سەید تۆفیق، حەمەرەشید قەرەداغی، شەهیدان: ئەحمەد مارفو نەسرەدین هەورامیو، هاوڕێیانی نەمر دکتۆر فارسو، شێخ سەعید، سەید عەلی عەبابەیلیی، مامۆستا سەردار، ئەحمەد رەجەبو گەلێک هاوڕێی تر، هەر هەموویان دڵسۆزانە یارمەتییان داینو ژیانیان بۆ دابینکردینو، سێ ژەمەش لەبارەگا نانو پێویستیمان دەهێنا.

نەورۆزی کوڕم کە ئەو ڕۆژانە تەمەنی هەشت ساڵ بوو لەئەنجامی ماندویتیو سەرمای ڕێگاوبان ناوسکی تووشی ژان بوو و باش بوو هاوڕێ دکتۆر فارس بەدەرزیو دەرمان چاکی کردەوە.

ئەو ڕۆژەی کە گەیشتینە بێتوش هاوڕێیان سەرکردایەتی حیزبیان ئاگادارکردو ئەوانیش لەدوای سێ ڕۆژ دوو هاوڕێیان نارد بۆ لامان بۆ ئەوەی من لەگەڵیان بڕۆم بۆ لایانو، منیش خۆم ئامادەکردو لەگەڵیان ڕۆیشتم. لەئێوارەدا گەیشتمە نۆکانو هەر ئەو شەوە دوای نانخواردن، لەگەڵ هاوڕێ عومەردا کەوتینە قسەکردنو، بەسەرهاتی خۆمو هاوڕێیانی ترو تێکڕای ڕووداوەکانم بەدوورودرێژیو بە شتە چاکو خراپەکانی خۆشمەوە بۆ باس کردو وەڵامی پرسیارە وردەکانیم دایەوەو، دواتر گوتی: سبەینێ لیژنەی هەندرێن، کە بەرزترین هەیئەی ناوەوەو شاخە، کۆدەبێتەوە، تۆش ئامادە دەبیتو چیت بۆ من باس کرد بۆ ئەوانیشی باس بکە. بۆ ڕۆژی دوایی ١٩٨١/٣/٦ لەگەڵ لیژنەی هەندرێندا کۆبوومەوە کە ئەم هاوڕێیانە ئامادەبوون: عومەر عەلی شێخ، باوکی سەربان، باوکی حیکمەتو، بەهادین نوری.

منیش ئەوەی بۆ هاوڕێ عومەرم باس کردبوو بۆ ئەوانیشم گێڕایەوەو، دوای ئەوەش ئەوەی کە بۆ ئەوانم باس کردبوو

بەنامەیەک هەموویم نووسیو نێردرا بۆ هاوڕێ عەزیز محەمەدو برادەرانی مەکتەبی سیاسی، کە لەدەرەوەی وڵات بوون.

لەپاش سێ رۆژ هاوڕێ عومەر بەمجۆرە ئاگاداری کردمو گوتی: هەڵوێستی هاوڕێیانی هەندرێن هەموویان بەرامبەرت ئیجابییە. هەروەها گوتی: پێشتر بڕیارمانداوە کە لیژنەی هەرێمی کوردستان لەشاخ پێک بهێنینەوەو هاوڕێ بەهادین دەبێتە سکرتێریانو، ئێستاش بڕیارمانداوە کە تۆش ببیت بەجێگری ئەو و، هەردوکتان ببنە مەکتەبی لیژنەی هەرێم. هەروەها گوتی: بڕیارە لیژنەی محەلی سلێمانیش پێکبێتەوەو تۆش لەیەکەم کۆبوونەوەدا ئامادەبیتو رێکخراوەکانی ناو شاری سلێمانیش هەر لای خۆت بمێنێتەوەو بەنامە سەرپەرشتییان بکەیت. منیش رەزامەندی خۆم پیشانداو لەدواییدا هەر لەوێ منو بەهادین وەک مەکتەبی لیژنە کۆبووینەوەو، لەو کۆبوونەوەیەدا کاتو خاڵی باسو جێگای یەکەم کۆبوونەوەی لیژنەی محەلی سلێمانیمان دیاریکردو ئەو هاوڕێیانەی مافی بەشدارییان هەبوو ئاگادارمان کردن. هەروەها بڕیاریشماندا کە هاوڕێ مام قادر لەکاروباری پێشمەرگایەتی بکێشینەوەو لەگەڵ ئێمەدا ببێت بەئەندامی مەکتەبی هەرێم. هەروەها رێگاو شوێنمان بۆ پێکهێنانەوەی لیژنە محەلییەکانی دیکەی کوردستان داناو، دوای ئەوانە گەڕامەوە بۆ بێتوش.

لەمانگی نیسانی هەمان ساڵدا کە بەفر توایەوەو ڕێگای هاتوچۆکردن خۆش‌و هەمواربوو، دایکی گەلاوێژم ناردەوە بۆ شاری سلێمانی‌و نامەم پێدانارد بۆ هەندێک ڕێکخراو و هاوڕێیان. پاش دوو هەفتە بەکۆڵێ نامەی ڕێکخراوەکان‌و هاوڕێیانەوە هاتەوەو هاوڕێ نازەنینیشی لەگەڵ خۆیدا هێنا کە دەمێک بوو دەیویست بێتە دەرەوەو دەرفەتی بۆ ڕێک نەکەوتبوو لەگەڵ یەکێکدا بێت. ئەوەی جێگای داخمان بوو ئەوەبوو کە پێش چەند ڕۆژێک لەچوونەوەی دایکی گەلاوێژ، دایکی خۆی کە پوری منیش بوو، کۆچی دوایی کردبوو.

نامەکانی ڕێکخراوەکان‌و هاوڕێیانی ناو شار هەموویان داوای هەواڵ‌و ئامۆژگاری‌و چاوپێکەوتنیان دەکرد، لەبەرئەوە بەرەزامەندی سەرکردایەتی حیزب لەگەڵ مەفرەزەیەکی حیزبدا بەپێ چووم بۆ ناوچەی شارباژێڕو، هاوڕێی ئەمر شێخ سەعیدیش هات لەگەڵمان‌و، هەر بۆ خۆشی خۆی هاوڕێی کوڕیشم کە تەمەنی چواردەساڵ بوو لەگەڵماندا هات.

کە گەیشتینە دێی چنگیان‌و بزەینان لە هەردو دێیەکەوە ناردم بەدوای هەندێک لەهاوڕێیان لەپیاو و ئافرەت، ئەوانەی ناردبووم هەموویان جیا بەجیاو یەک لەدوای یەک هاتن بۆ لام، بەتایبەتی هاوڕێیان: جەمالی والی‌و هاوڕێ ناسکەی هاوسەری کە هەتا لەناو شاردا بووم لەماڵی ئەواندا بووم. دواتر هەرچی پێویست

بوو جێبەجێمان کردو نامەو شتی ترم بۆ هاوڕێیان ناردو ئاڵوگۆڕی باری سیاسیو ڕێکخستنو ڕووداوەکانمان کردو ڕێگاو شوێنی ئیشکردنی داهاتوو و ڕێ وشوێنی پێویستمان داناو پاش دوو هەفتە گەڕامەوە بۆ بێتوشو لەوێشەوە چووم بۆ نۆکان بۆ کۆبوونەوەی مەکتەبی هەرێمو باس کردنی چونەکەم بۆ شارباژێڕو باس گشت ڕێکخراو و هاوڕێیانی ناو شار. هاوڕێ عومەر عەلی شێخو هاوڕێیانی تریش چونەکەی منیان بەباشو سەرکەوتوو لەقەڵەمدا. لەگەڵ هاوڕێ بەهادینیش قسەوباسێکی زۆرمان کرد سەبارەت بەیەکەم کۆبوونەوەی محەلی سلێمانی کە ماوەیەکی کەمی مابوو دەست پێبکات، هەروەها ئاگاداریشی کردم کە بڕیاری لیژنەی هەندرێنە کە من لەکۆبوونەوەی محەلیدا خۆم کاندید بکەم بۆ سکرتێری لیژنەی محەلی. دوابەدوای ئەوانە گەڕامەوە بۆ بێتوش بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ کۆبوونەوەکە.

# کۆبوونەوەی لیژنەی محەلی سلێمانی، لەبن شاخی بێتوش لە ئێران

لەپاش نزیکەی دووساڵو، لەمانگی ئایاری ساڵی ١٩٨١دا لەئێران لەپەنا تاشەبەردێکی زۆر گەورەدا لەشاخی بیتوش، ئەو شاخەی کە ئێستگەی دەنگی گەلی عێراق ی لێبوو، کۆبوونەوەی لیژنەی محەلی سلێمانی ئەنجامدرا.

لەو کۆبوونەوە گرنگەدا ئەم هاوڕێیانە ئامادەبوون: مام قادر، نوری (ئەحمەد کەریم)، قادر رەشید (ئەبو شوان)، هاوڕێی نەمر سەید تۆفیق، مەلا عەلی، مەحمود پشدەری، عارفی رانیە، مام بارام، هاوڕێیانی نەمر: شێخ سەعید، دکتۆر فارس‌و، شەهیدی نەمر نەسرەدین هەورامی‌و، شەهیدی نەمر ئەحمەد مارف، خۆم. شەهید عەلی کلاشینکۆف بەهۆی کاروباری پێشمەرگایەتی‌و دووربوونی لەبیتوشەوە نەیتوانی ئامادەبێت. هاوڕێیان باوکی سەربازو، بەهادین نوری وەک سەرپەرشتیار ئامادەبوون.

لەسەر داوای هەمووان من کۆبوونەوەکەم بەڕێوەبرد. پاش پێشکەشکردنی خاڵەکانی باس کە لەمەکتەبی هەرێم دامانابوو، هاوڕێیان چەند خاڵێکی تریان خستە سەر.

کۆبوونەوەکەمان دوو ڕۆژی خایاند، بەتێروتەسەلی هەموو خاڵەکان باس کرانو گفتوگۆی زۆریان لەسەرکراو گەیشتینە ئەنجام. سەبارەت بەهەڵگرتنی چەک ئامانجەکانو گیرگرفتەکانی پێشمەرگەو هەڵەکانی هەندێک لێپرسراو و پێشمەرگە لێکۆڵینەوەیەکی زۆریان لەسەرکرا. هاوڕێیان باوکی سەربازو بەهادینیش بەنۆرەو بەدورودرێژی باسی بارودۆخی وڵاتو جیهانیان کردو شیانکردەوەو وەڵامی پرسیاری هاوڕێیان درایەوە.

دوای تەواوبوونی ئیشوکارەکان، کە هەموو شتەکانی کۆتایی هات، ئینجا دەستکرا بەهەڵبژاردنی سکرتێرو مەکتەبی محەلی (ملمس). بۆ سکرتێر لەمن زیاتر کەسیتر خۆی هەڵنەبژارد، هەربۆیە هەموو دەنگەکانم وەرگرت.

بۆ هەڵبژاردنی (ملمس) دوو کەس بڕیاردرا بەڵام ئەم سێ هاوڕێیە خۆیان کاندیدکرد: قادر ڕەشید، نوری، سەید تۆفیق. لەئەنجامداو بەزۆرینەی دەنگ قادرو نوری دەرچوون. بەم شێوەیە کۆبوونەوەکەمان کۆتایی هات. وەکو هەموو هاوڕێیانو سەرپەرشتیارەکانیش گوتیان کۆبوونەوەکە سەرکەوتووبوو.

دوابەدوای ئەوە (ملمس) کۆبووینەوەو ئەم بڕیارانەماندا:

١. لەسەر داوای هەیئەی سەرەوە، بڕیارماندا کە ئەم هاوڕێیانە هەر لەئیشوکاری پێشمەرگایەتیدا بمێننەوە: مەلا

عەلی، عەلی کلاشینکۆف، نەسرەدین عابد هەورامی، شێخ سەعید.

ئیتر هەموو هاورێیانی تر ئیشوکاری پێشمەرگایەتییان لێسەندرایەوەو ئیشوکاری حیزبییان پێ سپێردرا.

٢. لەسەر پێشنیاری هاورێی ئەمر سەید تۆفیق، سەید تۆفیق خۆی داندرا بەسکرتێری لیژنەی قەزای هەڵەبجەو بەرەو ناوچەی هەڵەبجە رۆیشت.

٣. هاورێ نوری داندرا بەسەرپەرشتیاری ناوچەی قەرەداغو دەربەندیخانو، پێویستە ناوبەناو و بەپێی پێویست سەردانیان بکات.

٤. هاورێ قادر رەشید داندرا بەسەرپەرشتیاری ناوچەی شوان.

٥. خۆشم لەبەرئەوەی دەبێت سەردانی ناوچەی شارباژێڕ بکەم بۆ سەرپەرشتی رێکخراوەکانی ناو شاری سلێمانی، بڕیاردرا کە ببمە سەرپەرشتیاری رێکخراوەکانی ناوچەی شارباژێڕ.

ئیتر دوای ئەوە مانگی جارێکو بەپێ لەگەڵ هاورێ جەلال عەلی دەوڵەتدا دەچووم بۆ ناوچەی شارباژێڕو، پاش دوو هەفتە دەگەڕامەوەو لەگەڵ ملمس کۆدەبوومەوەو دەسبەجێ دەچووم بۆ نۆکان بۆ کۆبوونەوەی مەکتەبی هەرێمو پاش دوو سێ رۆژ دەگەڕامەوە بۆ بێتوش.

# گواستنەوەمان بە ماڵەوە بۆ ناوچەی شارباژێڕ

لەبەرئەوەی مانگی جارێک لەبیتوشەوە بەپێ دەچووم بۆ ناوچەی شارباژێڕو دوای دوو هەفتە دەگەڕامەوەو لەوێشەوە دەچووم بۆ نۆکان بۆ کۆبوونەوەی مەکتەبی هەرێم، ماوەیەکی زۆری دەبردو نارەحەت بوو، بەڕەزامەندی حیزب ماڵەکەمان گواستەوە بۆ ئەوێ . لەپارچە زەوییەکی حاجی عەبدول لەدێی هەولۆ ژوورو هەیوانێکمان دروستکرد. حاجی عەبدول پیاوێکی باش‌و لێهاتووبوو، خۆی بەئاشکراو بەدڵ بارزانی ڕەحمەتی‌و پارتی خۆشدەویست، برازاکەشی کە ناوی مەلا جەبار بوو، کادیرێکی پێشکەوتووی حسک بوو. بەم هۆیەشەوە حیزبمانی خۆش گەرەک بوو.

لەو کاتەدا گەلاوێژو هاوڕێ نێردرابوون بۆ نۆکان بۆ ئەوەی لەوێوە لەگەڵ شوانی کوڕی ئەبو شوان‌و بەهاری باجی مونیر بڕۆن بۆ مۆسکۆ بۆ خوێندن.

لەڕۆژی ١٩٨١/٩/١دا من‌و دایکی گەلاوێژو شەهید هیواو ئامانج‌و نەورۆز، لەگەڵ هاوڕێ جەلال عەلی دەوڵەتدا بەپێ و ئۆتۆمبێل‌و تراکتۆرو وڵاخ کەوتینەڕێ و بەدوو ڕۆژ گەیشتینە

گوندی هەرمێلە کە نزیک دێی هەوڵو بوو و، بەرێکەوت مەفرەزەکەی حیزبمان لەو دێیە بوون.

لەو کاتەدا کە ماڵەکەمان گواستەوە بۆ هەوڵو، لەناوچەکەدا تەنها مەفرەزەیەکی چەکداری حیزبی لێبوو کە ژمارەشیان زۆر نەبوو و، ئەندامانی لیژنەی حیزبی ناوچەی شارباژێڕو یاریدەدەرەکانیان کە چەکداربوون هەر لەو ناوەبوون.

لیژنەی شارباژێڕ لەم هاوڕێیانە پێکهاتبوو:

سکرتێرەکەیان هاوڕێی نەمر دکتۆر فارس بوو. ئەندامەکانیشی ئەم هاوڕێیانە بوون: شێخ ڕەسوڵ،ئارام، شەهید بایزی سەید باقی. پاش ماوەیەک دکتۆر فارس نەخۆش کەوت‌و نێردرا بۆ چارەسەر ئیتر هاوڕێ شێخ ڕەسوڵ بوو بەسکرتێری لیژنەکە. لەپاش ماوەیەکی تر لیژنەیەکمان لەم هاوڕێیانە پێکهێنا: مامۆستا رزگار (فاروق)، کەمال عوسمان، سامی سابیر (سەرکەوت)، کە خۆم لێپرسراویان بووم‌و، ئیشی ئەم لیژنەیەش ئەوەبوو کە هەندێک ڕێکخراو و هاوڕێیانی ناو شاریان بەرێوەدەبردو. سێ پێشمەرگەش یاریدەدەرمان بوون کە ئەم هاوڕێیانە بوون: شەهید هێرش عەلی شەریف، شەهید هیوای کوڕم، هەژاری برای مامۆستا رزگار. سەروەختێک کە شەهید هیوا چووە ناو بەتالیۆنی حەوتی هەورامانەوە، هەڵۆی ئەحمەدی چایچی هاتە جێگاکەی، ئیتر ئێمەو لیژنەی شارباژێڕ کە هەر

خۆم سەرپەرشتیاریان بووم، زیاتر هەر پێکەوە جەولەمان دەکردو ئیشەکانمان رادەپەڕاند.

رۆژ لەدوای رۆژیش هێزە چەکدارەکەی حیزب بەهێزو فراوان دەبوو. ئێمەش ئیشوکارەکانمان بەباشی رێکخستبوو، هەموو هەفتەیەک یەکێک لەتەتەرەکانی ناو شارو یەکدووانێک لەرێکخراوە جیاجیاکانی ناو شار بەتایبەتی خەتی ئافرەتان‌و قوتابیان دەهاتن بۆ لامان‌و ئیشەکانمان جێبەجێ دەکردو دەگەڕانەوە. هەروەها زۆرجار لەرێگای رێکخراوەکانی ناو شارەوە یارمەتی تەتەرەکانی بەغداو فوراتی ناوەراست‌و جێگاکانی ترمان دەدا لەگەیاندنی تەتەرو هاورێکانیان بۆ شاری سلێمانی‌و لەوێشەوە بۆ شارباژێر.

پاش ماوەیەکی دیکە بارەگای مەڵبەندی سلێمانی - کەرکوکی حیزب هاتە ناوچەکە لەدێی حاجی مامەندو، هەندێک لەلێپرسراوانی بەغداو کوت‌و فوراتیان لەگەڵدابوو کە بەزۆری ئیشەکانیان پەیوەندیکردن بوو بەو شارو ناوچانەوە لەرێگای تەتەرو هاورێکانیانەوە کە رێکخراوەکانی ئێمە لەشارباژێرو سلێمانی یارمەتییان دەدان.

دوای هاتنی بارەگای مەڵبەند، زۆر لەکادیرەکانی حیزب بەخێزانەوە هاتنە ناوچەکەو لەچەند دێیەکی نزیکی یەکتریماڵیان گرت‌و نیشتەجێبوون. وەک ئەم هاورێیانە: مام بارام،

نوری، مامۆستا سەلاح، سەید تۆفیق، مامۆستا رزگار، کەمال عوسمان‌و چەند هاورێییەکی دیکەش. دوابەدوای ئەمانە هەمووی هێزی چەکدارو حیزبیمان لەهەموو ناوچەکەدا فراوان‌و بەهێزبوو. ئیتر لەشارباژێڕەوە پێشمەرگەکانی مەڵبەند دەچوونە ناو شاری سلێمانی‌و هێرشیان دەبردە سەر مۆڵگەکانی جاش‌و پیاوەکانی رژێم‌و هەروەها پێشمەرگەکان لەوێوە دەنێردران بۆ قەرەداغ‌و گەرمیان‌و هەڵەبجەو دەربەندیخان. بەکورتی، ناوچەی شارباژێڕ بوو بووە پردێکی گەورەو بەنرخ بۆ هێزی پێشمەرگەو رێکخراوەکانی حیزبمان.

# شەڕی پشتەشان

لەو کاتەدا بەبڕیاری سەرکردایەتی حیزب ئاڵوگۆڕێکی زۆر لەناو کادیرەکانی حیزبو هێزی چەکداردا کرا. لیژنەی محەلی سلێمانی وەکو جاری جاران نەما بەڵکو قەزاو ناوچە ناوچە جیاکرانەوەو هەر جێگایەک درا بەئەندامێکی هەرێم یاخود محەلی بۆ بەڕێوەبردنی. لەم ئاڵوگۆڕەدا من تەنها ڕێکخراوەکانی ناو شاری سلێمانیم لەلا مایەوەو، هاوڕێ بەهادین بوو بەلێپرسراوی مەڵبەند. زۆربەی ڕێکخراوە حیزبەکان لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە بەڕێوەدەبران.

هەر لەو کاتەدا پێشمەرگایەتی هێندە خۆشەویست بوو بوو هەموو لاوان دەهاتنە دەرەوەو دەبوونە پێشمەرگە. تەنانەت شەهید هیوای کوڕم کە چەکداریش بوو، هەوڵی زۆریدا کە بڕواتە ناو پەلی پێشمەرگەوە بۆ ئەوەی لەپەلاماری دوژمندا بەشداری بکات. ئەوەبوو بەزۆری خۆی بووە پێشمەرگەی بەتالیۆنی حەوتی هەورامانی هەڵەبجەو لەهەڵبژاردندا بەلێپرسراوی سیاسی پەل دەرچوو و تا ئەو ڕۆژەی کە شەهیدکرا لەو پەلەدابوو.

بارودۆخەکەمان، بارودۆخی حیزبیو پێشمەرگایەتیش، زۆر باش سەرکەوتوو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو فراوانیو بەهێزبوون

دەرۆیشت. هەرچەندە لەناو ریزی پێشمەرگەدا بەلبەلەیەکی فیکری زۆر توندو فراوان هەبوو. بەتایبەتی لەدژی سەرکردایەتی حیزبو سەبارەت بەو بەرەیەی کە لەگەڵ بەعسدا کرابووەوەو لەئەنجامیشدا نەک هەر سەرکەوتوو نەبوو بەڵکو هەموو بینیشمان چ زەرەرو زیانێکی هەبوو بۆ حیزبو سەرجەم هێزە دیموکراتیو نیشتیمانییەکانو تێکڕای گەلانی عێراق.

# دوای شەڕی پشتئاشان

کاتێک کە شەڕی پشت ئاشانیش دەستیپێکردو لەدوایشدا حیزب قوربانی زۆریدا، بەلبەلە فیکرییەکە زیاتر پەرەی سەند. هەروەها هەڵوێستی سەرکردایەتی مەڵبەند، بەتایبەتی هەڵوێستی بەهادین نوری، دەرکەوت کە گوێی بۆ بڕیاری سەرکردایەتی حیزب‌و بەرەی جود سەبارەت بەو شەڕە نەدەگرت‌و ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا هەیبوو نەک هەر نەیبڕی بەڵکو بەهێزتریان کرد. بەتایبەتی پەیوەندی بەهادین‌و مەلا عەلی لەگەڵ مەلا بەختیارو سالار عەزیزدا.

ئەو دەمە وەک چۆن بەهادین نوری لەگەڵ سەرکردایەتی حیزبدا ناکۆک بوو، مەلا بەختیارو سالار عەزیزیش لەگەڵ سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانیدا ناتەبا بوون‌و، ئەوەبوو لێیان جیابوونەوەو ئاڵای شۆڕشیان پێکهێنا.

ئەو کاتە بارەگای مەڵبەندی حیزبمان‌و یەکێتی لەحاجی مامەند بوون. ئەگەر مەلا بەختیار بەقسەی سەرکردایەتی خۆیانی بکردایەو پەلاماری هێزەکەمانی بدایە، بەبێ شک ئازارێکی زۆری دەداین. چونکە هێزەکەی حیزب لەهیچ روویەکەوە بەراورد بەهێزو توانای ئەوان نەدەکرا.

ئەو کاتەی کە هێشتا بارەگای مەڵبەند لەحاجی مامەندبوو، هەرچی پێشمەرگەو کادیری ناوچەی شاربازێڕ هەبوون. لەبەر پاراستن، چووینە حاجی مامەند. لەوێ بەهاوڕێ بەهادینم گوت: ئێستا سەرکردایەتی مەڵبەند تەنها تۆو مەلا عەلی لێرەن، راست نییە لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا هەموو شت هەر ئێوە بڕیاردەری بن. زیاد لەچل کادیری پێشکەوتووی پێشمەرگەو ڕێکخراوەیی لێرەن ( لە کوردو عەرەب)، واباشە بۆ شتە گرنگەکان راوبۆچوونی ئەوانیش وەرگرن‌و با هەموو پێکەوە کاربکەین‌و بەشداری بڕیاردان‌و هەڵسوڕان بکەین. ئەویش گوتی: منیش هەر وام بیرکردووەتەوە. ئیتر ناوبەناو بۆ شتی گرنگ سی‌وپێنج تا چل هاوڕێ کۆدەبووینەوەو دیراسەی هەموو شتەکانمان دەکرد.

کاتێکیش کە کاک مەلا بەختیار ئاگاداری کردین‌و گوتی: بۆ ئەوەی خۆمان‌و ئێوەش لەشەڕ دووربکەوینەوەو خوێن لەنێوانماندا نەڕژێت باش وایە ئێوە بڕۆن بۆ ناوچەی قەرەداغ. ئەوەبوو ئێمەش هەر هەموومان لەپاش لێکۆڵینەوەیەکی ورد پەسەندمان کردو بەو داوایە رازی بووین‌و، سەرجەم هێزەکەمان بەدوو وەجبەو دوو رۆژ بەرەو قەرەداغ کەوتینەرێ و بەسەلامەتی گەیشتینەجێ . لەوێش، هەر بەهۆی فشاری پێشمەرگەکانی یەکێتی، زۆر نەماینەوەو ناچار بەرەو ناوچەی دەربەندیخان بارمانکرد. لەوێش پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر

هەمدیسان بارمانکرد بۆ ناوچەی شارەزوور. لەو کاتەدا یەکێتی نیشتیمانی لەگەڵ رژێمدا رێککەوتنیان سازداز هێزەکانیان چوونە ناوچەی سلێمانی. لەشارەزوور لەپێشدا تەنها هێزی حیزبی لێبوو و، بارودۆخەکە سەلامەتو باش بوو چونکە لەشارەزوورەوە بەئاسانیپێشمەرگە دەچوون بۆ هەڵەبجەو بۆ سورێن کە هاوڕێ باوکی ئاراو هێزێکی کەم لەوێ بوونو ئەویش پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ سەرکردایەتی حیزبدا هەبوو.

لەشارەزوور ناکۆکیو نارەزایی زۆر بوو بەتایبەتیش لەنێوان بەهادین نوری لەلایەکو لەلایەکی دی مەلا عەلیو شەهید عەلی کلاشینکۆفو شەهید جەوهەردا. لەئەنجامدا لەکۆبوونەوەیەکی فراوانی کادیرەکاندا کە چل هاوڕێ ئامادەیبوون، بریاردرا بەشێوەیەکی کاتی لیژنەی سەرکردایەتی مەڵبەند زیادبکرێت. بۆ ئەوەی لیژنەکە فراوانتربێتو ئیشی فەردی نەبێتو لیژنەکەش کە تەنها بەهادینو مەلا عەلیو عەلی کلاشینکۆف ئامادەبوون لەشەرەچنگو مشتومڕی بێسودو زویربوون رزگاربکرێت. سەرەنجام بڕیاردرا سێ هاوڕێ هەڵبژێرینو، بەکۆی دەنگ بڕیاردرا کە شەهید جەوهەرو شەهید نەسرەدین هەورامیو ـمن بەشێوەیەکی کاتی ببین بەئەندامانی هەیئەی سەرکردایەتی مەڵبەند. بەهەڵبژاردنی ئەم سێ هاوڕێیە ئارادەیەکی باش

بارودۆخی سەرکردایەتی مەڵبەند باش بوو بەڵام گیروگرفتەکانو هەندێک بەلبەلەی فیکری هەر مانو بنەبڕ نەکران. هەندێک هاوڕێی پیرو نەخۆشو کادیری هاوڕێی عەرەبی ناپێشمەرگەمان لەگەڵدابوون هەموویان نێردران بۆ هەزارئەستون بۆ لای هاوڕێ ئەبو تارا.

لەشارەزوور جیا لەئیشەکانی سلێمانیو هەیئەی مەڵبەند، لەبەرئەوەی فێری دەرزی لێدانو تەداوی سەرەتاییش بوو بووم، بەردەوام دەرزیم لەنەخۆشی دێهاتەکان دەداو دەرمانم پێدەدان. ئەوەش زۆری سەرقاڵ کردبووم.

رۆژێک هاوڕێیان ئاگاداریان کردین کە هاوڕێ باوکی سەرباز هاتووە بۆ کەرەجاڵو داوای کرد هەیئەی مەڵبەندو هەندێک کادیری تر بڕۆن بۆ کەرەجاڵ. لەوێ وا بڵاوکرایەوە کە هاوڕێ بۆ یارمەتیدانی هەیئەی مەڵبەند هاتووە. بەڵام بەهادینو مەلا عەلی هەر زوو گوتیان: بۆ سەرکردایەتیکردنی مەڵبەند هاتووە. پاش ماوەیەک کۆمەڵێکی ترمان چووین بۆ کەرەجاڵو ژمارەیەکی کەم لەناوچەی شارەزوور مانەوە. ئەو کاتە ئیتر پێشمەرگەیەکی زۆر لەلایەنەکانی دیکە هاتنە ناوچەکەو لەگەڵ برادەرانی ئێمەدا لەهەموو روویەکەوە هاوکاری یەکترییان دەکرد.

دوای ماوەیەکی کەم هاوڕێ باوکی سەرباز ڕایگەیاند کە بەبڕیاری سەرکردایەتی حیزب بووە بەلێپرسراوی یەکەمی مەڵبەند. دوابەدوای ئەمە ئیتر دووبەرەکی دەستپێکرد. بەهادین لەمەڵبەند خۆی کێشایەوەو دەستیکرد بەنووسینی (هەڵسەنگاندن) ەکەی‌و. لەملاشەوە برادەرانی هاندا کە پێویستە هەڵبژاردن بکرێت بۆ پەل‌و لق‌و بەتالیۆنەکان‌و دواجار بۆ هەڵبژاردنی هەیئەی مەڵبەندو لێپرسراوە سیاسییەکانی ناو هێزی پێشمەرگەو، پێشمەرگەکانیش بەزۆری لەگەڵ ئەو هەڵبژاردنەدا بوون. لەپێشدا باوکی سەربازو ئەوان دژی هەڵبژاردن بوون‌و، پاش گفتوگۆیەکی زۆر ئەوانیش ڕازیبوون.

سەرەتا هەڵبژاردن لەبەتالیۆنی حەوتی هەورامانەوە دەستپێیکردو، بەرەزامەندی هەردوولا، مەبەست لەهەردوولا ئەمانەن: ئەوانەی سەر بەمەڵبەندی ئەو کات بوون کە باوکی سەربازی لێبوو و، لایەنی دووەمیش بەهادین‌و ئەوانەبوون کە سەر بەوبوون، من‌و بەهادین بووینە سەرپەرشتیاری هەموو هەڵبژاردنەکان. لەبەتالیۆنی حەوت بەشێوەیەکی ڕاست‌و ڕێکوپێک هەڵبژاردن دەستپێکردو لەئەنجامدا هیچ کەس لەوانەی لەگەڵ بەهادین دا بوون دەرنەچوون. بەهادین‌و ئەوان دەیانویست شەهید تۆفیقی حاجی ببێت بەئامر بەتالیۆن بەڵام شەهید عەلی کلاشینکۆف بەزۆرینەی دەنگ دەرچوو.

لەخواریشەوە هەمان شت. ئیتر شەهید تۆفیقی حاجیو خزمو برادەرەکانی کە ١٢ - ١٣ برادەرێک دەبوون بەچەکەکانیانەوە چوونە ناو باخەکانی ئەحمەد ئاواوە نزیک سەرچاوەی زەڵمو گوتیان ئیتر ئەوامری مەڵبەندو بەتالیۆن جێبەجێ ناکەین تا تۆفیق نەبێتە ئامر بەتالیۆن.

لەلایەن مەڵبەندەوە منیان دانا بۆ ئەوەی بچم قسە لەگەڵ شەهید تۆفیقو ئەو برادەرانەدا بکەم بۆ ئەوەی بگەڕێنەوەو گرفتەکە گەورە نەکەن. چەند جارێک چووم بۆ لایانو قسەمان زۆرکردو رێزێکی زۆریان لێدەنام بەڵام قسەکانمان سودی نەبوو و نەگەڕانەوە چونکە بەهادینو مەلا عەلیو کۆمەڵێکی زۆر لەپێشمەرگە لەگەڵ تۆفیقدا بوونو هانیان دەدا بۆ ئەوەی نەگەڕێتەوە. دوای ماوەیەک لەسەرکردایەتییەوە نامە هات کە هەڵبژاردن رابووەستێنن. دوابەدوای ئەوە ئیتر بەهادینو ئەوان زیاتر کەوتنە خۆیانو خەڵکیان بۆ لای خۆیانو لەدژی هەیئەی مەڵبەند رادەکێشا.

بەهادینیش بەردەوام قسەی بۆ برادەران دەکردو هەڵسەنگاندن (تقیم) ەکەی لەچاپداو بڵاویکردەوە. بەهادین دەیگوت لەسەدا هەشتای پێشمەرگەم لەگەڵە. من لەپێشدا لەگەڵ بەهادین بووم بۆ ئەوەی هەڵبژاردن لەمەڵبەند بکرێتو هەروەها بۆ هەڵسەنگاندنەکەشی، لەگەڵ ئەوەدا بووم کە گوشار بخرێتە

سەر سەرکردایەتی حیزب بۆ ئەوەی کۆنگرە یان کۆنفرانس بگیرێت بۆ پێداچوونەوە بەرێبازی حیزبداو لێکۆڵینەوەش بکرێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەکانی حیزب سەبارەت بەرەکەمان لەگەڵ بەعسداو کۆمیتەی ناوەندی تازە هەڵبژێردرێتو..هتد. بەڵام هەرگیز لەگەڵ کەرتکاریدا نەبووم‌و چەندین جار بەهاوڕێ بەهادینم گوت: من لەدژی کەرتکردنی حیزبم. ئەویش هەموو جارێک دەیگوت: من کوڕی حیزبم چۆن شتی وەها دەکەم. هەروەها بەئاگاداری خۆم هاوڕێ حەمەرەشید قەرەداغی‌و، شەهید نەسرەدین عابد هەورامی‌و، عومەر حامیدو.عەتاو چەند هاوڕێیەکی دیکەش بەبەهادینیان دەگوت: ئێمە بۆ هەموو شتێکی باش لەگەڵ تۆداین، بەڵام بۆ کەرتکردنی حیزب هەرگیز لەگەڵت نابین. ئەویش لای ئەو هاوڕێیانەش هەر هەمان قسەی دەکردەوە کە کوڕی حیزبەو شتی وەها ناکات.

دوای چەند رۆژێک هاوڕێ بەهادین پێی گوتم: ئەگەر پارەی حیزبت لەلایە (١٥٠) دینارم بدەرێ (لەئێران تایپ‌و رۆنیۆی پێدەکڕم)، منیش هەستمکرد کە دوور نییە نیازی کەرتکاری هەبێتو، گوتم: پارەیەکی زۆر کەمی حیزبم لەلایە کە نیوەی ئەوەش نابێت، بەڵام بابزانم بەڵکو بەم نزیکانە لەشارەوە پارەی رێکخراوەکانم بۆ بێت، ئەگەر هات بەسەرچاو.

بەڵام خۆم زۆرم لێکدایەوە کە ئەو تایپو رۆنیۆی بۆ چییە ئەگەر بۆ دروستکردنی حیزبو کەرتکردنی حیزب نەبێت.؟!

پاش هەفتەیەک پێمی گوتەوە: پارەکە نەبوو.؟ منیش گوتم: نەخێر هیچ نەهاتووە. ئینجا گوتی: دەباشە ٣ تا ٤ هاوڕێی خۆتم بدەرێ لەوانەی ناو شاری سلێمانی.؟! منیش گوتم: بۆ چیتە.؟ گوتی: بۆ ئیشی خۆمم دەوێن. گوتم: باشە بابزانم لەناو شار کام هاوڕێ دادەنێین ئەوسا ئاگادارت دەکەمەوە.

ئیتر دڵنیابووم کە هاوڕێ بەهادین نیازی کەرتکاری هەیە ئەگینا چوار هاوڕێی ناو شارو تایپو رۆنیۆی بۆ چییە.؟!

منیش کە لەهەموو ژیانی حیزبایەتیمدا دژی کەرتکاران بووم، چونکە باش دەمزانی کەرتکردنی حیزب هەڵەکانی راست نابێتەوە بەڵکو خراپتر دەبێت. هەربۆیە چوومە لای باوکی سەربازو، گوتم: هاوڕێ بەهادین نیازی کەرتکردنی حیزبی هەیە، تکایە مەکتەبی سیاسی ئاگاداربکەو خۆشتان وریابن. ئەویش گوتی: چۆن دەزانی، چی بووە.؟ گوتم: هەڵسەنگاندن (تقیم) ەکەتان بینیوە کە هەر لەمەڵبەند بەدزی ئێوەوە چاپیکردووە.؟ گوتی: نەخێر. منیش دانەیەکم لەتەقیمەکە داپێیو. ئینجا گوتم: داوای سێ چوار هاوڕێی سلێمانیو سەدوپەنجا دینارم لێدەکات بۆ کرینی تایپو رۆنیۆ لەئێران. ئینجا هاوڕێ گوتی: زۆر راستە نیازی وایە، بەڵام تۆ جارێکا پێی مەڵێ کە ئێمەت

ئاگادارکردووەو هەر لەگەڵیدابە بابزانین نیازی چی هەیەو چی دەکات.؟

دوای چەند رۆژێک چووم بۆ ناوچەی شارەزوور بۆ پەیوەندی بەو هاوڕێ ئەتەرانەوە کە دەهاتن بۆ لام. رۆژێک هاوڕێ (علاو) ی برای هاوڕێ بەهادین نامەیەکی پێدام کە کردمەوە تەماشام کرد لەهاوڕێ بەهادینەوە هاتووەو، بۆی نووسیبووم: من ئەوکارەم راوەستاندووە کە بەدەستمانەوەبوو، تۆش بەردێکی بنێرە سەرو وابزانە هیچ نەبووەو ئەو تەقیمەی کە لەلاتە بەعەلای برامدا بۆمی بنێرەوە. منیش تەقیمەکەم دا بەمامۆستا عەلا بەڵام هیچم بۆ خۆی نەنووسی چونکە دیاربوو کە پێی زانیبوو من لەلای حیزب قسەم لەسەرکردووە.

سەروەختێک کە گەرامەوە بۆ کەرەجاڵ هەر لەرێگاوە چاوم لێبوو هاوڕێ بەهادین لەیەکێک لەسەربانەکانی بارەگا بەتەنها دەهاتو دەچوو، منیش دەسبەجێ چووم بۆ لای. بەنابەدڵی تەوقەیەکی ساردی کردو بێ قسەو دوای دوو دەقیقە گوتی: من دەرزم ئێشم هەیە.! دوای ئەو چوومە لای هاوڕێ بابی سەربازو نامەکەو هەڵوێستەکەم بۆ گێڕایەوە. هاوڕێش گوتی: بەوەی زانیوە کە تۆ تەقیمەکەت داوە بەمن و باسی شتەکانی دیکەشت کردووە. منیش گوتم: کێ بۆی گێڕاوەتەوە.؟ هاوڕێ بەپێکەنینەوە گوتی: هاوڕێیەک بۆی گێڕاوەتەوە... لەو کاتەرە بەهادین نوری هەڵوێستی لە من گوڕاو پەیوەندیمان تێکچو.

# چەند بەڵگەنامەیەکی ڕاستی لەسەر گرتنەکەم

ئەمانەی لێرەدا ئەیانخەمە روو راستییەکی مێژوویە، لای جەماوەر و لای قیادەی حیزبیش روون و ئاشکرایەو پاکی من دەسەلمێنن.

١. تێکۆشەرانی حیزبەکەمانو هەموو حیزبە پێشکەوتن خوازەکانی عێراقو کوردستان ئەو ڕاستییە باش دەزانن کە دایەرەکانی ئەمنی بەعس، دەستێکی باڵای پیسیان هەبوو لەدروستکردنی درۆو دەلەسەو گۆڕینی ڕاستیو دروستکردنی دەیان شتی ساختە لەدژی تێکۆشەرانو حیزبەکانیانو شکاندتی سومعەی سەرکردەو ئەندامانی هەموو ئەو حیزبانەی دژی بەعس بوون منیش یەکێک بووم لەو تێکۆشەرانەی کەوتمە بەردەستیانو توانیم فێڵیان لێبکەمو خۆم لەچنگی خوێناوییان رزگار بکەمو بەخاوو خێزانەوە ڕابکەین بۆ شاخو ئەو وەعدەی پێم دابوون کە لەو حزبە شیوعییە ساختەیەی دەیانویست دروستی بکەن هاوبەشی تێدابکەم بەجێم نەهێناو چومەلای سەرکردایەتی حیزبو بەتەواویو بەئامانەتەوە گرتنو بەربوونەکەم بۆ باسکردن، ئیتر بەو هەڵوێستەم دایەرەی ئەمن شێتگیربوونو کەوتنە دروستکردنی درۆو دەلەسە لەدژی من.

وە بارودۆخی حیزبیش لەو کاتەدا لەبارنەبوو بۆ لێکۆڵینەوەی تەواوو بەربەچدانەوەی ئەو جۆرە پروپاگەندانە. هەروەها لەو ساڵانەی بەعس مابوو لەعێراقدا، خۆشم نەمدەتوانی هەموو شت بنوسم و ئەو ناوانە بڵاوبکەمەوە وەک ئێستا دەیکەم.

٢. هەتا ئەو کاتەی گیرام لەشەوی ٥لەسەر١٩٨١/٢/٦ دا ئەم هاوڕێیانە ڕاستەوخۆ پەیوەندی حیزبییان بەخۆمەوە هەبوو {ئەحمەد حامد، غەفوری حاجی سەعیدی نانەوا، مامۆستا ئەکرەم، ئەحمەد عەلی دەوڵەت،عەبدولی چایچی، حەمەی عەلی دەوڵەت، خوشکە مونیرە سالح، حسین عەلی غالب، خەدیجەی هاوسەری سەید باقی، سابیری دارتاش، نوری قەرەچەتانی، هاوڕێیانی نەمر ئەحمەدی مەساح، کەمالی گەچ، عەبدوڵا زەنگەنە، مەحمودی دەلاک، فاتمەی دایکی شێردڵ، خوشکە توبا کەریم} ئەم هاوڕێیانەو هەندیکی تریش کە ئێستا لەیادم نەماون، هەرهەموویان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ خۆمدابوو... کەسیان نەگیران . هاوسەرەکەی شەهید علی کلاشینکۆف و دایکی و براو خوشکەکانی تا لە شاربوون پەیوەندییان بە منەوە هەبوو هەرچەندە خودی شەهید علی کلاشینکۆف لە شارنەبوو.

٣. لیژنەی ئافرەتانی سلێمانی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەخۆمەوە هەبوو کە ئەم هاوڕێیانە بوون { هێرۆ گزران، قومری خانی هاوسەری مەحموودی دەلاک، چەیران خان}. ئەمانیش

کەسیان نەگیران. بەلاّم دوای ماوەیەکی زۆر لەبەربوونەکەم قومری خان گیراو پاش ماوەیەک بەربوو. دوای بەربوونی لەکەرەجاڵ بینیمو قسەمان زۆرکرد.. لێم پرسی چۆن گیرایتوچییان لێپرسیت، لەوەڵامدا ووتی : تەنیا پێیان ووتم کە (...) ئەو خوشکە ئیعترافی لەسەر کردووم کە من شیوعیمو منیش حاشام لێکردو ئازادکرام.. ووتم: ئەی باسی لیژنەکەیان نەکرد.. ووتی: بەهیچ جۆرێ ئەو شتانەیان باس نەکرد.

٤. هاوڕێ ئەبو عەلی (عیزەت حاجی عوسمان) خۆیو براکەیو ماڵی براکەی تری عیرقان، لەسلیمانی دەژیانو لەڕێگای منەوە شتی بۆ حیزب دەناردو دەهاتو هەفتەی جارێک لەماڵی خۆیانو لەماڵانی تردا چاومان بەیەکدی دەکەوت، ئەویش نەگیرا.

٥. هەندێ جار کە شتی حیزبم دەنارد بۆ بەغداد، بەشی هاوڕێ موکەڕەم تاڵەبانیشی تێدابوو، مانای وابوو دەمزانی کە ئەو پەیوەندی بەحیزبەوە هەیەو نەگیراوە.

٦. لەشاری سلێمانی ماڵە حیزبییە سەرەکییەکەم ماڵی دوو شیوعی ئازاو دڵسۆزی هەڵەبجەیی بوو.{ جەمالی والیو ناسکەی هاوسەری} کە ئەوانیش نەگیرانو ئاشکرا نەبوون.

٧. ئەو ماوە زۆرەی لەهە ولێر بووم، ماڵە سەرەکییەکەم ماڵی (هاوڕێ ئەحمەد شێخۆ) بوو کە خۆیو هاوسەرە دڵسۆزە نهێنی هەڵگرەکەی ئەوپەڕی خزمەتی حیزبیان دەکرد، هەروەها هەر

لەهەولێر ماڵی هاوڕێ (ئیسماعیل حاجی حەوێز) م زۆر بەکاردەهێناو هەندێ جار لێی دەژیامو خوشکە(قانعە) ی خوشکیم هەندێ جار بۆ تەتەری بەکاردەهێنا، هەروەها هاوڕێیەکی مامۆستام لەلابوو، هەندێ هاوڕێی لەلابوو، هەفتەی جارێک ئەچومە ماڵیانو ئیشە حیزبییەکانمان ئەنجام ئەدا، ئەم سێ هاوڕێیە ئەندامی لیژنەی محەلی هەولێر بوونو لەسەر پەیوەندییان بەمنەوە هیچیان نەگیران.

هەروەها پێش ئەوەی بگیرێم پەیوەندی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆم بەم هاوڕێیانەشەوە هەبوو { عەباس ڕۆستەم، ئەفراسیاو شاوەیس، عومەر ساڵح، هۆگر گۆران، حەمە ڕەشید هەورامی، مامۆستا ئەحمەد}. ئەمانیش نەگیران، تەنیا هاوڕێ عەباس ڕۆستەم گیرا، ئەویش هەروەک باسمکرد لەسەر شتی کۆن گیراو ئازادکرا.

هەروەها گەلێ هاوڕێی ترم لەسلێمانیو هەڵەبجەو دەربەندیخانو قەلادزەو ڕانییە جێگای تریش دەناسی، کە هەر هیچیان بەهۆی منو بەقسەی من نەگیران.

٨. ئەگەر لەدایەرەی ئەمن بڕوخامایە، دەبوو پێش هەمووان ماڵە حیزبییەکانم بدایەبەگرت جگە لە چەندەها پۆستو چاپو شوێنو شتی تر، چونکە زۆر لەسەر ئەوە ڕۆشتن،منیش هەر دەمگوت لەماڵی خۆمان زیاتر هیچ ماڵێکی تر نەچووم، هەروەها

زۆر لەسەر ئەوە دەرۆیشتن کەمن زۆر لەهەولێر ژیاوم‌و داوایان دەکرد لەماڵی کێ بووم، هەر سور بووم لەسەر ئەوەی لەم ساڵانەی دواییدا بەهیچ جۆرێک نەچومەتە هەولێر.

٩. هەروەها هەوڵییان دەدا کە بزانن ئەو ئافرەتە شیوعییانە کێن کە ئیش‌وکاری حیزبی ئەکەن، منیش بەدڵنیاییەوە دەمووت ئەو کاتەی ئیشی حیزبیم دەکرد، هەرچی ئافرەتی شیوعی هەبوو وازیان لەحیزب هێناو ڕوخان. تەنها ئافرەتێکیش لەسەر من نەگیرا.

١٠. زۆر پێشتر هاوڕێ (عومەر عەلی شێخ) قسەی زۆر بۆکردم کە ئەگەر گیرام‌و توانیم بڵێم وازم لەحیزب هێناوە، منیش لەبەر ئەوەی لەماڵی خۆماندا گیرام‌و هیچ شتێکی حیزبی سیلاح و تەنانەت هەوییە ساختەکەشم پێنەگیرا، توانیم بڵێم وازم لەحیزب هێناوەو بڕوام بەحیزب نەماوەو ئامادەم لەو حیزبەی بەعس ویستییان دروستی بکەن ئیش بکەم‌و فیلیان لێبکەم.

١١. هەروەها ئەم چوار هاوڕێیەش لە پێش هەمووان گیران : مەلا بەکر، کەمال محەمەد ئەمین، خدرو نەورۆز پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ مندا هەبوو. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی چۆن گیران و هۆی گرتنەکەیان چی بووە ئەوەی تا ئێستا دەرکەوتووە ئەم دوو هۆکارەیە:

- هاوڕێ کەمال محەمەد ئەمین لە وڵاتی سوێد و لە شاری ئۆپسالە لەلای هاوڕێ حەسەن کاکە کە ئەندامی لیژنەی محەلی هەولێر بوو وتبووی فڵانە کەس کە یەکێکە لەو چوار کەسەی کە یەکەمین جار گیرابوون لە تەوقیفخانەی ئەمن گوتی: من ئێوەم داوە بە گرتن و وەعدبێت لە دادگا پەشیمان دەبمەوە و لە ڕاستیشدا وابوو، لە دادگا حاشای لە قسەکانی کرد و ئازادکراین. لەدوایشدا خۆم بە تەلەفوون قسەم لەگەل هاوڕێ کەمالدا کرد و هەمان شتی دووپاتکردەوە.
- هاوڕێ عیزەت حاجی عوسمان "ئەبو عەلی" لە سوێد پێی گووتم: خۆم ئەو فایلانەی دایەرەی ئەمنم بینی کە دەست حیزبمان کەوتووە کە "فلان" کە یەکێکە لە و چوار کەسەی لە پێشەوە گیران خەلکی کفری و کەرکووکی زۆر داوە بەگرتن و دواتیان لە سێدارە دراون

١٢. پاش دوو ساڵ لەبەربوونەکەم، ئەو ڕۆژەی تەرمەکەی هاوڕێی نەمر ( سەید تۆفیق ) مان لەهەزار ئەستونەوە بردە دێی شیرەمەڕ، کە لەوێوە بیگەیەنینە هەڵەبجە، کە هاوڕێیان ( ئەبو تاراو، مەلا عەلی)شمان لەگەڵدابوو، پیاوێکی ئەمن (عەبە سوری) خەلکی دەربەندیخان لەپەنا مزگەوتەکەدا نامەیەکی بەڕێوەبەری ئەمنی سلیمانی پێدام و وتی: داوای وەلامیش دەکەن. عەبەسور وتیشی بەڕێوەبەر لەمێژە ئەیەوێت ئەم نامەیەت بۆ بنێرێت بەلام

نەیدەزانی لەکوێیت... بەڵام بەهۆی منەوە زانییان کە لەم ناوەیت،وتم چۆن زانیت ئێمە ئەمڕۆ دێینە ئەم دێیە... وتی هاتم بۆ هەزار ئەستون بۆلای (فڵان) کە یەکێکە لەلێپرسراوە گەورەکانی پێشمەرگەی حیزب، ئیتر کە هاتمە ئێرە ئەویشم لێرە بینی.

نامەکەی بەڕێوەبەری ئەمن هەڕەشەی تێدابوو کە ئەگەر پەیوەندییان پێوە نەکەم بۆ ئەو حیزبەی دەیانەوێ ، ئەوا بەڤیدیۆ گرتنەکەم بڵاودەکەنەوە، کە لەوان وابوو من ئەو باسەم لەحیزب شاردۆتەوە، هەروەها هەندێ درۆو دەلەسەو شتی تریشی تێدابوو...هەروەها نوسرابوو (ئێمە لەیەکەم ساتدا زانیمان تۆ ڕاستگۆنیت لەگەڵمان)..

منیش بۆ ئەوەی عەبەسور بگرین پێم وت: وەڵامی نامەکە سبەینێ، تۆ مەڕۆرەوە، وتی خۆم دێم بۆ هەزار ئەستون کاری ترم هەیە... من بڕوام پێنەکرد، چوم بە هاوڕێ ( ئەبو تارا) م وت عەبەسور دەگەڕێتەوە یان دێت بۆ هەزار ئەستون، وتی بۆ وتم شتێکی گرنگ هەیە نەڕواتەوە باشە، وتی منیش بیستومە دێت بۆ هەزار ئەستون، ئیتر چاودێریم خستە سەر تا گەڕاینەوە بۆ هەزار ئەستون، کە گەیشتین خۆم نەگرت بیخەمە ڕۆژی دواتر، کات شەو بوو یەکسەر چووم بۆلای باوکی سەرباز، ئەبو تاراو مەلا عەلیو بەهادین نوری پێکەوە لەلای ئەو دانیشتبون،

لەبەرچاوی ئەوان نامەکەم دا بەباوکی سەربازو پێم ووت: ئەمە نامەی بەڕێوەبەری ئەمنە بۆ من هاتووە عەبەسور هێناویەتی وا لێرەشە، تکایە بینێرە بۆ مەکتەبی سیاسی. ئەویش لێی وەرگرتمو پێکەنیو وتی ئەزانم چی تێدایە.. وتم، ئەم ئێوارەیە وەرم گرتووە چۆن دەزانیت؟ پێکەنیو وتی ئیتر.... بۆ ڕۆژی دواتر عەبەسور گیراو چەند مانگێک خانویان پێ دروستکرد، دوای دوو ڕۆژ، هاوڕێ بەها وتی: ئەزانیت باوکی سەرباز چۆن زانیبووی بەو نامەیەی بەڕێوەبەری ئەمن.. وتم بڕوام نییە وابێ ، بەگاڵتەوە وای وتوە.. وتی: نا عەبەسور لەپێشا نامەکەی دابو بە (مەلا عەلی) ئەویش نوسخەیەکی لەبەر نوسیبووەوەو دابوییەوە بە عەبەسور، پاشان ئەویش دابوی بەتۆ، هاوڕێیەکی زۆر پاک و دڵسۆزی خۆم، دوای ماوەیەک سەبارەت ئەو ڕووداوە پێی وتم: شتێکی گرنگ هەیە پێت دەڵێم بە شەرەفت باسی من مەکە، منیش وەعدم پێدا کە باسی نەکەم، ئەو گوتی زۆر ژیریت کرد کە هەر ئەو شەوە نامەکەی مدیری ئەمنت دا بەهاوڕێ باوکی سەرباز، چونکە یەکێک پیلانی بۆ دانابووی گەر ئەو کاتە نامەکەت نەدایە بە باوکی سەرباز ئەوا لە نیوەشەودا یان بەیانی جێگەکەیان دەپشکنی و نامەکەیان دەگرت. ئەوسا ئاسان نەبوو بڵێت نامەکەم پیشان دەدان و گیروفرفتیان بۆ دروست دەکردی.

پاش ئەم ڕووداوە خێزانی چەند کادیرو لێپرسراوێ حیزبی و پێشمەرگە کە ئەو کات لەوێ بوون، کە گەڕابوونەوە لە زۆر جێگا و لای زۆر کەس وتبوویان حیزب نامەی مودیری ئەمنی سلێمانی لە گیرفانی نایب دا دەرهێناوە و گرتوویانە. زۆر خوشکانی شیوعی ڕاستەقینە بەرپێچی بەرپێچی ئەو ژنانەیان دابووەوەو بە درۆیان خستبوونەوە. یەکێ لەوانە هاورێ خەجیجەی هاوسەری سیدباقی بوو لێیان توورەببوو وتبووی: من لە کەڕەجاڵ بووم و نایبم بینی و دەمانچەی پێبوو و وەکو هەریەک لەوان هەڵسوکەوتی دەکرد و هیچ شتێ لەم درۆیانەی ئێوە لە ئارادا نەبوو.

پاشانیش پاش گرتنی فایلەکانی ئەمن ڕاستیەکان ئاشکرا بوون

١٣. لەپاش ئازادکردنی کوردستانو دەست بەسەرگرتنی دایەرەکانی ئەمندا لەساڵی ١٩٩١ دا، گەلێ بەڵگەو فایلو تەسجیلو ڤیدێو و زانیاری کەوتنە دەست حیزبە کوردسانییەکان بەحیزبەکەی خۆشمانەوە، وەک لەزۆر هاورێی لێپرسراوم بیستووە، یەک شتی گومانلێکراو لەسەر من نەبووە، ئەگەر هەبوایە هەر زوو دەبوو بەهەڵاو حیزب هەڵوێستی خۆی وەردەگرت چونکە لە سەر خەڵکی ترو لەسەر دووان، لەو چوارەی کە لەسلێمانی پێش هەمووان گیران، زۆر شت دەست

حیزب کەوتووەو هەیە. هەندێک دەیان وت نایب چۆن هەروا ئازادکراوە... منیش بەم شێوەیە وەڵامم دەدانەوە:

- هیچ شتێکم پێوە نەگیراوەو پێم گووتن من وازم لە حیزب هێناوەو پیرو نەخۆشم و توانای شەڕەشەقی جیزبایەتیم نەماوە.
- کە داوایان لێکردم لەو حیزبە دەستکردەی خۆیاندا کە ویستیان دروستی بکەن ، لە هەیئەتی سەرکردایەتیدا ئیش بکەم بۆ فێڵ لێکردن لێیان گووتم ئامادەم.

١٤. جیا لەم دوو شتەش سیاسەتی بەعس لەو سەردەمانەدا وابوو لەبەرئەوەی پەیوەندییان بە یەکێتی شوورەوی و وڵاتانی ئیشتراکییەوە هەبوو، جاروبار بۆ ڕەزامەندی ئەوان شتی لەم بابەتەیان دەکرد بۆ نموونە:

- لەو ساڵانەی کە نازم گزار مودیری ئەمنی گشتی بەعسی بووهاوڕێ عەبدول ئەمیر سەعید کە ئەندامی لیژنەی ڕێکخستنی ناوەندی بووگرتیان و کوشتیان، هەر لەو ڕۆژانەدا هاوڕێ بەهادین نوری کە سکرتێری ڕێکخستنی حیزب بوو و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو گیرا و زوو ئازادکرا.
- لەو دواییانەدا هاوڕێی ئەمر ثابت حەبیب ئەلعانی کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو و مەسئولی خەتی عەسکەری بوو گیرا و ئازادکرا.

- هاوڕێ ئەبو عامر ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو خۆشی ئەفسەربوو، گیرا و ئازادکرا.

لەم بابەتە زۆر جاری تر شتی وا ڕوویداوە و ئاسایی بووە. ئەگەر بەشێوەیەکیڕاست وپاک و بە ویژدانەوە تەماشای ئەوانە بکرێن و بڕیار لەسەر پاکی و ناپاکی ئەو گیراوانە بدرێکە ئازاد دەکرێن، دەبێ لەوە بکۆڵرێتەوە کە ئایا ئەو گیراوانە چەند زەرەری لە حیزب داوە. نەک مجەرەد کە ئازادکرا بە خراپ دابنرێ.

بێگومان چەندەها راستیو بەڵگە نەویستی تر هەن لای سەرکردایەتی حیزب و زۆر کەسی تریش کە جاری نامەوێ لەوە زیاتر لەسەری بدوێم. من پێموایە کە ئەوە ئەرکی سەرشانی سەرکردایەتی حیزبمانە کە پارێزگاری لە ئەندامەکانی خۆی بکات و هەڵوێستی رەسمی وەرگرێت لەو جۆرە روداوانا. بەوهیوایەم کە رۆژێک لە رۆژان راستی ڕووداوەکان لە مێژووی حیزبدا تۆماربکرێن.

# دانیشتنێکی نیمچە بەرەیی لە گوندی هەوڵو

بەتەواوی لەیادم نییە کە ئایا لەکۆتایی ساڵی ١٩٨١دا بوو یان لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٢دا بەڵام لەبیرمە ئەو ساڵە بۆ یەکەمین جار هێزی پێشمەرگەی پارتی هاتنە ناوچەی‌شارباژێڕ. ڕۆژێکیان ناو گوندی هەوڵو پڕبوو لەپێشمەرگەی پارتی‌و حسک بەرێبەری برادەران: کاکە محەمەدی حاجی مەحمود، مەلا جەبار، عوسمانی قادر منەوەری ڕەحمەتی لەلایەن حسکەو، برادەران عەبدوڵڵا ئاغای ڕەحمەتی‌و برادەرێکی دیکە لەلایەنی پارتییەوە. منیش ئەو بەرێزانەی کە لەسەرەوە ناویانم هێنا بانگهێشتی ماڵی خۆمانم کردن‌و ناردم بەشوێن هاوڕێ سەید تۆفیقی ڕەحمەتیدا کە ماڵیان لەگوندی هەرمیلە بوو.

باس‌وخواسەکانمان زیاتر دەربارەی هاتنی ئەوان بوو بۆ ناوچەکە. لەبەرئەوە هەرچەندە کۆبوونەوەکەمان بڕیاردراو و شێوەی بەرەی نەبوو بەڵام چونکی هەرسێ لایەنەکەمان لەبەرەی جوددا بووین، وەک کۆبوونەوەیەکی بەرەیی لێهات.

لەپاش قسەوباسێکی زۆر سەبارەت بەپێویستیی بەشداری پێشمەرگەکانی حیزبیشمان لەگەڵ ئەوان‌و هاوکاریشی لەتەک پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتیمانی لەناوچەکەداو زۆر ڕووداو و

شتی دیکەش، ئەوجا هاتینە سەر قسەوباسی لابەلاو گێرانەوەی بەسەرهاتی خۆش‌و ناخۆشی کۆن‌و رابوردو. من ئەو کاتە خۆم ناونابوو وەستا محەمەدو، پێشمەرگەو خەڵکی دیکەش هەر بەو ناوە دەیانناسیم‌و ئاشنام بوون. عەبدوڵڵا ئاغا گوتی: کاک نایب، لەبیرتە لەزەمانی پاشایەتیدا لەسلێمانی لەگەڕەکی سەرشەقام‌و لەناو هاوتەمەنەکانی خۆماندا هەر من‌و فەتاح ئاغای برام لەگەڕەکەکەتاندا پارتی بووین‌و ئێوە زۆرتان هەوڵدەداو تەقەللاتان دەکرد کە ئێمەش بکەن بەشیوعی ئێمەش هەر نەبووین‌و هەر پارتی بووین.؟

منیش گوتم: زۆر باشم لەبیرە (لەوەدابووم قسەی تر بکەم) عوسمانی رەحمەتی قسەکەی پێبڕین‌و گوتی: توخوا ئەم هاوڕێیە نایب عەبدوڵلایە.؟ هەموو گوتمان: بەڵێ و (چاوەڕوانی قسەی ترمان لەعوسمانی رەحمەتی دەکرد) ..بەلام ئەو هەر پێدەکەنی‌و قسەی نەدەکرد.! ئیتر زۆرمان لێکرد ئینجا گوتی: ئەو ساڵانەی کە حیزبی شیوعی لەگەڵ بەعسدا لەبەرەیەکدا بوون‌و منیش پارتی بووم‌و لێپرسراوی لیژنەی ئیغتیالاتی ناو شاری سلێمانی بووم، ناوی ئەم هاوڕێ نایبەو چوار شیوعی دیکەیان پێداین کە بیانکوژین بەلام هەرچەندمان کرد بەردەستمان نەکەوتن..!

عەبدوڵڵا ئاغای رەحمەتی لەولاوە هەڵیدایەو گوتی: کاک عوسمان، ئەو قسانە جوان نین، تۆ ئێستا پارتی نیتو شتی کۆنی پارتی باس دەکەیت..

کاکە حەمەش گوتی: بڕواناکەم کاکە عوسمان مەبەستی ئەوە بووبێتو ئێستا هەموو لایەنەکان رێکینو هیچ شتێک لەئارادا نەماوە.

ئیتر کاک عوسمان هەستایە سەرپێ و دەستیکردە ملمو گوتی: بەخوا باش بوو بەردەستمان نەکەوتیت.!

منیش بۆ پێکەنین گوتم: راست قسەبکە ئەیئەوسا کە بەردەستتان نەدەکەوتم چیت پێدەگوتم.؟ ئەویش دەستیکرد بەپێکەنینو گوتی: هیچ.

جێی باسە لەو ساڵانەی پێشوودا فەتاح ئاغاو عەبدوڵڵا ئاغای برای هاتبوونە شاری سلێمانی بۆ خوێندنو، لەماڵی ناسیارێکیان دەژیان. لەناو گەڕەکەکەمانداو لەناو هاوتەمەنەکانماندا هەر ئەوان پارتی بوون، حەزمان دەکردو دەمانویست ئەوانیش ببنە شیوعی بەڵام هەوڵەکانمان کەڵکی نەبوو.

ئیتر دوابەدوای ئەو دانیشتنە چەند جارێکی دیکەش لەدیهاتەکاندا رێکەوتی ئەو برادەرانەمان دەکردو قسەو بەسەرهاتی خۆشمان دەگێڕایەوە.

# پێشمەرگایەتی و ڕۆژانی ڕەش
# فێری دەرزی لێدانیان کردم

لەبەهاری ساڵی ١٩٨٢دا بوو لەماڵی خۆمان لەگوندی هەولو دوپشکێکی گەورە دای بەدەستی دایکی گەلاوێژەوە. تووشی ئازارو ژانێکی زۆری کرد. لەناو دێیەکەدا تەنها هاوڕێ سامی سابیر دەیزانی دەرزی لێبدات تەدوای سەرەتایی بکات، بەرێکەوت لەو کاتەدا ئەویش لەوێ نەبوو. لەو دەمەدا شەهید سەلامی برازای هاوڕێ سەید تۆفیق لەماڵمان بوو و، ئەو نەورۆزی کوڕم بەخێراییو نیمچە ڕاکردن چوون بۆ گوندی کانی مردوان کە کاتژمێرێک ڕێکردن لێمانەوە دووربوو، بەشوێن هاوڕێ مامۆستا ڕزگار (فاروق) دا، چونکە ئەو لەدەرزی لێدانو تەدوایدا زۆر شارەزابوو. هاوڕێ دڵسۆزانەو خۆی ئاسا بەپەلە لەگەڵیان هاتو دەرزییەکی لێدا پاش ماوەیەک ژانو ئێشەکەی شکاو ئازاری نەما.

هاوڕێ فاروق هەر لەوێدا پێی گوتم: ئەوە بۆچی خۆت فێری تەدوای سەرەتاییو دەرزی لێدان ناکەیت.؟ خۆ هیچ نەبێ بۆ کارێکی ئەوهای خۆتان باشە. منیش گوتم: ئەگەر فێرم بکەیت زۆر سوپاسیشت دەکەم. هاوڕێ هەرخێرا بەگوفتار فێری

ئامادەکردنی دەرزیو شوێنی دەرزی لێدانو هەر دەرمانێک بۆ هەر نەخۆشییەکی کردمو، تەنها مایەوە سەر ئەوەی کە بەرەفتار دەرزی لێبدەمو، خوا خوای ئەوەم بوو یەکێک پێویستی بەدەرزی هەبێت بۆ ئەوەی خێرا بۆی بکەم. لەدوای چەند رۆژێک هاوڕێ خەجیجەی هاوسەری هاوڕێ سەید باقیو کچەکانی بەمیوانی هاتن بۆ ماڵمان. سەروەختێک کە باسی دوپشکەکەو دەرزی لێدانەکەم بۆ کردن هاوڕێ خەجیجە گوتی: من خۆم هەموو رۆژێک دەرزییەک لەخۆم دەدەم، ئەمرۆ تۆ ئەو دەرزییەم لێبدە. منیش گوتم: ئاخر دەترسم بەلایەکت بەسەردا بهێنم.! گوتی: هەرچییەکم بەسەرداهات لەسەرخۆم.

منیش هەر بەئامۆژگاری هاوڕێ خەجیجە خۆی دەرمانەکەم کردە ناو سرنجەکەوەو شوێنی دەرزی لێدانەکەم پێ گوت، ئەویش گوتی: تەواوە، ئینجا دەرزییەکم بۆ کرد. کارەکە زۆر سوکو ئاسان بوو، ئیتر ترسم شکاو دەستم راهات. دواتر لەماڵی خزمانەوە پێیدا هاتمو دەستم پێکرد پاشان گەیشتە ناو گوندو دێهاتەکانی دەوروپشتمانو، وام لێهات لەگوندەکانی دەوروبەرمانەوە نەخۆشو ناساغ دەهاتن بۆ لام یاخود دەهاتن بەشوێنمداو دەیانبردم بۆ لای نەخۆش، لەسلێمانیشەوە لەلایەن خزمانو دۆستانی خزمانەوە سرنجو دەرمانمان بۆ دەهاتو ئێمەش بەخۆرایی چارەسەری نەخۆشی دێهاتەکانمان دەکرد.

شایانی باسە هەموو ئەو هاوڕێو دۆستە دکتۆرو برین پێچو ئەوانەش کە وەک من فێری دەرزی لێدانو تەداوی سەرەتایی بووبوون رۆڵێکی کاریگەرو دیاریان هەبوو لەریزەکانی پێشمەرگەدا بۆ خزمەتی جوتیارانو چەوساوەکانی کوردستانی باشورو رۆژهەلات، بەتایبەتی لەو ناوچانەدا کە لەژێر چەپۆکی رژێمی بەعسی عێراقو مەلاکانی ئێراندا نەبوون.چونکە لەو هەموو ناوچە ئازادکراوانەدا نەخۆشخانەیەکی تێدا نەبوو، دکتۆرو برین پێچە شیوعییەکان شەو و رۆژ بەخێرایی خزمەتی خەڵکیان دەکرد، هەربۆیە دانیشتوانی ئەو دێهاتانە بەدڵ حەزیان دەکرد کە پێشمەرگە شیوعییەکان سەردانیان بکەنو، حیزبی شیوعی رۆژ بەرۆژ لەناو جەماوەری چەوساوەی ئەو ناوچانەدا خۆشەویستر دەبوو.

# ڕووداوە مەترسیدارەکەی ناو مزگەوتی نۆدێی شارباژێر

لەهاوینی ساڵی ١٩٨٢دا هەیئەی شارباژێڕی حیزبمان‌و ئەو هەیئەتەش کە سەرکردایەتی ڕێکخراوەکانی ناو شاری سلێمانی دەکردو ئەو هاوڕێ چەکدارانەش کە لەگەڵ ئەو دوو هەیئەتەدا بوون‌و چەند پێشمەرگەیەکی دیکەش لەهێزە چەکدارەکەی حیزب، ژمارەمان لەپانزە چەکدار زیاتربووین‌و، هاوڕێ سەید تۆفیقیشمان لەگەڵ بوو، هاوڕێ عادل عەلاف کە لەناو پێشمەرگەدا بەعادل قاوە ناسرابوو، لەسەرەوە بەئیشی خۆی هاتبوو بۆ ناوچەکە ئەویشمان لەگەڵ بوو، لەپاش سەردانی چەند دێیەک کە بەئیشی ڕێکخراوەیی چوبووین، چووینە دێی (نۆدێ ) و چووینە ناو مزگەوتەکەوە. بەرێکەوت کۆمەڵێک پێشمەرگەی هەڤالانی یەکێتیی نیشتیمانیش لەناو مزگەوتەکەدا بوون‌و خەریکی چەک پاککردنەوە بوون. هاوڕێیانی ئێمەش لەناو ژوورەکەدا دوو دوو و سێ سێ پێکەوە دانیشتبوون‌و بەهێواشی قسەیان دەکردو، هاوڕێ سەید تۆفیق‌و یەک دوو هاوڕێی تر لەهەیوانی بەردەم ژووری مزگەوتەکەو لەبەردەم یەکێک لەپەنجەرەکانی ژوورەکەدا پاڵیان دابووەوەو بەچرپە قسەیان دەکرد. پاش ماوەیەکی کەم لەناو ژوورەکەدا دەنگی تەقەیەک بەرزبووەوەو گوللەکە دای لەو پەنجەرەیەی کە لەدیوی

ئەودیوییەوە هاوڕێ سەید تۆفیق دانیشتبوو و، لەگەڵ تەقەکەدا لەدەرەوە دەنگێ بەرزبووەوەو هاواری کردو گوتی: سەید تۆفیق کوژرا.!

دەسبەجێ هاوڕێ عادل قاوە پەلاماری چەکەکەی خۆیداو خستیە سەرپێ و گوتی: کوا ئەو ناپاکەی سەیدی کوشت.؟ هەر دەیکوژمەوە.! هەر خێرا سەرجەم چەکدارەکانی ئێمەو یەکێتی هەستانە سەرپێ و دایان لەمیلی تفەنگ. بەشێک لەپێشمەرگەکانی هەڤاڵانی یەکێتی نیشتیمانی چوونە دەرەوەی ژوورەکەو چواردەوری مزگەوتەکەیان گرت. منیش خێرا هەستامو پرمکرد بەتفەنگەکەی هاوڕێ عادلداو گوتم: پەلەمەکەن بابزانین هاوڕێ سەید ماوە یان نا. هاوڕێ عادلیش هەر خۆی رادەپسکان لەدەستمو هەر جنێوی دەدا. دوو هاوڕێی دیکەم لەلاوە بوون پێمگوتن: هاوڕێیان ئێوە وەرن هاوڕێ عادل بگرن مەهێڵن تەقەبکات دەچم بزانم سەید چۆنە با فریای بکەوین. هەر خێرا بەرەو هەیوانەکە رامکردە دەرەوەو تەماشام کرد سەید پاڵیداوەتەوەو قسەناکات. خێرا لەشیم پشکنی هیچ شوێنەوارێکم بەدی نەکرد، نە هێنی خوێن نە جێگای گوللە.! هەر ئەوەندە نەبێت کە سەری گوێچکەی بەئاستەم زامداربووبوو دڵۆپێک خوێنی پێوەبوو.! دیاربوو پارچەی شوشەی پەنجەرەکە دابووی لەگوێچکەیو بڕیبووی. ئیتر لەگەڵ دیتنی ئەوەدا لەخۆشیاندا

هاوارم کردو گوتم: هاوڕێ سەید نەک هەر نەمردووە بەڵکو زامداریش نەبووە. خێرا چوومەوە ژوورەوە.

ئیتر تێکرای هاوڕێیان لەخۆشیاندا گەشبوونەوەو گوللەکانیان دەرهێناو دانیشتنەوەو ئەو هەڤاڵانەش کە چووبوونە دەرەوە هاتنەوە ژوورەوە.

لێپرسراوەکەی یەکێتی گوتی: هاورێیان، من نەمزانیبوو کە ئێوە ئەوەندە حەز لەخوێنرشتن دەکەن.

منیش گوتم: هەڤاڵی ئازیز، ئێمە نەک هەر حەزمان لەخوێنرشتن نییە، بەڵکو دژی شەڕو چەکیشینو ئەگەر ناچارنەبین هەرگیز چەک هەڵناگرینو شەڕناکەین. بەڵام ئەوەندەمان هاوڕێ لەناهەقو نارەوا لێکوژراوە بۆیە ئەم ڕووداوانە وامان لێدەکەن نارەحەت بینو چیتر ڕێگای ئەوە نەدەین لەهیچو خۆڕایی بمانکوژن.

ئەگەر ڕووداوەکە گەورەببووایە لایەنی کەم لەهەردوولا پانزە شانزە پێشمەرگە دەکوژرانو کارەساتێکی گەورەی لێدەکەوتەوەو هەر بەوەندەش دوایی نەدەهات.

گوللە لەدەست دەرچوون هەربووەو زۆرجاریش زۆرکەس بەدەستی خزمو ناسیارو هاوڕێی خۆیانو بەهۆی گوللە لەدەست دەرچوونەوە کوژراونو گیانیان لەدەستداوە. لەدوای ئەم ڕووداوە پەندمان وەرگرتو لەکاتی چەک پاککردنەوەدا زۆر وریاو ئاگادار دەبووین.

# تەتەرەکانی حیزب و تۆپباران

لەهاوینی ساڵی١٩٨٣دا لەدێی ئەحمەد برنەو چاوەڕوانی تەتەرەکانی ڕێکخراوەکانی ناو شاری سلێمانیم دەکرد لەماڵی هاوڕێ چەتە. ئەم گوندە خنجیلانەیەی ناوچەی وارماوا هەر لەپەنجاکانەوە یەکێک بووە لەو گوندە شۆڕشگێڕانەی کە هەمیشە ڕۆڵەکانی لەریزی پێشەوەی خەباتی چینایەتیو نیشتیمانیدا بوون لەدژی ئاغاو دەرەبەگو ڕژێمی پاشایەتی نۆکەری ئیستیعمارو، بنکەیەکی پۆڵاین بووە بۆ ڕێکخراوەکانی حیزبمان هەم لەخەباتی سیاسیو هەم لەتێکۆشانی چەکداریو پێشمەرگایەتیدا. ماڵی هاوڕێ شێخ ئەحمەد (چەتە) یش وەک بنکەیەکی بچوک، هەمیشە لەخزمەتی حیزبو هاوڕێیانو پێشمەرگەدا بووە. بەرێکەوت سێ تەتەری سێ ڕێکخراوی ناو شار لەماوەیەکی زۆر کەمدا لەدوو ئۆتۆمبیلدا لەسەر جادەکەی نزیک دێیەکە دابەزین کە ئەمانە بوون: خەجیجەی هاوسەری سەید باقی، خەسوی شەهید عەلی کلاشینکۆفو خەسوی هاوڕێ پۆڵای کەرکوک. هەرسێکیان پێکەوە بەکۆمەڵێک نامەو شتی حیزبییەوە بەرەو ناو دێ کەوتنەرێ ، کە زۆر نزیک بوونەوە لەناو دێ ، لەرەبایەکانی چنارەوە ناودێ و دەوروپشتی دێی ئەحمەد برنەو تۆپباران کرا. لەو تۆپبارانەدا چەند سەر

حەیوانێک پێوەبوون‌و کوژران. ناودێ شڵەژا. لەو کاتەدا هێزێک لەپێشمەرگەکانی حیزب بەرابەری هاوڕێ حەمەرەشید قەرەداغی لەناو دێدا بوون، ئەوان کەوتنە خۆیان، لەلایەک خەڵکی ناو دێیان هێوردەکردەوەو لەلایەکی ترەوە هێزەکەیان لەناو دێ و دەوروبەری‌و لەسەر یاڵ‌و شاخەکان دامەزراند. هەمووان چاوەڕوانی هێرشی دوژمنمان دەکرد، وەک هەموو جارێکی تر، کە تۆپباران بکرایە هێرشی سوپاو جاشی بەدواوە بووە، هەربۆیە خەڵکەکە هەموویان رایانکرد بۆ دۆڵە گەورەکەی پشتی دێ .

هاوڕێ حەمەرەشید بەمنی گوت: تۆش لەگەڵ ئەو هاوڕێ ئافرەتانەی کە هاتوون بۆ لات بچنە پشتی دێ . ئێمەش چووینە ئەوێ و لەپەنا تاشەبەردێکی گەورەدا کە وەک ئەشکەوتێکی بچوک وابوو لێی دانیشتین. پاش کاتژمێرێک هاوڕێ حەمەرەشید هات بۆ لامان‌و گوتی: بەدووربین تەماشای هەموو رێگاکان‌و سەر جادەی سەرەکی نێوان سلێمانی - دەربەندیخان مان کرد هیچ دیارنییەو پێناچێت رژێم ئەمڕۆ هێرش بهێنێتە سەر ئەم ناوچەیە. ئیتر تۆپبارانیش نەماو دونیا کش‌ومات بوو و، هەروەها ئۆتۆمبیل بۆ سلێمانی - دەربەندیخان بەبەردەوامی هاتوچۆی دەکرد. لەبەرئەوە من‌و هاوڕێ حەمەرەشید وامان بەچاک زانی

کە ئەو هاوڕێ ئافرەتانە بەزوویی بگەڕێنەوە تەبادا دوژمن سبەینێ هێرش بهێنێت.

بەخێرایی هەرچی هەبوو بۆ ڕێکخراوەکانی سلێمانی ئامادەم کردو لەگەڵ خەڵکانی ناودێ و ئەو هاوڕێ ئافرەتانەش گەڕانەوە بۆ ناو دێ  بۆ ئەوەی بگەنە سەر جادەی سەرەکیو بتوانن ئۆتۆمبیلیان دەست بکەویتو بگەڕێنەوە بۆ سلێمانی. سەروەختێک کە دەگەنە ناو دێ، هەندێک لەو ئافرەتانەی کە بەهۆی تۆپبارانەکەوە ئاژەڵەکانیان کوژرابوون، بەجنێودانەوە پەلاماریان دەدەنو پێیان دەڵێن: بەهۆی هاتنی ئێوەوە تۆپباران کراین. باش بوو چەند ئافرەتێکی تری کەسوکاری هاوڕێیانمان داکۆکییان لێدەکەنو تاوانەکە دەخەنە ئەستۆی ڕژێمی بەعسو سوپاو جاشەکان. ئەو ژنە جوامێرانە بەبێ  نانخواردنو بەبرسێتیو بەو هەموو جنێو و ترسەوە دەگەڕێنەوە بۆ سلێمانی. ئیتر لەدوای ئەوە بڕیارماندا ئەو تەتەرانە پێکەوە نەیەن چونکە سێ  ئافرەت بەعەباوە، کە لەو سەردەمەدا تەنها ژنانی ناو شار عەبایان دەپۆشی..بەو شێوەیە سەرنجی ڕادەکێشا، هەربۆیە داوام لەڕێکخراوەکان کرد کە هەفتانە یاخود بەدوو هەفتە جارێک تەتەر بنێرن. سەرەنجام بەو جۆرەیان کرد کە هەر جارەی تەتەرێک بنێرن.

# تەتەرەکانی حیزب و هێرشی جاش

دوای ماوەیەکی کەم لەتۆپبارانەکەی ئەحمەد برنەو، هەر لەو دێیەداو لەماڵی هاوڕێ (چەتە) ی شیوعی ئازاو کۆڵنەدەر، چاوەڕوانی هاتنی تەتەرێکی حیزبم دەکرد لەناو شارەوە. بەرێکەوت ئەو رۆژە خێزان‌و کەسوکاری پێشمەرگە زۆر هاتن، تەتەرەکە هاوڕێ (خانم) ی دایکی ئارام بوو. زۆر خێزانی دیکەش هاتن هەروەها دایکی گەلاوێژو ئامانج‌و نەورۆزی کوڕم‌و فاتمی خوشکم.

هەر لەو رۆژەدا هێزێکی زۆر لەپێشمەرگەکانی حیزب بەرێبەریی هاوڕێیان حەمەرەشید قەرەداغی، شەهید نەسرەدین عابد هەورامی، عومەر حامید، عەتا، لەوێ بوون‌و پێشمەرگەکان لەناو دێ و سەر یاڵەکان‌و جێگا بەرزەکاندا بوون. ئەو شەوە لەزۆر ماڵی ئەو دێیەدا وەکو جەژن وابوو، زۆر پێشمەرگەو کەسوکارەکانیان‌و منداڵەکانیان هاتبوون بۆ لایان‌و تا نیوە شەو بەقسەی خۆش بردیانەسەر. ئێمەش هەمووومان، بەخێزانەکەی هاوڕێ چەتەو چەند خێزانێکی دیکەشەوە لەحەوشە گەورەکەیاندا هەر بەقسە خۆشەکانی چەتە پێدەکەنین. من ئەو شەوەم زۆر لا خۆش بوو چونکە ئامانج‌و نەورۆزی کوڕم کە

تەمەنیان دەو یانزە ساڵ بوو و دەمێک بوو چاوم پێیان نەکەوتبوو، ئەوانیش هاتبوون.

تا نیوەشەو هەر بەقسەی خۆش‌و پێکەنین بەسەرمانبرد. بەیانی زوو کە هێشتا دنیا تاریک‌و روون بوو، لەدەنگی چەند تەقەیەک بەئاگاهاتین‌و لەناکاو هاورێیەکی پێشمەرگە بەپرتاو خۆی کرد بەماڵەکەداو بەدەنگێکی بەرز گوتی: هاورێیان هەستن جاشەکان هاتن.! هەر خێرا من‌و هاورێ چەتە هەستاین‌و هەرچی نامەو شتی حیزبی بوو هەڵمگرت‌و پێکەوە رۆیشتینە دەرەوە بۆ لای هاورێیانی تر کە لەبەر دەرگای مزگەوتەکەدا کۆمەڵ ببوون. هاورێیان بەئێمەشیان گوت: بچن بۆ دۆڵەکەو، رێک بەسەر شاخەکەی بەری ئەوبەردا سەرکەون بۆ لای پێشمەرگەکان. ئیتر ئافرەت‌و منداڵەکانمان لەناو گوندەکە جێهێشت‌و پێمان گوتن: نەیەنە دەرەوە تا خۆمان ئاگادارتان دەکەینەوە. لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەهاورێیاندا بەرەو دۆڵەکەی پشتی دێ بەرێکەوتین‌و بەسەر شاخەکەدا سەرکەوتین. هەر خەڵک بوو لەناو دێیەکەوە بەراکردن‌و خێرا دەرۆیشتن بۆ ناو دۆڵەکەی پشتی گوندو لەوێشەوە بەسەر شاخەکەدا سەردەکەوتن. ئێمە هێشتا لەنیوەی رێگای سەر شاخەکەدا بووین وردە وردە دنیا رووناک دەبووەوە و، لەناکاو لەشاخەکەی ئەوبەرمانەوە بەخەستی تەقەیان لێکردین.

هاوڕێ چەتە توڕبوو و گوتی: ئەمە یەعنی چی.؟ هاوڕێیانی خۆمان لەسەر ئەو شاخەن، بۆچی تەقەمان لێدەکەن. چەند هاوڕێیەک لەپشتمانەوە بوون گوتیان: جاشەکان ئەو سەر شاخەیان گرتووە. هاوڕێ چەتە توڕەتربوو و گوتی: قسەی قۆڕ مەکەن ئەو شاخە بەدوو ڕۆژ بەسوپاو جاش ناگیرێت. شوێنێکی گرنگو ستراتیژییەو بەسەر ئەم دۆڵەو ناو گوندو سەر جادە سەرەکییەدا دەڕوانێت. بەهەرحاڵو زەحمەتێک بوو ئێمە سەرکەوتینە سەرەوەو لەپاڵ تاشەبەردێکی گەورەدا لەنزیک هاوڕێ مامۆستا سەردارەوە دانیشتین. لەو لاشمانەوە دەستەیەک پێشمەرگەی حسک هەبوون.

مامۆستا سەردار گوتی: بەیانی زۆر زوو و بەتاریکیو بەدزییەوە کۆمەڵێک جاش بۆ ئەو شاخەی ئەوبەر سەرکەوتوون، کە زۆر نزیک بوبوونەوە ئەوجا پێشمەرگەکانی خۆمان پێیان زانیبوون. ئەوانیش تازەو کەم ئەزموون بوون، چەند تەقەیەکیان کردووەو سەنگەرەکانیان چۆڵکردووەو، ئێستا جاش لەو سەر شاخەن. سەروەختێک کە دنیا ڕووناک بووەوە دوایین دوو هاوڕێ مابوویان بەتەواوی سەربکەون ئەوانیش دکتۆر دڵشادو دکتۆرە ئیمانی هاوسەری بوو کە کچی شەهیدی نەمر سەلام عادلە، لەرەبایەکانی سەر شاخەکەی ئەوبەرەوە بەخەستی تەقەیان لێدەکراو، تا نزیک ئێمە بوونەوە نارەحەتییەکی زۆریان

تووش بوو و گیانیان زۆر لەمەترسیدابوو چونکە زۆرێک لەگوللەکان ئەیاندا بەملاو ئەولایاندا، بەڵام بۆ خۆشبەختی بەبێ زیان هاتنە سەرەوە.

لەرەبایەی جاشەکانی ناو دێی چنارەشەوە سەر شاخو ناو دۆڵەکە بەبەردەوامی تۆپباران دەکرا جاروباریش کۆپتەرەکان دەهاتنە ئاسمانی ناوچەکەوەو دەستێکیان دەوەشاندو دەگەڕانەوە.پێشمەرگە ئازاکانی حیزبیش بەگژ کۆپتەرەکاندا دەچوونەوەو تەقەیان لێدەکردن. هاوڕێیەکی عەرەب بەچەکی بیکەیسی کۆپتەرێکی پێکا کە دواتر لەنزیک دەربەندیخان کەوتبوو خوارەوە. جاشەکان سێ جار هێرش‌و پەلاماری دڕندانەیان بردە ناو دێ و ویستیان بچنە ناو گوندەکەوە بۆ کوشتنی خەڵکە بێتاوانەکان‌و تاڵانکردنی ماڵەکانیان، بەڵام پێشمەرگە جوامێرەکان،ئەوانەی بۆ بەرگری لەناو دێیەکەدا دانرابوون، نەیانهێشت ئەو جاشانە پێ بخەنە ناو دێیەکەوەو، هەموو جارێک بەزیان‌و زەرەرەوە دەیانگێڕانەوە دواوەو لوتیان دەشکاندن.

ئەو ئۆتۆمبیلانەش کە لەسلێمانییەوە دەچوون بۆ دەربەندیخان‌و بەپێچەوانەوە، لەسەر جادەکەی نزیک شەڕەکە ڕاگیرابوون‌و سەرنشینەکانیشیان هاتبوونە خوارەوەو تەماشای شەڕەکەیان دەکرد. شەڕەتەقەو هێرشی ژێرکەوتوی جاش تا

ئێوارەی ئەو ڕۆژە بەردەوام بوو و، دواتر بەسەرشۆڕیو بەزیانێکی زۆرەوە بەرەو مۆڵگەکانیان گەڕانەوە. ئیتر ئەوانەی سەرشاخەکانیش گەڕاینەوە بۆ ناو دێ و سەروەختێک کە خەڵکەکەمان بینی هەموویان لەباروودۆخێکی زۆر ناهەمواردابوون، شڵەژانو پەشۆکان بەرووخساریانەوە دیاربوو و ڕەنگیان زەرد هەڵگەڕابوو. لەلایەک ترسی خۆیان لێنیشتبوو کە ئەگەر جاشەکان بچوونایەتە ناو گوندەکەیانەوە خراپیان بەسەردا دەهێنانو. لەلایەکی دیکەشەوە خەمی کوڕو براو مێردو کەسوکارو ڕۆڵە پێشمەرگەکانی حیزبمانو حسکیان بوو، بەڵام کە زانییان قوربانیمان نەبوبوو و تەنها پێشمەرگەیەکی برادەرانی حسکبەسوکی بریندارببوو ئیتر لەخۆشیاندا وەک گوڵ گەشانەوە.

ئەو جەماوەرەی کە لەجادەکە ڕایانگرتبوون ئاگاداری سەرکەوتنی پێشمەرگەو شکستی جاشەکان بوونو، ڕووداوەکەیان لەسلێمانیو دەربەندیخان بڵاوکردەوەو زۆر لەوە زیاتریشیان باسکردبوو کە ڕوویدا. ئەو شەڕە یەکێک بوو لەو شەڕانەی کە دەنگێکی زۆری دایەوە، دوابەدوای شەڕەکە زۆربەی میوانەکان بەرێکران بۆ سلێمانیو دەربەندیخانو، ئەوەی کە مابووەوە ڕۆژی دوایی نێردرانەوە.

دوای ئەوە سەرکردایەتی حیزب لەپارێزگاو هاوڕێیانی مەڵبەندی سلێمانی - کەرکوکی هێزی پێشمەرگەی حیزبمان ئامۆژگاری ئەوەیان دەرکرد کە کەسوکاری پێشمەرگە، لەبەر پاراستنی گیانی خۆیان،سەردانی رۆڵەکانیان کەمتربکەنەوە بەتایبەتی لەو جێگایانەی کە لەهێزەکانی دوژمنەوە نزیکن. ئیتر ئێمەش نەمانهێشت تەتەرەکان بچن بۆ ئەحمەد برنەو، لەناوچەی شارەزوور، بەتایبەتی لەدێهاتەکانی کانی بەردینەو کانی مرواری چاومان پێیان دەکەوت بۆ ئەوەی ئەوەندە تووشی مەترسیو نارەحەتی نەبن.

# دواین دیدار لەگەڵ هیوای شەهید و نەمر

پێش سوتاندنی دێی شیرەمەڕ، ڕۆژی ١٩٨٣/٩/٤ چووم بۆ ئەو دێیە. سەرلەبەیانی دایکی گەلاوێژو فاتمی خوشکمو نەسرینو ئاماتجو نەورۆزی کوڕم هاتن بۆ لام. هەموومان لەماڵی کچەکەی دایکە ئامین (ئامە تەیارە) میوان بووین. بەرێکەوت لەپێش نیوەڕۆدا هێزێکی زۆری بەتالیۆنی حەوتی هەورامان هاتنە شیرەمەڕ، شەهید عەلی کلاشینکۆفو شەهید هیوای کوڕم یان لەگەڵدابوو، ئێمەش، بەتایبەتی دایکیو ئەوان، زۆرمان پێ خۆش بوو کە هیواش هات چونکە زۆر دەمێک بوو هیوامان نەدیبوو. بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ جیا لەهیوا شەهید عەلیو چەند هاوڕێیەکی دیکەشمان بانگکردە لای خۆمان. دایکی هیوا کە تەماشای هیوای کرد جلوبەرگەکانی زۆر پیس بوون پێی گوت: هیوا گیان جلەکانت دابکەنە یا بۆت بشۆرم. ئەویش گوتی: مەگەر لاشەکەم بشۆریت.! دایکیو ئافرەتەکانی تر دەستیانکرد بەگریانو گوتیان: بۆچی قسەی وا دەکەیت.؟ هیواش کە زانی قسەکەی هەموومانی نارەحەت کرد گوتی: دایکە گیان، پێشمەرگە نابێت لەجێگای نزیک جادەو مەترسیداردا خۆی بکاتەوەو جلوبەرگەکانی بشۆرێت، کە چووینەوە بۆ بارەگا لەوێ وەک هەموو پێشمەرگەکانی تر خۆم دەیشۆرم.

لەدوای نانخواردن هاوڕێ عەلیو هاوڕێیانی تر ڕۆیشتن بەلای ئیشی خۆیانەوە بەڵام هیوا لای ئێمە مایەوە. پاش کەمێک خەوی لێکەوت، دیاربوو زۆر ماندوبوو. لەناکاو لەخەو راچڵەکیو بێداربووەوە، دایکی لێی پرسی: ئەوە چی بوو رۆڵە خەونت بینی.؟ گوتی: بەڵێ خەونم بینی..ئای چەندە شەهیدبوون خۆشە.! دایکی هەمدیسان دەستیکردەوە بەگریانو گوتی: بەخوا دڵی لێیداوە کە شتێکی خراپی بەسەردا دێت. ئەو رۆژە هەموو تا ئێوارەکەی پێکەوەبووین، میوانەکان خۆیان ئامادەکرد بۆ گەڕانەوە بۆ سلێمانی. دایکی هیواو میوانەکانیش چەند جارێک هیوایان ماچکردو داواو تکایان لێکرد کە ئاگاداری خۆی بێت. ئیتر ئەوان گەڕانەوەو ئێمەش تا دەوروبەری ئێوارە پێکەوە ماینەوە. پێش ئەوەی لەیەکدیش جیابینەوە گوتم: جەژنی قوربان زۆر نزیکبووەتەوە، دایکتو منداڵەکانو زۆرێک لەخزمان لەجەژندا هەموویان دەچنە دێی کانی بەردینە، دەبێت ئێمەش بچین بۆ لایان بۆ ئەوەی پێکەوە جەژن بکەین. لەبەرئەوە یەک دوو رۆژی تر وەرە بۆ لام بۆ بارەگای بانی شار بۆ ئەوەی پێکەوە بڕۆین. ئەویش پێکەنیو گوتی: ئەگەر هاتمەوە.! منیش گوتم: لەکوێ و. ئەگەری چی.؟! گوتی: لەم رۆژانەدا ئیشێکمان بەدەستەوەیە کە تەواوم کرد دێمەوە بۆ لاتو پێکەوە دەڕۆین. هیوا لەهەڵبژاردنەکەی بەتالیۆنی هەورامانداا بەلێپرساوی

سیاسی پەل هەڵبژێردرابوو، وام دەزانی کۆبوونەوەی حیزبی هەیە بۆیە گومانم بۆ هیچ نەچوو.

سەروەختێک کە ویستم بگەڕێمەوە بۆ بانی شار تا دەرەوەی گوندەکە هات لەگەڵمو تا لەچاوی یەکتری دیاربووین سێ چوار ئاوڕم لێدایەوە ئەو هەر راوەستابوو و دەستی رادەوەشاندو خواحافیزی لێدەکردم. شەو لەبانی شار مامەوەو رۆژی دوایی چووم بۆ کەرەجاڵ بۆ لای بابی سەرباز، رۆژی دواتر کە ئیشەکەم تەواوکرد، لای ئێوارەکەی لەگەڵ هاوڕێ مەلا عەلیدا پێکەوە گەڕاینەوە بۆ بانی شار، لەشەودا سەیردەکەم هاوڕێیان دوو دوو و سێ سێ سەردەنێن بەپەناگوێی یەکدییەوەو بەچرپە قسەدەکەنو هەندێکیشیان لەژێرەوە بەماتیو بەلای چاو تەماشای من دەکەن. منیش هەستمکرد شتێک روویداوە بەڵام بیرم بۆ هیوا نەدەچوو. ئەو شەوە نووستینو لەبەیانیداو دوای نانخواردن چوومە پەنا تاشەبەردێکەوەو دەستمکرد بەریش تاشین. لەو کاتەدا هاوڕێ نەمر شێخ سەعید کە لەگەڵ مەلا عەلیو ئەبو تەهاو کەمال عوسماندا دانیشتبوون بانگیکی لێکردمو گوتی: هاوڕێ نایب تا ئێرە وەرە. کاتێک کە لەریش تاشین بوومەوە چووم بۆ لایان. هاوڕێ مەلا عەلی گوتی: پێڕێ شەو شەش پێشمەرگەمان (مین) لەژێر پێیاندا تەقیوەتەوەو، برینداربوون. یەکێکیان هیوایە کە کەمێک قاچی زامداربووەو

ئێستا پێشمەرگەکان هەموویان ئەوەتان لەبارەگای هەزارئەستون. هەروەها هاوڕێ گوتی: دووان لەهاوڕێکان خوشکەزای تۆفیقی حاجین‌وبرینداربوون، وا تۆفیق‌و ئەوان دەچن بۆ لایان، ئەگەر دەتەوێت تۆش بچۆ. منیش گوتم: چۆن نامەوێت.! هاوڕێ ئەبو تەهاش گوتی: منیش دێم لەگەڵتدا. منیش گوتم: بەتەنها نیم‌و ئەزیەتی تۆی ناوێت، بەڵام ئەو هەر زۆری لێکردم‌و دوایی هات لەگەڵمان. لەنیوەی ڕێگاماندا ژمارەیەک هاوڕێ لەهەزارئەستونەوە هاتن بچن بۆ بانی شار، دلێری سەید تۆفیق لەپێشیانەوەبوو لەوم پرسی: هیواو ئەوان چۆنن.؟ بەڵام دلێر شڵەژاو وەڵامی نەدایەوەو تێپەڕی. دوای ئەو شەهید دڵزاری برای هات لەویشم پرسی ئەویش هەر دیسان شپرزەبوو و گوتی: هاوڕێ نوری ئەحمەد کەریم لەدواوەیە لەو بپرسە من نازانم.! دڵم زۆر نارەحەت بوو بەڵام هێشتا نەمدەویست بزانم شەهیدبووە. هاوڕێ نوری‌و هاوڕێ نەسرینی هاوسەری پێکەوە پێمگەیشتن، لەگەڵ ئەواندا پێکەوە کەوتینە قسەکردن‌و لێم پرسین: بریندارەکان چۆنن.؟ هاوڕێ نوری گوتی: ئەو شەش هاوڕێیە لەسەرەتادا هاتنە لای ئێمەو، پێرێ شەو کەوتنەڕێ . لەمەلابانگداندا هاوڕێ جەلال کە یەکێک بوو لەوان بەراکردن‌و شەکەتی گەیشتەوە بارەگاو پێیراگەیاندین کە لەنزیک ڕەبیەکانی قاینەجە (مین) لەژێر پێیاندا تەقیوەتەوەو لەرەبایەکانیشەوە

بەخەستی گوللەباران کراون‌و سەروەختێک کە تەقە تەواوبووە جەلال هەستاوە سەری لەهەموو پێشمەرگەکان داوە سیانیان شەهیدبوبوون‌و دوو خوشکەزاکەی تۆفیقی حاجیش بریندارببوبوون ئەویش بەراکێشان‌و هەڵگرتن لەو ناوچەیەی دوورخستونەتەوەو لەنزیک کانییەک داینا‌ون‌و خۆی بەراکردن خۆی گەیاندووەتەوە بارەگا بۆ ئەوەی هاوڕێیان ئاگاداربکاتەوە تا بچن بەفریایانەوە. هاوڕێیانیش خێرا دەرۆن‌و بریندارەکان لەگەڵ خۆیاندا دەهێننەوە. هەروەها هاوڕێ نوری گوتی: ئەو هاوڕێیانەی کە چوون هاوڕێ زامدارەکانیان هاوردووەتەوە لەدوورەوەو بەهۆی دووربینەوە چاویان لێبووە کە سەربازەکانی رەبیەکان شەهیدەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بردووەتەناو رەبیەکانەوە. منیش لەپاش ئەم قسانە، کە زۆر ئاشکراو رۆشن بوو کە هیوا یەکێکە لەو سێ شەهیدە، لەهاوڕێ نوریم پرسی: ئەی هیوا.؟! هاوڕێ نوریش مات بوو و قسەی نەکرد بەڵام هاوڕێ نەسرین دایە پرمەی گریان‌و گوتی: شەهیدبووە. ئینجا دڵم داخوڕپاو سست بووم، کسپە لەجگەرمەوە هات. بەڵام هەرچۆنێک بوو خۆم راگرت‌و هەندێک قسەم کردو لەگەڵ ئەواندا گەرامەوە بۆ بانی شار. هێزی ئەژنۆم نەمابوو. لەرێگا سێ جار خەریکبوو بکەوم. هاوڕێ ئەبو تەها بەبست لێم جیانەدەبووەوە، هەنگاوبەهەنگاو بەماتی‌و بەپەستی لەگەڵمدابوو. هەر لەرێگا

هەموو ژیان‌و کردارو تێکۆشانی هیوام هاتەوە پێش چاو، لەو کاتەدا کە لەهەڵەبجەو لەژوورێکی تێکۆشانی نهێنیدا هاتە دنیاوە، تا سێ رۆژ پێش شەهیدبوونی لەشیرەمەر لەیەکدی جیابووینەوە. ئەو هاوینانەم دەهاتەوە بەرچاو کە کرێکاری دەکردو پارەکەی دەدا بەپێڵاو و جلوبەرگ‌و دەیان رووداو و وێنەی تری لەو جۆرە. هیوا بەشانزەساڵی شەرەفی ئەندامێتی حیزبی وەرگرت‌و لەحەڤدەساڵیدا بووە پێشمەرگەو لەنۆزدەساڵیشدا شەهیدکرا. هیوا تاپۆلی پێنجەمی زانستی خوێندو بەهۆی چوونەدەرەوەو هەڵهاتنەوە بۆ شاخ دەستی لەخوێندن هەڵگرت. سەروەختێک کە گەیشتینەوە بانی شار هاوڕێیان هەموو لێم کۆبوونەوەو منیش هەندێک قسەی بەجێم بۆ کردن. پێشمەرگەو هاوڕێیانی دیکەش، بەتایبەتی پێشمەرگەی بەتالیۆنی حەوتی هەورامان، بەکۆمەڵ دەهاتن بۆ لام بۆ سەرخۆشی‌و هەموو خۆیان لەجێگای هیوا دادەنا. لەسلێمانی‌و هەڵەبجەوە بەدەیان هاوڕێ لەپیاو و ئافرەت هاتن بۆ لام‌و بەدەیان نامەم لەهاوڕێیانەوە بۆ دەهات. ئەمانە هەمووی دڵنەواییان دەکردم‌و سەبورییان بەدڵم دەدا. هەر ئەو رۆژە کە گەڕامەوە بۆ بانی شار نامەم نووسی بۆ دایکی هیواو، بەو خزمەی هاوڕێ نەسرینەدا کە هاتبوو بۆ لایان‌و دەرۆیشتەوە، ناردم بۆ سلێمانی.

پاش دوو رۆژ چوومە شیرەمەڕو چاوەڕوانی تەتەری سلێمانی بووم. سەروەختێک کە تەتەر گەیشت تەماشام کرد هاوڕێ خانمی دایکی هاوڕێ ئارام بوو. هەر کە لەرێگاوە منی بینی حەپەساو گوتی: ئەوە بۆچی وا پەستوپەشۆکاوی.؟ گوتم: بۆ هیوا. ئەویش راچڵەکی‌و گوتی: چی بووە.؟ گوتم: نەتزانیوە شەهیدبووە.؟ ئەویش دەستیکرد بەگریان. لەپاشدا بەهاوڕێ خانمدا نامەم بۆ رێکخراوی ئافرەتان‌و هەندێک رێکخراوی ناو شار ناردو بۆم نووسین: شەوی شەش لەسەر حەوتی ئەم مانگە، سێ پێشمەرگەی حیزب بەم ناوانە: خەبات، یوسف عەرەب، هیوا نایب، شەهیدکران. لەسلێمانی پرسە بۆ خەبات‌و هیوا دەگێڕدرێت. پێویستە ئەو بۆنەیە بکەنە هۆکارێک بۆ ریسواکردنی رژێمی بەعس‌و دەرخستنی پاڵەوانێتی پێشمەرگەی کوردستان بەگشتی‌و پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی بەتایبەتی‌و..هتد.

ئەوەبوو لەماڵی کاک ئەحمەد (خاڵی هیوا) پرسەیەکی گەورەیان بۆ داندرا بێئەوەی ماڵی خاڵۆی گوێ بە جانەوەریێتی رژێمی بەعس بدەن. رێکخراوی ئافرەتانی حیزبیشمان رۆڵێکی گەورەیان هەبوو لەو پرسەیەدا بۆ بەرزنرخاندنی حیزب‌و شەهیدانی حیزب‌و، ریسواکردنی رژێمی بەعسی فاشیست.

ئەگەرچی شەهیدبوونی ئەو سێ پێشمەرگە بەجەرگەی حیزب خەسارەتێکی گەورەبوو لەحیزبمان کەوت بەڵام لەلایەنێکی دیکەوە رۆڵی حیزبمان لەناو جەماوەردا دەرکەوتو دەنگی دایەوەو ئاشکرابوو کە حیزبمان هەمیشە لەپێناو گەلانی عێراقدا ئامادەی قوربانیدانەو هەرگیز بۆ وەدەستهێنانی مافە رەواکانی گەلی کورد درێغی نەکردووە لەقوربانیدانو یەکێک لەو سێ شەهیدەش کە هاوڕێیەکی عەرەب بوو زیاتر دەنگی دایەوەو زیاتر بۆ جەماوەر دەرکەوت کە حیزبمان لەگەڵ مافە رەواکانی گەلی کوردستاندایە.

کاربەدەستانی رژێمیش تەرمی ئەو سێ شەهیدەیان ناردە شارۆچکەی سەیدسادقو شارەوانی ئەو شارەش ناشتنیانو ناوەکانیشیان لەسەر کێلی گۆڕەکانیان نووسیبوو. پاش ماوەیەکی زۆر بە ئازایەتی و دڵسۆزی هاوڕێ و برای خۆشەویستم ئەحمەدی عەلی دەوڵەت و ئەختەر خانی هاوسەری و سەبری خانی هاوسەری مامۆستا ئەکرەم ناهی خانی خاڵۆژنی شەهید هیوادا توانیان لاشەی هەر سێ شەهیدەکە بهێننەوە بۆ سلەیمانی و لە گردی سەیواندا بە تەنیشت یەکەوە بیان نێژن و دایکی شەهید ئاگاداربکەنەوە و بیبەنە سەر گۆڕەکەی.

پاش چواردەساڵ لەشەهیدبوونی هیوا، بۆ یەکەمجار گەرامەوە بۆ کوردستانو لەگەڵ هاوڕێی نەمردا کەمالی گەچ چوومە سەر گۆڕەکەیو وام دەزانی چاوم بەخۆی کەوتووە.

# هەندێ هەڵەی لێپرسراوانی هێزی پێشمەرگەی حیزب

پێش هەموو شتێ دەبێت ئەو ڕاستییە بڵێم کە پێشمەرگەکانی حیزبمان بە گشتی جێگای فەخرو شانایین و ڕۆڵێکی پڕ قارەمانەتیان نواندووە لە شۆڕشەکانی گەلی کوردستاندا و گەلێ ڕۆڵەی بەنرخ و قارەمانی حیزب لە ڕیزەکانی پێشمەرگایەتیدا گیانیان بەخت کرد و بوونە قوربانی.

بەڵام نابێت ئەو قوربانییانە وامان لێبکات کە هەڵەکانی هەندێ لێپرسراو و هەیئەی پێشمەرگە باسنەکەین. من بۆ خۆم هیچ کات لێپرسراوێتم لەناو هێزی پێشمەرگە نەبووە، بەڵام ساڵانێکی زۆر بەتایبەتی بەتایبەتی لە هەشتاکاندا لەناو هێزی پێشمەرگەی حیزبدا بووم و هەڵسوکەوتم زۆر بووە لەگەڵیان و لە ناو مەڵبەندی سلێمانی و کەرکوکدا ژیاوم و لەگەڵ پێشمەرگەکانی بەتالوێنەکانی سلێمانی و قەرەداخ و هەڵەبجە و کەرکووکدا جەولەمان کردووە و ئاگاداری زۆر ڕووداوبووی و زۆر شتی ڕاستیم لە هاوڕێ لێپرسراوەکانی هێزی پێشمەرگە بیستووە و موناقەشەی زۆری ڕووداوو بەسەرهاتمان کردووە ولە زۆر کۆبوونەوەی حیزبیشدا باسی قارەمانێتی پێشمەرگە وشەڕ وئازایەتیمان کردووەو هەروەها باسی و موناقەشەی هەڵەو

ناتەواوی یەکانیش کردووە. بەم هۆیانەشەوە ، گەلێ ڕووداوو بەسەرهاتم لا کۆبووەتەوە. بۆیە پێم خۆشە و بەلامەوە باشە و پێویستە هەندێ لەو کردار و ڕووداوو هەڵانە بۆ مێژوو ئا لێرەدا تۆماربکەم.

• کاتی خۆی هەر لەسەرەتای چەکهەڵگرتنی حیزبمانەوە، لە کۆتایی ١٩٧٩ ەوە سەرکردایەتی حیزب و هەیئەتی سەرکردایەتی هێزی پێشمەرگە ئامۆژگاری ڕوونیان دابەزاندوە کە پێشمەرگە هەتا بۆیان بکرێ دەبێت(لەناو دێهاتەکاندا لەگەڵ هێزی دوژمندا شەڕنەکەن) بۆ ئەوەی دێهاتەکان وێران نەکرێ و زەرەروزیان بەر دانیشتوانی دێهاتەکان نەکەوێت، ئەم ئامۆژگارییە زۆر ڕاستە و ڕوونیشە، بەلام هەندێ لێپرسراوی پێشمەرگە لە جیاتی ئەوەی بە گوێرەی ئەو ئامۆژگارییە، خۆیان لەو شەڕانە دووربخەنەوە، کەچی لەکاتی وادا دێهاتەکانیان جێدەهێشت و دەچوونە سەر گرد و دەشتەکان تەقەیان لە تەیارەکان دەکرد. کە پێشمەرگەکان هەموویان لەبەرچاوی دوژمن بوون و ئەوانیش دەستی خۆیانیان دەوەشاند و لە ئەنجامدا گەلێ پێشمەرگەی قارەمان لە ئەنجامی ئەو هەڵانە شەهید دەبوون. وەک ئەم دوو ڕووداوەی خوارەوە.

• لە ڕۆژی ٣١ ی ئاداری ١٩٨٢ دا دوو مەفرەزەی گەورەی حیزن ڕوودەکەنە گوندی بولقامیش و گوندی بەکربایەف. لەو

کاتەدا هێزێکی زۆری دوژمن بە هاوبەشی فڕۆکە و دەبابەوە بۆیان دەچن. ئەوان خێرا لەناو گوندەکان دەردەچن و دەچنە سەرگرد و دەشتەکانی و ڕووبەڕوویان دەبنەوە. لە ئەنجامدا هەردوو مەفرەزەکە لێدەدرێن و هەموویان شەهید دەکرێن. لێپرسراوی مەفرەزەکەیان شەهیدی قارەمان بەکر تەلانی بوو ڕۆڵەیەکی ئازاو دلێری حیزب بوو. هەروەها ڕۆڵەی نەمر سەربازی کوڕی هاوڕێ ئەحمەدی بانیخێڵانی یەکێک دەبێت لە شەهیدە نەمرەکان و ژمارەیان بەهەردوو مەفرەزەکە گەیشتە چل شەهید.

- شەڕەکەی دێی سۆیلەمێش

ڕۆژی ٢٤ی ئەیلوولی ١٩٨٣ هێزێکی جاشی قەزای هەڵەبجە هێرشیان بردە سەر پێشمەرگەکانی حیزبمان کە لە ناوچەی شارەزوور بوون، بەتایبەتی بۆسەر دێی سۆیلەمێش. ئەو ڕۆژە تا دوای نیوەڕۆ شەڕێکی گەرم ڕوویدا، پێشمەرگەکانی حیزبمان و ئەو مەفرەزەیەی برادەرانی حسک کە لەوێ بوون شەڕێکی قارەمانانەیان کرد و زەرەروزیانێکی زۆریان لە هێزەکانی دوژمن دا و پاشەکشەیان بەو هێزە کرد و سەرۆک جاشێک کە ناوی عوسمانی عەلی چەتوون بوو کوژرا. لەم شەڕەدا هیچ پێشمەرگەیەک بریندا نەبوو. بەڵام هەر زوو هێزێکی زۆری سوپا بەتانکی و تۆپەوە هاتن بەهانای جاشەکانەوە، لەو کاتەدا هێشتا

تەقە دەستی پێنەکردبوو برادەرانی حسک ڕۆیشتن و زۆر لە لێپرسراوانی حیزبمان داوایان لە لێپرسراوی یەکەم کرد کە بکشێنەوە، لەبەرئەوەی کە هێزەکانی حسک کشاونەتەوەو ئەوانیش بەو هێزە کەمەی کە ماونەتەوە ناتوانن بەرگری هێزێکی وا گەورەی دوژمن بکەن، با تووشی زەرەرو زیان نەبن و بە کشانەوەش براوە دەبن. بەڵام بەداخەوە ئەو لێپرسراوە نەشارەزایە بە هیچ قایل نابێت و بڕیاری شەڕی دا. پاش شەڕێکی پڕ قارەمانی و فیداکاری هێزی دوژمن توانیان بێتە ناو دێکەوە و بە ئارەزووی خۆیان دەستیان وەشاند و گەلێ هاوڕێ شەهید و بریندار بوون و چوار پێشمەرگەش دەستگیرکران و لە پاشدا گوولەبارانکران. لەگەڵ ئەوەی ئەو هاوڕێ لێپرسراوە ڕۆلەیەکی نەبەردو ئازاو دڵسۆزی حیزب بوو بەڵام ئەو ئەرکە گرانەی کە خرابووە ئەستۆی لەتوانای ئەودا نەبوو.

شەهیدبوونی یوسف عەرەب و خەبات و هیوا نایب و بریندابوونی دوو خوشکەزای تۆفیقی حاجی لەسەرەتایی مانگی نۆی ١٩٨٣ دا ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی حیزب لە مەقەڕی کەرەژاڵەوە بەڕێ کەوتن بۆ کارێکی ترسناک و مەترسیدار ، لە جێگایەکی زۆر دوور و بێ پەناو پشتیوانی ئەو پێشمەرگانە، جیا لەمەش ئەو هەموو لاوە گیان لەسەردەستانە شارەزایەکی ڕێگاوبان و ناوچەکەیان لەگەڵدا نەبوو، جیا لەمانەش ئەو ڕۆڵانە

هەرچەندە هەموویان ئازا و دڵسۆز و گوێڕایەڵی حیزب بوون، بەڵام لەبواری شەردا کەم ئەزموون بوون و شارەزاییان هێندە نەبوو. هەر بۆیە کەوتنە ناوچەیەکەوە لە قەینەجەی نزیک سەیدسادق نزیکی ڕەبییەکیە ی دوژمن بوونەوەو هەموو دەوروبەری ڕەبییەکە مینڕێژکرابوو. لە ئەنجامی نەشارەزاییانەوە لەکاتی تێپەڕبوونیان بەو ناوچەیە وایەری مینەکان لە قاچی یەکێکیان دەئاڵێ، کەچی گوێ نادەنێ و بەردەوام دەبن لە ڕۆیشتن تا مینەکان دە تەقنەوەو هەر لەگەڵ تەقینەوەی مینەکانیشدا سەربازەکانی ناو ڕەبییەکە دەست دەکەن بەتەقە. سێ پێشمەرگە شەهید و دوانیان بریندارەبن و تەنیا یەکێکیان کەلەدوای هەموویانەوە بوو ڕزگاری دەبێت. پاش ڕوودانی ئەم کارەساتە من لەگەڵ هاوڕێیاندا باسی ئەم ڕووداوەمان کرد و گەیشتینە ئەم سەرەنجامانەنە:

یەکەم: بۆ جێگای وا دوور نەدەبوو ئەو پێشمەرگە تازە و کەم ئەزموونانە هەڵببژێرێت. گەر بگەیشتنایەتە ئەو شوێنەش لەوانە بوو ئاشکرا بوونایە و لەوانە بوو بگیرێن یان شەهیدبکرێن لەبەر ئەوەی ئەو شوێنەی کە ئەوان دەبوو بچوونایە نە شوێنیان هەبوو نە کەسانێکی سەربەحیزبی لێبوو تا یارمەتیان بدانایە یان لە کاتی پێویستدا بیان شارنەوە.

دووەم: بۆ کاری وا هەر تەنیا ئازایەتی و دڵسۆزی بۆ حیزب مەرج و ئەساس نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەوانەشدا سارەزایی و وریایی و فەنی پەلامارو کشانەوەو شتی تری کتوپڕ کە دیتە گۆڕێ لەکاتی وادا مەرجە.

سێیەم: هەر هیچ نەبوو دەبوایە هاوڕێیەکی لێپرسراوی زۆر شارەزا و خاوەن ئەزموونیان لەگەڵدا بووایە.

# شەهیدبوونی هاوڕێی نەمر مامۆستا قادر

لە کۆتایی مانگی هەشتی ١٩٨١ دا هاوڕێی نەمر مامۆستا قادر لە بەینی دێیەکانی کانی دڕکە و باراوەدا شەهیدکرا و چەکەشیان برد. لەو کاتەدا خۆی بەتەنیا بوو، لەناو برادەرانی پێشمەرگەی حیزبدا لە شارباژێڕ وا بڵاوبوویەوە کە پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی بەو کارە هەڵساوە چونکە ئەوان لەو ناوچەیەدا بوون. ئێمە بە خێزانەوە لە ١ی نۆی هەمان ساڵدا لە بێتووشەوە ماڵمان بۆ دێی هەوڵۆ لە شارباژێڕ گواستەوە، ئەو ڕۆژەی کە گەیشتینە دێی هەرمێلەی نزیک هەوڵۆ بە ڕێکەوت هەیئەتێکی مەفرەزەی حیزبمان لەو دێیە بوون. هاوڕێیان هەیئەتەکە لە عومەر حامید و عەتا و ژ مامۆستا جەمال محەمەد ئەمین پێکهاتبوون لەوێ بوون. لەسەر داوای ئەوان ئێمە لەوێ ماینەوەو لەگەڵ هەر سێ هاوڕێدا عومەرو عەتاو جەمالدا کەوتینە قسەکردن. ئەوان گووتیان با هەموو خێزانەکان بڕۆن بۆ هەوڵۆ، بەڵام تۆو شەهید هیوا جارێ مەڕۆن، چونکە لەو ڕۆژانەدا مامۆستا قادر شەهیدکراوەو مەفرەزەیەکی یەکێتی لە هەوڵۆن. ئەو شەوە ئەو سێ هاوڕێیە بێ ئاگاداری لێپرسراوەکەیان لە سوچێکی مزگەوتەکە کۆبووینەوە و هەرسێ هاورێ وتیان باشبوو هاتی

چونکە خەریکە تووشی کارێکی زەرەرمەند دەبین و یارمەتیمان بدە. هاوڕێی لێپرسراو دیارە بە نیاز بوو لە تۆڵەی شەهید مامۆستا قادر دەست لە پێشمەرگەی یەکێتی بووەشێنێ و پاش دەست وەشانەکە ڕاکەنە لای سەکردایەتی هەروەک جەماعەتی پاسۆک. هەر چوارمان بڕیارمان دا بە مەبەستی ئەم کارە قسە لەگەڵ هاوڕێی لێپرسراو بکەین و ئەمەش کورتەی موناقەشەکەمان بوو:

- چۆن دەزانی یەکێتی نیشتمانی ئەو هاوڕێیەی شەهید کردووە؟

- چونکە هەر ئەوان لەو ناوچەدان.

- ڕاستە هەر ئەوان چەکدارن، بەڵام چۆن دەیسەلمێنی کە ئەوان بوون و بە بڕیاری حیزبەکەیان بووە، خۆ گەر چەکدارانی ئەوان بووبێتن کێ دەڵی بە بڕیاری حیزبەکەیان ئەمەیان کردبێت.

- من دڵنیام ئەم شتە هەر ئەوان کردوویانە.

- باشە نیازت چییەو چۆن تۆڵە دەسێنێ؟

- چاودێرییان دەخەینە سەر، کە زانیمان چەند چەکدارێ لە ماڵێکدا کۆ دەبنەوە ئەوا ئاربیجیەکیان پێوە دەنێین. هەروەک پاسۆک پاشان ڕادەکەینە لای سەرکردایەتی.

- باشە کێ دەڵێ خەڵکی ئەوماڵە پێوە نابن، ئەمە لەلایەک لەلایەکی ترەوە ئێمە وەک پاسۆک نیین. حیزبمان لەم ناوچەیەو کە لە کوردستانیشدا هاوڕێ و دۆست و لایەنگیرمان زۆر هەیە. لەکاتی وەهادا هەموو ناوچەی شارباژێڕمان لە دەست دەچێ، کە بووەتە پردێک بۆ هێزی حیزب و چەکدارەکانی بۆ پەڕینەوە بۆ ناوچەی قەرەداغ و هەڵەبجە و گەرمیان. لە کۆتاییدا پێشنیاری ئەوەم کرد ئەوان بە نامەیەک سەرکردایەتی خۆیان ئاگاداربکەنەوەو لەو نامەیەدا ڕای هەموومان بە ڕوونی دیاربکەن و منیش لە ڕێگەی خۆمەوە سەرکردایەتی حیزب ئاگاداردەکەمەوە، هەموو ڕازی بوون. لە ئەنجامدا حیزب وسەرکردایەتی پێشمەرگە لەگەڵ ڕاکەی ئێمە بوون و ئاگاداریان کردین کە ئەوان سەرکردایەتی یەکێتی و هەڤاڵ مام جەلال لەو شتە ئاگاداردەکەین، داوا دەکەین بکوژەکان بدۆزرێنەوەو سزابدرێن.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت گەر وریایی و لێهاتووی ئەو سێ هاوڕێیە نەبووایە لەوانەبوو هەندێ کارەسات ڕوویبدایە و حیزبمان زەرەری بکردایە.

# لە هەگبەی تێکۆشانی ژێرزەمینیدا

١. نامەیەکی بەپەلەو گرنگ

ساڵی ١٩٨٠ ڕێکخراوەکانی حیزبمان لە کوردستانیشدا کەوتبوەبەر شاڵاوی هێرشی دڕندانەی بەعس. سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان کەوتبوونە خۆکۆکردنەوە بۆ تێکۆشانی ژێرزەمینی و چەکداری. ڕۆژێکیان نامەیەکی زۆر بەپەلەی گرنگ ئامادەکرابوو کە لە هەولێرەوە بگاتە سلێمانی بۆ ئێمە. ناردنی ئەو نامەیە لە ئەستۆی ئەبو حیکمەت بوو. لەو بارودۆخەدا سەختەدا ئاسان نەبوو کەسێکی وا بدۆزیتەوە کە جێگای متمانە بێت، بۆیە ناچاردەبێت داوا لە هاوڕێ ئەحمەد دڵزاری شاعیربکات، ئەویش هاوڕێیەکی ئازاو دلسۆزە و لەهەمان کاتدا ئەندامی ئەنجوومەنی یاسادانان دەبێت و لە سەیتەرەکاندا کەمتر مەترسی پشکنینی لێدەکرا. هاوڕێ دڵزاریش کارەکەی ئەنجامدا و هات بۆ سلێمانی و لەهەمان کاتدا وەڵامی نامەکەشی بردەوە بۆ هەولێر. هەرچەندە گەر بارودۆخی ئەو کاتە هێندە سەخت نەبووایە هەرگیز داوای شتی وا لەو نەدەکرا.

٢. چەک و چاپەمەنیەکانی حیزب

هەر لە سەرەتایی هێرشی دڕاندانەی بەعس، ڕێکخراوەکان کەوتنە خۆ کۆکردنەوە. هاوڕێ باوکی سەرباز سەرپەرشتی

شاردنەوەو دابەشکردن وناردنی چەک و چاپەمەنیەکانی دەکرد. چەند جارێک چەک و چاپەمەنی و شتی تری نارده سلیمانی. لێرەدا ئەم ڕاستیە تۆماردەکەم: جارێکیان ڕۆنیوییەکی بۆ ناردین. منیش هاوڕێ نوری قەرەچاتانیم ئاگاداركردبوو كە شتێكی وامان بۆ دێت، تا لە ناوچەی قەرەچەتان ماڵێک لە شیوعیەکان و خزمەکانی خۆی ئامادەبکات و ڕۆنیۆیكە لەوێ دابنێ. ئەویش ئەو کارەی ئەنجامدا. ئەوشی دووپاتکردەوە کە لە شوێنێکی باشی داناوە و پارێزاو دەبێت.

پاش چەند مانگێ هاوڕێ نوری ئاگاداری کردم کە خزمە شیوعیەکانی دەتەسن دەیانەوێ ڕۆنیۆیكە لە ماڵەکەیان لابرێت. منیش هەرچۆنێ بێت ماڵێکم پەیدا کرد تا بە ئەمانەت لەوێ بێت تا ئەیگەیەنینە یەکێ لە دێهاتەکانی دەربەندیخان. هاوڕێ نوری ڕۆنیۆیەکەی هێنا تا بیبەمە ئەو ماڵە. کە منیش چووم ڕۆنیۆیەکەم بینی سەرم سوڕما چونکە هەمووی ژەنگی هەڵهێنابوو هەروا لە چەند لایەکەوە شکابوو. لەگەڵ هاوڕێ نوری مشومڕێکی زۆرمان کرد، وتم: باوکی سەرباز زەحمەتی کێشاوە و ئەم ڕۆنیۆیەی بۆ ناردین، کەچی خزمەکەی ئێوە وای لێکرد. ڕۆنیۆکە بەهیچ جۆری بۆ کاری چاپەمەنی بەکارنەداهات بۆیە بەباشترمان زانی کە فڕێی بدەین و ماڵێکی تر نەخەیەنە مەترسییەوە. چووین لە دەشتە چۆڵەکەی پشت زانکۆی سلێمانی بە دڵێکی ناخۆشەوە لە پەنایەکدا بەجێمانهێشت.

٣. هاوڕێیەکی پۆلیس ویستی یارمەتیم بدات.

ساڵی ١٩٨٠ ئاگاداریان کردم کە خوشکە ئامینەی والی لە هەڵەبجەوە هاتووە و نامەیەکی پەلەی پێیەو هەر ئەمڕۆ دەگەڕێتەوە. بە ڕێکەوت نامەو بەیانێکی زۆری هەڵەبجە ئامادەکرابوو کە بۆیان بنێرین. منیش خێرا شتەکانم هەڵگرت و چووم بۆ ماڵی کورەکەی کە لە گەڕەکی ئیبراهیم پاشابوو. کاتێ لە جادەکەی مەلکەندی پەڕیمەوە بۆ جادەکەی ئەوبەری، لە ناوەڕاستی کۆڵانەکەدا بووم گوێم لە وڕەی ئۆتۆمبیلێک بوو، کە ئاورم دایەوە بینیم ئۆتۆمبێلی نەجدەیە. هەوڵمدا خۆمی لێ ون کەم، چوومە کۆڵانێکی ترەوە کەچی ئۆتۆمبیلەکە هەر بەدواوەمەوە بوو، ئەمجار خۆم کرد بە کۆڵانێکی تردا، چونکە نەمدەزانی ئەو نەجدەیە دوای من کەوتووە یان بەڕێکەوت لەو ناوەیە. دەرگایەی یەکەم ماڵ کراوە بوو بۆیە خۆم کرد بە ژووردا بێ ئەوەی بزانم ماڵی کێیە. کە چوومە ژوورە دەرگاکەم پاش جۆم داخست. ماڵەکە حەوشەیەکی گەورەی هەبوو. لەوبەرەوە کۆمەڵێ ژووری تێدابوو و کەسیش دیارنەبوو. پاش کەمێ ئافرەتێ هاتە دەرەوە وتی: ها برا چیت دەوێ. منیش وتم: بێزەحمەت ژووری بەتاڵتان نییە؟. ئەویش وتی: ئێمە نیمانە بەڵام لە کۆڵانەکەی ئەوبەر ژووری بەتاڵ زۆرە. ئیتر منیش بە هێواشی دەرگاکەم کردەوە و بە وریایی سەیری کۆڵانەکەم کرد بینیم کەسی لێنییە. پاشان چوومە ماڵی جەمالی والی.

پاش دوو شەو لەو ڕووداوە چوومە ماڵی هاوڕێ عەبدولی چایچی هەر لە ڕێگاوە کە منی بینی دەستی کرد بە پێکەنین و هەر نەیدەبرییەوە. منیش وتم ئەوە چییە دەڵێی قورمیش کراوی. ئەویش وتی بە پێزێی تۆ پێدەکەنم. سەرم سوڕما و وتم بۆ چی بووە.

ئەویش وتی پێزێ بەیانی لە گەڕەکی ئیبراهیم پاشا چیت بەسەرهات. پاش تۆزێ بیرم هاتەوە و وتم خەریک بوو بە کۆمەڵی شتەوە بگیرێم. ئەویش دیسانەوە دەستی کردەوە بە پێکەنین و وتی ئەو پۆلیسەی ناو ئۆتۆمبێلی نەجدەکە خزمە گێژەکەی من و هاوڕێ شیوعیە ئازاکەی حیزبە. بە هەموو عەقڵیەوە ویستی یارمەتی تۆ بدات بەڵام حەشری پێکردی. هەرچەند من لەسەر ئەوکارە لۆمەم کرد پێم وت کە جارێکی کە بێ ئاگاداری خۆت شتی وانەکات. ئەویش لەدواتەوە ڕۆیشتوە تا گەر شتێ بێت یارمەتیت بدات.

٤. ئەمەش یارمەتیەکەی منە بۆ حیزبەکەمان

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ دا شەوێک چوومە ماڵی هاوڕێ حەمە عەلی دەوڵەت، ئەو کاتە پەیوەندی حیزبی بە خۆمەوە هەبوو. شەو کارەکەمان کۆتایی پێهێنا و بەیانیەکەی پاش نانخواردن هاوڕێ حەمە ئابوونەوەکەی خۆیی داپێم، هاوسەرەکەی و هەردوو کوڕە گەورەکەی هەندێ یارمەتیان بۆ حیزب دا پێم. کاتێ کە ویستم بڕۆم کچە بچووکەکەی کە تەمەنی هەر حەوت هەشت ساڵێک دەبوو گووتی خاڵە جارێ مەڕۆ، هەموو

بەلامانەوە سەیربوو. بە خێرایی چووە ژوورەکەی ئەودیوو دەغیلەکەی کە پڕبوو لە پارەی وردە هیناو وتی ئەمەش یارمەتی منە بۆ حیزبەکەمان. منیش چاوم پڕبوو لە گریان و وتم پێی: دادە گیان ئەو پارەیە هەڵگرە بۆ خۆت و شتی جوانی پێبکرە. ئەویش هەر زۆری لێمدەکرد کە پارەکە ببەم. باوکیشی ئیشارەتی بۆکردم کە دڵی نەشکێنم و پارەکەی وەرگرم، منیش پارەکەم لێوەرگرت و زۆر سوپاسم کرد.
ئەم بەسەرهاتەم بۆ هاوڕێیانی ملمس گێڕایەوەو وتم خۆزگە حیزبەکەمان زوو سەردەکەوت و ئاوات و ئامانجی چەوساوەکان زوو دەهاتنەدی و ئەو بڕواو خۆشەویستییەی جەماوەری گەلەکەمان بە منداڵ و پیرەوە بە حیزبی هەیە دەبێت یارمەتی دەربێت بۆ گەیشتن بە ئامانجی نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیار.

٥. کەوتمە چاڵێکی قوڕاوەوە

ساڵی ۱۹۷۹ بوو، ئەوسا لە ماڵی هاوڕێ عەلی کلاشینکۆف دا دەژیام، بەیانیەک چوومە دەرەوە و کۆمەڵێک وەستاو کرێکار لەولای ماڵەکەیانەوە لە کۆڵانێکدا کاریان دەکرد. پاش دوو سێ سەعات کە ئیشەکەم تەواوکرد گەڕامەوە بۆ ئەوێ، جا بۆ ئەوەی ئەو کرێکاران دووبارە نەمبینن، نەختێ بەولاتردا هاتم. ئەو ناوەش هەموو چاڵی هەڵکەنراوو خشت و بەرد بوو، ئاویش لەوناوە ڕژابوو. بەسەر هەندێ ئاوی رووتدا هاتم. لەپڕ پێی

ڕاستم چووە خوارەوەنەمتوانی بیهێنمە دەرێ. هێندەی نەبرد قاچەکەی تریشم چووە خوارەوە. لەمن وایە چاڵێکی بچووکە. هەردوو قاچم چەقی و هەموو لەشم وردە وردە چووە خوارەوە. هەموو قوڕاوی خەست بوو تا ناوکم هات.ئەو چەترەی بەدەستمەوە بوو ویستم دەری بکەم نەمتوانی و لە قوڕاوەکە بەجێما. کەسیش لەوناوە نەبوو ، یەک دوو بانگم کرد. ماوەیەک هیچ دەنگ نەبوو. باشبوو یەکێ لە کرێکارەکان بە عەرەبانەیەکەوە هات تا قووڕ ببات، چاوی پێم کەوت و دەستی کرد بەپێکەنین وتی: ئەو چی دەکەی. من تووڕە بووم وتم مەلە دەکەم.ئیتر بەدەم پێکەنینەوە بە هەزار حاڵ لە سوچێکی چاڵەکەوە دەستی گرتم و هاتمە دەرەوە. هەموو جلەکانم تا سەر سنگم قوڕاوی بووبوو، ویستم پێش ئەوەی بەلای کرێکارەکاندا تێپەڕم تۆزێ قوڕ لە خۆم بکەمەوە هەرچەندە کرێکارەکە وتی لای ئەوانەوە بەلوعەیەک هەیە و دەتوانم بڕۆم خۆم پاکبکەمەوە.باشبوو ماڵی شەهید عەلی نزیک بوو. بەهەر حاڵ چوومە ماڵی ئەوان. خوشکە شلێری هاوسەری هاوڕێ عەلی کە منی بینی یەکسەر پێکەنینی هات و چووە ژوورەوەو هاوڕێ عەلی نارد بۆ لام. ئەویش حەپەساو وتی ئەوە بۆ وات لێهاتووە. ئیتر منیش هەموو بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە و ئەویش دەستی کرد بە پێکەنین. خوشکە شلێر بە هاوڕێ عەلی وتبوو بڵێی

سەرخۆش نەبووبێ. ئەویش توورە ببوو وتبووی خۆ هەموو دوو سەعاتە چووەتە دەرەوە، لەکوێ عارەق دەخواتەوە، بۆ لێرە دەخواتەوە؟. ئیتر منیا کردە حەمامەوەو خوشکە جلەکانی منی هەمووی شۆرد، دوو تەناف دەبوو. هاورێ عەلی کە جلەکانی بینی وتی: ئەم هەموو جلە چیبوو لە بەرتدا هەر باشبوو نقوم نەبووی.

٦. بۆ فرۆشتنی خانووەکە هاتووین.

پێشتر باسی ئەوەم کرد کە لەکاتی هێرشی دڕاندانەی بەعش هاورێ باوکی سەرباز ماوەیەک لە سلێمانی پێکەوە لە ماڵی علی کلاشینکۆف دەژییاین. شەوێکیان بە ئیشی حیزبی چوومە ماڵێکی تر. بەیانییەکەی دوای نانخواردن خاوەنی ماڵەکەو دوو پیاوی تر دەچنە ئەو ماڵە. کە هاورێ عەلی لێیان دەپرسێ بۆ هاتوون، خاوەن ماڵەکە دەڵێت خانووەکەم دەفرۆشم و ئەم دوانەش هاتوون سەیری خانووەکە بکەن. باوکی سەربازیش دەیەوێ نەی بینن نەوەک بیناسن . خێرا بیرێکی بۆ دێت. دوشەک و بەتانی و پشتی دەهێنێ و پاڵدەکەوێت و سەری دادەپۆشێ. کە پیاوەکان دەپرسن ئەو کێیە؟ دەڵێت ئەو برامەو لە بەغداوە هاتووەو دەرنگ گەیشت بۆیە زۆر ماندووە و خەوی لێکەوت. ئیتر ئەوان پاش سەیرکردنی هەموو ژوورەکان دەڕۆن و دەمووچاوی باوکی سەرباز نابینن.

# بە ماڵەوە چووینە شارێک لە ئێران

ساڵی ١٩٨٥ ئیش و کاری حیزبیم زۆر کەم لامابوو، چونکە چەند هاورێیەک نێردرانە ناو شاری سلێمانی بۆ سەرکردایەتی ڕێکخراوەکان. نزیکی پێنج ساڵبوو بە تەلەفوون قسەمان لەگەڵ گەلاوێژ و هاورێ نەکردبوو. ئەوان رۆیشتبوون بۆ موسکۆ بۆ خوێندن. برادەران ڕازی بوون کە من و دایکی گەلە و ئامانج و نەورۆز بچین بۆ تاران بۆ ئەوەی قسەیان لەگەڵ بکەین.

بە نامەی باوکی سەرباز چوومە لای کاک فایەق، "قایقە ڕەش، ناسراوبوو" بۆ ئەوەی وەرقەی هاتووچۆم بۆ بکات، ئەویش کە ناسیاوی خۆشم بوو خۆی ئاسا و زۆر دڵسۆزانە هەموو شتێکی بۆکردم تا بەئاسانی بچینە تاران و شوێنەکانی تر. لەگەڵ چوار پێشمەرگەی خۆماندا چوینە مەریوان و لەوێشەوە چووین بۆ سنە. پێشمەرگەکان لە سنە مانەوە و ئێمە چووین بۆ تاران. لە تاران پەیوەندیم کرد بە هاورێ جاسم حەلوایی" ئەبو شروق" کە ئەندامی سەرکردایەتی حیزب بوو لەوێ دەژیا. پەیوەندیشمان بە هاورێ ئەبو عەلاوە کرد، ئەویش لێپرسراوی دووەم بوو. چووینە ماڵیان. لەو کاتەشدا ڕێواسی کچی باوکی سەرباز لەوێ مێوان بوو. ئەو دوو هاورێیە یارمەتی زۆریان داین. هەر ئەو کاتەش هاورێ ئەبو ڕەزای

خزمم لە تاران کاریان دەکرد، چەند ڕۆژێ لە ماڵی ئەوانیش بووین و خزمەتی باشیان کردین. بە یارمەتی هاوڕێ ڕەفئەت کوڕی هاوڕێی نەمر ئەحمەدی مەساح کە ئەو کات لە تاران بوو، توانیمان دوو جار قسە لەگەڵ گەلاوێژدا بکەین. بەلام لەبەر ئەوەی کاتی پشووی خوێندن بوو هاوڕێ لەوێ نەبوو و نەمانتوانی قسەی لەگەڵ بکەین.

پاش دوو هەفتە کە ویستمان بگەڕێینەوە بۆ کەرەجال لەوێشەوە منداڵەکان و دایکیان بگەڕێنەوە بۆ سلێمانی. هاوڕێ جاسم حەلوایی ئاگاداری کردم کە سوپای عێراق ناوچەی ئەحمەد ئاوای گرتووە و بە ئاسانی خەلک لەوێوە ناگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و هەڵەبجە، بەتایبەتی ژن و منداڵ. هاوڕێ جاسم قسەی زۆری کرد تا نەگەڕێینەوە بۆ ئەو ناوەو وتی: ئێمە لە ئێران ئیشمان بەماڵ زۆرە، ئەگەر لە شارێکی کوردستانی ئێران بمێننەوە و ماڵێک بەکرێ بگرن بۆ خۆتان و بۆ حیزب زۆر باشە. چونکە ئێستا زۆر لە هاوڕێیان بەکاری حیزبی و بۆ نەخۆشی لە بنکەکانی حیزبەوە دێن بۆ ئێرە.

پاش گفتوگۆیەکی زۆر ئێمەش ڕازی بووین و لە ئەنجامدا بریارمان دابچینە شارێکی کوردستان و لەوێ ماڵێکی سەربەخۆمانی لێیە، دەتوانین لەوێ بژین و منداڵەکان بچنە قوتابخانە. کاک فایقیش کارێکی وای بۆ کردبووین کە بتوانیین

بە ڕەسمی لە ئێران بژین و منداڵەکانیش بخوێنن. ئینجا بەرەو ئەو شارە کەوتینە ڕێ. منداڵەکان و دایکیانم لەو ماڵە ناسیاوە داناو کە سەر بە حیزب بوون و خۆشم بەرەو مەریوان ڕۆیشتم تا بچم بۆ کەرەجاڵ و قسە لەگەڵ باوکی سەرباز بکەم بۆ ئەوەی لە ئێران بمێنینەوە. کاتی نیوەرۆ گەیشتمە مەریوان و چوومە ناو بازاڕ تا نانێ بخۆم. پێش ئەوەی بگەمە جێگای نانخواردن ، چەند ئوتومبیلێکم بینی کە پڕبوون لە پێشمەرگە. کە لێیان نزیک بوومەوە لە ئوتومبێلی یەکەمدا هاوڕێ شێخ ئەحمەدی چەتەم بینی، چوومە لای لێم پرسی ئەوە چی دەکەن لێرە. گووتی مەقەڕ دەگوێزینەوە بۆ ناوچەی شاربازێڕ. چونکە سوپای عێراق ئەحمەدئاوایان گرتووە. هەروا دەستی بۆ ئوتۆمبێلێک ڕاکێشاو وتی هاوڕێ باوکی سەربازیش وا لەوێیە. ئیتر چووم بۆ لای و هەر بە پێیەوە پێشنیاری مانەوەمان لە ئێران باسکرد. ئەویش کوتی زۆر باشە هەروا بکەن و دوایش وەرە بۆ لامان و زیاتر قسەی لێدەکەین.

ئیتر هەر ئەو ڕۆژە گەڕامەوە ئەو شارەی منداڵەکانی لێبوو. بە یارمەتی ئەو ماڵە ناسیاوەمان، پاش ماوەیەک گەڕان دوو ژووری چۆڵمان هەر لە نزیکی ماڵی ئەوانەوە دەست کەوت. هەندێ شتی نوێ و هەندێ شتی کۆنی ناومالمان کڕی و چووینە دوو ژوورەکە، هەر لەو خانووەدا خاوەن ماڵەکەو کرێچییەکی

تری تێدابوون. پاش هەفتەیەک، چوومەوە بۆ مەریوان بۆ ئەوەی وەرەقەی هاتووچۆ وەربگرم و بچم بۆ ناوچەی شاربازێڕ بۆ لای هاوڕێ باوکی سەباز.

لە مەقەڕی پارتی چاوم بە کاک فایەق کەوت کە بەرێکەوت لەوێ بوو، پێم گوت: دەمەوێت بچم بۆ لای هاوڕێ باوکی سەرباز. ئەویش گوتی: باش بوو زوو هاتی، ئێستا عەبدوڵڵا ئاغاو هاوڕێیەکی خۆتان هاوڕێ قادر ڕەشید لێرەن دەیانەوێ بچن بۆ لای ئەوان تۆش لەگەڵیاندا برۆ، ئیتر منیش لەگەڵ ئەواندا ڕۆیشتم لەوێ لەگەڵ باوکی سەربازدا قسەمان کرد وئەویش گووتی: قسەی هاوڕێ جاسم حەلوایی ڕاستەو پێویستیان بەماڵێکی واهەیە. ئەو ماڵەی گرتووتانە باشە و ئێمەش هەموو مانگێ یارمەتیەکەی خۆتانتان بۆ دەنێرین. هەروا گووتی هەر لەو شارە برادەرێکی لێیە ودۆستی حیزبەو خزمی هاوڕێ دکتۆر نەجمەدینە. ئێمە هەرچیەکمان هەبوو بۆت ئەنێرینە ئەو ماڵەو تۆش هەرچییەکت هەبوو لە ڕێگەی ئەوانەوە بۆمان بنێرە. هەر لەوێ ناونیشانی ماڵەکە لە دکتۆر وەرگرتو لەسەر وشەی نهێنێش ڕێککەوتین کە ئەمەبوو" من باوکی سەرباز و دکتۆر نەجمەدینی خزمت منیان ناردووە بۆ لای تۆ و ناوم وەستا محەمەدە". ئەو شارە زۆر گەورەبوو و منیش نەشارەزابووم، بۆیە دوو هەفتەیەکی ویست تا مەڵەکەم دۆزییەوە. کە ماڵەکەم

دۆزییەوە لەدەرگای ماڵەکەیانم داو کوڕێکی گەنج دەرگاکەی کردەوەو، لێم پرسی: ئەمەیە ماڵی وەستا مەهدی.؟ گوتی: بەڵێ ئەمەیەو خۆشم ئەوم. منیش گوتم: من وەستا محەمەدم، باوکی سەربازو دکتۆر ئەحمەدینی خزمت ناردویانم. ئەویش بە گەرمی تەوقەی لەگەڵ کردم و گووتی ئاگاداریان کردووم. بردمییە ژوورەوەو ڕێزێکی زۆری لێنامو گوتی: ماڵ ماڵی خۆتە، هەر کاتێک ویستت دەتوانیت بێیتە ئێرە. ئینجا ووتی: هاوڕێ نائب عەبدوڵا لێرەیە، لەمن وابوو دەمناسێ و دەزانێ کە من نائبم بۆ پێکەنین وادەڵێت، منیش بەپێکەنینەوە ووتم بەڵێ لێرەیەو وا لەبەردەمی خۆتدایە. کەچی ئەو بەو قسەیەم کەمێ گرژ بوو گووتی بڕوا ناکەیت.... من لەم ڕۆژانەدا چوومە دوکانەکەی و زۆر قسەمان کردو دوکانێکی خەیاتی گەورەی هەیەو سێ مەکینەی درومان و چوار شاگردی هەیە. ماڵەکەشیان والەوبەر دوکانەکەوەیە، وابزانم خانووەکەشی کڕیوە، منیش لەم قسانەی حەپەسامو هیچ قسەم بۆ نەکرا، ئینجا ووتی: ئەوە بۆ قسە ناکەیت، هەر بڕوام پێ ناکەیت... ئەویش توورە بوو و ووتی زۆر عەیبە ئەمە یەکەم جارمانە یەکدی دەبینین کەچی بڕوام پێناکەیت. منیش بە هێواشی وتم: وەستا گیانی تازە ناسیاو چۆن بڕوات پێبکەم، چونکە من خۆم نایب عەبدوڵام.

ئیتر ئەو پیاوە هەموو گیانی نیشتە سەر ئاو، ماوەیەک ورتەی لێوە نەهات، ئینجا بە منجە منجێکەوە گووتی ئەو سەگبابە بۆ وتی من نایبم . گووتم درۆی تر مەکە، چ خەیاتێ هەیە لەم شارە نەمن و نە تۆش نەناسێ و هەر لەخۆیەوە بڵێت من فلانم. هەروەها ووتم: باش دەزانم کە ئەو قسانە هی خۆت نیین، بەڵام وات هۆنیوەتەوە کە بۆ هەر کەسێکی تری بکەیت ئەگەر کوڕەکانی خۆشم بێ بڕوات پێدەکەن. وا ڕێکت خستووە هەموو کەسێ باوەڕت پێدەکا. ئینجا وەستا مەهدی هەڵساو دەستی کردە ملم و گووتی ڕاست دەکەیت قسەی خۆم نییەو داوای لێبووردنت لێدەکەم.

گووتم: بەمەرجێ لێت دەبوورم پێم بڵێیت ئەو کەسە یان ئەو کەسانە کێ بوون ئەو قسانەیان لەلای تۆ کردووە. گووتی: ناتوانم ناویان بڵێم. گووتم بۆچی ناتوانیت؟ گووتی: بەڕاستی ناتوانم، چونکە ئەوانە زۆر ناپیاون، ئەگەر بزانن ناوم هێناون خراپم پێدەکەن.منیش گووتم یەکدڵم لەوەی ئەوەی درۆی وابکات، نە شیوعی ڕاستە و نە خاوەن شەرەف و ویژدانە. هەستام ڕۆیشتم و وتم ئیتر هەرگیز من نابیبیتەوە. هەر واش بوو تا ئێستاش نەمبینیەوە. ئیتر ناوە ناوە هاوڕێیان و لێپرسراوانی پێشمەرگەو دکتۆرەکان دەهاتنە ماڵمان وشەو دوو شەو دەمانەوە لامان.

لەسەرەتادا ئەم هاوڕێیانە هاتنە ماڵمان: مامۆستا قادر، شێخ سەعیدی ڕەحمەتی، مام قادر، نەسرەدینی ڕەحمەتی، حەمەڕەشید قەرەداخی و هاوسەرەکەی، براکەی حەمە ڕەشید و دوو هاوڕێی عەرەب، دکتۆر نەوزاد، مەحمود دیکتاریۆفی ڕەحمەتی، نەبەزی خەیات، ئەلوەنی پێشمەرگە، دکتۆر هەڤاڵ، سەید عەلی جەباری، سەید عەلی عبابەیلێی، هاوڕێ مەحمود پشدەری و سێ هاوڕێی پشدەر، مام بارام و هاوسەرەکەی، حاجی مەکی هەڵەبجە و هاوسەرەکەی، نوری عوسمان و هاوسەرەکەی و زۆری تر لە پێشمەرگەکانی حیزب، زۆر بە خۆشییەوە خزمەتمان دەکردن و کارەکانمان ڕادەپەڕاندن و بەڕێمان دەکردن. هەمووش وایان دەزانی کە حیزب یارمەتی خۆمان و میوانەکانیشمان دەدا، هەروەک شارەکانی تر. بەڵام دوو مانگ تێپەڕی هیچمان لە مەڵبەندی سلێمانی و کەرکووکی حیزبەوە پێنەگەیشت، چونکە پێشتر پارەم لە مەڵبەندەوە وەردەگرت و چەند جار نامەم بۆیان نووسی کە پارەم بەدەست نەگەیشتووە کەچی هیچ وەڵام نەبوو، بۆیە ناچاربووم هەرچۆنێ بێت کارێک بدۆزمەوە تا ژیانی منداڵەکان بەڕێوە ببەم ئەمە جگە لەو میوانانەی کە بەردەوام دەهاتنە لامان، خۆم لە پێشدا وەک شاگردی قاڵی فرۆشێک کارم کرد، ئامانج و نەورۆزی کوڕم لەبەر کەم دەرامەتی نەیانتوانی بچنە قوتابخانە و لە دووکانێکی

خەیاتدا بوون بە شاگرد. پاشان خۆشم بووم بە شاگردی ئوتۆچییەک، ئیتر باری ئابووریمان بەرەو باشی دەڕۆیشت و پاش ماوەیەک دوکانێکی بچووکم دانا و شتی منداڵانم دەفرۆشت.

خزمەکانمان کە هەموویان سەر بە یەکێتی نیشتمانی بوون، ئەوانەی بە ماڵەوە لە شاری سەقز و بانەو کرماشان دەژیان زۆر دەهاتنە ماڵمان و بۆیان دەرکەوت کە زۆر دەست کورتین وبە ڕەزالەت دەژین.

کاک شۆڕش ئیسماعیل کە خزممانە ولە یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا خەباتی دەکرد، داوای لێکردم بە نامەی ئەو بچم بۆ لای کاکە محەمەدی حاجی مەحمود تا وەک پێشمەرگەیەک هەموو مانگێک ئەرزاقم بداتێ . بەمە قایل نەبووم و گووتم : سوپاست دەکەم و بەڵام حیزبەکەی خۆم شتێکم دەداتێ و خۆشمان دەتوانیین هەژارانە بژین و پێویست بەو زەحمەتە ناکات.

هەروەها کاک ئاراس، برای کاک دلێر ئیبراهیم (دلێری ئیبراهیم)،پێی گوتم: ئەوە بۆچی ناچیت بۆ لای هەڤاڵ مام جەلال تا یارمەتیت بدات، هەروەک چۆن یارمەتی وەکو فلان‌و فیساری شیوعی دەدات. منیش گوتم: زۆر سوپاست دەکەم، پێویستم بەیارمەتی نییە، ئەمە جگە لەوەی خۆشمان وردە کاردەکەین و هەروا خۆمان هەژارین قایلین‌و دەتوانین هەژارانەش بژین.

نزیکەی دووساڵ بەو جۆرە ژیاین و میوان و هاوڕێیانی لێپرسراویش بەردەوام دەهاتن. ڕۆژێکیان هاوڕێیان شاخەوان" هاشم کۆچانی" و ڕێواسی هاوسەری هاتنە ماڵمان و ماوەی دە ڕۆژێک لامان مانەوە. هەر یەکەم ڕۆژ کە ماڵ و حاڵیان بینین هاوڕێ شاخەوان وتی ئەوە بۆ هەژارو ڕەنگ زەردو نارەحەت دیارن، ئایا حیزب یارمەتیتان نادات؟. منیش گووتم بەبڕیاری حیزب هاتووینەتە ئێرە و وا بۆ دوو سالیش دەچێت هیچ یارمەتیەکیان نەداوین و چەند جارێکیش نامەم ناردووە و وەلامیان نەبووە. هاوڕێ ڕیواسیش بەمە زۆر دلگران بوو. ئیتر هاوڕێ شاخەوان وتی بۆ نامەیەک بۆ مەکتەبی سیاسی نانووسی. گووتم هاوڕێیانی مەکتەبی سیاسی لە ولات نیین، ئەویش گوتی من هەواڵیکی وام بیستووە کە بەم زوانە هاوڕێ کەریم ئەحمەد دێتەوە. منیش نامەیەکم نووسی و کە گەڕانەوە لە گەڵ خۆیانیان برد. پاش ماوەیەکی کەم هاوڕێ پەخشان زەنگەنە نامەیەکی بۆ ناردم و نووسیبووی هاوڕێیانی م. س سڵاویان هەیە و دەڵێن ئێمە ئاگاداری ئەو پارە بڕینە نیین و بەم نزیکانەش پارەت بۆ دەنێرین. پاش چەند ڕۆژێ هاوڕێ حاجی مەکی هەڵەبجە و هاوسەرەکەی لە تۆکانەوە گەڕانەوە ماڵمان و نامەیەک و هەندێ پارەیان بۆ هێنایین. دیاربوو شاخەوان و ڕیواس باسی ژیان و گوزەرانی ئێمەیان بۆ برادەران کردبوون.

پاش ئەمە ئیتر ئامانج و نەورۆز وازیان لە شاگردی خەیاتی هێناو چوونە قوتابخانەو بە کۆششی خۆیان توانیان ئاستی خوێندنیان بگەیەننە ئاستی قوتابیانی تر هەرچەند ماوەیەکی زۆریش بوو لە خوێندن دابڕابوون. هەروا هەندێ پێداویستی ژیانمان کڕی. هەروا هاوڕێ جەمالی والی و ناسکەی هاوسەری بینیان لەو هاوینەدا سەلاجەمان نییە، لە گەڕانەوەیان بۆ پاوە سەلاجەیەکی بچووکیان وەک دیاری بە نەبەزی برای ناسکەخاندا بۆ ناردین. خۆشم بەردەوام بووم لەکارکردن، ئیتر بوژاینەوەو خۆشم لە جوڵانەوەو هەڵس وکەوتدا زۆر ئاگاداربووم. بۆیە هەتا دەرچوونمان تووشی هیچ گرفتێ نەبووین.

هەر لەو کاتانەدا گەلاوێژی کچم لە مۆسکۆ بوو، نامەیەکی بۆ ناردین و لە نامەکەدا نووسیبووی: ( بابە گیان بیستومە کە حیزب و گەلت بەجێ هێشتووەو چویتە ئێران بۆ کاسپی و خۆ دەوڵەمەند کردن). ناوەڕۆکی نامەکەی گەلێ دلگرانی کردم، چونکە ئێمە بە بڕیاری حیزب و بۆ کاری حیزبی چووینە ئێران نەک بۆ خۆ دەوڵەمەند کردن. لە دوواییدا کە گەلاوێژم بینیەوە لە مۆسکۆ پێی ووتم کە سەرچاوەی ئەو درۆو پروپاگەندەیە کێ بووە. ئەوەش کە زۆر بریندارى کردم ئەو قسەو قسەلۆکە لەلایەن کەسانی ناو حیزب و سەربەحیزب بڵاوکرابوونەوە.

# هەوڵی چوونە دەرەوە بۆ پەناهەندەیی

ساڵی ١٩٨٩ لە پاش هێرشی دڕندانەی بەعس و ئەنفال لە کوردستان، زۆربەی هێزی پێشمەرگەی حیزبە کوردستانیەکان و حیزبی شیوعی هێزەکانیان گواستەوە بۆ سنوورەکانی ئێران و وردە وردە پێشمەرگەکان و خێزانەکانیان ناردە دەرەوە و داوای پەناهەندەییان دەکرد.

هەر لەو کاتەشدا بوو گەلاوێژی کچم لە مۆسکۆوە نامەیەکی بۆ نووسیم و باسی ئەوەی کردبوو کە ژمارەیەکی زۆری هاوڕێیانی حیزب دەرچوون و بۆ ئێوەش هەوڵی دەرچوون نادەن. هەروا لە حیزبەوە ئاگادارکراین کە داوا لە گەلاوێژ و هاوڕێ بکەین تا دەعوەتنامەیەکمان بۆ بکەین تا بتوانین بچینە موسکۆ و لەوێشەوە چوونە وڵاتێکی تر ئاسان دەبێت. ئێمەش بەمە ڕازی بووین و کەوتینە هەوڵدان. لە ئێران بە یارمەتی کاک فایق تۆفیق توانیمان لیسە پاس دەربهێنین و سەفەری پێبکەین. لە لیسە پاسەکەدا نووسرابوو کە دەبێت بە تەیارە سەفەربکەین. لەبەر ئەمە ناچاربووم داوا لە حیزب بکەم ڤیزەی سوریامان بۆ جێبەجێ بکەن. چووم بۆ نۆکان لای هاوڕێ عومەر عەلی شێخ تا داوا لە برادەرانی شام بکات ڤیزە بۆ خۆمان دوو کوڕەکەمان بکەن. ئەویش وتی دەبێت خۆت نامەیەک بۆ برادەرانی مەکتەبی

سیاسی بنووسی و ناونیشانی ئەوانی لە شام دەپێم. نامەیەکم بۆیان نووسی و پاش ماوەیەک نامەیەکی باوکی سەربازم پێگەیشت و داوای ناوی تەواوی خۆمان منداڵەکانی کرد بە پێی ئەو لیسەپاسەی کە هەمانە. هەموو شتەکانم نارد. پاشتر نامەیەکی باوکی سەربازم پێگەیشت تێدا نووسیبووی کە ئەو ڕەوا بۆ وڵاتێکی تر و ناونیشانێکی کاک کەریم ئەحمەدی بۆ ناردم کە پەیوەندیی پێوەبکەم بۆ تەواوکردنی ڤیزەکە. چەند نامەیەکی ترم ناردو هیچ دەنگیان نەبوو و ڤیزەکەشیان هەرنەکرد بۆمان.

ڕۆژێکیان کاک شۆڕش ئیسماعیلی خزمم هاتە لامان لێیپرسیم: بیستومە دەمێکە چاوەڕوانی ڤیزەی سوریا دەکەیت.؟ منیش گوتم: بەڵێ وایە. ئەویش گوتی: ئەی بۆچی بەمن ناڵێیت، من ئەتوانم یارمەتیت بدەم. ئیتر هەر ئەو کاتە نامەیەکی نووسیو داییپێمو گوتی: بچۆ بۆ تاران بۆ لای کاک بەکر فەتاح لەتاران و گووتی هەرخۆت بچۆ لای. کە چوومە لای کاک بەکر، ڕێزێکی زۆری گرتین و گوتی: ئەمرۆ خۆت ئەم نامەیە ببە بۆ باڵوێزخانەی سوریا. کاتێک کە بۆم بردن لەوێ پێیانگوتم: هەفتەیەکی تر وەرەوە. دوای هەفتەی دیاریکراو چوومەوە ڤیزەی هەر چواریان پێدام.

ئینجا کاک دلێر ئیبراهیمی( دلێری مۆسیقاژەن) خزمم، کە کادیرێکی یەکێتی نیشتیمانییە، پێی گوتم: ئەگەر پێکەوە بچین بۆ سوریا بەڵێنت پێدەدەم هەر پارەو پێویستییەکت پێویست بوو من بۆتی جێبەجێ بکەمو خۆم دەرناچم بۆ وڵاتێکی تر تا ئێوە دەرنەچن. لەمانگی یانزەی ۱۹۹۰دا خۆمان کۆکردبووەوە بۆ ئەوەی بڕۆین بۆ سوریا تا لەوێشەوە بۆ مۆسکۆ بڕۆین. لەو ڕۆژانەدا هاوڕێ نوری عوسمانو هاوسەرەکەی هاتنەماڵمان پاش قسەو باس زانیان کە نیازمانە بۆ سوریا بڕۆین گوتی: بۆچی لەرێگای سوریاوە دەڕۆن.؟ چونکە ئەم ڕێگەیە ماندووبوونی زۆرەو پارەی زیاتریشی تێدەچێت. منیش گوتم: ئەی بۆ لە کوێوە بچین.؟ ئەویش گوتی: مادەم دەعوەتنامەی مۆسکۆتان بۆ هاتووە، لەرێگای شەمەندەفەرەوە ڕاستەوخۆ دەتوانن لە تارانەوەبۆ مۆسکۆ بچن. هەروەها گوتی: ئێمەش وەکو ئێوە بە لیسەپاسو داوەتنامەی کوڕەکەمان لەوێوە دەڕۆین. ئێمەش ئەمەمان بەلاوە باشتربوو، دوو جار چوومە تاران تا لیسەپاسێکی ترمان بدەنێ. لەوێ هەر دەیانگوت: دواتر وەرەوە. جاری سێیەم بەتوڕەییەوە پێیانگوتم: ناکرێت.

ئەو جا منیش چوومە لای کاک سەلاح دەلۆ کە کادیرێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، لەو شارە دەژیا، ئەو جارەی کە هاوڕێ شاخەوان هاتە لامان ئەوی بەمن ناساند. لەراستیشدا

کاک سەلاح خۆی ئاساو دڵسۆزانە نامەیەکی بۆ دکتۆر شەوکەت لە کەراج داینێم لەپێشدا چوومە ماڵی کاک سەرباز هەورامی لە کەرەج و ئەویش لەگەڵماو چووینە لای کاک دکتۆر کە نوێنەری پارتی بوو، ئەویش دڵسۆزانە هات بەدەنگمەوەو وتی بۆ سبەینێ کاتژمێر نۆونیو لەشارەبانی تاران چاوەڕوانم بکە. بەرێزیان لەکاتی دیاریکراودا هات و کارەکەی جێبەجێ کرد. سەفەرەکەیان بۆگۆڕین.

# سەفەرکردنمان بۆ مۆسکۆ

ڕۆژی ١٩٩٠/١٢/١٥ بەتەواوی ئامادەبووین‌و چووین بۆ تاران‌و لەمیوانخانەیەک دابەزین. لەتاران بەچەند ڕۆژێک هەندێک جلوبەرگی پێویستمان بۆ هەر چوارمان کڕی‌و بلیتی شەمەندەفەرمان کڕی لەتارانەوە بۆ مۆسکۆ لەناو دوو واگۆندا کە جێگای چوار کەس بوو بە١٧،٠٠٠حەڤدە هەزار تمەن کە ئەو دەمە کردییە دووسەد دۆلار هەر زۆر هەرزان بوو. تەلەفونیشمان لەگەڵ هاوڕێی کورماندا کرد کە لە١٩٩٠/١٢/٣١لەتارانەوە دەردەچین‌و ١٩٩١/١/٥ دەگەینە مۆسکۆ، بۆ ئەوەی بێن بەپیرمانەوە. سەفەرکردنمان بۆ مۆسکۆ ڕۆژی١٢/٣١ لەتاران سواری شەمەندەفەر بووین‌و هەر ئەو ڕۆژە لەنزیک ئێوارەدا گەیشتینە جلفای ئێران کە مەرزی نێوان ئێران‌و یەکێتی شورەوییە. وابڕیاربوو هەر ئەو ئێوارەیە شەمەندەفەری شورەوی لەباکۆوە بێتە ئەوێ و ئێمەش هەڵگرێت بەڵام بەهۆی بەفرو گیروگرفتی ڕێگاوە شەمەندەفەرەکە نەهات، ئێمەش کە پەنجا نەفەر زیاتربووین بەناچاری لای پۆلیسەکانی سنور ماینەوە..هەر ئێمە کوردبووین‌و چوار ئەفغانیشمان لەگەڵ بوو، ئیتر ئەوانی تر خەڵکی کۆمارە ئیسلامییەکانی شورەوی بوون بۆ سەردانی ئێران هاتبوون‌و دەگەڕانەوە. شەوی ١٩٩١/١/١ لای پۆلیسە ئێرانییەکانی سەر سنور ماینەوەو،

ئەوەشمان بەلاوە ناخۆش بوو چونکە یەکدڵ نەبووین کە سبەینێ دەڕۆین یان نا.

بۆ ڕۆژی دوایی شەمەندەفەرەکەی شورەوی هات‌و هەڵیگرتین‌و چووین بۆ جلفای شورەوی کە زۆر نزیکی یەکدی بوون، لەوێ پشکنین‌و هەموو شتێک جێبەجێکراو بەرەو باکۆ کەوتینەرێ ، پاش پێنج شەو و پێنج ڕۆژ کە دەکاتە ١/٦ گەیشتینە مۆسکۆ. کات شەوێکی زوو بوو، لەوێستگەی شەمەندەفەرەکەوە براینە ناو میترۆی ڕیزانسکی‌و لەوێشەوە چووینە دەرەوەی میترۆکە. هاوڕێ دیار نەبوو. لەبەرئەوەی لەسنوور دواکەوتین ڕۆژێک درەنگتر گەیشتینەجێ . زۆر چاوەڕوانبووین وردە وردە بارانیش . دەباری‌و ئەوان هەر نەهاتن. ئیتر منیش ناچاربووم تەلەفونم کرد بۆماڵی شەهیدی نەمر سەلام عادل، هاوڕێ دکتۆرە ئیمانی کچی شەهید وەڵامی دایەوە. لەپاش هەواڵپرسین گوتی: دایکم لەنەخۆشخانە کەوتووە. منیش بۆم باسکرد کە هاتووین‌و لەو میترۆیەین‌و هاوڕێ دیار نیە. داوام لێکرد کە ئایا تەلەفونی ئەوان یان ئەو زانکۆیانە دەزانیت کە ئەوانی لێن. لەوەڵامدا گوتی: ئەوە نازانم بەڵام ڕەنگە هاوڕێ نەسرینی هاوسەری فوئاد بزانێت لەبەرئەوە تەلەفونی بۆ دەکەم. هەروەها گوتی: ئەگ بەم شەوە هاوڕێتان دەست نەکەوێت ئێستا خۆم دێم بۆ لاتان‌و ئەگەر هاوڕێ نەهات لەگەڵ خۆمدا دەتانهێنمەوە بۆ ماڵی خۆمان. منیش نەورۆزو دایکیم بەدیار جانتاکانەوە داناو لەگەڵ ئامانجدا چووینە ناو میترۆکەوە

بۆ چاوەڕوانی دکتۆرە ئیمان. لەوێ بە هەر چوارلاماندا چاومان بۆ هاوڕێ ئیمان دەگێڕا، لەناکاو کوڕێکی باڵابەرزی کەمێک ریشداری کڵاولەسەر کە پاڵتاوێکی درێژی روسیی لەبەردابوو دەستی کردە ملم. لەبەرئەوەی هیچ نەمناسی لێم پرسی تۆ کێیت.؟ گوتی: باوکە گیان.! ئینجا زانیم هاوڕێی کوڕمە دەسبەجێ باوەشم پیاکردو دەستمکرد بەگریان. چونکە دەساڵێ رێک بوو نەمدیبوو. ئەوسا باڵای کورت بوو، بەو ریش‌و جلوبەرگانەشەوە هەر نەمناسییەوە، ئامانجیش لەمن زیاتر باوەشی پێداکرد. ئینجا چووینە دەرەوە بۆ لای دایکی. دایکی هەر لەدوورەوە پرسی ئەوە کێیە.؟ گوتم: هاوڕێیە..ئیتر باوەش‌و ماچ‌و گریان ماوەیەکی زۆر تێکەڵاوی یەکدی بوون‌و، پاش کەمێکیش باوکی مژدە هات. ئینجا چووینەوە بۆ ناو مێترۆکەو پاش نەختێک دکتۆرە ئیمان‌و کچەکەی پێکەوە هاتن. ماوەیەکی زۆر پێکەوەبووین‌و هەموومان وەستاین‌و قسەمانکرد. دکتۆرە هەوڵیدا لەگەڵیدا بچینەوە بۆ ماڵی خۆیان بەڵام هاوڕێ گوتی: ماڵێکی باشی دوو هۆدەییم بۆ گرتوون. ئیتر پاش نیو کاتژمێرێک ئەوانمان بەرێکردو ئیمەش چووینەوە ئەو ماڵەی کە بەکرێ بۆیان گرتبووین.

# ئەو (١٥) ماڵەی لە مۆسکۆ ماینەوە

ئەو شەوەی گەیشتینە مۆسکۆ و چوینە ئەو ماڵەی هاوڕێ بۆیگرتبووین بەکرێ ، هاوڕێ و باوکی مژدەش مانەوە لەلامان، دەساڵی تەواوبوو هاوڕێمان نەدیبوو، هەموو شتێکی گۆڕدرابوو، هەرچەندە ئەو شەش شەوەی بەڕێگاو لەناو شەمەندەفەردابووینو زۆر زۆر کەم نوستبوین، بەڵام لەخۆشیاندا هیچ نەنوستینو هەر قسەمان دەکرد.

جالەبەر ئەوەی هاوڕێ و ئارام، هەموو شتکڕینی بازاریان بۆ دەکردین من کاتم زۆربوو، بۆیە بەیادی جارانەوە، هەموو رۆژێک ئەچومە دەرەوە، بەناو شارو میترۆ و باخچەو جادەکان دەگەرام.

ئەو کاتە سەرەتای نەمانی رژێمی ئیشتراکی و هێنانی رژێمی سەرمایەداری بوو... بەو هۆیەوە، هەموو شتێکی مۆسکۆ گۆردرابوو.. ئەو خەڵکانەی کە لەکۆتایی شەستەکانو حەفتاکاندا دەمبینین، کە هەمیشە رووخۆشو گەشو شادومانبوون، ئەم جارە زۆربەی هەرە زۆری ئەو خەڵکانە روگرژو ماتو مەلولو دڵتەنگبوون.

ئەو جادانەی وێنەی مارکسوئەنجلسو لینینی پێوە هەڵواسرابوو ئەم جارە، وێنەی ئافرەتی نیوە رووتی بەسەدان پیا هەڵواسرابوو.

ئەو بەر میترۆ و مەیدانانەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیان لێدا بەشئەکرد... ئەم جارە ئەو جێگایانە بووبوون بەقومارخانەو خراپەکاری... ئەو سەر شەقامە گەورانەی شتی نایابو جوانو بەنرخی لێدانرابوون ئەم جارە لەو جێگایانەدا بەدەیانو سەدان پیاو و ئافرەتی لاووپیر، شتومەکی بەنرخی ماڵەکانی خۆیان هێنابوو بۆ فرۆشتنی زۆر بەهەرزان بۆ ئەوەی خۆیانو ماڵ و منداڵیانی پێ بژێنن، چونکە بێکارمابونەوە.

هەندێ لەو کارگەو بازاڕ عەماراتی گەورەیەی کە کرێکارانو خەڵکی ئیشکەر کاریان تیدا دەکردو تیایدا دەژیانو کاتیان بەسەر دەبرد، هەموویان فرۆشرابوون، بەو سەرمایەدارانەی کە ڕایانکردبوو، بۆ ئەمریکاو وولاتانی تری سەرمایەداری، گەڕابوونەوەو دۆلاریکی زۆر زۆریان هێنابوو لەگەڵ خۆیاندا، بۆ ئەوەی دەستبگرن بەسەر هەموو سەروەتو سامانی ئەو میللەتانەو، کۆمەڵێک بگەنە ئاسمانو هەزارانیش بەدەست هەژاری برسیتییەوە بناڵێنن.

بەدەیان کارگە داخرانو بەهەزاران کرێکار بێ کاروبرسی بوون.

پاش ماوەیەک، هاوڕێ (دکتۆر عادل) سکرتێری ڕێکخراوی حزبمان لەیەکێتی شورەویو هاوڕێ (ئەبو حاتەم) جێگری دکتۆر، هاتن بۆ ماڵمان، بەداخەوە خۆم لەماڵەوە نەبووم، ئەوانیش هەندێ پارەو نامەیەکیان بەجێهێشتبوو وە داوایان کردبوو، کە سەریان لێبدەم.

لەکوردستان – لەشاخ، زۆر لەگەڵ ئەو دووهاوڕێیەدابووم، بەڕاستی هاوڕێ و مرۆڤی باش‌و ڕاست‌و خزمەتگوزاربوون، ئەو ماوەیەی لەمۆسکۆ بووم، هامشۆکردن‌و پەیوەندیمان زۆربەهێزبوو.

وورده وورده لەهەموو لایەکەوە، هاوڕێیان‌و دۆستان بەخێزانەوەو بەتەنیا هاتنە مۆسکۆ، ژمارەمان گەیشتە (٣٠٠) کەس، ڕێکخراوی حیزب لیژنەیەکی بەهێزو شارەزای پێکهێنا، بۆ ئەوەی پەیوەندی بەنەتەوەیەکگرتووەکان‌و لیژنەی مافی مرۆڤ‌و جێگا لێپرسراوەکانی جیهانەوە بکەن، بۆ ئەوەی ئەو (٣٠٠) کەسە بەپەناهەندە وەربگیرێن، بەڕاستی بەزۆر کاری بەنرخ هەڵسان‌و پەیوەندییان بەزۆر سەرچاوەی جیهانییەوەکرد، توانییان نوێنەری ئەوان بێننە مۆسکۆو لەگەڵماندا کۆببنەوەو ناوی هەموومان بنوسن.

لەئەنجامدا، هەرهەموومان لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە وەرگیراین ماوەی ٣-٤ مانگیش تادەرچوین پارەمان لەوانەوە وەردەگرت، مایەوە سەر ئەوەی هەموومان، دابەش بکرێین بەسەر ئەو وڵاتانەی کە پەناهەندە وەردەگرن.

لەو ماوەیەدا بەئامۆژگاری ڕێکخراوی حیزب چەند نەدوەو کۆبونەوەی فراوانکرا سەبارەت بەبارودۆخی وڵات‌و ڕاپەڕینەکان‌و پشتگیری بۆ گەلانی عێراق، بەکوردستانیشەوە. هەر لەو بەینەدابوو، هاوڕێ (عەزیز محەمەد)، گەیشتە مۆسکۆ، ئەویش خۆی ئاسا ڕۆڵێکی باشی بینی، بۆ باسی ڕاپەڕینەکان‌و

پێویستی بەیارمەتی دانیان‌و هتد، نەدوەیەکیش بۆ ئەوە پێک هات،بەداخەوە، ئەو ڕۆژە کاری ترم زۆربوو. نەمتوانی هاوبەشی بکەم، ئەویش بەهۆی هاوڕێ (کەمال شاکر)ەوە سکرتێری ئێستای حزبی شیوعی کوردستان.. کە ئەو کاتە ئەویش لە مۆسکۆ بوو، ژمارەی تەلەفونی ماڵی ئێمەی وەرگرتوو، تەلەفونی بۆ کردین دیسان بەداخەوە، لەو کاتەدا لەماڵەوە نەبوم، قسەی لەگەڵ دایکی گەلاوێژدا کردبوو، ووتبوی ئەگەر لەم ڕۆژانەدا نەگەڕێمەوە بۆ کوردستان، دێم بۆلاتان. بەڵام زوو گەڕابووەوە نەماندی. من ئەم هەواڵ پرسین‌و تەلەفونەی هاوڕێ عەزیزم، زۆر لەلاخۆشبوو نرخێکی تایبەتی هەبوو لەلام، بەتایبەتی لەو بارودۆخەی منی تیدابووم. ڕۆژێکی تر نەدوەیەکی گەورەکرا، بەڕێکەوت من لەلای هاوڕێ (عارفی ڕانیە)وە دانیشتبووم، یەکێک لەبەردەممانەوە تێپەڕبوو کە کاتی خۆی لەگەڵ نەوڕۆز شاوەیس‌و ئەواندا لەپێش هەمواندا گیرابوون‌و بەربوون، هاوڕێ عارف بەدەنگێکی نەختێ بەرز گوتی ئائەم.... لەهەولێر فلان‌و فلانی دا بە گرتن و دووایش ئیعدامکران، برادەرێ لێی پرسی چۆن دەزانی.. گوتی وەسیقەکانی دایەرەکانی ئەمنی کوردستان کەوتۆتە دەست برادەران.

من ئەمەم زۆر لاخۆش‌و گرنگ بوو.. چونکە دەستکەوتنی ئەو وەسیقانە، ڕاستی گرتنەکانی سلێمانی دەردەخات و هەڵوێستی گیراوەکان دەسەلمێنێت.

کە ئێمە چووینە مۆسکۆ، گەلاوێژی کچم چووبوو بۆ سوید، (١١) ساڵ بوو نەماندیبوو، داوام لە هاوڕێ کەمال شاکر کرد دەعوەتنامەیەکی بۆ بکات بۆ خۆیو مژدەی کچی کە تەمەنی (٣) ساڵ بوو، هێشتا نەماندیبوو تەنها بە وێنە نەبێ، ئەویش دڵسۆزانە بەوکارە هەڵساو گەلەو مژدە هاتن بۆلامانو مانگێک لەلامان مانەوە و کاتێکی خۆشمان بردەسەرو بە قسە خۆشەکانی مژدە زۆر پێدەکەنین ، یەکەمجار هەر کە ئێمەی دی ووتی دایە تۆ دایک و باوکت بۆ چییە خۆ تۆ خۆت دایکیت و گەورەشیت... نیوەشەویش بە گریانەوە هەستاو وتی دایە من گوێ لێبونم ناوێ، مەبەستی لە پرخە پرخەکەی نەنکی بوو.

هەروەها دوای ماوەیەکی تر، کاکە هیوای عەلی حەمە ئەمین هەڵەبجەیش دەعوەتنامەی بۆ گەلاوێژو مژدە نارد بۆ دووەم جار، بۆ مانگێک هاتنەوە بۆلامان، زۆربەخۆشی بردمانەسەر.

لەڕاستیدا ئەو (١٥) مانگە لەمۆسکۆ بەچاوەڕوانی ماینەوە زۆر زۆربوو بەڵام چونکە ژمارەمان زۆربوو لەگەڵ بەشێکی زۆریاندا هاموشۆی خێزانیو بازاڕو ئیشی حیزبیمان هەبوو، وە هاوڕێی کوڕمان زۆری کات لەلامانبوو، هیچ لەلامان زەحمەتو ناخۆش نەبوو.

لەو ماوەیەدا کە ئێمە لەمۆسکۆ بووین، وورده وورده یەکێتی شورەوی هەڵوەشایەوەو ڕژێمی سەرمایەداری جێگیربوو، حیزبی شیوعی لەدەسەڵاتدا نەماو کەوتەبەر تانەوتەشەرەی

سەرمایەداران‌و نەیارەکانیان‌و زۆر زیاتر لەوەی کە هەڵەو ناتەواوییان هەبوو، تاوانبار دەکران... زۆرجار شیوعییەکان خۆپیشاندانیان دەکرد، بۆ بەرژەوەندی جەماوەرو حیزبەکەیان، ئێمەش زۆرمان دەچوینە ناو ڕیزەکانیانەوە.

لەدوای نزیکی ساڵێک نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان هاتنە مۆسکۆو لەگەڵ هەمووماندا کۆبوونەوەو دڵنیایان کردین، کە لەلایەن ئەوانەوە، وەرگیراوین‌و خەریکن دابەشمان بکەن. بەسەر چەند وڵاتێکدا، کە پەناهەندە وەردەگرن.

لەبەر ئەوەی گەلاوێژی کچمان لەوڵاتی سوید وەرگیرابوو، ئێمەش بۆ سوید دانراین‌و یەکسەر وەریانگرتین ئێمە یەکەم وەجبە بۆ سوید دانراین لەگەڵ (٨) هاوڕێی تەنیا، ڕۆژی ١٩٩٢/٣/٢٦ لەعەسردا سواری تەیارە بوین، بۆ ستۆکۆڵم‌و لەوێشەوە بۆ (هۆد یکسڤاڵ) ئەو شارەی گەلاوێژی لێبوو، نەیانبردین بۆ ئۆردووگا، لەڕێگاوە خانویان بۆ ئامادەکردبوین.

هاوڕێی کوڕیشمان، وەرگیرا کە دوای تەواوبوونی زانکۆکەی ئەویش بێتە لامان. ئەوەبوو پاش (٨) مانگ ئەویش گەیشتەلامان.

# کە لە سوید نیشتەجێ بووین

ڕۆژی ۱۹۹۲/۳/۲٦ گەیشتینە وڵاتی سویدو لەشاری (هود یکسڤاڵ) نیشتەجێ بووین، ئیتر لەکۆچ کۆچو ئەملاو ئەولاو چاوەڕوانی زۆری ژاناوی ڕزگارمان بوو.

هەروەها لەم هاتنەماندا دووشتی گەورەو بایەخدارمان بەدەستهێنا، کە سەلامەتیو یەکگرتنەوەی خێزانەکەبوو. بەڵام لەسەرێکی ترەوە، کە دووری خاکو نیشتمانو هەمووشتێکی پڕ لەخۆشیوشادییە لێی دوورکەوتینەوە، ئەم دوورییە بوە گرێک لەناو دەروونمانداو هەتا گەڕانەوە، تا مردن کڵپەی هەردەمێنی.

هەروەها، هەرچەندە لەسەرەتادا، ژیانی سویدمان بەلاوە زۆر گرانو ناخۆشبوو، چونکە زۆر جیاوازبوو لەژیانو عادەتو تەقالیدی خۆمان. بەڵام ووردەووردەو بە کۆششی هەموومان توانیمان ڕابێینو سەرکەوین، بەوەی کە سود لەشتە باشو بەکەڵکەکانی سوید وەربگرینو لەهەمان کاتیشدا، پارێزگاری لەشتە باشو بەنرخەکانی لای خۆشمان بکەینو بیانپارێزین.

وەتوانیمان شارەزایی لەیاساکانی سوید پەیدابکەینو تۆزێ لەدیموکراتییەکەیان فێربینو سودی لێوەربگرینو بتوانین هەرچۆنێک بووە خۆمان ڕابهێنین.

ئامانج و نەورۆز، کە گەیشتنە سوید. بەهۆی ئەوەی لەئێران زۆر مانەوەو لەبەر هەژاری نەیانتوانی بخوێنن‌و بوون بەشاگرد خەیات، تەنیا تا ناوەندییان خوێندبوو، جا بەهەوڵ‌و کۆششی خۆیان‌و دورکەوتنەوەیان لەشتی خراپ‌و هەندێ شتی نابەجێ، ناوەندی‌و زانکۆشیان تەواوکردوو شەهادەیان وەرگرت، گەلاوێژو هاوڕێش لەیەکێتی شورەوی زانکۆیان تەواوکردبوو بۆیە بەهۆی ئەو بارودۆخەیانەوە، هەمووومان دڵمان ڕەحەت‌و بەختیاربوو.

هەروەها پاش بەینێک دەستم کرد بەنوسینی بیرەوەرییەکانم‌و ساڵی ١٩٩٦ چاپم کردوو بڵاوم کردەوە لەسویدو کوردستان‌و هەندێ وڵاتانی ئەوروپا وەک هۆڵەندەو ئەڵمانیاو نەرویج‌و بەریتانیا. هەروەها گەلێ مەقالەو بیرەوەریم لەڕێگای کوردستانداو لەگۆڤاری گزینگدا کە لەسوید دەردەچێ بڵاوکردەوە، هەروەها (٥) جار گەراومەتەوە بۆ سلێمانی‌و سەری هەندێ وڵاتی ئەورووپام داوە.

لەڕوی حزبایەتیشەوە هەر زوو بەڕێی هاوڕێ ( ئەبو تارا)وە پەیوەندیم کرد بەرێکخراوەکانی حزبەوە لەسوید، زۆری نەبرد کۆمەڵێکی زۆر لەهاوڕێی باش‌و شارەزاو تێکۆشەری دێرینی حزب جیابونەوەو حزبی کاری سەربەخۆي کوردستانیان دامەزراند، بەمە زیانێکی زۆر لەتوانای حزب کەوت، جیا لەوەیش

ژمارەیەکی زۆر لەهاورێی باشی تر خۆیان لەحزب کێشایەوە.. کە ئەمەش زیانێکی تر بوو لەحزب کەوت بەتایبەتی لەدەرەوەی وڵات.

هەرچەندە هەندێ کەس منیان بەوە تاوانباردەکرد کە گوایە دژی دامەزراندنی حیزبی شیوعی کوردستانیم، بەڵام بە پێچەوانەوە ئێمە

لە (هۆدیکسڤاڵ) ئەوساش دژی دامەزراندنی حزبی شیوعی کوردستان نەبووین بەپێچەوانەوە بەپیرۆزترین هەنگاومان دەزانی. بەردەوام پەیوەندی بەردەوامم لەگەڵ هەیئەتی سەرکردایەتی کوردستان لە سوێد هەبوو. ئەم نامەیەش ئەوان لە ڕۆژی ١٩٩٥/٣/٢٨ بە بۆنەی یادی ٦١ ساڵەی دامەزراندنی حیزبی شیوعی عێراقەوە بۆیان ناردم. ئەمەش دەقەکەیەتی:

بەڕێز هاوڕێ نائب

هاوڕیانی ڕێکخراوەی حزبی شیوعی کوردستان - عێراق لە سوێد، پێخۆشحاڵن کە پیرۆزبایتان لێبکەن بە بۆنەی یادی ٦١ ساڵەی دامەزراندنی حیزبمانەوەو لەهەمان کاتیشدا شانازی بکەن بەو ساڵانەی ژیانتانەوە کە بەخشتیان لە پێناوی بەدیهێنانی ئاواتەکانی کرێکارو جوتیار و چەوساوانی گەلەکەمان.

هاوڕێی بەڕێز ... پەیمان بێت کە ئێمەش هەر بەردەوام بین لە خەباتدا لەسەر ئەو ڕێڕەوەی ئێوە بڕۆین و تەواکەری ئەو ڕێگایەیەی ئێوەبین و سوود وەرگرین لەو تێکۆشان و تاقی کردنەوانەی ئێوەو هەڵگری ئەو مەشخەڵەی ئێوە بین لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی ئێوەو هەموو ئەو هاوڕێیانەی کە ژیانیان بەخشی لەو پێناوەدا.

دیسان ڕێزو سلاو و وەفاداریمان بۆت و هیوای تەمەنی درێژ ئەی هاوڕێی خۆشەویست.

ڕێکخراوی حزبی شیوعی کوردستان - عێراق لە سوید

١٩٩٥/٣/٢٨

# تێبینی یان سوپاس و پێزانین

بەسوپاسەوە، زۆر هاوڕێ‌و ناسیاوو خەڵکی تر، لەرۆژنامەو لەبیرەوەرییەکانیادا، لەسەر بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانم شتییان نووسیووە، پێم خۆشە لێرەدا ئەو نووسینەی تێکۆشەری نەمر مامۆستا کەریمی حیسامی لەسەری نووسیوم بڵاوی بکەمەوە هەم وەکو یادێکیش بۆ ئەو تێکۆشەرە بەناوبانگەی کوردستانی رۆژهەلات، کە نووسینەکەشی بەکەڵکە.

# بیرەوەری (٢١) ساڵ تێکۆشانی نایب عەبدوڵڵا

## نووسینی : کەریمی حیسامی

(نایب عەبدوڵا) یش وەک گەلێک لەبیرەوەری نوسانی کورد لەسەرەتاوە دەنوسێ ((باسی هەموو شتێکم نەکردووە، چونکە بەنیازی لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی قوڵ نەم نوسیوە، بەڵکو وەکو ڕووداوو بەسەرهات بڵاویان دەکەمەوە، هەروەها هێندێ شت هەیە کە ناکرێ لەم کاتەدا بڵاوبکرێتەوە، لەبەر پاراستن...)) دیارە ئەوە بیروڕاو مافی نوسەر خۆیەتی چ دەنوسێ و چ دەخاتە پشتگوێ ، بەڵام پاش قەڵدانی ڕووداوەکانیش دوورنییە زۆر پرسیار بۆ خوێنەرانی کورد بێنێتە پێش. کورد ئەگەر

فێربوایە وەک تر بەئازایی هەموو کەلێن‌و قوژبنی بەسەرهاتەکانی بەڕاشکاوی هێنابا سەر کاغەز، نرخی تەواو نەدەبوو.

نایب عەبدوڵا لەسەرەتاوە باسی ژیان‌و بەڕێوەچوونی پڕ لەکوێرەوەری بنەماڵەی خۆی دەکات، تا دەگاتە تەمەنی ١٣ ساڵی‌و دەچێتە نێو ڕێکخراوی حیزبی شیوعی عێراق لەسلێمانی‌و لەساڵی ١٩٥١ بۆ ئەوەڵجار دەکەوێتە زیندان‌و بەدوو مانگ حوکم دەدرێت.

ساڵی ١٩٥٢ لەیەکێتی لاوانی دیموکراتی عێراقدا دەست بە تێکۆشان دەکات‌و دووبارە دەگیرێتەوە، ئەمجارە دەیبەن بۆ بەغداو دەهێننەوە سلێمانی. عورفی هەڵدەگیرێ و ئازاد دەبێت، تازە پاش ئەو هەموو بێنەو بەرەیە دڵزاری شاعیر بەرپرسی ڕێکخراوی حیزب لەسلێمانی مزگێنی دەداتێ و پێی دەڵێت کە بۆ ئەندامێتی حیزبی شیوعی پاڵێوراویت. نایب ئەڵێت:..(( لەلایەک زۆرم پێخۆش بوو لەلایەکی تر سەرسام بووم، چۆن تا ئەو کاتە نەببووم بەشیوعی؟ لای خۆم وامدەزانی شیوعییەکی گەورەم...))

نوسەر دێتە سەرباسی پێکهاتنی (بەرەی یەکێتی نیشتمانی) ساڵی ١٩٥٤و هەڵبژاردنی پەرلەمان گیرانی تێکۆشەرانی پارتی‌و شیوعی‌و بردنیان بۆ کەرکوک‌و درنەیی پۆلیس، تا ئازاد

دەکرێن و ئەنوسێ ((تا شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ پارتی و شیوعی زۆر نزیک و تەبابوون و لەزۆربەی تێکۆشانە جەماوەری و سیاسییەکاندا پێکەوە خەباتیان دەکردو خزمەتی جەماوەریان دەکرد. ئەگەر لەدوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزیشەوە تا ئێستا هەر بەو گیانە تێکۆشانیان کردبایە. بێگومان ئێستا کوردستان لەبارودۆخێکی تردا دەبوو)).

نایب بەدرێژی خەبات و تێکۆشانی و خۆی و برادەرانی باس دەکات تا دەگاتە ساڵی ١٩٥٥و خۆپیشاندانی جەماوەری دژی بەستنی پەیمانی بەغداو یەکگرتنەوەی دووکەرتی حیزبی شیوعی و دەنوسێت: ((شەهیدی نەمر هاوڕێ (سەلام عادل) بوو بەسکرتێری حیزب، ئەو سیاسەتە چەوتەش لابراو ڕێگاوشوێنی ڕێبازی نوێ و ڕاست و دروست بۆ تێکۆشانی داهاتووی حیزب دانرا)) نوسەر پاشان دێتە سەرباسی سەفەری خۆی، بەمەبەستی بەشداریکردنی لەفیستیڤاڵی جیهانی لاوان لەوەرشەو. بەتالوکەو بەپارە دەکەوێتە ڕێی و لەسوریا بێ ئادریس و ناسیاو بێ پارە دەمێنێتەوە. پاش چەند ڕۆژ مانەوە لەسوریا، دەرناچێت بچێتە سەفەرو سەرلەنوێ بەرەو سلێمانی دەگەڕێتەوە. لەسلێمانی بەتاوانی ئەوەی ڕایکردووە دەیگرن و دوو مانگی حوکم دەدەن و دووری دەخەنەوەبۆ ناوچەی (چبایش) لەنێو ئەهوارو ئاوو قامیشەڵان و لەنێو خەڵکێکی دواکەوتووی نێو

قامیشەلان‌و بیێتەو بەرەی پۆلیس، ئەوەندە سەیرو بەچێژو سەمەرەیە، خوێنەر بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ و ناتوانێ واز لەخوێندنەوەی بێنێ. نایب ساڵێکی تەواو لەوێ دەبێت‌و پاشان ڕێگای دەدەن بێتەوە سلێمانی، ئەمجار دیسان دەگیرێتەوەو سێ ساڵ حوکم دەدرێ و دەیبەن بۆ بەندیخانی باقوبە.

نووسەر باسی دڕندەیی پۆلیس دەکات لەبەندیخانەی باقوبەو لێدان‌و ئازاردانی زیندانییان کە ئەیانەوێت بەرائەتیان پێ بدەن، نایب عەبدوڵا لەگەڵ مامۆستا گۆران لەحەپسیدا دەبێت‌و باسی خۆڕاگری شاعیرو ناودار کورد گۆران‌و دڵڕەقی‌و، وەحشییەتی پۆلیس دەکات لەئاست گۆران‌و دەنوسێت: ((لەهەمووان زیاتر لەگۆرانی نەمر درا..)).

پاش باسی بارودۆخی دژواری بەندیخانەو ناوی هێندێ لەگیراوان، دێتە سەر بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨عێراق‌و ئازادبوونیان لەبەندیخانەو خۆپیشاندان لەبەغداو خۆشەویستی کورد لەلایەن عەرەبان‌و لەنێو قسە خۆشەکانیدا دەنوسێت: [لەخۆپیشاندان‌دا ئەگەر کوردێکیان دیبایە دەیانخستە سەرشانی خۆیان، کوردێکی هەورامییان لەسەرشان دانابوو گونی کەوتبووە ژێر خۆی‌و پشت ملی کابرای عەرەب، هاواری دەکرد دەیگوت (گونم تەقی) خەڵکەکەش وایان دەزانی شیعر

دەڵێت، لێکرا دەیانووت ((بچی)) لەجیاتی ((بژی)) بەستەزمانەش هاواری دەکرت. نازانم چۆن دەرباز بوو]

نایب باسی ئازادی گەڕانەوەی خۆی دەکات بۆ سلێمانیو دەستپێکردنەوەی تێکۆشانو ژیانو ژنهێنان بەزمانێکی ساکارو شیرین دەیگێڕێتەوە کە خوێنەر چێژی لێوەردەگرێت. نوسەر دێتە سەرباسی((مێژوی تێکۆشانی یەکێتی سەندیکای کرێکاران لەپارێزگتی سلێمانیو دەوری حیزبی شیوعی عێراق لەو تێکۆشانەدا..)) بەدوورودرێژی چۆنییەتی دامەزراندنو تێکۆشانی یەکێتییەکانی کرێکاران ڕوون دەکاتەوەو خوێنەر دەتوانێ لەئەزموونی ئەو تێکۆشانە کەلک وەربگرێ .

نووسەر خەباتی یەکێتییەکانی کرێکارانو ڕێکخستنیان باس دەکاتو دێتە سەر دەستتێوەردانی حکومەت لەکاروباری یەکێتییەکان، تا دەگاتە کودەتای بەعسی فاشیست لە٨ی شوباتی ١٩٦٣و دەنوسێ : ((لەگەڵ کودەتای فاشیستی لەهەموو هێزو حیزبو ڕێکخراوە دیموکراتییە شۆڕشگێڕییەکانو بزووتنەوەی نەقابی دراو هەرچی ڕوخساری دیموکراتیو مرۆڤایەتی هەبوو تەیانهێنشت...)).

کاک نایب دێتە سەرباسی ئێستای کوردستانو دەنوسێ : ((... کرێکارانو ڕەنجدەرانی کوردستان لەکۆنو نوێدا خاوەنی تاقیکردنەوەیەکی دەوڵەمەندی خەباتی نەقابیین.. دەیانو سەدان

کادری تێکۆشەری ئەم مەیدانەن کە پێویستە لێک کۆببنەوەو ئەم ئەرکە چینایەتی‌و پیشەیی‌و نیشتمانییەی خۆیان ئەنجام بدەن‌و لەهەمان کاتدا حکوومەتی کوردستان حیزب‌و هێزە سیاسییەکانیش کۆمەک‌و پشتیوانییان بکەن‌و تەواوی ئەو بارەگاو بیناو کەلوپەلانەی نەقابە کارتۆنییەکانی جارانی سەر بەدەوڵەتی عێراق بخرێتە بەر دەستی نەقابەکانی کرێکارانی کوردستان..))

نووسەر پاشان دێتە سەر باسی خەبات‌و تێکۆشان لەهەڵەبجە لەساڵی ١٩٦١-١٩٦٨ کە ئەندام‌و لایەنگری حیزبی شیوعی بەشێوەیەکی جوان‌و بە لەبەرچاوگرتنی داب‌و نەریتی خەڵک تێکۆشان درێژە پێبدەن. ناوی گەلێک لەپیاو ماقوڵ‌و ریش سپی‌و کەسایەتی ناوچەی هەڵەبجەو گەلێک ئافرەتی بەرێزو تێکۆشەر دێنێ کە لەهەموو شوێن‌و ڕووداوێکدا یارمەتیدەری حیزبی شیوعی بوون. پاشان دێتە سەرباسی پەرەسەندنی شەڕی کوردستان‌و دەنوسێت:"..پاش نەورۆزی ١٩٦٢ شەڕی وێرانکاری‌و پەلاماردەرانەی خوێناوی بەزۆری گەیشتە ناوچەی هەڵەبجە.. هێزە تاوانبارەکەی (زەعیم سدیق) لەناوچەی گەرمیانەوە لەکەرکوکەوە پیاداهات تا دەربەندیخان‌و نزیک عەربەت بەدەیان دێهاتی سوتاندو کاولکرد..".

نووسەر دێتە سەر باسی دروشمی چارەسەری کێشەی کورد بەئاشتی کە حیزبی شیوعی بەرزی دەکاتەوەو دەنووسێت:"هەموو ڕێکخراوەکانی حیزب لەعێراقدا کەوتنە تێکۆشانێکی بەرفراوانی بێ وەستان لەپێناو ئەم دروشمەدا. لەهەموو شارەکانی عێراق بەدەیان خۆپیشاندانی جەماوەری گەورە گەورە سازکران". باسی خۆپیشاندانی هەڵەبجە دەکات کە زۆر لەئەندامانی حیزبیش لەسەر خۆپیشاندانی ئاشتی دەگیرێن.

پاشان باسی فەرمانی حکوومەت دەکات بۆ مامۆستایانی ناوچەی سلێمانی کە برقییەی پشتگیری بۆ قاسم لێبدەن دژی بارزانیو شۆڕش. حیزبی شیوعی دژی ئەو فەرمانە دەوەستێ و داوا لەئەندامانو لایەنگرانی حیزب دەکات کە برقییە لێنەدەن. نووسەر دێتە سەر سیاسەتی سەرکردایەتی ئەو سای شۆڕشو هەڵوێستیان سەبارەت بە حیزبی شیوعیو پەلاماردانی گوندی (چاوک) لەلایەن عەلی عەسکەرییەوە کە دووکەس دەکوژرێنو چەند ماڵان ئاگر تێبەردەدەنو شیوعییەکان دەگرنو دەیانبەن بۆ بیارە.

پاشان باسی هەڵوێستی دوژمنکارانەی ڕێبەرانی ئەوسای پارتی دەکاتو دەنووسێت:"خەبەرمان بۆ هات کە پاش کودەتای بەعس زۆربەی ڕێبەرانی حیزب چونە لای بارزانی ئەویش ڕێگەی داون کە بنکەی چەکداری بکەنەوە. نەورۆزی ١٩٦٣ لە

هەڵەبجە چەند دروشمێکمان نووسی:"بژی تێکۆشانی پارتیو شیوعی بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی گەلی کورد حیزبی بەعسی خوێنڕێژ دڵسۆزی گەلی کورد نییە". چەند هاوڕێیەک چوکلێتیان بەپێش دووکانەکاندا دەگێڕا بەبۆنەی نەورۆزەوە. لەسەعاتی ١٢دا پەلێک پێشمەرگەی پارتی کەوتنە ناو بازاڕو هەر شیوعییەکی ناسراویان ببینیایە بەشەقو زللەو لێدان دەیانبرد بۆ بنکەکەیان. ١٤ هاوڕێیان گرتو پاش لێدانوجنێو پێدان زیندانیان کردن..هەموو ڕۆژێ ڕێکخراوی ئافرەتان دەچوونە لای کاربەدەستانی پارتی گیراوەکانیان بەر نەدەدا. تا ڕۆژێک مام جەلال هات خێزانی گیراوەکان بەسەرۆکایەتی هاوڕێ ناهیدە نوری قەساب چوونە لای مام جەلالو گیراوەکانیان هێنایەوە.

لەبەر ئەوەی لەحیزب ئاگادارکرابوین کە بەرەزامەندی بارزانیو شۆڕش بنکە دەکەینەوە، ئێمەش نزیکی٣٠ هاوڕێ دەبووین بنکەکەمان کردەوە.. ڕۆژی پێنەچوو هەواڵمان بۆهات کە هێزێکی گەورەی پارتی بەسەرۆکایەتی عەلی عەسکەری لەبنکەی (بەمۆ) یان داوە. چەند هاوڕێیەک شەهیدبوونو چەندێک بریندارببوونو پێنج کادیری پێشکەوتووی حیزب گیراونو بەدیلی کوشتویانن...".

"کاک نەوشیروان مستەفا ئەمین لەبیرەوەرییەکانیدا دەنوسێ : کوشتنی دیل لەگەڵ قانون‌و ویژدان‌و داب‌و نەریتی کوردەواریدا نایەتەوە..".

نووسەر لەسەر ئەم تراژیدیایە ئەروات‌و دەنوسێت:"...خەبەرمان بۆهات کە دوو هێزی گەورەی پارتی لەپێنجوێن‌و بیارەوە هاتوون بنکەی ((وەڵەسمت)) یان پەلامارداوەو گرتویانەو شەهیدو بریندارو دیلیش هەن..".

نایب عەبدوڵا بەدوورودرێژی گەلێک لەڕووداوە داخدارەکانی ساڵی ١٩٦٣ ڕوون دەکاتەوەو باسی تێکۆشانی ڕێکخراوەکانی حیزبی شیوعی‌و دەوری ئافرەتانی سەر بەحیزب‌و سەفەرو هاتوچۆی خۆی‌و بەشداری لەکۆنفرانسی حیزبدا دەکات‌و هێندێ ڕووداوەکانی نێو ڕێکخراوەکانی حیزبی شیوعی دێنێتە سەر کاغەزو خوێنەر لەچالاکی خۆیی‌و تێکۆشانی ڕێکخراوەکانی حیزبی ئاگادار دەکات.

# هەندێ بەسەرهاتی خۆش بۆ زاخاوی مێشک

* هەردووکیانە:

دەبوو ئەم ڕووداوە لەبەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانمدا تۆماربکردایە. بەڵام بەداخەوە بەچەند هۆیەکەوە لێم تێکچووبوو،والێرەداپێشکەشی دەکەم. لەشەستەکاندا ئەو کاتەی کە هاوڕێی نەمر دکتۆر فارس سکرتێری لیژنەی قەزای هەڵەبجەبوو و، هاوڕێ ئیبراهیمی سۆفی مەحموود ( ئەبوتارا) سکرتێری لیژنەی ناحییەی سەیدسادق بوو. منیش بۆ ئیشراف دەچووم بۆ هەڵەبجە کە لەئیش‌و کارەکان بوومەوە بەدکتۆرم ووت: لەگەڕانەوەمدا بۆ سلێمانی لەسەید صادق لادەدەم، پێمخۆشە لەکۆبونەوەی لیژنەی ناحییەکەدا بەشداربم، دکتۆر ووتی زۆر باشە منیش دێم چونکە دەمێکە سەرم نەداون.

لەپاش کۆبونەوەی لیژنەی ناحییەو ئیشەکانمان، بابی تارا خۆی ئاسایی دەعوەتێکی باشی بۆکردین‌و لەحەوشە گەورەکەی ماڵی خۆیاندا لەسەید صادق مێزشی ڕازاندەوەو جیا لەمن‌و دکتۆر، چەند هاوڕێیەکی تریشی بانگ کرد، کە نەختێک سەرمان گەرم بوو، دکتۆر پێکێکی گرت بەدەستەوەو هەڵسا دەستی بەقسەکردن کردو ووتی هاوڕێ بابی تارا تێکۆشەرێی کرێکاری

ئازاو دڵسۆزەو ... زۆر لەسەری ڕۆیشتو ووتی بەسەلامەتی ئەوەوە پیک نۆش کەن، پاش کەمێک بابی تاراش بەهەمان شێوە پیکی هەڵگرتو باسی ئازایی‌و دڵسۆزی دکتۆری کردو بەسەلامەتی دکتۆر پیکی هەڵدا.. دوای کەمێک دکتۆر دیسان هەڵسایەوەو هەر لەسەر بابی تارا گەلێک قسەی کردەوەو پێکەکەی هەڵدا... دووبارە بابی تارا دەیویست هەڵسێ و مەدحی دکتۆر بکاتەوە، من کە لەلایەوە بووم بەنهێنی پێم ووت تکایە واز بهێنە دکتۆر سەرخۆشە، تا بەیانی هەر هەڵدەسێتەوە، باشبوو بابی تارا قسەکەی نەشکاندم، پاشان دکتۆر پیکی هەڵگرتو هەڵسا ووتی نایب تێکۆشەرێکی کرێکاری زۆر دیموکراتییەو... خەریک بوو قسەی تریش بکات هەڵسامو ووتم دککتۆر دانیشە بەخوا تا بەیانی جنێوم پێبدەی وەڵامت نادەمەوە هەموویان دەستیان بەپێکەنین کردو بو بەهەڵا.

دکتۆر بەپەستی دانیشتەوەو هەر لێم مۆڕ دەبۆوەو خێراخێراش پیکی هەڵدەدا.. لەپڕ هەڵساو ووتی هاوڕێیان دەزانن کە هاوڕێ نایب سکرتێرێکی زۆر دیکتاتۆرو قسەڕەقە... هەر هەموویان دامانە پێکەنین‌و هاوڕێ عەلی ڕەشی تەپەڕەشی ووتی: هاوڕێ دکتۆر تۆ تۆزێ پێش ئێستا ووتت: نایب زۆر دیموکراتییەو ئێستاش دەڵێیت زۆر دیکتاتۆرو قسەڕەقە... تکایە بۆمان ڕوون بکەرەوە کامیانە؟ دکتۆر ووتی بەشەرەفی

هەردووکمان‌و هەموو خەڵکە شارەزوور هەردووکیانە، ئیتر بوو گاڵتەو پێکەنین‌و تا بەرەبەیان نەبڕایەوە.

شیوعی چۆن دزی دەکات....؟

لەناوەڕاستی حەفتاکاندا، هاوڕێیان سەید تۆفیق‌و شێخ سەعیدو دۆستی دێرین‌و خۆشەویستی حیزب مەحموود بەگ‌و چەند هاوڕێیەکی تر، دەچوون بۆ هەولێر بۆ بەشداری لەو کۆبونەوەیەی کە حیزب پێکی هێنابوو بۆ مەسەلەی کشتوکاڵ‌و یاسای کشتوکاڵی.

بەرێکەوت منیش دەچووم بۆ هەولێر بۆ کۆبونەوەی مەکتەبی هەرێم . هەموومان پێکەوە بە ئۆتومبێلەمەی حیزب دەڕۆیشتین کە هاوڕێ نووری قەرەچەتانی شۆفێری بوو. کاتێک گەیشتینە پێچەسەختەکەی تاسڵوجە مەحموود بەگ ووتی ئای لەزەمانی پاشایەتیدا، ڕۆژێک لەبەغدا دەگەڕاینەوە بۆ سلێمانی، شەو گەیشتنە ئەم پێچە شومەو یەکدوو دزی بێبەشەرەف ڕووتیان کردینەوە..هاوڕێ نوری وتی بەگ گیان حاشا حازری بکە.. کە وایووت هەموومان حەپەساین بەگیش زۆر بەسەرسوڕمانەوە ئاوڕی لێداوەو بەدەنگی بەرز ووتی: بۆ؟ ئێمەش هەموو بێدەنگ بووین چاوەڕوانی وەڵامی نووریمان دەکرد. ئەویش ووتی ئاخر سەرۆکی دزەکان جەنابم بوو، ئێمە دەستمان بەپێکەنین کردوو مەحموود بەگ ووتی بڕوا ناکەم.. پاشان نوری ووتی من

دەموچاوم هەڵبەستبوو، کە ئۆتومبیلەکەمان ڕاگرت، هاتمە لاتەوەو پێم ووتی چی پارەت پێیە دەری بێنە.. تۆش ووتت: بەخوا لەم سەعاتە باشەی دەستم زیاتر هیچی ترم نییە. وایە یان نا؟ مەحموود بەگ بەسەرسوڕمانەوە ووتی: بەڵێ وایە: هەروەها نوری ووتی ئەو پیاوە بالاکورتەی لای تۆوەبوو زۆر دەترساو دەلەرزیو دەیگوت: توخوا وازمان لێبێنن منالم ووردە... مەحموود بەگ ووتی هەمووی ڕاستە. بەلام شیوعی چۆن دەبێت دزی بکات، نوریش ووتی: یەکەم من ئەوسا شیوعی نەبووم، دووەمیش لەو کاتەدا لەدێهاتەکانی لای ئێمە ئەوەی دزی نەکردایە بەپیاویان نەدەزانیو ژنیشیان نەدەدایە. مەحموود بەگ ووتی: باشە کە تۆ دزبووت چۆن بویتە شیوعی؟ ئەویش بەپێکەنینەوە ووتی: کێ دەڵێ هەر بۆدزی نەبوومەتە شیوعی مەحموود بەگیش ووتی: هەر وایە، چونکە یەکێک فێری دزی بێت قەت تەرکی ناکات، ئەگەر دزیشی دەست نەکەوێت، لەماڵی خۆیو لەگیرفانی خۆی دزی دەکات، نەمانزانی چۆن گەیشتینە هەولێر، هەمووی هەر قسەی خۆش بوو.

# مەلا عەلی و شیعر وتن.. کوجا مەرحەبا

ساڵی ۱۹۷٦ کە دیموکراتییەت لەعێراقدا هەبووو جوڵانەوەی ئەدەبیو رۆشنبیری لەپێشکەتندابوو، زۆر کەس خۆی کرد بەشاعیرو شیعریان دەنووسی. منیش یەکدووجار لەبیری نوێدا شیعرم بڵاوکردەوە، مەلا عەلیش زۆر جار لەمقەری حیزب پارچە کاغەزێکی دەگرت بەدەستەوەو یەکدوو دێڕی دەنوسیو دەیخوێندەوەو دەیگوت شیعرم داناوە، رۆژێکیان هۆگری مامۆستا گۆران، وتی: هاوڕێ مەلا عەلی تۆو شیعر دانان کوجا مەرحەبا..ئەویش خۆی تورەکردو وتی: لەتۆو هەندێ کەسی تر (دەستی بۆ من درێژکرد) شاعیرترم.. هۆگر وتی: بەشایەتی ئەم هاوڕێیانەی لێرەن من پارچەشیعرێک دێنم بۆت، ئەگەر زانیت مانای چییە، هەرچی تۆ بیڵێیت بۆت بکرم، بەڵام ئەگەر نەتزانی من هیچم لەتۆ ناوێت، تەنها مەڵێ شیعر دادەنێم. مەلاعەلی تەوقەی لەگەڵ کردو وتی: زۆر باشە ئامادەم. رۆژی دوایی لەحەوشەی مقەردا دانیشتبووم هۆگر بە دزە دزە هاتە لامەوەو وتی: مەلا عەلی لێرەیە...وتم نەخێر، لەماڵەوەیە... هەر خێرا پارچە کاغەزێکی داپێمو وتی بیدە بە مەلا عەلیو، ئیتر رۆیشتە دەرەوە. کە کاغەزەکەم خوێندەوە دامە قاقای پێکەنین. لەو

کاتەدا سەید تۆفیق‌و شێخ سەعیدو مام قادر هاتن بۆ لام. وتیان ئەوە بەچی پێدەکەنیت. وتم بەم شیعرە... کە ئەوانیش خوێندیانەوە لەمن زیاتر پێکەنین. دوای نەختێک مەلا عەلی هات‌و شیعرەکەمان دایە دەستی کە بەم جۆرە بوو:

"خۆزگە دەمزانی لەکوێ دەنووستی
هێنی* خۆم دەستەک بۆم تێدەخستی.".

کە مەلا عەلی شیعرەکەی خوێندەوە لەپێشا خۆی تورەکردو وتی: کوا هۆگر؟...بەڵام ئیتر خۆیشی هەر پێدەکەنی، شێخ سەعید بەمەلای وت لەهۆگر زیز نەبیت.؟ ئەویش پێکەنی‌و وتی: من خواخوای قسەی وا خۆشمە زیزبوونی چی. بەڵام ئیتر توخنی شیعردانان نەکەوت.

* من لێرەدا (هێن) م بەکارهێناوە، هۆگر شتەکەی خۆی بەئاشکرا نوسیبوو.

# کۆبوونەوەی مەکتەبی مەحەلی لە ماڵی هاوڕێ فاروق (مامۆستا ڕزگار)

ساڵی ١٩٧٩ لەگەرمەی شالاوی ئیرهابدابوو، ئەوسا منو مام قادرو مەلا بەکر مەکتەبی محەلی بووین، مەلا بەکر ئاگاداری کردینو وتی:" تازە هاوڕێیەکم وەرگرتووە، نەناسراوەو کەسیش ناناسێ ، خێزانەکەشی ئافرەتێکی باشو دڵسۆزە، خانوویەکی سەربەخۆیان لەنزیک گردی سەیوان گرتووە بەکرێ . ئامادەیە جاروبار لەماڵیاندا کۆبونەوە بکەین، ئەم جارە (ملمس) با لەوێ کۆبینەوە" ئێمەش زۆرمان بەلاوە باشو پەسەندبوو، ئێوارەیەکی درەنگ چووینە ماڵیان، هاوڕێ بەڕوویەکی خۆشەوە بەخێرهاتنی کردین، منو مام قادر نەدیومانەو نەدەمانناسی پاش کەمێک قسەکردن وتی بابچم چاییتان بۆ بهێنم، کە ڕۆیشت مام وتی: بەخوا شتی چاکە کەسمان ناناسێت، پێویستە ئەم ماڵەمان لەکیس نەچێت بۆ (ملمس) شوێنی چاکە، ئیتر نازانم هاوڕێ فاروق گوێی لەقسەکانی هاوڕێ مام بوو یان هەر لەخۆوە بوو، کە چاکەی بۆ داناین رووی کردە مامو وتی: هاوڕێ مەجید عبدولرەزاق، ئەرێ مەلا فەتاحی برات هەر لەدایەرەی تەربییە ماوە؟ هەموو دەمەداچەقیمان پێکەوت، مام وتی واماندەزانی

خۆمان ناناسی کەچی باب‌و باپیریشمان دەناسیت، مام دەستی بۆ لای من راکێشاو وتی: ئەی ئەم برادەرە دەناسیت؟ ئەویش پێکەنی‌و وتی: گرنگ نییە هاوڕێ نایب بناسم چونکە خەلکی شارە حەیاتەکەی خۆمانە. بەلام ئەگەر دەتانەوێت ناوی کەسوکاری مەلا بەکر لەکۆیەو هاوسەرەکەی لەڕانییەتان بۆ باسدەکەم....هەموو دەستمانکرد بەپێکەنین‌و وتمان: بەڕاستی چاکمان ناناسی..

# چۆن بووم بە دکتۆر وەستا محەمەد

ساڵی ١٩٨١ کە هاتمە دەرەوە، هەر لەشارباژێڕ هاوڕێیان ناویان نام وەستا محەمەد، لەناو پێشمەرگەو دێهاتەکاندا هەر بەوە ناسرابووم. شایەنی باسە ناوی ڕاستەقینەی (مام بارام) وەستا محەمەد بوو، من لەدەرەوە فێری دەرزی لێدان بووم‌و لەدێهاتەکان دەرزیم لەنەخۆشان دەدا. ڕۆژێک لەدێی (کانی مرواری) لەشارەزوور، دوو پیاو هاتنە لامان‌و بەمنیان وت: دکتۆر گیان باوکمان زۆر نەخۆشە وەرە سەرێکی بدە. لەبەر ئەوەی دکتۆری ڕاستەقینەمان لەلانەبوو ناچار چووم. کە سەیرم کرد باوکیان تەمەنی لەحەفتاساڵ زۆر زیاترەو زۆر نەخۆشیش بوو. بەڵام چونکە هەر هیچم لێنەدەزانی نەموێرا دەرزی ئازارو شتی لێبدەم، بەکوڕەکانیم وت: من ئێستا دەرزی‌و دەرمانی ئەوم لانییە، ڕەنگە سبەی دکتۆر عادل بێت بۆئەم دێیە، ئەگەر هات پێکەوە دێن بۆ لای. بۆبەیانییەکەی هێشتا ئێمە لەخەو دابووین خەبەریان هێنا کە ئەو پیاوە مردووە، کوڕەکانی لەناو هەموو دێکەدا دەیانگوت دکتۆر وەستا محەمەد باشترین دکتۆرە، زانی باوکمان دەمرێ ، دڵی نەهات بەئێمە بڵێت وتی سبەینێ دێمەوە.

ڕۆژێکی تر لەدێی (کانی بەردینە) ی شارەزوورببووین، هاوڕێ مەناف هەورامی کە پێشمەرگە بوو هاتە لام و ووتی: فلاّن حاجی ئەم دێیە (بەداخەوە ناوەکەیم لەیاد نەماوە) زۆر پیاوێکی باشەو دۆستێکی تەواوی حیزبە، کچەکەی کاتی مناڵ بوونێتیو نارەحەتە داوای تۆ دەکەن، ووتم مەناف گیان من نەدکتۆرمو نەمامانم، شتی واچۆن دەکەم، زۆر پاڕایەوەو ووتی: من بەناوی حیزبەوە وەعدم داوەتێ تۆ ببەم بۆلای. لەیەکدوو شت بیرم کردەوەو دوایی چومە ماڵیان، بینیم ژنە بەسزمانەکە کەوتووەو کۆمەڵێ ژنو پیاو دەورەیان داوە، لەپێشا وتم لەدایکو باوکی زیاتر کەسی تر لێرە نەمێنێت، پاشان سەیری ناوچاوانو ڕوخساریم کردو نەبزی دڵیم گرتو ووتم: شوکور زۆر باشە، پاشان لەدایکیم پرسی ئەمە یەکە مناڵیتی... ووتی: بەڵێ ووتم خۆت دەزانیت کە یەکەم مناڵ لەلای ئافرەت قورسو ترسناکە... ئەویش ووتی: بەخوا وایە... دوای ئەم قسانە بەباوکیم ووت: لەبەر ئەوەی کچەکەت ئەمە یەکەمین مناڵێتیو نەختێ دەترسێ و ئێمەش کەلوپەلی پێویستی زێستانمان پێنییە.. باشتر وایە بیبەن بۆ سلێمانی بۆ خەستەخانە زۆر سەلامەتترە، کابرا بەقسەی کردمو ڕۆژی دوایی بردیان بۆ سلێمانی. پاش هەفتەیەک بەکوڕێکی جوانەوە گەڕانەوەو کردیان بەهەلا کە دکتۆر وەستا محەمەد باشترین دکتۆرەو هتد....

ڕۆژێکیان ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگەو ئێمەش لەگەڵ دکتۆر عادل دا لەمزگەوتەکەی حاصل لەشارەزوور دانیشتبوین، پیاوێک بەپەلە هات بۆ لامانو وتی: کورەکەم هیلاکە با دکتۆر بێت بۆ ماڵمان، یەکێک لەلێپرسراوەکانی پێشمەرگە وتی: دکتۆر عادل بێزەحمەت لەگەڵیدا برۆ... ئەو هەڵساو لەگەڵیدا بڕوات کابرا ووتی: ئەمەم ناوێ ووتمان: ئەی کێت دەوێت؟ دەستی بۆ من درێژ کردو ووتی: ئا ئەو دکتۆر وەستا محەمەدە.. هەموو دامانە قاقای پێکەنینو ووتمان براگیان دکتۆر عادل دکتۆری تەواوەو لەکۆلێژی پزیشکی دەرچووەو زۆر شارەزایە... کابرا ووتی:

بەخوا من کۆلێژو مۆلێژ نازانم هەر دکتۆر وەستا محەمەدم دەوێت، ناچار من چووم لەگەڵیدا... هاوڕێ عادل بەحەپەساوی سەیری منو پیاوەکەی دەکردو ئەوانی دیکەش پێدەکەنین.. سەرم نایە پەنا گوێی پێم ووت: گوێ مەدەرێ، شۆڕشە شۆڕش دەیەها شتی تری وەها دەبینێت....

هەر ئەو شەوە هاوڕێ مام بارام کە بەرامبەرم بوو ووتی: باشە تۆ ناوەکەی منت نا بەخۆتەوە قەیدی ناکا، ئەی ئەم دکتۆرە چییە ناوتە بەخۆتەوە؟ منیش ووتم: خوا ئەوە بگرێت کە ناوی تۆو دکتۆریان پێوەناوم.

# ئەوە شوکور گەڕبوون؟

لەکۆتایی ساڵی١٩٨١ دا منو هاوڕێ مام قادرو ئەحمەد کریم (نوری) لەمقەڕی هەرێم لەنۆکان، ماوەیەک پێکەوەبوون، ئێمە هەرسێکمان جیا لەحیزبایەتی برادەرایەتیمان زۆر بەهێزبوو، شەوێک منو مام قادر لەشمان هاتە خروو، ناچار هەستاینو چراکەمان داگیرساندو خۆمان ڕووت کردەوەو دەستمان بەخۆدۆزینی خۆمانکرد، ئەسپیەکی زۆرمان تێدابوو، بەدەنگەدەنگی ئێمە (نوری) یش خەبەری بووەوەو بەپێکەنینو گاڵتەپێکردنەوەو ووتی: ئەوە شوکور گەڕ بوون...!

هاوڕێ (مام) یش زۆر ناڕەحەت بوو، ئاوڕێکی لێدایەوەو دەستی بۆدرێژکردو ووتی: هەتیوە پیسە تۆ ئەوەندە پیسیت تەنانەت ئەسپێش بێزی نایەت بێت بەلاتا. نازانم هاوسەرە بەسزمانەکەت چۆن بێزی دێت بێت بەلاتا؟ بەم قسەیە دامانە قاقای پێکەنینو (نوری) یش یەکدو جنێوی پێداینو بەتانییەکەی دایەوە بەسەر خۆیداو خۆی کردەوە بەنوستوو، ئێمەش تا بەرەبەیان هەر بەو پێدەکەنین، بەیانیش کە هەڵسا لەخەو لەبری بەیانی باش جنێوی دەدا.

# بەیانیت نەباش..!

لەهاوینی١٩٨٢دا، کە لەناوچەی شارباژێڕ بووین، زۆرجار کادیرەکانی بەشی ڕێکخستن‌و هەندێ لە پێشمەرگەکانی حیزب، شەو لەناو ڕەزەکانی چنگیان‌و دێهاتەکانی دەوروبەریدا دەماینەوە، بەیانیانیش زوو هێشووە ترێی چاکمان نۆش دەکرد، شەوانەش تا نیوەشەو بەقسەی خۆش‌و نوکتەو مناقەشەی سیاسی کاتمان دەبردەسەر، بەتایبەتی قسە خۆش‌و توڕەبوونەکانی شێخ ڕەسوڵ‌و مامۆستا ڕزگار کاری خۆشی تێکردین. شەوێک تا درەنگ موناقەشەیەکی گەرم‌و توند لەبەینی شێخ ڕەسووڵ‌و شەهید بایزی سەید باقی دا ڕوویدا، لەبەیانییەکەیدا شەهید بایز ووتی: هاوڕێ شێخ بەیانیت باش، ئەویش بەدەم‌و چاو هەڵگلۆفینەوە بەتوڕەییەوە ووتی: بەیانیت نەباش، هەمووماں پێکەنین‌و ووتمان: هاوڕێ شێخ ئەمە چییە؟ شەهید بایز ووتی: هاوڕێ بۆچی بەیانیم نەباش... دووبارە تووڕە بووەوەو ووتی: ئەم جارەش بەیانیت نەباش چونکە تۆ تا نیوە شەو مناقەشەی ڕەقم لەگەڵدا دەکەیت‌و ئێستاش وەک نە بات بینیبێت‌و نەباران دەڵێیت بەیانیت باش...ئیتر خوا دای بەهاوڕێ فاروق هەر کات بیویستایە شێخ توڕەبکات شەویش بوایە دەیوت بەیانیت نەباش.

# شوکور ئێوەش کۆمۆنیستن.؟

ساڵی ١٩٨٩ لەشارێکی ئێران بەڕێکەوت بووینە کرێگرتەی ماڵێک دوو کوڕیان شەهیدی کۆمەڵەی ئێران بوون. ئێمە لای ئەوان نەمانووتبوو شیوعین، ڕۆژێک لەمیوانی ماڵی هاوڕێ سەید باقی بووین، کە شەو گەڕاینەوە، دایکی دوو شەهیدەکە بەپێکەنین هات بەپیرمانەوەو ووتی:شوکور ئێوەش کۆمۆنیستن.... ئێمەش سەرمان سوڕماو ووتمان: چۆن وادەڵێیت؟ نامەیەکی دایێ کە گەلاوێژ لەمۆسکۆوە ناردبووی... زەرفەکە وێنەی چەکوش‌و داسی پێوەبوو...ئێمەش زۆرمان لاخۆش بوو کە وای ووت. ووتمان بەڵێ ئێمەش کۆمۆنیستین ئیتر زیاتر ڕێزی لێدەگرتین.

# مامەکە.. حامەکە..

ساڵی ١٩٨٠ کە هێرشی ڕژێمی بەعس بەردەوام بوو لەدژی ڕێکخراوەکانی حیزب، هەندێ لەهاوڕێی‌و لایەنگری حیزب، خۆیان دوور خستبووەوە لەتێکۆشان بەشێوەیەکی گشتی ئەمە شتێکی ئاساییە کە هەندێ کەس لەکاتی وادا ئامادەی قوربانی دان نابن... بەڵام بۆ شیوعییە پێشکەوتووەکان‌و کادرە ناسراوەکان شتێکی ئاسایی نییەو جێگای سەرنجە.

هەر لەوساڵەدا، لەهاویندا بوو، لەگەڕەکی ریعایە شەبابەوە بەرەو گەڕەکی شێخ محێدین دەڕۆیشتم، سەر لەبەیانی بوو، لەجادەی گشتی ڕێگای سلێمانی- کەرکوک پەڕیمەوە ئەوکاتە ئەو ناوە هەمووی دەشت بوو، تەنها ڕاستە ڕێگایەک هەبوو لەو دەورە، زەلامێک بەرەوڕوم هات، کە نزیک بووەوە ناسیمەوە کە هاوڕێ (...) کادرێکی پێشکەوتووی حیزب بوو، دەمێک بوو خۆی لەحیزب شاردبووەوەو بەدوایدا دەگەڕاین، دڵم خۆش بوو وتم: وا دۆزیمانەوە، سەروەختێک کە زۆر نزیک بووەوە، رووی تێنەکردمو وا خۆی نیشاندا کە نەیدیوم...منیش زۆرم لا ناخۆش بوو، چوار هەنگاو تێپەڕی، وتم مامەکە مامەکە، بەلای شان ئاوڕێکی دایەوەو هەر دەڕۆیی منیش زیاتر ڕقم هەڵساو وتم:

لەوێوە مەڕۆ..لەترسا راوەستاو وتی: بۆچی لەوێوە نەڕۆم.؟ وتم: کۆمەڵێک راوەستاون (حیز ئەگرن).! ئەویش ئیتر چاری نەماو بەپێکەنینەوە بەرەو ڕوم هاتو باوەشمان کرد بەیەکداو، وتی: بۆچی من حیزم.؟ منیش وتم: خۆ کوێریش بویتایە بەخشەی پێمدا دەتزانی زەلام بەلاتا دەڕوات، لەم دەشتە چۆڵو هۆڵەدا لەمنو تۆ زیاتری لێنییە روبەروی یەکتری هاتین بۆچی روت کرد بەولادا.؟!

لەگەڵ ئەوەی قسەمان زۆر کردو پەیمانی دا یەکتر ببینینەوەو بێتەوە کۆڕی تێکۆشان، بەلام تا ساڵی ١٩٩١و دوای ئازادکردنی کوردستان، نەهاتەوە ناو حیزبو کە هاتیشەوە خەڵکی تری تاوانباردەکرد کە گوایە پشتگوێیان خستووە.!

# دۆشەکەکەت بەرە ئەولاوە

پێشتر باسی ئەوەم کرد، کە هەفتەی جارێک منو هاوڕێ عیزەتی حاجی عسمان (ئەبو عەلی) لەماڵی خۆیانو جێگای تر چاومان بەیەک دەکەوتو شەویش لەلایان دەمامەوە.

جارێکیان چومە ماڵیانو شەو لەلایان مامەوە، کاتی نوستن، من چووم ددانم بشۆم دوایی کە چوومە ژووری نوستن تەماشام کرد دوو دۆشەک لەپەنا یەکدا داخراون وەکو جێگای ژنومێرد، ئەبو عەلی لەسەر یەکێکیان ڕاوەستابوو، دەستێکی نابووە کەلەکەی، کەلێی نزیک بوومەوە، بەمزێکەوە وتی وەرە دۆشەکەکەت نەختێ بەرەرە ئەولاوە. منیش بەپەلە لەدڵی خۆمدا وتم: ئەم شێوە قسەیەی ئاسایی نییەو خۆمن جێگەم دانەخستووەو ئەو پێش من چۆتە ژووری نوستن، دەیتوانی خۆی ئەو کارە بکاتو منیش هەر پێم نەدەزانی، دیاربوو حەزی لەنوکتەبوو..بەڵام ئەو بەزۆر پێدەکەنیو هەرگیز نەمدیبوو نوکتەو قسەی خۆش بکات... لەبەر ئەو هۆیانە بڕیارم دا هەندێ نووکتەی لەگەڵدا بکەم...

منیش ڕاوەستام بەرامبەریو ووتم: بۆچی دۆشەکەکەم ببەمە ئەولاوە..وتی: ئاخر نەوەک نیوەشەو بەدەم خەوەوە، وابزانی

براژنە فاتمەو دەست بکەیتە ملم. لەدڵی خۆمدا وتم: ئۆخەی حەز لەنوکتە دەکات..پاشان وتم: نایبەمە دواوە. بۆچی نایبەیت.؟ وتم: نایبەم بەلام بەڵێنی شەرەفت پێدەدەم ئەمشەو هەرچیم لێکردی بۆ هیچ کەسی ناگێرمەوە. ئیتر یەکسەر لەئاستی خۆی بەچیچکانەوە دانیشت‌و دەستی گرت بەدۆشەکەکەوەو ساتێک بێ دەنگ بوو. پاشان بەنیوە پێکەنینێکەوە وتی: حەو.؟ خۆ من ویستم نوکتە بەسەر تۆدا بکەم، کەچی نوکتەکە بەسەر خۆما شکایەوە. منیش دامە قاقای پێکەنین‌و وتم: ئێوە لەنوکتەو قسەی لەو جۆرەدا دەرەقەتی خەلکی سلێمانی نایەن، پاشان هەردوو دەستی هەڵبڕی‌و وتی: بڕۆ..ئیتر من نوکتە ناکەم..

# بەخودا چوار گەز

ساڵی ١٩٧٨ کە لەمۆسکۆ بووین، لەفێرگە هاوڕێیەکی خەڵکی هەولێریشمان لەگەڵدابوو، شەهیدی نەمر (کانەبی بچووک) ئەم هاوڕێیە دەستی هەر کەسێکی بەربکەوتایە، بەتایبەتی کەلەکەو پشت ملی، دادەچڵەکیو لادەچوو هاواری دەکرد کە برادەران بەمەیانزانی، زوو زوو وایان لێدەکرد..ئەویش ئیتر تورە دەبوو جنێوی دەدا...

هەروەها هاوڕێیان بەزۆر تورەیان دەکرد..پێیان دەگوت: گۆرانی حەیرانمان بۆ بڵێ ..کە دەیگوت: نایزانم پێیان دەگوت: چۆن حەیران نازانیتو گەیشتویتەتە لیژنەی محەلی..یان چۆن حەیران نازانیتو نێردراوی بۆ ئەم فێرگە گەورەو گرنگە..ئەویش تورە دەبوو..

لەو بەینەدا هاوڕێ عەزیز محەمەد، گەیشتە مۆسکۆو لەنەخۆشخانە کەوت، ئێمەش رۆژێک هەموو چووین بۆلای..شەهید کانەبی بەهەلی زانی لای هاوڕێ عەزیز شکاتی لەهاوڕێیانی سلێمانی کرد کە تورەی دەکەنو ئازاری ئەدەن..

هاوڕێ عەزیزیش پێیگوت: کوڕی خۆم، بێدەنگبیت باشترە. هیچ قسەمەکەو پەخەیان مەگرەو تۆ دەرهەقەتی خەڵکی سلێمانی

تایەیت....چونکە خەلکی سلێمانی، بەتایبەتی ناو شارەکەی، بۆ جنێو دانو قسەی قۆڕو فشقییات زمانیان گەزێ درێژە....هاوڕێ کانەبیش هاواری کردو وتی: هاوڕێ عەزیز بەخودای چوار گەز.. ئیتر بوو بەبەزمو پێکەنینێک هەر نەبڕایەوە..

# کۆچی ناوەختی ماجیدی برام



**لە ڕاستەوە ماجید و نایب عەبدوڵلا**

لە سوێد بووم کە ماجیدی برام تووشی نەخۆشی دڵ بوو، ڕۆژی ٢٠٠٦/٥/٢٣ گەیشتمە سلێمانی. من و دایکی گەلاوێژ و فەهمی خوشکەزام پێکەوە ڕۆژی ٥/٢٧ بۆ سێیەم جار چوومە ماڵیان. هەر ئەو ڕۆژە قسەی خۆشی زۆری بۆ کردین. ئەو هەر لەمنداڵییەوە قسەخۆش و هەمیشە دەم بە پێکەنین بوو، کەناو خزم و دۆست و برادەراندا خۆشەویست بوو.

پاش ماوەیەک لەقسەکردن داوای لێکردم چلەکانم بگۆڕم و شەرواڵ و ستارخانەکەی خۆی لەبەربکەم. دڵم نەشکاند و

جلەکانیم لەبەرکردو ئینجا داوای لێکردم پێکەوە چەند وێنەیەک بگرین. پێکەوە چەند وێنەیەکمان گرت، کە دوان لەو وێنانە لەم پەرتووکەدا بڵاودەکەمەوە. لە ڕاستیدا چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد وا لە پڕێکا کۆچ بکات، هەربۆیە بەهۆی سەردان لە خزم و دۆستان و میوانەوە یەکدوو ڕۆژێ نەمتوانی سەری لێبدەم. ڕۆژی ٥/٣٠ لە ماڵی فەهمی بووین، تەلەفوونیان بۆ کردین کە ماجید هیلاکەو براوە بۆ نەخۆشخانە. بەڕێگاوەبووین بۆ نەخۆشخانە جارێکی کرد تەلەفوونیان بۆکردین و وتیان ماجید گیانی لەدەستدا. ئیتر چووین بۆ مەیتخانە و چاومان بەلاشە بێگیانەکەی کەوت و تێر فرمێسکمان بۆ ڕشت.

ماجید چەند ساڵێ لەمن گەورەتربوو. باوکمان زوو مرد و ئەویش برای گەورەمان بوو بۆیە من هەروەک باوکێ خۆشم دەویست و ڕێزم لێدەگرت. ئەویش بە هانامانەوە دەهات و ڕێزی دەگرتین. ماجید پێش شۆڕشی ١٤ تەموز دۆستی حیزب بوو، هەروا زۆر پشتگیری منی دەکردو یارمەتی دەدام. پاش شۆڕشی تەموز هاتە ڕێزی حیزب و ماوەیەکی دوورودرێژ خەباتی کرد. لە دەستەی سەرکردایەتی نەقابەی بەرگدرواندا بوو. بە بڕیاری حیزب لە حیزبە دەستکردەکەی داود سایغدا ماوەیەکی زۆر کاریکرد. ماوەیەکی زۆر ڕۆڵێکی باشی هەبوو لە تیپە شانۆییەکاندا و هەروا شیعری دەنووسی و لە چالاکییە کۆمەڵایەتی و ئەدەبیەکاندا بەشداری دەکرد. پاش ماوەیەک خۆی

لەکاری حیزبایەتی کێشایەوەو لەهەمان کاتدا بەردەوام بوو لە خزمەتکردنی حیزبدا و هەمیشە بە ڕێگای بەندیخانەو شارەکانەوە بوو بۆ لای من. تەنانەت کە من ساڵی ١٩٥٥ بۆ شارۆچکەی چباشی سەر بە پارێزگای ناسریە نەفی کرام ئەو لەگەڵ تەهای محەمەدی حاجی کۆلەکدا لە ڕێگەی بەسرەوە هاتن بۆ لام. گەلی جاری تریش بەهانای من و حیزبەوە هاتووە.

ماجید بە چەند ساڵێ پێش مردنی بووە ئەندامی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و لە ریزی ئەو حیزبەدا تێکۆشاوەو کادیرێکی خۆسەویستی ئەو حیزبە بووە. تەنانەت لە پرسەکەیدا کاک قادر عەزیز و هەموو سەرکردەوە کادیرانی ئەو حیزبە ڕۆڵ و ئامادەبوونی بەرچاویان هەبوو لەپرسەکەیدا.

هەروا لە ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی لاپەرەیەکی تایبەتیان لەسەر ڕۆڵ و خەباتی ماجید لەڕیزی ئەو حیزبەدا نووسی. هەروا دوو وتاری تریان لەسەر تێکۆشانی هەمەلایەنی نووسی. هەر لەو لاپەرەدا تێکۆسەری خۆشەویست هاوڕێ کرمانج عەلی وتارێکی بەنرخی لەسەر نووسی، پێم خۆشە ئالێرەدا دوا دێڕی وتارەکەی دووبارە بکەمەوە:

داخەکەم... ماجید خەیات لە ٢٠٠٦\٥\٣٠ داماڵئاوایی یەکجارەکی لێکردین، پاش تەمەنێکی پڕ لە بەخشین، هەگبەی ژیانێکی پڕ لە سەروەری بۆ هەتا هەتایە پێچایەوە. کاک ماجید نموونەی ئەو کەسانە بوو کە بەهۆی ئەوەی لە بازنەی دەستەڵاتداران نەبوو وەک سەربازێکی ون وابوو.

ئەو مرۆڤە مەزنە نە ڕۆژێک ڕێزی لێنراو نە کۆچکردنەکەشی بووە دێڕی هەواڵی مێدیاکان... چونکە مرۆڤێک بوو دوور بوو لە هاش و هووشی بووقەکان وخۆدەرخستنی سەر شانۆی ڕیاکاری.

سڵاو لە ڕۆحی پاک و بێگەردت پیاوە بەڕوخسار پیرو بە دڵ هەمیشە گەنجەکە. کاک ماجید خەیات.

بەڵی ماجیدی برام، حیزبەکەی و هاوڕێکانی بە ڕاستی جێگای شانازی و سوپاسن، کە تا ڕادەیەکی باش مافی خۆیاندایەو ڕێزێکی زۆریان لێنا. چونکە خۆیان ڕێزدارن.



# قادر ڕەشید باوکی شوان بە زمانی هاوڕێیەکی کۆچکردوو و بە شاهیدی برایەکی کۆچکردووی ترەوە، پاش سی ساڵ من تاوانبار دەکات

هاوڕێ قادر لە بەشی دووهەمی نووسراوەکەیدا" پشتەشان لە نێوان ئازار و بێدەنگیدا" نووسیویەتی و دەڵێت: هاوڕێ عەلی سالح لە ماڵی کاک غەفوری میرزا کەریم لە ٢/٢٥ /٢٠٠٠ دا وتی : لە هێرشە بەربلاوەکەی بەعسدا بۆ سەر حیزبمان لە ساڵی ١٩٧٩ دا من لەبارەگای محەلی سلێمانی بەرپرسیاری چەک و کەلوپەل بووم. بە نائب عەبدوڵا " ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لێپرسراوی محەلی" مان وت: با ئەو ١٥٠ چەکە پارچە چەکەی لەبارەگایە بینێرین بۆ ئەو هاوڕێیانەی کە خۆیان شاردوەتەوە و بەی بێ چەکن لە ناوچەی قەرەداغ و جێگەکانی تر، هەروا ئەو سەردان بەتانییەی بەعس پێیداوین بیدەنەوە ئەو خێزانانەی کە موحتاجن. بەڵام ئەو پێی وتم: ئەوانە هەر هەمووی ئەمانەتی بەعسەو دەبێت بیاندەینەوە، ئەگەر نەیدەینەوە ئەوا! بێوەفاییە لە حیزبمانەوە)!!! ئیتر زیلی عەسکەری هات و باری کرد. ئەو هاوڕێیانەش کە خۆیان گەیاندە گوندەکان خۆیان ڕزگارکرد تاکە دەمانچەیەکیان پێتەبوو...

جێگای سەرسوڕمانە هاوڕێ قادر کە شیوعیەکی دێرینەو ئەوساش ئەندامی لیژنەی هەرێمی کوردستان بووەو ئاگاداری ئەو شتانە بووەو باشیش دەزانێ کە کەی چەک لە بارەگاکان کۆکرانەوەو درانەوە بە بەعس و کەیش بارەگای محەلی سلێمانی داخرا. تێناگەم چۆن پاش سی ساڵ ئەو ڕاستیانەی بیرچووەتەوەو لەسەر قسەی ئەندامێکی ئاسایی حیزب کە تەنیا شۆفێری یەکێک لە سەیارەکانی بارەگای حیزب بووە، هیچ لێپرسراویێتی حیزبی و پێشمەرگایەتی نەبووە ئەم کارە نابەجێی و نادروستە دەخاتە پاڵی من.

بۆ بەدرۆ خستنەوەی ئەو زانیارییە هەڵەیە وا منیش بەبەڵگەوە بە شاهێدی زۆر هاوڕێ و لێپرسراوی حیزبی کە لە ژیاندا ماون دەیسەلمێنم ئەوەی ئەو هاوڕێیە نووسیویەتی دوورە لە ڕاستییەوە.

١. ساڵی ١٩٧٦ پاش ماوەیەک بە بڵاوەکردنی شۆڕشی کوردستان، حیزبی بەعس داوای لە حیزبمان کرد ئەو چەکانەی بە لیست وەرتان گرتووە، هەروا بە لیست تەسلیمی بکەنەوە. شەڕ تەواو بووەو پێویستیتان بە چەک نییەو تەنیا بۆ بارەگاکانتان هەندێ چەکتان پێویستە. ساڵی ١٩٧٦ چەکەکان درانەوە بە بەعس. من ئەو ساڵە لەگەڵ شاندێکی باڵای حیزبدا نێرام بۆ بولگاریا، لەوێ مانگێکمان پێچوو. کە گەڕامەوە

هاوڕێیان پێیان گووتم کە چەکەکان درانەوە بە بەعس. لە ٢٠٠٨/٨/٣١ لە چلەی ماتەمینی هاوڕێی نەمر کاک فاتیح ڕەسوڵ لە شاری ستۆکهۆڵم چاوم بە هاوڕێ مەلا عەلی " عەبدوڵڵای مەلا فەرەج" کەوت و ئەو کات ئەوئەندامی لیژنەی هەرێمی کوردستان و مەکتەبی محەلی سلێمانی و لێپرسراوی هێزی پێشمەرگەی پارێزگای سلێمانی بوو. لێم پرسی کەی چەکەکان درانەوە بە بەعس و لە کام شار چەکەکان کۆکرانەوە تا بدرێنەوە بە بەعس؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی: ساڵی ١٩٧٦ لە شارۆچکەی دەربەندیخان چەکەکان کۆکرانەوەو خۆم و برادەرانی لێپرسراوی هێزی پێشمەرگە بە لیست و حیساب دامانەوە بە بەعس. منیش نووسراوەکەی هاوڕێ قادرم نیشان دا. ئەویش پێکەنی و وتی ئەمە درۆیەو هەرگیز ١٥٠ پارچە چەک لە بارەگای سلێمانی نەبووەو ساڵی ١٩٧٩ بارەگای محەلی سلێمانی داخرابوو.

هەروا خۆشم هەموو ئەو ساڵانەی کە بارەگاو چەکدارمان هەبووە هیچ کاتێ چەکم لەبارەگای سلێمانی نەدیووە.

٢. لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٨دا کە هێرشی دڕاندانەی بەعس گەیشتە شاری هەولێر و گەلێ هاوڕێ دەستگرکران وباوکی سەرباز گەیشتە سلێمانی، من لە هەولێر بووم، هاوڕێ مام قادر جێگری من بوو لە سلێمانی. باوکی سەرباز پەیوەندی بەوەوە

کرد و یارمەتی دەدان. لەو ڕۆژانەدا لە نزیک بارەگای مەحەلی سلێمانیەوە جیا جیا هاوڕێیان سەید باقی و ئەحمەدی عەلی دەوڵەت لە لایەن ئەمنەوە دەگیرێن. باوکی سەرباز مام قادر ئاگاداردەکاتەوە کە ئەوانیش بارەگاکە داخەن تا ئەوانیش نەگیرێن. ئەم ی کۆتایی ساڵی ۱۹۷۸ بوو.

٣. هەر لەو ڕۆژانەدا هاوڕێ باوکی سەرباز ناردی بەدوای هاوڕێیان باوکی حیکمەت و فاتیح ڕەسوڵ و مندا کە بچین بۆ سلێمانی بۆ کۆبوونەوە دەربارەی کردنەوەی بنکەی چەکداری و لەو بارودۆخە بکۆڵینەوە.هاوڕێ جەلال دەباغ و قادر ڕەشیدیش لەو ڕۆژانەدا لە سلێمانی بوون و ئەوانیش ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون. لەو کۆبوونەوەدا باسی کردنەوەی بنکەی چەکداری و داخستنی بارەگای سلێمانی کرا. هەر لەوێدا بڕیاردرا هاوڕێ باوکی سەرباز بچێت بۆ قۆپی قەرەداغ و لەوێ بنکە بکاتەوە. لەو کاتەدا هاوڕێیان سەید تۆفیق و شەهید نەسرەدین هەورامی و حەمەڕەشید قەرەداخی وهاوڕێی نەمر مەحمود دیکتاتۆف لە سلێمانی شاراوە بوون، نەک وەک هاوڕێ قادر نووسیویەتی" کە ئەو هاوڕێیانە لە گوندەکانی قەرەداغ و بەبێ چەک بە گۆپاڵەوە دەسوڕانەوە". بڕیاردرا باوکی سەرباز لەگەڵ ئەواندا بڕوات، بەلام لەکاتی دیاریکراو باوکی سەرباز کاتەکەی لێتێکچوونەڕۆی، بەلام ئەوانی تر

ڕۆیشتبوون. بە لێپرسراوی هاوڕێی ئەمر سەید تۆفیق بنکەیان لە قۆپی قەرەداغ داناو ئەو جەکانەشی پێشتر ئێمە بۆمان ناردبوون و چەکاکانی قەرەداغ و دەربەندیخان بەکەڵکیان هاتبوون، دوای ئەم هەموو شتانە کە ماوەیەکی زۆری برد، هاوڕێ قادر ڕۆژی ١٩٧٩/١/١٢ باوکی سەربازی گەیاندە قەڵادزەو لەوێشەوە باوکی سەرباز گەیشتە ناوزەنگ و بنکەی چەکداری کردەوە. هاوڕێیانی قۆپی پاش ماوەیەک لەبەر سەرما و باران و هەندێ شتی تر گەڕانەوە بۆ سلێمانی. لە پاش ماوەیەک ئەمان و برادەرانی دەربەندیخان و هەڵەبجە و گەلێ جێگای تر چوون بۆ دێی بەلەبزان لە سنووری ئێران، لەوێ بەڕابەری هاوڕێ مەلا عەلی بنکەیەکی ترکرایەوە. هەندێ لەو چەکانەی بە هەرچ شێوەیەک بێت لە چەکانی بەعسمان لادا و لە بەلەبزان ڕۆڵەکانی حیزب بەکاریان هێنا. باوکی سەرباز و منیش لە بیرەوەرییەکانماندا لەسەر ئەم بابەتە زۆر دواوین.

٤. جا دوای هەموو ئەم ڕووداوانە، نازانم هاوڕێ قادر چۆن لەیادی چووەو لە دژی من ئەو شتانەی نووسیوە. ئەو پاش دەزانێ کە بارەگای سلێمانی لە ١٩٧٩ ەوە داخراوە، هەروا من لە ناوەڕاستی ١٩٧٧ تا ١٩٧٨ لە مۆسکۆ بووم و کاتێ کە گەڕامەوە بۆ کوردستان حیزب داوای لێکردم کە نەچمەوە بۆ سلێمانی. من خۆم لەبەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانی خۆمدا باسی ئەوەم کردووە کە چۆن مەکتەبی محەلی و لیژنەی محەلی

بە خۆشمەوە دژی بەعس بووین و چەند پارچە چەکێکمان بۆ حیزب لاداو هەروا باوکی سەرباز لە بیرەوەرییەکانیداو لە لاپەرە ٣١٥ دا نووسیویەتی کە هەشتا پارچە چەک و نیوملیۆن تەقەمەنیمان لاداوە، هەر زووش من و هاوڕێیان مەلا عەلی و سەید باقی لەناو بارەگای سلێمانی چوار کلاشینکۆف و هەندێ تەقەمەنیمان شاردەوە. پاشان ناردمان بۆ قەرەداخ بۆ هاوڕێ حەمە ڕەشید قەرەداخی تا لە قۆپی بیان شاریتەوە، لەگەڵ ئەو چەکانەی کە خۆیان و جەوهەری شەهید لایان دابوو. چونکە هەر ئەو کاتە بەعس داوای چەکەکانی کردەوە دەمان زانی کە کاتێ دێت دەبێت ڕوو بکەینە شاخ و دەست بدەینە چەک.

٥. جیا لەم هەموو شتانە ئاماژەم پێکردن، نازانم بۆ هاوڕێ قادر خۆشی سەرقاڵی مەسەلەی تەسلیمکردنی چەک دەکات. من و هاوڕێ ڕەوفی ڕانیەو برادەرانی بارەگای حیزب بە تاوانباردادەنێ کە چەکیان تەسلیمی بەعس کردۆتەوە لە کاتێکدا گەر ئەمەش کرابێت بە بڕیاری حیزب بووەو لیژنەی ناوەندی و لیژنەی هەرێم بڕیاریان دا کە چەکەکان تەسلیم بکرێنەوە، گەر هەڵە بووبێت ئەوا لە بڕیارەکانی ئەواندا بوو.

٦. هەروا دەمەوێت ئەوەش بڵێم لە ناو کۆمیتەی ناوەندی و لیژنەی هەرێمدا کە خۆم ئەندامی هەردوو لیژنەکە بووم یەک هاورێش دژی تەسلیمکردنەوەی چەک نەبوو. ئەو کاتەش هاوڕێ قادر خۆشی ئەندامی لیژنەی هەرێم بوو.

# سوپاس و پێزانین

نووسین و بڵاوکردنەوەی بیرەوەری هەر تاکێک بە تەنیا زەحمەتە ئەنجامبدرێ، کاتێ کەسێ بیرەوەری خۆی دەنووسێتەوە، مەحاڵە بتوانێ خۆی پاڵەوانی یەکەمی لاپەڕەکانی بەرهەمەکە بێت. مرۆڤ هەرگیز لە خەبات و ڕۆژانی سەختدا بەتەنیا نابێت. هەر بۆیە منیش لەم بیرەوەریەمدا ناوی کەسانێکی زۆرم هێناون، ئەو کەسانە ڕۆڵیان هەرچۆنێ بێت من سوپاسی هەموویان و ئەو ڕۆژانە دەکەم کە هەموومان پێکەوە بردمانە سەر و هەمووش بووین بە خاوەن ئەزموونێکی پڕبەها و لەیادنەکراو. سەری ڕێزو ستایش بۆ هەموو ئەو هەموو شەهیدانە دادەنەوێنم کە ئامانج و خەوەکانیان بردە ژێرگڵ.

سوپاس و پێزانینم بۆ هەموو ئەو دۆست و هاوڕێیانەش هەیە کە لە دەرکردنی ئەم بیرەڕوەرییەدا یارمەتیان دام. خوشکە ڕێواس ئەحمەد بانیخێلانی لە نووسینەوەو پێداچوونەوەی یارمەتی دام، هەروا سوپاسی زۆرم بۆ ئیبراهیمی سۆفی مەحمود" باوکی تارا" ئەحمەد حامید و گەلاوێژی کچم هەیە، هەموویان لێبووردووانە یارمەتی هەمەجۆرەیان دام لە ڕاستکردنەوەو بیرخستنەوەی هەندێ ڕووداوی گرنگ.

# پێرست

| بـــابـــەت | لاپەڕە |
|---|---|
| - پێشکەش | ٢ |
| - بۆ هیوای جگەرگۆشەم | ٣ |
| - ئەگەر | ٦ |
| - چەند وتەیەکی پێویست | ٧ |
| - سەرنجێك لە بیرەوەریەکەی نایب عەبدوڵڵا | ١١ |
| - بۆ شەهیدی نەمر شێخ عەلی بەرزنجی | ١٤ |
| - گەڕانەوەم بۆ سلێمانی | ١٥ |
| - شێوەی کارکردنی حیزبیمان لەو سەردەمانەدا | ١٩ |
| - کاندیدکردنم بۆ کۆمیتەی ناوەندی | ٢٣ |
| - ڕێککەوتن لەگەڵ بەعس و تێکچوون لەگەڵ پارتی | ٢٦ |
| - چۆڵکردنی قەزاو ناحییەکانی پارێزگای سلێمانی | ٣٧ |
| - خەریك بوو بەدەستی هاوڕێیەکی خۆم بە هەڵە بکوژرێم | ٤٤ |
| - پێشبینییەکانی مەکتەبی لیژنەی هەرێمی کوردستان | ٤٦ |
| - لە دوای هەرەسهێنانی شۆڕش | ٤٩ |
| - سەندنەوەی چەکەکان لە حیزب | ٥٢ |
| - پڕکردنەوەی دامودەزگا چۆڵکراوەکانی کوردستان | ٥٥ |
| - هەڵوێستە ناپاکەکانی ڕژێمی بەعس | ٥٨ |
| - خەریکبوو تاوانبار بکرێم و سزا بدرێم | ٦٥ |
| - فروان بوون و بەهێزبوونی ڕێکخراوەکانی حیزب لە پارێزگای سلێمانیدا | ٦٩ |
| - سەردانێك بۆ بولگاریا | ٧٢ |
| - کۆنگرەی سێیەمی حیزب | ٧٥ |
| - سەردانێك بۆ ڕۆمانیا | ٧٨ |
| - گیروگرفتی کادیری موحتەریف | ٨٤ |

- بەسەرۆکایەتی شاندێك نێردرام بۆ ئەڵمانیای دیموکراتی ٨٦
- سەردانێك بۆ یەکێتی شورەوی ٩١
- حیزبی شەهیدان ٩٩
- گەڕانەوەم بۆ وڵات ١٠٠
- ئەو هاوڕێیانەی کە لە ناو شاری سلێمانیدا بۆ سەرکردایەتی ڕێکخراوەکان مابووینەوە ١١٣
- ماڵە حیزبییە نهێنییەکان ١١٦
- ڕووداوێکی سەیرو ناخۆش ١١٨
- هاتنی هاوڕێ محمود فەقێ خدر بۆ سلێمانی ١٢١
- هاتنی هاوڕێ (عیزەت حاجی عوسمان) بۆ سلێمانی ١٢٣
- مەسەلەی سیخوریی ئەبو محەمەد ١٢٦
- شەهیدی ئەمر عایدە یاسین (دایکی عەلی) ١٣١
- دەستگیریان کردین و نەیانناسین ١٣٧
- هەڵەی هەست بە لێپرساوی نەکردن ١٤١
- هاوڕێ عەباس و ڕۆستەم ڕەخنەکانی: ١٤٤
- هەندێ لەو هاوڕێیانەی کە خزمیان لەناو بەعس و ئیستخباراتدا هەبوو ١٤٧
- چۆنیەتی دەستگیرکراون و ئازادکرانم ١٤٩
- چۆنیەتی دەرچوونم لە ناو شار ١٥٨
- کۆبوونەوەی لیژنەی مەحەلی سلێمانی، لەبن شاخی بێتوش لە نێران ١٧٠
- گواستنەوەمان بە ماڵەوە بۆ ناوچەی شارباژێر ١٧٣
- شەڕی پشتەشان ١٧٧
- دوای شەڕی پشتەشان ١٧٩
- چەند بەڵەنامەیەکی ڕاستی لەسەر گرتنەکەم ١٨٨
- دانیشتنێکی نیمچە بەرەیی لە گوندی هەوڵو ١٩٩
- پێشمەرگایەتی و ڕۆژانی ڕەش فێری دەرزی لێدانیان کردم ٢٠٢
- ڕووداوە مەترسیدارەکەی ناو مزگەوتی نۆدێی شارباژێر ٢٠٥
- تەتەرەکانی حیزب و تۆپباران ٢٠٨

- تەتەرەکانی حیزب و هێرشی جاش ٢١١
- دوایین دیدار ٢١٧
- هەندێ هەڵەی لێپرسراوانی هێزی پێشمەرگەی حیزب ٢٢٥
- شەهیدبوونی هاوڕێی نەمر مامۆستا قادر ٢٣١
- لە هەبەی تێکۆشانی ژێر زەمیندا ٢٣٤
- بە ماڵەوە چووینە شارێك لە ئێران ٢٤١
- سەفەرکردنمان بۆ مۆسکۆ ٢٥٥
- ئەو (١٥) مانگەی لە مۆسکۆ ماینەوە ٢٥٨
- کە لە سوید نیشتەجی بووین ٢٦٤
- خوێندنەوەیەکی بەرگی یەکەمی ئەم یادەوەرییە لەلایەن کاك کەریمی حیسامییەوە ٢٦٨
- هەندێ بەسەرهاتی خۆش بۆ زاخاوی مێشك ٢٧٧
- مەلا عەلی و شیعر وتن. کوجا مەرحەبا ٢٨١
- کۆبوونەوەی مەکتەبی محەلی لە ماڵی هاوڕێ فاروق (مامۆستا ڕزگار) ٢٨٣
- چۆن بووم بە دکتۆر وەستا محەمەد ٢٨٥
- ئەوە شووکور گەڕ بوون.؟! ٢٨٨
- بەیانیت نەباش.! ٢٨٩
- شوکور ئێوەش کۆمۆنیستن.؟ ٢٩٠
- مامەکە.. مامەحە.. ٢٩١
- دۆشەکەکەت بەرە ئەولاوە ٢٩٣
- بەخودا چوارگەز ٢٩٥
کۆچی ناوەختی ماجیدی برام ٢٩٧
قادر رشید باوکی شوان ٣٠١
سوپاس و پێزانین ٣٠٧
- پێڕست -٣٠٨
٣١٠



له بەشی یەکەم و دووهەمی بیرەوەرییەکانمدا
هەموو شتێکی ژیان و تێکۆشانم نوسیوە،
ئەوەی ماوە بیلێم ئەمەیە:
له سالی ١٩٤٩ەوە لەناو حیزبی شیوعیام
بەهۆی کەمی تەمەنمەوە پاڵاوتنم بۆ ئەندامێتی
حیزب دواخرا بۆ سالی ١٩٥٢. ئەو ساله
هاوڕێی بەنرخم ئەحمەد دڵزاری شاعیر
لێپرسراوی سلێمانی بو، خۆی من و دوو
هاوڕێی تری خەیاتی پاڵاوت و پاش شەش
مانگ بووین بە ئەندامی حیزب، هەتا ئێستا
دەکاتە ٦٠شەست سالی تەواو، بەم یادە
پیرۆزەشەوە دەڵێم:

تا ئـەو کاتەی لێدانی دڵ ڕادەوەستێ
تێکۆشانم بۆ حیزب و گەل ڕاناوەستێ

نوسەر